زنجیرەی هزری هاوچەرخی ئیسلامی • إذا هبت ريح الإيمان • 63

أبو الحسن علي الحسني الندوي

# کاتێک شنەی ئیمان هەڵدەکات

وەرگێڕانی
زنیار عزیز خان مهاجر

التفسير

# کاتێك
# شنەی ئیمان هەڵدەكات

نوسینی:
ئەبو حەسەنی عەلی حەسەنی نەدەوی

وەرگێڕانی:
زێبار عزیزخان مهاجر

التفسير

# کاتێك شنەی ئیمان هەڵدەکات

**نووسینی**
ئەبو حەسەنی عەلی حەسەنی نەدەوی

**وەرگێڕانی**
زێبار عزیزخان مهاجر

**بڵاوکردنەوەی**
نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن

**نەخشەسازی ناوەوە**
نەوزاد شەهکاوانی

**خەت**
نەوزاد کۆیی

**بەرگ**
ئەمین موخلیس

**قەبارەی کتێب**
٢٤×١٧- ( ٢٥٨ ) لاپەڕە

**نۆرە و ساڵی چاپ**
یەکەم ١٤٣٧ ك - ٢٠١٦ ز

**تیراژ**
١٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی
سپاردنی ( ٧٧٢ ) ی ساڵی ٢٠١٤ ی پێدراوە

هەموو مافێکی لە بەرگرتنەوە و بڵاوکردنەوەی پارێزراوە
Copyright © Tafseer Publishing

**نوسینگەی تەفسیر**
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر هوتێلی شیرین پالاس
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
/TafseerOffice

## بەناوی خوای بەخشندەی دلۆڤان

## پێشەکی وەرگێڕ

سوپاس و ستایش بۆ خوای زانا و خاوەن توانا، درودو سڵاو بڕژێ بەسەر پێغەمبەری خاوەن پەیامی ڕەوا و، بەسەر خانەوادە و یاران و شوێنکەوتووانی تا ڕۆژی جیاکردنەوەی ڕەواو ناڕەوا.

پاشان

**بێگومان ئەم ژیانە پڕە لە دیمەن، جا دیمەنەکە جوان بێت یان ناشرین، هەر مرۆڤێك بە کردارو ڕەفتارەکانی هەڵدەستێت بە کێشانی تابلۆ و نیگاری کەسایەتی خۆی، بەمەش مێژوویێك بۆ خۆی دەنەخشێنێت، جا ئەم مێژووە لێوان لێو دەبێت لە سەروەری و هەڵوێستی مەردانە یاخود پڕ دەبێت لە ڕووڕەشی و هەڵوێستی نامەردانە.**

**ژیان هەمووی بریتییە لە هەڵوێست، مرۆڤ بە هەڵوێست و کارەکانی دەردەکەوێت، هەردەم کەسی مەزن هەوڵی ئەنجامدانی کاری گەورە دەدات بۆ ئەوەی کاریگەری گەورە دروست بکات، مرۆڤی موسڵمانی ڕاستەقینە وەك چۆن ئاینی ئیسلام داوای لێدەکات، هەمیشە کاری هەنگاونانە بەرەو بنیاتنان و خۆدانەپێشە بۆ فیداکاری و قوربانیدان لە پێناو پایەدارکردنی ئەو ئامانجانەی ئیسلام داوای لێکردووە لەسەر زەوی بەرپا بکرێن.**

ئەم کتێبەی بەردەستان بریتییە لە گێڕانەوەی چەندین هەڵوێستی نەبەردانەی تێکۆشەرانی ئیسلام کە بە خوێنی خۆیان لاپەڕەیەکی پڕ سەروەریان تۆمار کردووە لە مێژووی پاڵەوانانی ئیسلام، بەڕاستی باوەڕو بوێری و نەبەردی و لەخۆبوردن و لێبوردەیی و تێکۆشان و کۆشش بریتی بووە لە خەسڵەتی بنەڕەتی ئەم پاڵەوانانەی لەم کتێبە دەگمەنەدا تیشك خراوەتە سەر هەڵوێستەکانیان.

هیوادارم خوای مەزن پاداشتی دانەر بداتەوە، ئەم کارەی بەندەش بخاتە تای تەرازووی چاکەکانی و مایەی ڕەزامەندی خۆی. لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە سوپاسی ئەم بەڕێزانە بکەم[1] کە هەڵساون بە هەڵەچنین و پێداچوونەوە: (م. إنعام محمد طاهر، م ڕەقیب ڕەسول ڕوستایی، م. مهاجر محمد طاهر). ئومێدەوارم ئەم کتێبە ببێتە مایەی زیاتر تێکەڵ بوون لەگەڵ مێژووی پاڵەوانانی ئیسلام و بەرجەستەکەرانی قورئانی پیرۆزو سوننەتی بەپێزو تێکۆشەرە شەیداکانی بەهەشت.

زێبار عزیزخان مهاجیر

سۆران

---

(1) بۆ ڕاڤەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز سوودم بینیوە لە: تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، نووسینی بورهان محمد أمین. (وەرگێڕ).

# ناساندنی دانەری کتێبەکە

بەپێنووسی قوتابیەکەی: ڕێزدار عەبدولماجدی غوڕی

ناوو ڕەچەڵەك و خانەوادەکەی:

- **عەلی کوڕی حەسەنی کوڕی عەبدولحەیی کوڕی فەخرەدینی حەسەنیە، ڕەچەڵەکەکەی دەگاتەوە سەر عەبدوڵای کوڕی ئەشتەری کوڕی موحەممەی (ذي نفس الزكية)ی کوڕی عەبدوڵای مەحزی کوڕی حەسەنی کوڕی ئیمام حەسەنی کوڕی پێشەوای باوەڕداران عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب** (ڕەزای خوایان لێبێت)، **یەکەم کەس لەو خانەوادەیە کە لە هیند نیشتەجێ بوو لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچی ئەمیری سەید قوتبەدینی مەدەنی بوو لەساڵی (٦٧٧ك).**
- **باوکی؛ زانای بلیمەت سەید عەبدولحەی حەسەنیە، کە بە شایستەیی شیاوی نازناوی (ئیبن خەلکانی هیند) بوو بەهۆی دانراوە بەهادارەکەی (نزهة الخواطر) لە هەشت بەرگدا لەبارەی زانا و بلیمەتەکانی موسڵمانان لە هیند، لە دواییدا بەم ناوە لە چاپدرا: (الإعلام بمن في تاريخ الهند من الأعلام).**

- دایکی؛ (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە خانمە ڕێزدارو پەروەرکارو ئافرەتە دەگمەن و دانەرە ناوازەکان بوو، قورئانی پیرۆزی لەبەر بوو، شیعری دەهۆنیەوە، کۆمەڵە دێڕە شیعرێکی لە ستایشی پێغەمبەردا (ﷺ) هۆنیوەتەوە.
- لە بەرواری ٦ موحەڕەمی ١٣٣٣ك بەرامبەر بە ١٩١٤ز لە گوندی (تەکیە کەلان) کە دەکەوێتە نزیك بەڕێوبەرایەتی (ڕائی بەریلی) لە هەرێمی باکور (ئەترابریدش) چاوی بە دونیا هەڵهێنا.
- خوێندنی سەرەتاییەکەی لە ماڵەوە دەستپێکرد لە قورئانی پیرۆزەوە، دواتر چووە سەر کتێبەکانی تر و فێری ڕێزمانی (ئوردی و فارسی) بوو.
- لە ساڵی ١٣٤١ك (١٩٢٣ز) باوکی کۆچی دوایی کرد، ئەو کاتە تەمەنی لە نێوان نۆ و دە ساڵان بوو، دایکی ڕێزداری ئەرکی پەروەردەکردنی گرتەئەستۆ، هەروەها برا گەورەکەشی دکتۆر عەبدولعالی حەسەنیش سەرپەرشتیاری دەکرد کە ئەو کات لە کۆلیژی پزیشکی دەیخوێند و دواتر لە کۆلیژی زانستی دیویندی ئیسلامی و خانەی زانستی کۆڕبەندی زانایان دەرچوو، ناوبراو چاکەی هەیە لە پەروەردە و ئاڕاستەکردنی ڕێزدار شێخ نەدەوی.
- لەلای شێخ خەلیلی کوری موحەممەدی ئەنصاڕی یەمانی لە کۆتاییەکانی ١٩٢٤ز دەستی بە خوێندنی عەرەبی کردووە،

لەلای ناوبراو دەرچووە و سوودی زۆری بینی لە ئەدەبی عەرەبی، دواتر فراوانتر چووە ناویەوەو پسپۆری تێدا وەرگرت لەسەر دەستی مامۆستای دکتۆر تەقیەدینی هیلالی مەڕاکیشی کاتێك هاتە کۆڕبەندی زانایان لە ساڵی ١٩٣٠.

- ڕۆیشتە کۆلیژی (لیکەهنو) بەشی ئەدەب لە ساڵی ١٩٣٧ز، ئەو کاتە تەمەنی چواردە ساڵان تێپەڕی نەکردبوو، بە تەمەن بچوکترین قوتابی کۆلیژ بوو، لەوێ بڕوانامەی بە پلەی نایاب لە ڕێزمان و ئەدەبی عەرەبی وەرگرت، لە میانەی ڕۆژەکانی خوێندنی لە زانکۆ هەندێك کتێبی خوێندەوە کە بە کتێبی لوتکە دادەنرێن لە زمانی عەرەبی و ئوردی، ئەمەش یارمەتیدا تا هەڵبستێت بە ئەرکی بانگەوازو ڕاڤەکردنی هرزی ئیسلامی ڕاست و دروست و ڕازی کردنی چینی ڕۆشنبیر بە ڕۆشنبیری هاوچەرخ، ئینگلیزیش فێر بوو ئەمەش وای لێکرد کە بتوانێت ئەو کتێبە ئینگلیزیانە بخوێنێتەوە کە لەبارەی مێژوو و ئەدەب و هزرەوە نووسراون.
- لە ساڵی ١٩٢٩ز پەیوەندیکرد بە زانکۆی زانستەکانەوە _ کۆڕبەندی زانایان، لەوێ لەلایەن زانای بلیمەت و فەرموودەناس شێخ (حەیدەر حەسەن خان تونکی) فەرموودەی پیرۆزی (هەر دوو صەحیحی بوخاری و موسلیم و سونەنی ئەبو داود و تورمزی) و کەمێك لە تەفسیری (بەیزاوی) پیت بە پیتی

خوێند، ڕاڤەی تەواوی قورئانی پیرۆزی خوێند لەلای زانای بلیمەت و ڕاڤەکاری ناودار ئەحمەد عەلی لاهوری لە لاهور لە ساڵی ١٣٥١ك / ١٩٣٢ز، ئامادەی وانەکانی زانای بلیمەتی تێکۆشەر حوسەین ئەحمەدی مەدەنی بووە سەبارەت بە صەحیحی بوخاری و سونەنی تورمزی لە میانەی مانەوەی لە خانەی زانستەکانی دیوبند، هەروەها سوودی لە حوسەین ئەحمەدی مەدەنی بینی لە ڕاڤە و زانستەکانی قورئانی پیرۆز.

هەوڵ و کۆششە زانستی و چاڵاکییە بانگخوازیەکانی:

- لە ساڵی ١٩٣٤ز ڕۆیشتە ناو ڕەوتی وانە وتنەوە، لە خانەی زانستەکانی کوڕبەندی زانایان بە مامۆستا دەستنیشانکرا لە هەر دوو بابەتی تەفسیرو ئەدەب، لە ماوەی وانە وتنەوەی لە خانەی زانستەکانی کۆڕبەندی زانایان سوودی بینی لە گۆڤارو ڕۆژنامە عەرەبیەکان کە لە وڵاتانی عەرەبی دەردەچوون، ئەمەش وای کرد وڵاتانی عەرەبی و ڕارودۆخەکانی بزانێت، زانیاری پەیدا بکات لەسەر زانا و وێژەوان و بیرمەندەکانی عەرەب، هەروەها سوودی بینی لە کتێبە هاوچەرخەکانی بانگخوازان و بیرمەندانی عەرەب و ڕێزدارە خۆرئاواییەکان و سەرکردە سیاسییەکان.
- لە ساڵی ١٩٣٩ز هەڵسا بە گەشتێك بۆ شارەزا بوون لەبارەی ناوەندە ئاینیەکان لە هیند، لەم گەشتەیدا شێخی پەروەردەکارو

خواناس (عەبدولقادری ڕەی فوری) و بانگخوازی مەزن شێخ (محەممەد ئیلیاس کاندهلەوی) ناسی، ئەم یەکترناسینە خاڵی وەرچەرخان بوو لە ژیانیدا، پەیوەندی لەگەڵیاندا هەر مابوو تا کۆچی دواییان کرد، پەروەردەی ڕۆحی وەرگرت لە شێخ (عەبدولقادری ڕەی فوری) و سوودی بینیی لە یاوەر کردنی و لەگەڵ دانیشتنی، کاریگەریش بوو بە شێخ (محەممەد ئیلیاس کاندهلەوی) لە هەڵسان بە ئەرکی بانگەواز و چاکسازی کۆمەڵگە، کاتێکی زۆری بەسەربرد لە گەشت و سەفەری بانگخوازیە یەك لە دوای یەکەکان بۆ پەروەردە و چاکسازی و پاکسازی و ڕێنوێنی ئاینی لە هیند و دەرەوەی هیند.

- ناوەندێکی دامەزراند بۆ ڕێنمایی ئیسلامی بۆ ڕێکخستنی بازنەکانی وانەی قورئانی پیرۆزو سوننەتی بەپێز لەساڵی ١٩٤٣ز، هەروەها بزوتنەوەی پەیامی مرۆڤایەتی دامەزراند لە نێوان موسڵمانان و هیندۆسەکان لە ساڵی ١٩٥١ز، هەروەها کۆمکاری ئیسلامی زانستی دروستکرد لە خانەی زانستەکان _ کۆڕبەندی زانایان لە (لیکەهنو) لە ساڵی ١٩٥٩ز.
- لە ساڵی ١٩٦١ز بە ئەمینداری گشتی خانەی زانستەکانی کۆڕبەندی زانایان دیاریکرا، (تا ئەمڕۆش هەر ئەمینداریێتیەکەی لەسەر شانە).

- بەشدار بوو لە دامەزراندنی دەستەی فێکردنی ئاینی بۆ هەرێمی باکور (ئەترابردیش) لە ساڵی ١٩٦٠ز، بەشداریش بوو لە دامەزراندنی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری ئیسلامی بۆ سەرجەم گەلانی هیند لە ساڵی ١٩٦٤ز، هەروەها بەشدار بوو لە دروستکردنی دەستەی باری کەسێتی ئیسلامی بۆ تێکڕای هیند لە ساڵی ١٩٧٢ز.

گرنگترین دانراوەکانی:

- یەکەم وتاری بە زمانی عەرەبی لە گۆڤاری (المنار)ی زانای بلیمەت ڕێزدار ڕەشید ڕیزای میسڕی بڵاو بووەوە لە ساڵی ١٩٣١ز، دەربارەی کەسایەتی پێشەوای سەید ئەحمەدی کوڕی عیرفانی شەهید، ئەو کاتە تەمەنی چواردە ساڵان بوو.
- یەکەم کتێبی بە زمانی ئوردی لە ساڵی ١٩٣٧ز دەرکەوت بە ناونیشانی (ژیاننامەی ئەحمەدی شەهید)، بەشێوەیەکی گشتی لە ناوەندە ئاینی و زانستییەکانی هیند و پاکستان پەسەند کرا.
- دەستی کرد بە دانانی زنجیرەی کتێبی قوتابخانە بە زمانی عەرەبی، یەکەم کتێب لەم زنجیرەیە بەدەرکەوت بە ناونیشانی (بژاردەیەك لە ئەدەبی عەرەبی) لە ساڵی ١٩٤٠ز، دواتر کتێبی (چیرۆکی پێغەمبەران) بۆ منداڵان و (خوێندنەوەی تەواو و

جوان) له ساڵی ١٩٤٤ز، تێکڕای ئەم کتێبانە لە زانکۆکانی وڵاتانی عەرەبی و هیندی پەسەندکران.

- کتێبە ناودارەکەی دانا لە ساڵی ١٩٤٤ز بە ناونیشانی (جیهان چی لەدەستدا بە داڕوخانی موسڵمانان).
- وەك مامۆستای میوان لە کۆلیژی شەریعەی زانکۆی دیمەشق لە ساڵی ١٩٥٦ز بانگهێشتکرا، چەند وتارێکی پێشکەش کرد لە ژێر ناونیشانی (نوێکاری و نوێکاران لە مێژووی هزری ئیسلامیدا) دواتر لە شێوەی کتێبێکی سەربەخۆ بڵاوکرایەوە لە دوو توێی چوار بەرگدا بە ناوی (پیاوانی هزرو بانگەواز لە ئیسلامدا).
- کتێبەکەی خۆی نووسی لەبارەی قادیانیەت بە ناونیشانی (قادیانی و قادیانیەت) لە ساڵی ١٩٥٨ز، کتێبی (ململانێی نێوان هزری ئیسلامی و هرزی خۆرئاوا لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا) لە ساڵی ١٩٦٥ز و کتێبی (چوار بنەماکە) لە ساڵی ١٩٦٧ز و کتێبی (ژیاننامەی پێغەمبەر) لە ساڵی ١٩٧٦ز و (بیروباوەڕو خواپەرستی و ڕەوشت) لە ساڵی ١٩٨٠ز و کتێبی (مورتەزا) لەبارەی ژیاننامەی پێشەوای باوەڕداران عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب لە ساڵی ١٩٨٨ز.
- بەشدار بوو لە نووسینی گۆڤاری (ڕووناکی) عەرەبی کە لە خانەی زانستەکانی کۆڕبەندی زانایان دەردەچوو لە ساڵی ١٩٣٢ز، هەروەها گۆڤاری (کۆڕبەند)ی ئوری کە لەلایەن هەمان

سەرچاوەوە دەردەكرا لە ساڵی ١٩٤٠ز، گۆڤارێكی دەركرد بە ناوی (تەعمیر حەیات) بە زمانی ئوردی لە ساڵی ١٩٤٤ز، چەندین وتاری نووسی لەبارەی ئەدەب و بانگەوازو هزر لە گۆڤارە هەرە مەزنەكانی میسرو دیمەشق وەك ئەم گۆڤارانە: (الرسالة)ی مامۆستا ئەحمەد حەسەن زیات، (الفتح)ی مامۆستا موحیبەدینی خەتیب، (شارستانیەتی ئیسلام)ی دكتۆر موصتەفا سوباعی، (موسڵمانان)ی دكتۆر سەعید ڕەمەزانی میسری.

- هەڵسا بە سەرپەرشتی كردنی ڕۆژنامەی (نیدای میللەت)ی ئوردی لە ساڵی ١٩٦٢ز، بەهەمان شێوە سەرپەرشتی گۆڤاری (ڕابوونی ئیسلامی) كردووە بە زمانی عەرەبی كە لەوەتەی ساڵی ١٩٥٥ز دەرچووەو ڕۆژنامەی (ڕائد)ی عەرەبی لەوەتەی ساڵی ١٩٥٩ز دەرچووەو، گۆڤاری (تەعمیر حەیات)ی ئوردی كە لەوەتەی ١٠٦٣ز دەرچووە، هەرمووشیان لە خانەی زانستەكان _ كۆڕبەندی زانایان لە (لیكەهنو _ هیند) دەردەچوون.

گەشتەكانی:

- چەندین جار گەشتی كردووە بۆ خۆرهەڵات و خۆرئاواو بانگەوازی بۆ لای خوا كردووە بە دانایی و ئامۆژگاری چاك، لەمیانەی ئەم گەشتانەشیدا كاری كردووە لەسەر بەرز ڕاگرتنی وشەی ئیسلام بە وشەی بیستراو و خوێنراو و كاری ئەرێنی

**بنیاتنەر لە هەموو بوارەکاندا، وەك وەڵامدانەوەی ئاسۆکانی تێکۆشان لە پێناوی خوادا بە وتارو گوفتارو گفتوگۆو ئامۆژگاری بەشدار بوون بە ڕاو بۆچوون و هزر لە کۆڕبەندە زانستییەکان و کۆمکاری زانکۆیی و دامەزراوە ئیسلامیەکان و کۆنگرەکانی[1].**

گرنگترین دانراوەکانی:

- **کۆڕبەندی زمانەوانی عەرەبی لە دیمەشق و قاهیرە و ئوردن بە ئەندامێکی پەیامنێریان هەڵبژارد، بەهۆی ئەو زانستە زۆرەی کە هەیبوو و ئەو پشکنینە وردانەی ئەنجامی دەدا لە مەیدانەکانی ڕۆشنبیری عەرەبی و ئیسلامی، هەروەها لەبەر ئەو هەوڵ و کۆششە سوپاسکراوانەی خەرجی کردبوو لەو پێناوەدا.**
- **بە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای ڕاوێژکاری زانکۆ ئیسلامییەکان لە شاری مەدینەی پیرۆز هەڵبژێردرا، لەوەتەی دامەزراندنی لە ساڵی ١٩٦٢ز.**
- **بە ئەندامی بەستەری زانکۆ ئیسلامییەکان پاڵێورا لەوەتەی دامەزراندنی لە ساڵی ١٩٧١ز.**

---

**(١) بۆ زانیاری سەبارەت بە گەشتەکانی بڕوانە کتێبی (رحلات العلامة أبي الحسن علي الندوي. محاضراته _ مشاهداته _ لقائاته _ انطباعاته). خاوەنی ئەم وتارە کۆیکردۆتەوەو ڕێکی خستووەو ڕوونکردنەوەی لەسەرداوە، لە چاپخانەی ئیبن کەسیر لە دیمەشق _ بیروت ساڵی ١٩٩٥ز لە چاپدراوە.**

- دەستنیشان کرا بۆ وەرگرتنی دیاری جیهانی شا فەیصەڵ لە ساڵی ١٩٨٠ز، لەبەر دانراوە ناوازەکەی: (جیهان چی لە دەستدا بە داڕوخانی موسڵمانان).
- بڕوانامەی دکتۆرای ڕێزلێنانی پێبەخشرا لە ئاداب لە زانکۆی کشمیر لە ساڵی ١٩٧١ز.
- بە سەرۆکی ناوەندی ئۆکسفۆرد بۆ توێژینەوە ئیسلامییەکان دەستنیشان کرا لە لەندەن لە ساڵی ١٩٨١ز.
- بە ئەندام دیاریکرا لە کۆڕبەندی پاشایی بۆ توێژینەوە سەبارەت بە شارستانیەتی ئیسلامی بۆ لێکۆڵینەوەو دانان و بژارکردن و بەدواداچوون لە عەممان (ئوردن).
- بە سەرۆکی یەکێتی ئەدەبی ئیسلامی جیهانی (ڕیاز) لە ساڵی ١٩٨٤ز هەڵبژێردرا.
- لە ساڵی ١٩٩٩ز لە ئیستەنبۆڵ (تورکیا) کۆڕبەندێکی ئەدەبی مەزن گرێدرا دەربارەی ژیان و هەوڵە سوپاسکراوەکانی، ئەو کۆشش و تەقەلا گەورانەی لە بواری بانگەوازو ئەدەب داویەتی.
- دەستنیشانکرا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی کەسایەتی ئیسلامی بۆ ساڵی ١٤١٩ك بە هۆی ئەو خزمەتە زۆرەی پێشکەشی کرد بە بواری بانگەوازی ئیسلامی، هەروەها خەڵاتی شازادەی جێنشینی حکومەتی ئیماڕاتی عەرەبی یەکگرتوو ڕێزدار شێخ (موحەممەدی کوڕی ڕاشدی ئالی مەکتوم)ی پێبەخشرا.

سەرۆکایەتی و ئەندامێتی لە زانکۆ و کۆڕبەندەکاندا:

- **زانای بلیمەت نەدەوی سەرۆکایەتی و ئەندامێتی چەند زانکۆیەکی ئیسلامی و کۆڕبەندی عەرەبی و ڕێکخراوی بانگەوازی و ناوەندی ئاینی لە ناو جیهانی ئیسلامی و دەرەوەشیدا گرتەئەستۆ، بۆ نموونە:**

**ئەمینداری گشتی خانەی زانست _ کۆڕبەندی زانایان (کە شێوەو خەسڵەتێکی جیهانی وەرگرت لەوەتەی نەدەوی بووەتە ئەمینداری، بەسەر زۆربەی ئەو زانکۆیانەی جیهان سەرکەوت کە گرنگی دەدەن بە توێژینەوەی ئیسلامی و عەرەبی، چونکە کۆنی چاك و نوێی بەسوود بەیەکەوە کۆدەکاتەوە)**

**سەرۆکی یەکێتی ئەدەبی ئیسلامی جیهانی (ڕیاز).**

**سەرۆکی کۆڕبەندی زانستی ئیسلامی لە (لیکەهنو _ هیند).**

**سەرۆکی ناوەندی ئۆکسفۆرد بۆ توێژینەوەی ئیسلامی (ئینگەلتەڕا).**

**سەرۆکی دەستەی باری کەسێتی ئیسلامی بۆ سەرجەم هیند.**

**سەرۆکی دەستەی فێرکردنی ئاینی بۆ هەرێمی باکور (ئەترابردیش).**

**ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکگرتووی جیهانی ئیسلامی لە شاری مەککەی پیرۆز.**

ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری باڵای جیهانی بۆ بانگەوازی ئیسلامی لە قاهیرە.

ئەندامی کورپەندی زمانی عەرەبی لە دیمەشق.

ئەندامی کۆڕبەندی زمانی عەرەبی لە قاهیرە.

ئەندامی کۆڕبەندی زمانی عەرەبی لە ئوردن.

ئەندامی کۆڕبەندی پاشایی بۆ توێژینەوە دەربارەی شارستانیەتی ئیسلامی (دامەزراوەی ئالوبەیت) لە ئوردن.

ئەندامی یەکێتی زانکۆکانی ئیسلامی لە ڕیبات.

ئەندامی ئەنجومەنی باڵای ڕاوێژکاری بۆ زانکۆکانی ئیسلامی لە شاری مەدینەی پیرۆز.

ئەندامی ئەنجومەنی باڵای ڕاوێژکاری بۆ زانکۆکانی ئیسلامی جیهانی لە (ئیسلام ئاباد _ پاکستان).

ئەندامی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری لە خانەی زانستی دیوبندی ئیسلامی (هیند).

- جگەلەمەش زانای بلیمەت نەدەوی سەرۆکایەتی و ئەندامێتی زۆرێك لە زانکۆ ئیسلامییەکان و ناوەندی ئاینی و ڕێکخراوی

بانگخوازی و لیژنەکانی پەروەردە و فێرکردنی گرتەئەستۆ لە ناوەو دەرەوەی جیهانی ئیسلامی[1].

نەدەوی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە ڕۆژی هەینی بەرواری ٢٣ی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزی ساڵی ١٤٢٠ك کە دواهەمین ڕۆژ بوو لە مانگی دێسەمبەری ساڵی ١٩٩٩ز کۆچی دوایی کرد. خۆری سەدەی بیستەم ئاوا بوو. لە شارۆچکەی (ڕائی) لە ناوچەی (ڕیلی) کە ٦٠ کیلۆمەتر لە شارۆچکە (لیکەهنو)ەوە دوورە، خۆی شۆرد بۆ نوێژی هەینی و فەرمانی بە یەکێك لە قوتابیانی کرد کە سوڕەتی (الكهف)ی بەسەردا بخوێنێتەوە، هەر کە خوێندنەوەی سوڕەتەکە تەواو بوو ئەویش گیانی پاکی سپارد. ئێمەش هەر موڵکی خوای گەورەین و سەرەنجام هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێینەوە. خوای گەورە بە سۆزو ڕەحمەتی خۆی دایبگرێت و بیخاتە بەهەشتە پان و بەرینەکەیەوە.

وماكان قيس هلكه هلك واحد ولكـــنه بـــنيان قـــوم تهـــدما

واتە: ئەوەی قەیس لەناوی برد تەنها یەك لەناوچوون بوو، بەڵام ئەو بناغەی گەلێك بوو ڕووخا.

---

(١) بڕوانە کتێبی (أبو الحسن علي الحسني الندوي الإمام المفكر الداعية الأديب) دانراوی خاوەنی ئەم وتارەیە، بۆ زیاتر شارەزابوون سەبارەت بە ژیانی ڕێزدار ئەبو حەسەنی نەدەوی و ئەو هەوڵە و تەقەڵایانەی داویەتی بۆ خزمەتکردنی بانگەوازی ئیسلامی و کۆششەکانی لە بواری ئەدەب و هەڵوێستی لە بەرامبەر پرسە ئیسلامی و عەرەبیەکان، لە کتێبی ناوبراودا ئاماژەکراوە بە گرنگترین دانراوەکانی، ئەم کتێبە لەلایەن کتێبخانەی ئیبن کەسیر لە دیمەشق _ بەیروت لە ساڵی ١٩٩٩ز لە چاپدراوە.

نزیکەی پێنج ملیۆن موسڵمان کە لە هەموو جیهانەوە هاتبوونە هەر دوو شاری مەککە و مەدینەی پیرۆز نوێژی ئامادەنەبوو (غائب)یان لەسەر کرد لە ٢٧ی ڕەمەزان دوای نوێژی عیشا.

## پێشەکی دانەر

سوپاس و ستایش بۆ خوا، درودو سڵاو بڕژێ بەسەر بەندە هەڵبژێرراوەکانی، پاشان!

**کاتێك شنەی ئیمان هەڵدەکات ئەوا شتی سەرسوڕهێنەر دێنێتە کایە لە بیروباوەڕو کردارو ڕەوشتدا، خەڵکیش دیمەنی قەشەنگ بەدی دەکەن لە بوێری و دڵنیایی و داوێن پاکی و دەستپاکی و لەخۆبوردەیی و ڕێکخستنی دەروون و گیانی خۆبەخشی و خاکی بوون لە ڕووکەشەکاندا و سەربەرزی دەروون و بەرز ڕوانین، هەروەها چەندین بەڵگە و نیشانە لە داگەری و میهرەبانی و خۆشەویستی و وەفا بەدی دەکەن کە خەریکە لە بیریان بچێت و لێی بێ ئومێد بن.**

**بێگومان ئەم شنە بایە پیرۆزو فەرڕدارە لە چەندین ماوە لە مێژوودا هەڵیکردووە، هەندێك جار ماوەکەی کورت و هەندێك جاری تریش ماوەکەی درێژ بووە، جا زانراوەو تۆمارکراوە لە مێژووی بانگەوازی ئیسلامی و نوێکاری ئیسلامی.**

**لە بەرەبەیانی سەدەی سێزدەمی کۆچی ئەم شنەبایە لە هیند هەڵیکرد، یادەوەرییەکانی سەدەکانی سەرەتای نوێکردەوە کاتێك پێشەوا سەید**

ئەحمەدی کوڕی عیرفانی شەهید هەڵسا بە کاری بانگەوازی یەکتاناسی و نوێکاری و تێکۆشان.

بانگەوازی کرد بۆ ئاینی پاك و پوخت، مەشخەڵی باوەڕی لە دڵاندا هەڵکرد، کلێپەی جۆش و خرۆشی ئیسلامی لە دەروونەکاندا داگیرساند، ڕەوڕەوەی تێکۆشان لە پێناوی خوا تاودا، کۆمەڵێکی مەزنی دروستکرد، پەروەردەیەکی چاکی ئەو کۆمەڵەیەی کرد لە ڕووی ئاینی و جەنگیەوە، دواتر ئەم کۆمەڵەیە لەگەڵ ناوبراو کۆچی کرد لە ڕێگەی (بلوجستان) و (ئەفغانستان) بۆ سنوورەکانی باکوری هیند، ئەویٚ وەك ناوەندی بانگەوازی خۆی دیاریکرد، تا لەویٚ بەرەوپێش بچێت بۆ وەدەرنانی ئینگلیز و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لەسەر ڕێبازی قورئان و سوننەت، ئەم تێکۆشەرانە (سیخ)یان تێکشکاند لە چەندین جەنگدا (ئەوانەی ناوچەی "بنجاب"یان داگیر کردبوو و سزاو ئەشکەنجەی موسڵمانانیان دەدا).

ئەم تێکۆشەرانە دەوڵەتێکی ڕەواو شەڕعیان دروستکرد لەسەر سنووری باکوری خۆرئاوای هیند کە (پیشاوەر) و شارو گوندەکانی دەوروبەری لەخۆ دەگرت، سنوورە شەرعییەکانیان جێبەجیٚ دەکرد، سیستەمی دارایی و کارگێڕی ئیسلامیان زۆر بە وردی جێبەجیٚ کرد، بەڵام ئەو تیرە و هۆزانە دژی ئەم دەوڵەتە ڕاپەڕین کە لەسەر سنوور بوون بەهۆی ئەوەی ئەم سیستەمە تێکدەگیرا لەگەڵ بەرژەوەندیە کەسی و داب و نەریتە نەفامییەکانیان، ئەم سیستەمەیان سەراوژێر کرد، دواتر تێکۆشەران

بەیەکیان دادا لەگەڵ لەشکری (سیخ) لە دۆڵی (بالاکوت) لەم بەیەکدانانەدا پێشەوا ئەحمەد و هاوەڵەکەی شێخ ئیسماعیل و گەورە یاوەرەکانیان شەهید بوون لە بەرواری (٢٤)ی زیلقەعدەی ساڵی ١٢٤٦ك بەرامبەر بە (٦)ی مایۆی ساڵی ١٨٣١ز، ئەوانەی کە مانەوە پەنایان بردە بەر چیاکان، ئەوانە و هاوەڵانیان لە هیند هەر لەسەر ڕاستی مانەوەو گیان و شتە دەگمەنەکانیان بەخت دەکرد، ئینگلیز ڕاوەدووی ئەوان و ماڵ و سامانەکانیان دەنا، بەدوورو درێژی دادگایی دەکران[1]، لە کاتێکدا موسڵمانان ئارامگر بوون لە پێناوی خوا، نەدەشلەژان و نەرمیان نەدەنواند، تا ساڵی ١٨٥٧ز کە شۆڕش هەڵگیرسا بە ڕابەرایەتی موسڵمانان و بەشداری هاوڵاتیان، بەڵام بەهۆی کۆمەڵێك هۆکار شکستیان خوارد کە باسکردنیان درێژەی دەوێت، سەرکردەکانی شۆڕش بە تایبەتی و موسڵمانان بەشێوەیەکی گشتی دووچاری ئەشکەنجەی دڕندانە بوونەوە[2]، جڵەوی بارودۆخەکان هەر لە دەستی بەریتانیەکاندا مایەوە، هیند بەشێوەیەکی وا چووە ناو چوارچێوەی حکومەتی بەریتانی، بارودۆخەکە بەوشێوەیە مایەوە تا ساڵی ١٩٤٧ز، کاتێك هیند سەربەخۆیی دەستخست و دابەش بوونەکە دروست بوو، بەمەش کۆماری هیندی و دەوڵەتی ئیسلامی پاکستان دروست بوون، پاکستان زۆربەی ئەو ناوچانە لە خۆ دەگرێت کە ناوەندی چالاکی و تێکۆشانی تێکۆشەران بوون و ئامانجی سەرەکی ئەم بزوتنەوە چاکسازیە تێکۆشەرانە بوو.

---

(١) ئەم دوو کتێبە بخوێنەوە: the great wahabi case و Indian Mussalmans دانراوی لویم هەنتەر.

(٢) کتێبی دانەر بخوێنەوە (موسڵمانان لە هیند) بەشی: (ڕۆڵی موسڵمانان لە ڕزگار کردنی هیند).

خوای مەزن لە ساڵی ١٣٧٢ك (١٩٥٣ز) سینەی گوشاد کردم بۆ ئەوەی هەندێك گێڕانەوە هەڵبژێرم لەم مێژووە سەرسوڕهێنەرە، بە زمانی عەرەبی دایڕێژم بە شێوەیەکی ئەدەبی و چیرۆکی قەشەنگ کە زیادەڕەوی تێدا نەکەم چ جای درۆ، ئەم گێڕانەوە نیشانە و بەڵگەن لەسەر پێگەی بلیمەتی ڕابەری ئەم بزوتنەوەیە، ئەو لێهاتووییانەی پێی دراون، ئەو ڕەگەزە بەهێزانەی هەیبوون، ئەندازەی سەرکەوتنی لە پەروەردە پوختەکردنی ناخ و دەروونەکان، لەسەر دڵسۆزیەکەی و خۆیەکلاکردنەوەی بۆ ئەو ئامانجەی بۆی تێدەکۆشێت، توانەوەی لەگەڵ بانگەوازەکەی، هەروەها ئاماژەن لەسەر ئەم نەوە باوەڕدارە تێکۆشەرە و ڕەوشتەکەی و ئەندازەی کاریگەری بانگەوازی ئیسلامی و پەروەردەی ئیمانی لە دەروونی قوتابیەکانی دا، ئەم گێڕانەوانەم بڵاوکردەوە لە گۆڤاری (موسڵمانان) کاتێك لە ساڵی ١٩٥٣ز لە ژمارەکانی مانگی یەنایەرو فەبرایەر لە قاهیرە دەردەچوو، دواتر سەرقاڵ بووم بەکارەکانی نووسین و دانان و بانگەواز تا بیست ساڵ لەسەر ئەمە تێپەڕی.

دواتر هەندێك لە برا خۆشەویستەکانم[1] سەرنجیان خستمەوە سەر ئەم زنجیرە چیرۆکە و ئەو کاریگەریانەی هەیانە لەسەر ناخی خوێنەران و پەسەندکردن و لاساییکردنەوەی پەنهانانە، ئەگەرچی بارودۆخەکان یارمەتیم نەدەن و کاتم نەبێت بۆ دانانی کتێبێکی سەربەخۆ لەبارەی ژیاننامەی ئەو پێشەوا مەزنە و بانگەوازو تێکۆشانەکەی بە زمانی عەرەبی

---

(١) لە سەرووی هەموویانەوە محەممەد حوسنی و سەعیدی ئەعزەمی سەرنووسەرانی گۆڤاری (ڕابوونی ئیسلامی)، بە زمانی عەرەبی کە لەلایەن کۆڕبەندی زانایان لە (لیکەهنو) دەردەچوو.

**وەك چۆن لە زمانی ئوردیدا کردم[١]، ئەوا کێشە نییە لە تەواوکردنی ئەم زنجیرەیە، لەوانەیە وێنەیەکی بچوککراوە بێت لەم مێژووە مەزنە کە هەزاران لاپەڕ دەگرێت[٢]، ڕووبەرێکی شوێنی لە خۆی دەگرێت کە پێکهاتووە لە هەزاران میل و پانتاییەکی کاتی لەخۆی گرتووە کە یەك سەدە دەخایەنێت[٣]، خوێنەری زیرەك لەم تروسکە بە یەکگەیشتووانە لێرەو لەوێ دەتوانێت بیرۆکەیەکی یەکگرتوو دروست بکات، دەربارەی ئەم تێکۆشانە دوورو درێژە، ئەم قوتابخانەیە پڕشنگ و بەرهەمدارە، کە تا ئەندازەیەك ئەم بۆشاییە پڕ دەکاتەوە، کە لە کتێبخانەی ئیسلامی و عەرەبی هاوچەرخدا هەیە[٤]، زۆرێك لە دەروونەکان تێرئاو دەکات کە تێنوون بۆ زانینی ئەم بەشە جوانە و قەشەنگە لە تێکۆشانی ئیسلامی و مێژووی نوێکاری ئاینی لە هیند، جا (ئەگەر بارانی دلۆپ گەورە نەیگرێتەوە ئەوا نمەباران پاراوی دەکات).**

---

**(١)** نووسەری ئەم چەند دێڕە کتێبی (ژیاننامەی سەید ئەحمەد شەهید)ی هەیە لە دوو بەرگدا کە هەر بەرگێك نزیکەی پێنج سەد لاپەڕی پارچە گەورەیە.

**(٢)** نووسەری ناوداری پاکستانی و ڕۆژنامەوانی مەزنی کۆچکردوو (غولام ڕەسول مهر) کتێبێکی بە ناوی (سەید ئەحمەد شەهید) هەیە کە چوار بەرگە و کۆی لاپەڕەکانی ١٩٢١،

**(٣)** لە ڕاستیدا ئەم مێژووە لە ساڵی ١٢٢٥ك دەستپێدەکات کاتێك سەید دەستی بە چالاکییەکانی کرد، بەردەوام دەبێت تا ١٣٢٠ك ئەو ساڵەی کە شێخ عەبدوڵای کوڕی ویلایەتی عەلی صادقفوری پێشەوای کۆمەڵەی تێکۆشەران تیایدا کۆچی دوایی کرد، ئەمە ماوەی چالاکی ئەم کۆمەڵە و سەرکردایەتیەکەیتی.

**(٤)** پێویستە دانەر لێرەدا بەهۆی چاکەی دانەری ڕێزدار و وێژەوانی عەرەبی مەزن مامۆستای کۆچکردوو عەلی تەنتاوی ئاگاداری بدات سەبارەت بە دانرانی یەکەم کتێب بە پێنووسی نووسەرێکی عەرەب ئەویش کتێبی (ئەحمەد عیرفانی شەهیدە) لە ٤١ لاپەڕەدا کە لە ساڵی ١٣٨٠ز لە چاپدراوە لە چوارچێوەی زنجیرەی (أعلام التاريخ) لە دیمەشق.

ئەگەر گێڕانەوەکانی (الأغاني) دانراوی ئەبو فەرەجی ئەصفەهانیم (٣٥٦ك کۆچی دوایی کردووە) خوێندبایەوە لەو ڕۆژانەی کە داوای زانستم دەکرد و لە هەڕەتی لاویدابووم، ئەوا جادووە ئەدەبی و زمانە ڕەوانە عەرەبی و دەربڕینە قەشەنگ و وێناکردنە بلیمەتەکەی بۆ ڕازەکانی دەروون و شێوەکانی ژیان کاری تێدەکردم، غیرەتم دەجولا لە ئاست ئەم عەرەبیە ڕەوانە کە قورئانی پیرۆزی پێ دابەزیوەو پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانی پێی دەدوان بەکاربهێنرێت بۆ مەبەستی بێ کەڵك و بێ نرخ کە ئەم کتێبەی لە پێناو دانراوە، هەروەها ئەم زمانە ڕەوانە بەفیڕۆ بدرێت لە ئاوازو گۆرانی و لاواندنەوەو لەرە سێی و دووییەکان و نیگارکێشانی لایەنەکانی لاوازی و شوێنەکانی کەوتن و خاڵە گوماندارەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی کە لە چەندین سەدەدا ژیاوە کە گەواهی چاکەی بۆ دەدرێت، هیوام وابوو کە ئەم هێزە ڕەوانبێژی و ڕوونبێژی و سەرمایە زمانەوانییە دەگمەن و ناوازە و ئەم شێوازە چڕۆکییە سووك و جوانە لە خزمەتی مەبەست ڕێزدار و ئامانجی چاك و باڵا بەکاربهێنرێت و بەگەڕ بخرێت لە وێناکردنی ڕووێکی پڕشنگداری مێژووی جوانی درەوشاوەدا.

زۆر هەوڵمداوە ئەم شێوازە بەکاربهێنم لە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکانەدا، کە بە پەلە هەڵمبژاردوون لە چاکسازی و نوێسازی لە مێژووی هیند، جا ئەگەرچی نەتوانم سەرکەوتووبم وەك ئەصفەهانی و جگەلەویش _ چۆن ئەوەی دەیەوێت کارامە بێت دەگاتە ئاستی ئەوەی کە کارامەیە _ ئەوا هەر

چۆنێك بێت لاساییکردنەوەی ئەو شێوازە سەرنجڕاکێشە لەدەست نادەم، مەبەست و پاداشتی تێکۆشەر فەرامۆش ناکەم.

ئەم چیرۆکە مێژوویی و تیشکە ئیمانی و ڕەوشتیانە سوودیان هەیە، کە بەهاو نرخەکەیان بە کەم ناخەملێنرێت، لە میانەی ئەم چیرۆکانەدا خوێنەری ژیر دەتوانێت مەزنی ئەو کەسایەتیە بزانێت کە سەرچاوەی هەموو ئەو چاکە و چاوگی کودەتا و بانگەوازو تێکۆشانە، هەروەها لەم کەسایەتیەوە ئەم مێژووە گەڵاڵە بوو و ئەم ڕووناکییە بڵاوبووەوەو ئەم خێرە گشتێنرا، ئەویش کەسایەتی پێغەمبەری مەزنە (ﷺ)، جا نوێکاران لە هەر گەڕێك و پەروەردەکاران لە هەر نەوەیەك و چاکسازان لە هەر شارێك تەنها تیشك و تروسکێك بوون لەم پەروەردە و بانگەوازە، سێبەرێك لە سێبەرە گەشاوەکەی، جا ئەگەر ئەو نوێکارو بانگخوازو پەروەردەکارانە کە دەرچووی قوتابخانەی موحەممەدن (ﷺ) ئەو پلەیەیان هەبێت لە باوەڕو دڵساغی و دڵسۆزی و بەو ئەندازەیە کاریگەری و بەرهەمی هەبێت ئەی دەبێت پێغەمبەر (ﷺ) چۆن بووبێت کە خوای گەورە ڕەوانەیکرد بە ڕێنمایی و ئاینی ڕاست و دروست بۆ ئەوەی زاڵی بکات بەسەر سەرجەم ئاینەکانی تردا، هەروەها بۆ ئەوەی خەڵکی لە تاریکاییەوە دەربێنێت بۆ ناو ڕووناکی، پێغەمبەری (ﷺ) ڕێزدارکرد بە پێدانی سروش و نیگا و کتێبی موعجیزەی نەمرو بە گیانی پیرۆز (جبریل _ سڵاوی خوای لێبێت _)، جا چی دەڵێی بۆ ئەوانەی لە باوەش و لەبەر چاودێری پێغەمبەر (ﷺ) پەروەردە بوون،

ئینجا بوونی ئەم نوێکارو پەروەردەکارانە لە سەدەکانی دواییدا و لەو وڵاتانەی کە دوورن لە لانکەی ئیسلام و ناوەندی بانگەوازی ئیسلامی بەڵگەیە لەسەر نەمری ئەم ئایینە و تایبەتمەند بوونی بە زیندوویێتی و لەدایکبوونەوە، هەروەها گەواهییە لەسەر ئەوەی کە درەختی ئیسلام هێشتا هەر بەرداره و خانە و شانەکانی پڕن لە هەنگوین، بێگومان ئەمە سوودێکی بێ نرخ نییە و کەم بایەخ نییە.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم کۆمەڵەیە کە سەرنجمان ڕادەکێشێت، ئەوەیە کە ئەم شتانەی بەیەکەوە کۆکردبووە: تێکۆشان لەگەڵ دەروون و تێکۆشان لەگەڵ دوژمن، خۆشویستن و ترسان لە خوا، خۆشویستن لە پێناوی خواو ڕق لێبوونەوە لە پێناوی خوا، دونیا نەویستی و خواپەرستی، پەرۆشی ئاینی و جوامێری ئیسلام، شمشێرو قورئانی پیرۆز، عەقڵ و سۆز، سوپاس و ستایشکردنی خوا لە مزگەوت و شەوبێداری لە تاریکیدا، هاوارکردن بەدەم (الله أکبر)ەوە لە گۆڕەپانەکانی تێکۆشان لەسەر پشتی ئەسپەکانەوە، هەندێك سیفەت و لایەن کە بۆ زۆرێك لەوانەی شارەزای مێژوون و بزوتنەوەی چاکسازیان تاقیکردبێتەوە وا ئەندێشەکراوە کە دژیەکن، بەڵام بەهۆی چاکەی پەروەردەی ورد کە ڕابەرو پەروەردەکاری کۆمەڵەکە پەیڕەوی کرد و ئەو هۆشیاریە ئاینیە دروستەی کە پێگەیشتبوو و ڕەگی داکوتابوو و هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتبووەوە، هەروەها بەهۆی ئەوەی بە پەلە بە قوتاغی پەروەردەیی ئاینی تێپەڕ نەببوو و نەچووبووە ناو جەنگەوە بەبێ خۆ ئامادەکردن، بەڵکو هەر شتێکی بە ئەندازەی خۆی وەرگرت و لە دەرگاکانەوە

چووه ناو خانووەکانەوە، ئائەمە نموونەی تەواوە بۆ نەوەیەکی باوەڕدارو نیگاری هەرە جوانی خوایی دروست و داواکراو لە هەر سەردەمێکدا.

پێم باش بوو لە پاڵ ئەم تیشکە و تروسکە مێژووییانەدا بە کورتی پێناسەی پێشەوای ئەم کۆمەڵە و بزوتنەوەیە بکەم، تا خوێنەر بەرچاوی ڕۆشن بێت، شارەزاییەکی هەبێت دەربارەی ژیان و گوزەرانەکەی، جا پێم باش بوو ئەوە هەڵبژێرم بۆ خستنەڕووی ئەم ژیاننامەیە کە لە بەرگی حەوتەمی (نزهة الخواطر)دا هاتووە دانراوی باوکمان زانای بلیمەت سەید عەبدولحەی حەسەنی، بەهۆی کورت و پوختیەکەی و لە خۆگرتنی زانیاری سەرەکی ئەمەشم کردۆتە پێشەکی ئەم کتێبە.

دانەر هەندێك وشەی نامۆی بەکارهێناوە یان چەند وشەیەکی بەکارهێناوە کە لەلای قوتابی ناوەندی لە قوتابخانەکانمان پێویستی بە شرۆڤە و ڕاڤە هەیە، جا بۆ ئەم مەبەستە ڕوونکردنەوەم داوە لەسەر هەندێك لەو وشانە بەڵکو سوود لە کتێبەکە وەربگیرێت لە ناوەندەکانی خوێندن و پەروەردەی ئیسلامی.

سوپاس و ستایش لەسەرەتا و کۆتادا بۆ خوای گەورە، دروود لەسەر چاکترین بەندەی خوا سەروەرو خۆشەویستمان محەممەد و هاوەڵان و شوێنکەوتووانی بەچاکە.

ئەبو حەسەنی عەلی حەسەنی

نەدەوی

رۆژی پێنج شەممە بهوبال _ ٤/موحەڕەم: ١٣٩٣ك

.

# سەید پێشەوا ئەحمەدی کوڕی عیرفانی بریلوی

سەیدی پێشەوا بەڵگەی خوایە لەناو بەندەکان، ڕوونکەرەوەی بەڵگەی ئیسلام و موسڵمانانە، داپڵۆسێنەری کوفرو بیدعەچیانە، نموونەیەکە لە جێنشینە ڕێنوێنی کراو و پێشەوا ڕێنیشاندەرەکان، گەورە و خۆشەویستمان پێشەوای تێکۆشەری شەهید سەعید ئەحمەدی کوڕی عیرفانی کوڕی نوور شەریفی حەسەنی بەریلوی، لە ڕەچەڵەکی ئەمیری مەزن مانگی درەوشاوەی موسڵمانان شێخی ئیسلام قوتبەدینی موحەممەدی کوڕی ئەحمەدی مەدەنیە.

لە مانگی صەفەری ساڵی ١٢٠١ك لە شارۆچکەی (ڕائی بریلی)[1] لە دایکبووە، لە گۆشەی باپیرەیدا عەلەموڵای نەقشبەندی بریولی، لەژێر ڕۆشنایی بایەخ پێدانێکی زۆرەوە گەشەی کرد، کەم خۆر بوو و جل و بەرگیشی کەم بوو، بەم شێوەیە وەك پاشینێکی چاك مایەوە بە لە خواترسی و پارێزکاری و ڕۆژووگرتن و ئەنجامدانی سوننەتەکان و لەبیر نەکردنی خواو لەیاد بوونی لە هەر کارێکدا، لە هەموو بارودۆخەکاندا بۆی دەگەڕایەوە، لە ئاست سنوورو فەرمان و ڕێگریەکانی پەروەردگار دەوەستا، هەرگیز دەروونی سڵی نەدەکردەوە لە خزمەتکردنی بێوەژن و پەککەوتە و هەتیوان، دەچووە ماڵی ئەوانە و هەوڵی دەدا بزانێت کە چیان پێویستە و زۆر خۆی ماندوو

---

[1] ئەم شارۆچکەیە بە پەنجا میل (٧٢ ك م) دوورە لە باکورەوە لە (لیکەهنو)ی پایتەختی هەرێمی باکوری، بەڕێوبەرایەتیەکە لە بەڕێوبەرایەتیەکانی هەرێمی باکور.

دەكرد لە ئاو و دارهێنان و دابین كردنی پێداویستیەكانی باراز بۆیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حەزی لە وەرگرتنی زانستی ناسراوەكان نەبوو، تەنها چەند سورەتێكی لە قورئانی پیرۆز لەبەربوو، لە نووسینیشدا تەنها نەخشی وشە و ڕستەكانی دەزانی، ئەمەش لە ماوەی سێ ساڵدا بوو، برا گەورەكەی (ئیسحاقی كوڕی عیرفانی بریلوی) خەمی لەسەر ئەمە دەخوارد لە كاتێكدا سەرگەرمی فێركردنی سەید ئەحمەد بوو، باوكی وتی: لێی گەڕێ و بە خوای مەزنی بسپێرە، بۆیە ئیسحاق فەرامۆشی كرد، هەر ئاوابوو تا پێگەیشت و لەگەڵ حەوت پیاوی هۆزەكەی ڕۆیشتە (لیكەهنو) و یەك وڵاغی سواری هەبوو و بە نۆبەت سواری دەبوون، ئەحمەد نۆبەتی خۆی بەوان دابوو، كاتێك قۆناغێكیان بڕی و پێویستیان بەوە بوو كۆڵبەرێك كۆڵەكانیان بۆ هەڵبگرێت، جا زۆر بەدوای كۆڵبەرێكدا گەڕان و نەیاندۆزیەوە، ئەحمەدیش ئەمەی دەبینی، بەوانی وت: من پێویستیەكم بە ئێوەیە هیوادارم بە پەلە بۆم جێبەجێ بكەن، ئەوانیش پێیان وت: بەسەر سەرو سەرچاو، بەوانی وت بە سوێند خواردن جەخت لەسەر ئەم وتەیەتان بكەنەوە، وتی: بارەكانتان كۆبكەنەوەو لەسەر سەرم دابنێن، دەتوانم هەڵیان بگرم، بەم بارانەوە چووە ناو شاری (لیكهەنو)ەوە، پیاوێكی سیاسەتمەدار پێی گەیشت و ڕێزی لێنا، ئەم پیاوە فەرمانی پێكرابوو لەلایەن دەوڵەتەوە كە سەد ئەسپ سوار كۆ بكاتەوە بۆ سەربازی، ئەم پیاوە دوو كاری سەربازی بە ئەحمەد بەخشی، ئەویش ئەم دوو كارەی بە دوو پیاو لە هاوەڵانی بەخشی، خۆی لەگەڵ سەربازەكانی دەوڵەت ڕۆیشت، كاتێك گەیشتە دۆڵی (موحەممەدی) و ڕۆژێك دەسەڵاتدار

پێی خۆشبوو گەشت و سەیران و ڕاو بکات، ئەحمەد لە هاوەڵانی ونبوو، ئەوانیش خەفەتبار بوون و واگومانیان برد کە بووەتە نێچیری دڕندەکان، تا ئەو کاتەی پیاوێکی دەشتەکی پێیان گەیشت و ئەوەی بۆ گێڕانەوە کە: من پیاوێکی بەدەستونوێژم بەدی کرد، نیشانەی بەختەوەری و ڕێنوێنیم لەسەر ڕووخساری دەبینی و لەسەر سەریشی تورەکەیەکی لێوان لێو لە شتومەك هەبوو، بە خۆشی و چالاکانەوە لەگەڵ ئەسپ سوارێك لە ئەسپ سوارە سەربازەکان دەڕۆیشت، ئەسپ سوارە سەربازەکە دەیوت: منی لە ڕێگاکەدا بەدی کرد، منیش کۆڵبەرێکی لاوازم لەگەڵدا بوو زۆر ناڕەحەت ببوو بە کۆڵەکەوە، بەڵام لەبەر ترسی من هەر هەڵی دەگرت و دەگریا، ئەحمەد هاتە پێشەوەو تکای بۆ ئەم کۆڵبەرە کرد، منیش پێم وت: من ناتوانم ئەم کۆڵە هەڵبگرم، ئەگەر تۆش دڵت پێی دەسوتێتەوە وەرەپێش لە جیاتی کۆڵبەرەکە هەڵیبگرە، ئەحمەد ئەمەی قبوڵ کرد و کۆڵەکەی هەڵگرت، هاوەڵانی دەیانزانی ئەمە نەریتی ئەحمەدە، بۆیە دڵنیا بوون کە ئەمە خۆیەتی.

سەید محەممەد عەلی کوڕی عەبدولسوبحانی بەریلوی خاوەنی (المخزن) وتویەتی: بەر لە ونبوونی هانی دەدام لەسەر دونیا نەویستی و خۆدابڕین لە دەوروبەر، ڕووکردنە دواڕۆژ، دەیوت: بڕۆنە (دیهلی) و شوێن شێخ عەبدولعەزیزی کوڕی وەلیوڵای دیهلەوی بکەون و سوودی لێوەربگرن، کاتێك گومانی برد کە من ئامادە نیم ئەو گەشتەی لەگەڵ بکەم و ڕازیش نیم ئەو بڕوات و خۆی بخاتە مەترسیەوە، ئەوا لێم ونبوو و بەخۆی ڕۆیشت تا چووە (دیهلی)، کاتێك شێخ عەبدولعەزیز گوێبیستی ئەوە بوو کە ئەو کوڕەزای

شێخ ئەبو سەعید و کوڕە برای سەید نوعمانە[1] زۆر بە چاکی پێشوازی لێکرد و لە مزگەوتی (ئەکبەر ئابادی) لەلای براکەی عەبدولقادر[2] نیشتەجێی کرد، داوای کرد لەگەڵی باش بن، جا کەمێك زانستی لێوەرگرت، بەڵێنی بە شێخ عەبدولعەزیزدا و تەریقەتی لێوەرگرت تا بەشێکی زۆر زانستی لێوەرگرت، شتی وایکرد کە گەورە پیاوانی شارۆچکەکە سەریان لە ئاستیدا سوڕما، ئەمە لە ساڵی هەزارو دوو سەد و بیست و دوو بوو.

دواتر حەزی تێکۆشان لە پێناو خوای بەسەردا زاڵ بوو، بۆیە ڕۆیشتە سەربازگەی پێشەوای تێکۆشەر (نواب میرخان) چەند ساڵێك لای مایەوەو هانی دەدا لەسەر تێکۆشان، کاتێك بینی کاتی خۆی بەفیڕۆ دەدات لە جەنگ و هەڵکوتان و دەستخستنی دەستکەوت ئەوا پێشەوای ناوبراوی جێهێشت و گەڕایەوە (دیهلی) و خۆی توندو بەند کرد و بڕیاری سەرخستنی سوننەتی تەواو و پوختی و ڕێبازی پێشینانی دا، هەندێك نیشانە و بەڵگە و پێشەکی خستنەڕوو کە هیچ یەکێك پێشتر ئاماژەی پێنەکردبوو، هەندێك دەربڕینی بەکارهێنا کە پێشین و پاشینان دەریان نەبڕیوەو لێی ترساون، ئەو بوێری

---

(١) بریتین لە دوو گەورە زانا و خواناس و پەروەردەکاری سەردەمی خۆیان، بڕوانە ژیاننامەکەیان لە بەشی شەشەمی کتێبی (نزهة الخواطر).

(٢) بریتییە لە زانای پایەبەرزو چاکسازی مەزن عەبدولقادری کوڕی پێشەوا وەلیوڵای دیهلەوی، یەکێك بوو لە گەورە ئامۆژگاریکەرو زانا خواناسەکان، یەکەم کەس بوو واتاکەی قورئانی پیرۆزی وەرگێڕایە سەر زمانی (ئەردو)ی ڕەوان و خوای گەورە ئەم کارەی ئەوی کردە مایەی سوود بۆ خەڵکانێکی گەلێك زۆر، بیروباوەڕو ڕەوشتیان پێ ڕاست کردەوە، بڕوانە ژیاننامە فەرِدارەکەی لە بەشی حەوتەمی کتێبی (نزهة الخواطر) و بەشی چوارەمی زنجیرەی دانەر لە کتێبی (رجال الفكر والدعوة في الإسلام)، لەلایەن چاپخانەی ئیبن کەسیرەوە لە دیمەشق لە چاپدرا.

بەخۆیدا ئەم دەربڕیانە دەرببڕێت تا خوای گەورە ڕێنوێنیەکەی پایەدار کرد، دڵی پارێزکارو لەخواترسانی کۆکردەوە لەسەر خۆشویستن و نزا بۆ کردنی، دوژمنانیشی کپ کرد، لەسەر دەستی ئەو ڕێنمایی هەندێك لە خاوەن ئاینەکانی کرد، بە میهری خوا دڵی میرەکان زۆربەی کات بۆی ملکەچ دەبوو، یەکەم کەس کە بەڵێنی پێدا شێخ عەبدولحەی کوڕی هیبەتوڵای برهانوی بوو، شێخ ئیسماعیلی کوڕی عەبدولغەنی دیهلەوی[١] و خەڵکانێکی زۆر لە هۆزی شێخ عەبدولعەزیز پەیمانیان پێدا، هەموو ئەمە لە ماوەی ژیانی شێخەکەیدا بوو، جا لە (دیهلی) لەگەڵ کۆمەڵێك لایەنگرانی هەڵسا و ڕۆیشت بەرەو (بەهلت و لوهاری و سەهارفورو کدەی مکتیسر و رام فور و بریلی و شاهجهانفورو شاه ئاباد) و زۆر گوند و دەڤەری تری وڵات، خەڵکێکی بێ ژمار سوودمەند بوو لە مەجلیس و بەرەکەتی نزا و پاکژی ناخ و ڕاستی مەبەست و پاکی دەرو دەروونی و کۆك بوونی کردارو گوفتاری گەڕانەوەی بۆ لای خوا، هەندێك لە شێخەکان بەرەنگاری بوونەوەو مشتومڕیان لەگەڵ کرد و دانیان پێدانەنا، ئەویش چەسپاو بوو و نەدەترسا و پاشگەزیش نەدەبووەوە، بەڵکو جوامێری و پێشڕەوی و هێزی دەروونی وای هەبوو کە دەیخستە ناو شتی سەختەوەو خوای گەورە لەسەری لادەدا، هەردەم دەپاڕایەوەو هاواری پەروەردگاری دەکرد، زۆرپشتی بە خوا دەبەست و خۆڕاگر بوو، هەندێك زیکرو کاری هەبوو بە چۆنیەتیەکی دیاریکراو و بە کۆمەڵی و لە کاتی

---

(١) یەکێك بوون لە گەورە زانا لێکۆڵەرو چاکسازەکان لە هیند لە سەردەمانی دواییدا، لە هاوەڵە هەرە تایبەتەکانی سەید ئەحمەد بوون، بڕوانە ژیاننامە پڕ داهێنانەکەیان لە بەشی حەوتەمی کتێبەکەمان (نزهة الخواطر).

**سەفەردا و لە ماوەڵەوەشدا لەسەری بەردەوام بوو تا هاتەوە شارۆچکەکەی (رائی بریلی)، ژنی برا کۆچ کردووەکەی ئیسحاقی کوڕی عیرفانی هێنا، ئەمەش یەکەم مارەکردنی بێوەژن بوو لەلایەن خانەدان و پایەدارەکانەوە لە خاکی هیند[١] پاشان ئەمە بە نەریت مایەوە لەناویاندا، شێخ ئیسماعیلی کوڕی عەبدولغەنی و شێخ عەبدولحەی کوڕی هیبەتوڵا و ژمارەیەکی زۆری تر لە زانا و شێخان تەریقەتیان لێ وەردەگرت، بۆ ماوەیەك لە شارۆچکەی (رائی بریلی) مایەوە، دواتر ڕۆیشتە (لیکەهنو) و لەسەر تەپۆڵکەی شێخ (پیر موحەممەدی لیکەهنوی) لەسەر کەناری ڕووباری (کومتی) لەگەڵ هاوەڵانی نیشتەجێ بوو، هەزاران پیاو بەڵێنیان پێدا، وەزیر (موعتەمیدی دەوڵەت) پێشوازیەکی گەرمی لێکرد و میوانداری و ڕێزی لێگرت، پێنج هەزار دراوی پێدا، خەریك بوو سوڵتان غازیەدین حەیدەر مولیك لە (لیکهەنو) پێی بگات، بەڵام کۆششکاری شیعە ترسا لەوەی مەزهەبەکەی بگۆڕن، بۆیە ڕێگەیەکی دۆزیەوە بۆ خۆ دەربازکردن، سەیدی پێشەوا هەڵسا سەرپێ و لە (لیکەهنو)**

---

(١) لە سەردەمانی دواییدا موسڵمانان مارەکردن و هێنانی ئافرەتی بێوەژنیان بە نەنگی دادەنا، تەنانەت بە شەرمەزاریان هەژمار دەکرد بەشێوەیەك لەوانەیە بووبایە مایەی ڕاوەدونانی ئەوەی ئەم تاوانەی ئەنجامدابا و ژن و مێردەکەش دوورخرابانەوە، دواتر ئەمە وای لێهات بووە نەریتێك لە ناو ماڵە خانەدانەکان و خێزانە ڕێزدارەکانی خاوەن ڕەچەڵەك و نەژاد، ئەمەش لە کۆتاییەکانی دەوڵەتی مەغۆلی سەریهەڵدا بەهۆی تێکەڵ بوون لەگەڵ ئەو هندۆسانەی کە مارەکردنی بێوەژنیان بە حەڕام و عەیبە دادەنا، بە تێپەڕبوونی ڕۆژەکان ئەم دەردە گەورە بوو تا سەید ئەحمەد بەوپەڕی سوربوونەوە بەرەنگاری بووەوەو دژایەتی کرد، بانگەوازی کرد بۆ زیندووکردنەوەی ئەم سونەتە، تەنانەت نموونەیەکی کرداریشی لەسەر ئەمە خستەڕوو، تا ئەمە لە ناو موسڵمانان بڵاو بووەوەو بووە شتێکی ئاسایی. (نەدەوی).

دەرچوو و بە وڵاتدا سوڕایەوەو خوای گەورە ئەوی کردە مایەی سوود بۆ خەڵکێکی گەلێك زۆر.

پاشان گەڕایەوە (رائی بریلی)، سەفەری کرد بۆ حیجاز و حەوت سەد و پەنجا و حەوت کەس لە هاوەڵانی خۆی لەگەڵدابوو، لە (دلمتو) لە شوێنی کاری (رائی بریلی) سواری کەشتی بوو، کە دەکەوێتە سەر کەناری ڕووباری (کنك) لەو هەموو پارە کەمەی پێی بوو بەسەر هەژاراندا دابەشی کرد، وتی: ئێمە میوانی خواین و پەنا بۆ دینارو دیرهەم نابەین، دەستی بە گەشت کرد و بە (ئیلاهئاباد، غازی بور، عەزیم ئاباد) و شارەکانی تری هیندیشدا گەڕاو سوڕا، خەڵکێکی بێ ژمار هاتە ناو بەلێنەکەیەوە، تا گەیشتە (کلکتە) و بە مۆڵەتی دادوەری گشتی هیند چەند ڕۆژێك لەوێ مایەوە، دواتر سواری کەشتی بوو و لەساڵی هەزارو دووسەد و سی و حەوت ڕۆیشتە حیجاز، لەم سەفەرە پیرۆزو بەفەڕو بەرەکەتەدا کەشف و کەڕامەت و شتی نامۆ لەسەر دەستی ڕوویداوە، خەڵکێکی زۆر لە دانیشتووانی مەککە و مەدینەی پیرۆز سوومەندبوون لێی[1]، حەجی کرد و هەندێك سەرەدانی ئەنجامدا، دوای ساڵێك سەفەرەکەی تەواو بوو و گەیشتەوە (رائی بریلی) لە ساڵی هەزارو دوو سەدو سی و نۆ، نزیکەی دوو ساڵ لەوێدا مایەوە، شێخ ئیسماعیل و شێخ

---

(١) لەوانە هەندێك کەسایەتی و زانای شاری مەککە وەك: شێخ موصتەفا، پێشەوای مزگەوتی حەنەفی، خواجە ئاغا ئەڵماس هندی، شێخ شەمسەددین عەتا، شێخ حەسەن ئەفەندی نائیب سوڵتان میسر، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە زانایانی مەغریب وەك: سەید موحەممەد، لەبەرکاری صەحیحی بوخاری و شەرحی قەستەلانی، هەروەها شێخ حەمزەی فەرموودەناس و شێخ ئەحمەدی کوڕی ئیدریس. (نەدەوی).

عەبدولحەی ڕەوانەکرد بۆ چەندین شارو دێهات بۆ کاری ئامۆژگاری و بانگەوازی و ڕێنمایی، خوای گەورە ئەوانی کردە مایەی ڕێنوێنی ژمارەیەکی زۆر لە بەندەکان.

سەیدی پێشەوا لەم هەل و فرسەتەدا ئامادەکاری دەکرد بۆ کۆچ کردن و تێکۆشان لە پێناوی خوادا، لە ساڵی چل و یەك لەگەڵ هاوەڵانی لە شارۆچکەی خۆیدا دەرچوو، سەفەری کرد بۆ وڵاتی ئەفغانستان، کاتێك گەیشتە ناوچەی (بنجتار) ئەوا لەوێ وەستا، باوەڕدارانی هاندا لەسەر تێکۆشان و هاوەڵەکانی نارد بۆ (کابوڵ، کاشغر، بوخارا) بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارانی ئەو شوێنانە هانبدات لەسەر یارمەتی و بەشدار بوون، خەڵك بەڵێنیان پێدا بۆ تێکۆشان، ئەویان کردە پێشەوای خۆیان، هەزاران پیاو لە ژێر ئاڵاکەی کۆبوونەوە، هێرشی کردە سەر لەشکری (ڕەنجیت سنکە)ی پاشای (بنجاب)، ئەو پاشایە لە هۆزێکە کە قژیان درێژە، خوای گەورە چەندین شوێنی لەسەر دەستی سەیدی پێشەوا ڕزگار کرد تا لە (پیشاوەر) وتاری هەینی بەناوی ئەوەوە خوێنرایەوەو مەشخەڵەکانی پایەدار کرد و دوژمنانی ئاینی تێکشکاند، دڵی زۆرێك لە میرو سەرکردەکانی والێکرد ملکەچ و گوێڕایەڵی بن، زۆرێك لە سوننەتە مردووەکانی زیندوو کردەوە، ڕێژەو قەبارەیەکی زۆر لە هاوبەشدانان و شتی پڕو پوچی مراند، دوژمنانی خواو پێغەمبەر (ﷺ) دەمارگیریان گرت لە ئاست سەیدی پێشەواو شوێنکەوتووانی

تا ڕێبازەکەی ئەویان دایە پاڵ شێخ موحەممەدی عەبدولوەهابی نەجدی[1]، نازناوی وەهابیان لەوان نا، بە نهێنی پشتگیریان لە بێ باوەڕان کرد و حەزیان بە سەرکەوتنی ئەوان کرد، تا لە جەنگی (پالاکوت) هەندێك لێی جیابوونەوەو کوشتیان، بەمەش سەیدی پێشەوا پلەی شەهیدی دەستخست، جامی باڵای نۆشی، گەیشتە ترۆپکی هیواو لوتکەی تەمەنی، لە بیست و چواری زولقەعدەی ساڵی هەزارو دوو سەد و چل و شەش شەهید بوو، ژمارەیەکی زۆر لە هاوەڵانی لەگەڵ شەهید بوون.

هاوەڵانی زۆر کتێبی سادەیان نووسی لەبارەی بارودۆخ و پێگەو و پلەوپایەکەی، وەك: (الصراط المستقیم) بە فارسی، دانراوی شێخ ئیسماعیل، هەروەها شێخ عەبدولحەیش لەوبارەوە نووسیویەتی، شێخ عەبدولحەی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی لە حیجاز بۆ خەڵکی مەککە و مەدینەی

---

1) نەریتی ئینگلیزە کە هەموو بزوتنەوەیەکی چاکسازی و بانگەوازێك بۆ یەکتاناسی و ئاینی پاك و پوخت و فەرامۆشکردنی بیدعە و شتە پڕو پوچەکان لە سەردەمی دواییدا بدەنە پاڵ بزوتنەوەی شێخ موحەممەدی عەبدولوەهاب و هەوڵی چەسپاندنی ئەوە دەدەن کە خاوەنی بزوتنەوەکە قوتابی شێخ موحەممەدی عەبدولوەهاب بووەو لە هزرو بانگەوازەکەی ئەو وەریگرتووە، ئینگلیز هەمان هەڵوێستی هەبوو سەبارەت بە بانگەوازی سەیدی پێشەواو شێخی بلیمەت ئیسماعیلی شەهید کە بووە قوربانی بەرژەوەندییە سیاسیەکانی ئەوان، ئەگەر چی ئەمە هیچ سووکیەکی تێدا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا هەردەم چاکسازان شتیان لەیەکتر وەرگرتووە. لە ڕووی مێژووییەوە نەچەسپاوە کە یەکێك لە دوو ناوبراوەکە گەشتبێتە قوتابی یان بانگخوازێکی شێخ موحەممەدی عەبدولوەهاب (بڕوانە: بزوتنەوەی یەکەمی ئیسلامی لە هیند، دانراوی مامۆستا مەسعودی نەدەوی)، ئەو کۆك بوون و خاڵە هاوبەشانەی لە نێوان دوو بانگەوازەکە یان لە نێوان (رسالة التوحید) و کتێبی (تقویة الإیمان) یان (الصراط المستقیم)ی شێخ ئیسماعیلی شەهیددا بەدی دەکرێت تەنها هۆکاری ئەوەیە کە سەرچاوەیان یەکە، ئەویش بریتییە لە لێکۆڵینەوەی قوڵ و ڕەسەن بۆ قورئانی پیرۆزو سوننەتی بەپێزو هەڵهێنجان لە ڕۆحی ئیسلامی پاك و غیرەت جوڵان لەسەر بیروباوەڕی ئیسلام و بانگەوازی کردن بۆی. (نەدەوی).

پیرۆز، (منظورة السعداء)ی شێخ جەعفەر ئەلبەستەوی، کتێبێکی سادەیە بە زمانی فارسی، (مخزن أحمدی) دانراوی شێخ موحەممەدی عەلی کوڕی عەبدولسوبحانی توکی، (سوانح أحمدی) دانراوی شێخ محەممەد جەعفەر تەهانیسری، (الملهمات الأحمدیة)ی موفتی ئیلاهی بەخش کاندهلەوی، تەنها باسی ئەو زیکرو کاروبارانەی کردووە کە پێی گەیشتووە، (الواقع الأحمدیة)ی شێخ ئەحمەد عەلی صەدر بوری، کە لە چەند بەرگێکی مەزن پێکهاتووە[1].

***

---

(١) ((نزهة الخواطر وبهجة المسامع والنواظر)) بەشی حەوتەم، فەرمانگەی زانیاری عوسمانی لە (حەیدەر ئاباد _ هیند) و چاپخانەی عەرەفات، تەکیە کەلان (رائی بریلی _ هیند) لە چاپی داوە.

## بەناوی منەوە ناوی بنێن

سەید ئەحمەدی پێشەوای شەهید هەڵسا بە گەڕان و سوڕانێك بە مەبەستی چاكسازی، لە نێوان (دیهلی) و (سەهارنفور) لە ساڵی ١٢٣٣ك، سەردانی دێهات و شارەكانی كرد و چەند ڕۆژ و هەفتەیەك لەوێدا مایەوە، خەڵكی بانگ دەكرد بۆ لای خوا و دەستگرتن بە سوننەت و ئەنجامنەدانی بیدعە و شتە پڕو پوچەكانەوە، هانی دەدا لەسەر پاكسازی دەروون و پوختەكردنی ڕەوشت، شێخی ئیسلام عەبدولحەی بەرهەناوی كە لە هاوەڵە هەرە تایبەتەكانی سەید بوو و تێكۆشەری پایەبەرز شێخ ئیسماعیلی كوڕی عەبدولغەنی كوڕی وەلیوڵای دیهلەوی و زاناكانی تری كۆمەڵەكە هەڵدەستان بە ئامۆژگاری و ڕێنوێنی و ڕێنیشاندان، لەم گەشتە خوای گەورە هەزاران كەسی لەسەر دەستی ئەوان ڕێنوێنی كرد، ژمارەیەكی ئەوەندە زۆری خەڵك لەسەر دەستی سەید تۆبەی كرد كە تەنها خوای گەورە دەزانێت چەند بوون، دەستیان هەڵگرت لە هاوبەشدانان و داب و نەریتی سەردەمی نەفامی و دروشمی بتپەرستی و بەڵێنیاندا لەسەر تێكۆشان لە پێناوی خوا.

لەسەر دەستی هاوەڵانی سەید كە ڕۆیشتبوونە دێهاتەكان بە مەبەستی ئامۆژگاری كردن و فێركردن و شارەزاكردنی خەڵك لە ئاییندا (غولام هندۆسی) كە تەمەن نۆ ساڵان بوو تۆبەی كرد، ئامادەی مەجلیسی ئامۆژگاری دەبوو و خوای گەورە سینەی گوشاد كرد بۆ ئیسلام، ئیسلام و موسڵمانانی

خۆشویست و ویستی موسڵمان ببێت، جا چووە خزمەت شێخ ڕەمەزان _ ئەو ئامۆژگاریکارە بوو کە خۆشەویستی ئیسلامی لە دڵی غولامدا ڕوواند _ بینی کە کۆمەڵێك لە بتپەرستی خەڵکی گوندەکەی خۆی لە خوار مزگەوت ڕاوەستاون و گوێ لە ئامۆژگاریەکەی دەگرن، غولام دەڵێت: منیش لە ناو ئەواندا وەستام، ترسام لەبەر تەمەن بچوکیم لەناو ئەوانەدا، دواتر بەختەوەریەك منی داگرت کە پێشتر شتی وام بەدی نەکردبوو، بەئەندازەیەك سەرگەرم بووم بەمەوە پێشتر شتی وام هەست پێنەکرد بوو، بەسەر ترسەکەم زاڵ بووم و لە شێخ چوومە پێشەوەو هیچ شتێکم بەدەست خۆم نەبوو، بە شێخم وت: دەمەوێت بێمە ناو ئیسلامەوە، ئەویش شایەتمانی فێرکردم، منی هێنایە ناو بازنەی موسڵمانانەوە، منی لە تەنیشت خۆیەوە دانا، بە سەرنجی تیژەوە سەیری کردم و وتی: بەڕاستی دەتەوێت بێیتە ناو ئیسلامەوە؟ وتم: بەڵێ! لەگەڵ برایەکی منی ناردە لای سەید ئەحمەد، کە لە سەهارنفور بوو، لەسەر دەستی ڕێزداری ئەو موسڵمان بووم، شەپۆلی بەختەوەری و خۆشی منی داگرت.

یەکێك لەوانەی لە مەجلیسەکە ئامادە بوو وتی: کاتێك ئەم نێوجەوانە گەیشتە لای سەید، بە میهرەوە سەید ئەوی نزیك کردەوە، لە پاڵ خۆیدا داینیشاند، جار دوای جار بە سۆزەوە دەستی بەسەر سەریدا دەهێنا و دەیوت: پاك و بێگەردی بۆ خوا، ئای ڕێنوێنی خوا چەندە مەزنە، ئەگەر ویستی یەکێك بەرەو چاکە بەرێت ئەوا ڕووناکیەك دەخاتە دڵیەوە، بەمەش بەدوای ڕێگای ڕاستدا دەگەڕێت، دواتر ڕووی کردە شێخ عەبدولحەی بەرهانوی و پێی

وت: توخوا وشەی یەکتاناسی و خوابەیەکگرتنی فێرکە، بە ئەندازەی یەك چاوتروکان لەم خێرە دوامەکەوە، شێخ فێری یەکتاناسی و بنەماکانی ئیسلامی کرد، سەید وتی: ناوێکی ئیسلامی بۆ هەڵبژێرە، شێخ عەبدولحەی دەستپێشخەری کرد و وتی: ناوی دەنێین: (کەریمەدین).

لەم مەجلیسەدا خەڵێکی زۆر لە گەورەو ڕێزدارو کەسایەتیەکانی دەوڵەت ئامادەبوون، ناوی ژمارەیەك لە ئامادەبووان (کەریمەدین) بوو، هەندێکیان وتیان: بەو ناوە ناوی مەنێن، چونکە زۆرێك لە کەسایەتیەکان ئەو ناوەیان هەیە و ڕەتی دەکەنەوە ئەم نێوجەوانە ئەو ناوەی لێبنرێت، بەم ناونانە هەست بە سوکایەتی دەکەن، سەید دەستپێشخەری کرد و وتی: کەواتە بەناوی منەوە ناوی بنێن، ناوی بنێن (ئەحمەد)؛ خەڵك بێ دەنگ بوو و زمانی بەرهەڵستکاران بڕا.

سەید نێوجەوانەکەی ڕادەستی شێخ (موغیسەدیین) کرد، ناوبراو لە هاوەڵە هەرە تایبەتەکانی سەیدە، سەید پێی وت: فێری نوێژو قورئانی پیرۆزو حوکمەکانی شەرع و ئادابەکانی ئایین بکە، ئەگەر مەبەستی منت زانی سەبارەت بە ڕۆیشتنە حەج، ئەوا لەگەڵ خۆمی دەبەم بۆ حەج، بەویستی خوا شادومان دەبێت بە حەج، بەهەمان شێوە بەشدار بوو لە گەشتە مێژووییەکەی سەید بۆ حەج، بەناوی (حاجی ئەحمەد) ناوبانگی دەرکرد.

دەبوایە نکۆڵی کرابا لەم دەمارگیریە نەفامی و لووتبەرزییە دەروونیە، جا سەید ڕووی کردە شێخ عەبدولحەی و مەولانا محەممەد ئیسماعیل و وتی: شوێنەواری نەفامی و پاشەڕۆی هاوبەشدانان و بتپەرستی لە دڵ و ژیانی موسڵمانانی ئەم وڵاتەدا هەر ماوە، ئەگەر لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵنەتەکێنرێت، ئەوا مەترسی ئەوەی لێدەکرێت کە ئیمان و باوەڕ لاببات و کەم و کورتی لە ئاینیاندا دروست بکات.

یەکێك لەو پاشماوانەی نەفامی: ئەگەر منداڵی یەکێك بمرێت، خوای گەورە منداڵێکی تری پێ ببەخشێت، ئەوا وەك ڕەشبینی و لە ترسی مردن بە ناوی منداڵە پێشووەکە ناوی نانێت.

یەکێکی تر: موسڵمانە هەژارەکان ناتوانن ناو لە منداڵەکانیان بنێن بە ناوی دەوڵەمەند و کەسایەتی و خانەدانەکان.

هەروەها: دەوڵەمەند و خانەدانەکان بانگهێشتی هەژاران ڕەتدەکەنەوە، ئەمە بە نەنگی و عەیبە دادەنێن.

یەکێکی تریان: هەژاران و خەڵکی سادە ناتوانن لە بۆنە و ئاهەنگی بووك گواستنەوەیان ئەو خواردنانە دروست بکەن کە دەوڵەمەند و خانەدانەکان ئامادەی دەکەن، چونکە ئەمە بە بەرەنگاربوونەوەی ئەوان دادەنرێت، بەوپێیەی بە تایبەتمەندی ئەوان هەژمار دەکرێت.

جا باسی نموونەی ئەم داب و نەریتە نەفامیانە و ئەو خوو چەمك و نەریتانەی چینی باڵا و خەڵکی کردووە، کە خوای گەورە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر دانەبەزاندووە، لە قورئانی پیرۆزو سوننەتی بەپێز نەهاتووە، لەو سەدانەی گەواهی بەخێریان بۆ دراوە نەناسراوە، بەڵکو ئەمانە بریتین لەو ناوانەی کە ئەوان و باوو باپیرانیان لەخۆیان ناوەو گەورەو سەرکردەکانیان دایانهێناوە، دواتر سەید فەرمانی بە شێخ عەبدولحەی کرد وتارێك سەبارەت بەم بابەتە پێشکەش بکات، هۆشداری بداتە خەڵك سەبارەت بەو خراپە و فێڵ و تەڵەکانەی شەیتان کە لەمەدا هەن، شێخی ناوبراویش وتارێکی ڕەوانبێژانەی پێشکەش کرد، بەشێوەیەك دڵەکانی هەژاند، نمە فرمێسکی لە چاوەکان هێنایە خوارەوە، تا جل و بەرگەکانی پێ تەڕ بوون، دەنگ و هاواری خەڵك بەرز بووەوەو دەیانوت: باوەڕمان هێنا و بەڕاستی دەزانین و بیستمان و گوێڕایەڵ و ملکەچین. دواتر بە جۆش و خرۆش و لەخواترسانەوە سەید نزای کرد، بێگومان ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی گەواهی بۆدراو بوو، ئەو خەڵکەی ڕێگریان کرد لەوەی نێوجەوانەکە بە (کەریمەدین) ناوبنرێت، سەر لەنوێ بەڵێنیان بە سەیددا، تۆبەیان لەسەر دەستی ئەو کرد.

***

# تۆبەی دڵسۆزانە

سەید و هاوەڵانی لە ساڵی ١٢٣٤ك لە (لیکەهنو) لەسەر تەپۆڵکەیەك دابەزین کە دەیڕوانیە شار، مزگەوتی گەورەی لێبوو، بە بانگەوازو چاکسازیەوە سەرقاڵ بوو، هەموو ئەو هۆکارانەی ڕەوشتیان تێکدەدا و خەڵکیان بێ ئاگا دەکرد لە خوای بەدیهێنەرو دواڕۆژ و ئامانجی ژیان و شەیتانیان ڕازی دەکرد لە لاوێتی و بۆشایی و دەوڵەمەندی و توانا[١] لە پایتەختدا[٢] فەراهەم بوون، هەروەها چینی خۆشگوزەرانی تێدا بوو، کە تاکە خەفەتی لە ژیاندا تەنها ڕازی کردنی حەزەکان و خۆسەرقاڵ کردنە بە هەواو هەوەس و خۆشیەکان، جا بەهۆی بوونی حوکمڕانی زۆردارەوە ئەوا لە سزا ناترسن و لێپرسینەوە ڕەچاو ناکەن، حکومەتیش شیعەیەکی زیادەڕۆچووی تووندڕەو بوو، بۆیە ڕەوشتی نەفامی و شوێنی ڕابواردن و ئامێرەکانی ژەنین

---

(١) ئەبو عەتاهیە وتویەتی:

إن الشباب، والفرغ، والجدة    مفسدة للمرء أي مفسدة

واتە: بێگومان گەنجێتی و بوونی بۆشایی و کاتی زۆر و دەوڵەمەندی و توانا سەرچاوەی خراپەکاری بەندەن.

(٢) لیکەهنو پایتەختی میرنشینی (ئودوه) بوو لە هەرێمی باکور لە کۆتاییەکانی دەوڵەتی مەغۆلی، خێزانێکی بە ڕەچەڵەك ئێرانی حوکمی تێدا دەکرد، لە سەرەتاکانی سەدەی سێزدەمی کۆچی سەربەخۆیی وەرگرت، ئەم حوکمەتە لە ساڵی ١٨٥٧ز لەناوچوو، شا غازیەدینی حەیدەر پاشای وڵات بوو کاتێك سەید ڕۆیشتە لیکەهنو، موعتەمەدی دەوڵەت ئاغا میر سەرۆك وەزیر بوو.

و ئافرەتی گۆرانیبێژ بڵاو ببوونەوە کە مایەی خۆشی و ڕابواردنی ئەمیر و دەوڵەمەندەکان بوون، فێڵبازو پیشەگەرەکان دەرکەوتن کە بە ڕێگەی نا ڕەواو نزم پارەیان دەستدەخست، لاساییکردنەوەی بیانی و بتپەرستەکان لە دروشم و داب و نەریت و جل و بەرگ و ڕەوشت لە ناو موسڵماناندا بڵاوبووەوە.

لەشاردا کەسانی بلیمەت لە هەر پیشەو هونەرێکدا کۆبوونەوە، جا لەبەر ئەوەی ناوەندی حکومەت و کارگێڕی بوو، ئەوا کەسانی ژیرو بیرتیژو گەنج و لاو و سوارچاکەکان و جوامێرو پیاوەکانی کێشکرد، وەك چۆن موگناتیس پارچە ئاسن کێش دەکات، خەڵکی بەرزو نزم بەیەکسانی لە شاردا کۆببوونەوە، هاوشێوەی پایتەخت و شارە گەورەکان، ناوەندی زانست و وێژە و هونەرو خوێندن و نووسین بوو، وەك چۆن ناوەندی ڕابواردن و هەواو هەوەس و خراپەکاریش بوو.

خەڵکی شار گوێبیستی هاتنی کۆمەڵەکە و ئەمیرو شێخەکەی سەید ئەحمەد بوو، هەواڵی ڕەوشت و خاکی بوون و کاریگەری هاوەڵایەتی کردنی و گفتوگۆیەکەی بڵاوبووەوە، هەروەها دەنگوباسی زانایانی کۆمەڵەکە و ئامۆژگاریە ڕەوان و کاریگەرەکانیان لەسەر دەروون و دڵ نەرم کردن بڵاو بووەوە، خەڵکەکە ئەوەیان زانی بوو کە کۆمەڵەکە دونیانەویست و سادەن لە گوزەراندا و یەکسانن لە خواردنەوەو جل و بەرگ و پێخەڤ، هیچ یەکێك لە یەکێکی تر گەورەتر نییە، بەشەو خواپەرستن، بە ڕۆژیش سوارچاکن، هەر یەکێك خزمەتی هاوەڵەکەی دەکات و پێشخۆی دەخات، بۆیە خەڵکی شارەکە

لە هەموو لایەکەوە بەرەو ڕوویان ڕۆیشتن. هەیانبوو بۆ سینە گوشاد بوون و هەشیانبوو بۆ پشکنین ڕۆیشتن، هەندێك ئاینخواز و هەندێکی تر چاکسازیخواز بوون. کەسانێك هەبوون پەشیمان ببوونەوەو لە ژیانی پێشوو و ڕوویان لە دوارۆژ کرد بوو، سەیدیش بە ڕووگەشی و ڕەوشتی جوانی خۆی پێشوازی لێدەکردن، باڵی بەسۆزی خۆی بۆ ڕادەخستن، هۆگری دەکردن بە قسە شیرین و تەڕو پاراوەکانی، هەندێکی بەشدار دەکردن لە خواردنی بە کۆمەڵ، بەمەش دڵە ڕەقەکان و ناخە لاسارەکانی نەرم دەکرد، بەمەش تۆبە و خۆدوورگرتن لە گوناهو تاوان و فەرامۆشکردنی نەریت و دروشمەکانی نەفامی و تەرك کردنی لاساییکردنەوەی ناموسڵمانان لە جل و بەرگ و دروشم زیاتر دەبوو، لەم شوێنە نەدەگەڕانەوە تەنها بە تێشوێك لە پارێزکارو لەخواترسان و ڕووناکی دڵنیایی و گۆڕان لە ژیان و ستایشێکی بۆنداری کۆمەڵە و پێشەواکەی نەبێت.

ڕۆژێك سەید کە لەو شوێنەی دانیشتبوو کە نەریتی وابوو لێی دابنیشێت، دەستەیەك بە ڕابەرایەتی (ئەمانەڵای خان، سوبحانخان، میرزا هەمایۆن بەیك[١]) هاتنە ناو مزگەوتەوە، کۆمەڵێك لە هاوەڵانی سەید لە دەوروبەری سەید بوون، کاتی ئەوە هاتبوو هاوەڵانی سەید بڕواننە ئەم دەستەیە، ڕووخساری هاوەڵەکانی ڕەق و کینەی لێدەڕژا، سەید هەستی بەمە کرد و پرسی: ئەوانە کێن وادێن؟ وتیان: ئەوانە کەسانی باش نین، هیچ جۆرێك لە جۆرەکانی فێڵ و دزی نییە کە ئەوانە شارەزا نەبن تیایدا و ناوبانگیان پێ

[١]) گێڕەڕەوەکە تەنها ناوی ئەو سێیانەی بیرمابوو، ناوی ئەوانی تری بیر چووبووەوە.

دەرنەکردبێت، سەید وتی: نەکەن ئەم نهێنیە بڵاو بکەنەوەو قسەیەك بکەن کە ئەوان پێی سەغڵەت ببن، مەبەستەکەتان لێ تێکبچێت، داوام وایە خوای مەزن تاوان و گوناه لای ئەوان ببغوزێنێت، وایان لێبکات کاری نابەجێ ڕەتبکەنەوەو سەرکەوتوویان بکات بۆ تۆبە و چاکسازی و ئاکامیان خێر بکات.

سەید وتەکەی تەواو نەکردبوو، ئەو دەستەیە گەیشت، تەوقەیان لەگەڵ کرد و دەست و باوەشیان پێداکرد، سەیدیش زۆر بەگەرم و گوڕی و ڕێزەوە پێشوازی لێکردن، لە تەنیشت خۆیەوە داینیشاندن. سەیر بەدوورو درێژی دەیڕوانیە ئەوان، کەمێك دانیشتن و پاشان مۆڵەتیان خواست و ویستیان بڕۆن، ئەو کاتە سەید پرسیاری لەوان کرد سەبارەت بە پیشەو کاریان و وتی: بەڕێزان سەرقاڵی چ کارێکن! بە شەرم و سەرشۆڕیەوە وتیان: لەوبارە پرسیارمان لێنەکەن، سەبارەت بەم پرسیارە لێمان ببوورە، یەکێك لە ئەندامانی دەستەکە قسەی بە هاوەڵانی بڕی و وتی: براکانم سەغڵەت نەبن بەم پرسیارە! بەبێ شەرمەزاری ڕاشکاوانەبن و هەواڵ لەبارەی واقیعی خۆتان بەدروستی بخەنەڕوو، جا وایە ئەو شتەی پێتان ناخۆشە خێری ئێوەی تێدایە!.

سەید ئەوانی هاندا، ئەوانیش باسی پیشە خراپەکانیان کرد، کە بەهۆیەوە کاسبی دەکەن و ژیانی لەسەر دەگوزەرێنن. بەتێروتەسەلی قسەیان کرد، باسی ئەوەیان کرد کە هیچ تاوان و خراپەیەك نەماوە کە دەستیان تێدا

نەبێ و ئالودەی نەبوون، بە دانپێدانان و ڕاشکاوانە وتیان: ئەمە کارو ڕێڕەومان بووە، تا ئەمڕۆش ئەمە پیشەمان بووە، بەڵام ئێستا لەسەر دەستە پیرۆزەکانی تۆ تۆبە لەو هەموو کارو کردەوانە و هەر شتێك پێچەوانەی یاساکانی ئیسلام و مایەی توڕەبوونی خواو پێغەمبەرە دەکەین، هەرگیز تۆبەمان بە خەیاڵدا نەهاتووە کە هاتینە ئەم شوێنە، تەنها مەبەستمان ڕابواردن و خۆشی و کات کوشتن بوو، بەڵام کاتێك لەلات دانیشتین، ڕەوشتە بەرزەکەی تۆمان بینی، ڕێزی زۆرت لە وەفدەکەمان گرت، بەشێوەیەك ڕەفتارت لەگەڵ کردین کە شایستە نین، تەنانەت پێشبینی ئەوەشمان نەدەکرد، بۆیە دڵ و دەروونمان کارەکانمانی بوغزاند، هانی داین تا ماڵ و خانەوادەمان جێبهێڵین و لەگەڵ تۆدا بین و لێت جیا نەبینەوە، کەواتە مۆڵەتمان پێبدە تا بەڵێنت پێبدەین و لەسەر دەستی تۆ بۆ لای خوای مەزن بگەڕێینەوە.

سەید وتی: پێویست ناکات پەلە بکەن، ڕۆژی هەینی وەرنەوە، ئەو کات بەڵێنتان لێوەردەگرین، ئەوەتان بۆ جێبەجێ دەکەین کە داوای دەکەن.

هەر یەك لە ئەندامانی ئەم دەستەیە ڕۆیشتنەوە ماڵی خۆیان، کاتێك ڕۆژی هەینی هات، خۆر هەڵهات، دەستەکە ئامادەبوون، سەید پەیمانی پێدان کە لە دوای نوێژی هەینی داواکەیان جێبەجێ دەکات، کاتێك خەڵك نوێژی هەینی کرد و تەواو بوون، سەید داوای لە دەستەکە کرد بێنە پێشەوە، بەڵێنی پێدان لەسەر گوێڕایەڵی کردنی خواو پێغەمبەرەکەی و

فەرامۆشکردنی گوناهو تاوان و لەسەر یەکتاناسی و ئاینی پوخت و دوورکەوتنەوە لە سەرجەم جۆرەکانی هاوبەشدانان و بیدعە، ئەوان هەندێك دراویان وەك دیاری پێشکەش کرد، سەید وەریگرت، دواتر بۆی گەڕاندنەوەو وتی: ئەمە دیاریەکە لەلایەن منەوە بۆ منداڵ و خێزانەکانتان، وتیان: دەمانەوێت منداڵ و خێزانەکانیشمان بەڵێن بدەن و بگەڕێنەوە لای خوا، سەید وتی: سەردانیان دەکەین ئەگەر بە ناوچەیەکی نزیکدا تێپەڕین، ئەمە ڕوویدا لەو ڕۆژەی سەید ڕۆیشتە ناوچەکە و لەسەر دەستی ئەو تۆبەیان کرد.

حا کاتێك (ئەمانەڵاخان، سبحانخان، میرزا هەمایون بەیك) بەڵێنیاندا، لە کاتێکدا پێشەوای دەستەکە بوون، زۆرێك لە هاوەڵانی ناوبراوان بەمەیان نەزانیبوو، غولام ڕەسولخان و غولام حەیدەرخان و صەدرخان هاتنە لای ئەمانەڵاخان و پێیان وت: ئێمە لەم ڕۆژانە لە سەغڵەتیداین، دەبێ ڕێگەچارەیەك بدۆزرێتەوە، واتە: پێویستە لەسەرمان بیر بکەینەوە لە دانانی پلانێك بۆ گەیشتن بەم مەبەستە، ئەمانەڵاخان وتی: من هیچ کارم بەمەدا نییە، ناتوانم بەهیچ شێوەیەك یارمەتیتان بدەم، ئەم سێ هاوەڵەی سەریان سوڕما و وتیان: لە قسەکەت تێناگەین! دەتەوێت بڵێی ناتوانیت ئەمڕۆ لەگەڵمان بێیت، لە ڕۆژی تردا دەتوانی لەگەڵمان دەربچی یان چ مەبەستێکی ترت هەیە؟

میرزا هەمایون بەیك وتی: کێشەکە ئەمڕۆ و سبەی نییە، بەڵکو مەسەلەکە مەسەلەی ژیانە، نهێنی ئەمەش ئەوەیە کە ئێمە تۆبەمان کردووە بۆ لای خواو وازمان لەم کارانە هێناوە، هەرگیز ناگەڕێنەوە سەر ئەم چەشنە کارانە، وتیان: کەی تۆبەتان کردووە؟ براکەم لە کوێ ئەم تۆبەیەتان کردووە؟!

هەمایون وتی: من و هاوڕێکەم ڕۆیشتین بۆ تەپۆڵکی شێخ (پیر موحەممەد) و لەوێ بەڵێنمان بە سەید ئەحمەددا، کە لە (ڕائی بریلی)ەوە هاتبوو، لەسەر دەستی ناوبراو تۆبەمان لە تێکڕای گوناهەکان کرد، باسی تۆزێك لە ڕەوشت و پلەوپایە و ڕەوشتی سەیدی کرد.

غولام ڕەسولخان و هاوەڵانی ئارەزوویان کرد بڕۆنە لای سەید، ئەوە تاقی بکەنەوە کە هاوەڵانیان تاقیانکردبۆوە، ئەوانی پێشتر تۆبەیان کردبوو باسی غولام ڕەسولخان و هاوەڵانی ئەویان بۆ سەید کرد، سەید مۆڵەتی بەواندا، جا ئەوان هاتنە لای سەید و زۆر زیاتر لەوەیان بینی کە بیستبوویان، بەمەش بەڵێنیان بە سەیددا، تۆبەیەکی دڵسۆزانەیان کرد، ڕەوشت و ژیانیان گۆڕا، توخنی ماڵ و سامانی حەڕام نەدەکەوتن، سەخت بوو بۆیان ئەو ماڵ و سامانەی کە گوماندار بوو لە ماڵیاندا بوو بەکاری بهێنن، کە بەهۆی کاسبی ناڕەواوە بەدەستیان هێنابوو، کاتێك سەید ویستی بگەڕێتەوە شارەکەی خۆی، داوایان کرد یاوەری سەید بکەن، چونکە ترسان لەوەی بکەونە ناو حەڕامەوە یان ڕابوێرن بەو پارە گوماناویەی لە ماڵی ئەواندا هەیە، سەید ستایشی

کردن و نزای بەرەکەت و فەرپداری بۆ کردن، ڕێنمایی ئەوانی کرد تا سەرقاڵ بن بەکارو پیشەی ڕەواو کاسبی حەڵاڵ و ماندوو بوونی بازوو و ئارقەی نێوچەوان.

کاتێك سەید کۆچی کرد بۆ جیهاد، زۆربەیان یاوەری سەیدیان کرد، هەیانبوو لە پێناوی خوا شەهید بوو، هەشیانبوو بە پاك و پوختی و بەدەم خزمەتی ئیسلام و موسڵمانان و ئامۆژگاری لە پێناوی خواو پێغەمبەرەکەی و تێکۆشان لە پێناو پایەدارکردنی وشەی خوا ژیانی گوزەراند،

## له خۆشگوزەرانیەوە بۆ دەستكورتی

ویلایەت عەلی گەورە لە نەوەی چەپگەرایی و خانەدانی بوو، وەك كوڕی ئەمیرو گەورە دەوڵەمەندان پێگەیشت، شێخ (فەتحی عەلی) باوكی یەكێك بوو لە زانا و كەسایەتییە ناودارەكانی شار، باپیرەشی _ لە دایكیەوە _ ڕەفیعەدین حوسەین خان دادوەری ناوچەی بەهار بوو (بەڕێوبەری كارگێڕیەكەی بوو).

ویلایەت عەلی هەندێك شت لە ماڵی خۆی فێر بوو، پاشان سەفەری كرد بۆ لیكەهنو _ شاری زانست و خانەی دانایی و ناوەندی شارستانی _، ویلایەت عەلی نموونە بوو لە جل و بەرگ ڕێكی و قەد و باڵا جوانی و قەشەنگ و ڕازاروەیی، جل و بەرگی هەرە جوانی لەبەر دەكرد، بۆنی هەرە خۆشی لەخۆی دەدا و بەكاری دەهێنا.

پێشەوا سەید ئەحمەد لەگەڵ یاوەرە ڕێزدارەكانی هاتە لیكەهنو، محەممەد ئەشرەف لیكەهنوی سەردانی سەیدی كرد و زانستەكەی تاقی دەكردەوە، قوتابیە زیرەكەكەی محەممەد ئەشرەفیش لەگەڵ مامۆستاكەی ڕۆیشتبوو تا سەركەوتنی مامۆستاكەی بەچاوی خۆی ببینێت، شێخ محەممەد ئەشرەف پرسیاری لە سەید كرد لەبارەی ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَـٰكَ إِلَّا رَحۡمَةً لِّلۡعَـٰلَمِينَ ﴾ الأنبياء: ١٠٧. واتە: ("ئەی محمد ﷺ" ئێمە

تۆمان ڕەوانە نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە ببیتە ڕەحمەت و بەرەکەت بۆ هەموو جیهانییەکان). سەید لەبارەی ئایەتەکە قسەی کرد، بە شێوازە سەرسوڕهێنەرەکەی ڕاڤەی ئایەتەکەی کرد، گوێبیستی وتەیەك بوون کە پێشتر گوێیان لێ نەببوو و لە هیچ کتێبێك نەیانخوێندبووەوە، شێخ محەممەد ئەشرەف گریا و بەڵێنیان بە سەیددا، (ویلایەت عەلی) گەنج لەگەڵ پێشەوا سەید ڕۆیشت بۆ گوندەکەی.

گەنجی ناوبراو لە گوندەکە گۆڕا و جوانکاریەی بۆ جل و بەرگی دەکرد و ئەو خۆشیەی دەیکرد ئەوی نەما، ڕووکەشەکان لەبەرچاوی سووك بوون، دڵی پڕبوو لە ڕاستییەکان، بێگومان ئەمە بەرزترو ڕازاوەترە لە جل و بەرگ و خواردن، ژیانێکی جوانترو نزیکتری بینی لە سروشتەوە لە ژیانی دەستکردی یەکەم، بەم پێیە تێکەڵی ئەو ژیانە نوێیە بوو، لەگەڵ هاوەڵانی سەرقاڵی ئەو کاروبارانە بوو کە یاوەرانی پێی سەرقاڵ بوون، پێی وابوو ئەمە حەساوەترو گوزەران خۆشترە لەوەی پێشتر.

ڕۆژێك کە سەرقاڵی کارە بە ئاو و گڵ _ جل و بەرگی شڕی لەبەردابوو _ خزمەتکارە کۆنەکەی هات، باوکی ویلایەت ئەم خزمەتکارەی بە چوار سەد ڕوپیە و کۆمەڵێکی مەزن لە جل و بەرگی گرانبەها و شتی ترەوە ڕەوانەکرد بوو، خزمەتکارەکە پێی گەیشت _ ڕووخساری ویلایەت عەلی گۆڕابوو _، خزمەتکارەکە پرسیاری لێکرد لەبارەی (ویلایەت عەلی)، ئەویش وتی: من ویلایەت عەلیم! خزمەتکارەکە وتی: گاڵتەم پێ مەکە، من پرسیار دەکەم

دەربارەی ویلایەت عەلی کوڕی زانای گەورە شێخ فەتی عەلی و کوڕەزای ئەمیری شکۆدار ڕفیعەدین حوسەین خان، ویلایەت وتی: ئەگەر باوەڕم پێ ناکەیت کەواتە بڕۆ بە دوای ئەو کەسەدا بگەڕێ کە دەتەوێت، خزمەتکارەکە ڕۆیشت و پرسیاری کرد دەربارەی سەید ویلایەت عەلی، خەڵك ئاماژەیان دەکرد بۆ ئەو گەنجەی کە خزمەتکارەکە یەکەمجاری بینی، خەڵکەکە دەیان وت: ئا ئەوە هەوە! خزمەتکارەکە گەڕایەوەو گریا، پارەو جل و بەرگەکانی پێدا، گەنجەکە ڕۆیشتە خزمەت شێخەکەی و هەموو ئەو شتانەی لەبەردەم ئەودا دانا تا بەسەر ئەوانەدا دابەشی بکات کە شیاون و لەو بوارەدا خەرجی بکات کە پێی باشە، دواتر گەڕایەوە، دەستی بەکارەکانی کردەوە لەگەڵ هاوەڵانی وەك ئەوەی هیچ نەبووبێت.

***

## کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی گەڕۆك

لەوەتەی کاتێکی نزیکەوە فەرزی حەج لە هیند پەکخرا، بەپێی فەتوای هەندێك لە زانایان، ئەوانەی کە زیاتر سەرقاڵ بوون بە زانستە عەقڵیەکان، زۆر شارەزا نەبوون لە زانستەکانی قورئانی پیرۆزو سوننەتی بەڕێز، لەم فەتوایەشیاندا پشتیان بەست بە هەندێك کتێبی فیقهی و وتەی ڕیزپەڕ سەبارەت بە پەکخستنی حەج لە ئەستۆی موسڵمانانی هیند، لەسەر ئەو بنچینەیەی کە سەفەرکردن بە کەشتی چارۆکەدار لە دەریادا مەترسی لەسەر گیانەکان هەیە، بۆیە مەرجی (توانادارى) تێدا نایەتەجێ، جا ئەو کەسانەی غیرەتی ئاینی و سیماناسی ئیمان و شارەزاییەکی قوڵیان لە زانستدا هەیە ترسان لەوەی ئەگەر موسڵمانان وەڵامی ئەم زانا عەقڵگەرایانە بدەنەوەو حەج نەکەن، ئەوا گەڕانەوەیان بۆ ئەنجامدانی ئەم فەرزە سەخت بێت، نوێکردنەوەی ئەم فەرزە مەزنەی ئیسلام لە گران بێت، بەمەش کەم و کورتییەکی گەورە لە ئایندا دروست دەبێت، درزێکی دیار لە دیواری قەڵای گەڵاڵە دەبێت، پێشەوا سەید ئەحمەدی کوڕی عیرفانی شەهید و هەر دوو هاوەڵانی مەولانا عەبدولحەی بەرهەناوی و مەولانا ئیسماعیلی شەهد دیهەوی هەڵسان بە هەڵمەتێکی زانستی و کرداری بەهێز دژی ئەم ئاشوبە

کوێرانەیە[١]، دواتر سەید بانگەوازی حەجی کرد، نێرراوی ڕەوانە کرد و نامەی نووسی و خەرجی ئەوانەی گرتەئەستۆ کە تێشوی ڕێگای حەجیان نییە، ئەمە بە ئاسۆکانی هیندا بڵاوبووەو لە ناو خەڵکدا بازاری گەرم بوو، بەمە پۆلەکانی حەزو باوەڕی کپ بوو گڕیان گرت، هیمەتە ساردبووەوەکان بەهێز بوون، وای لێهات موسڵمانان لەسەر شوێنەکانی هیند ئامادەکاریان دەکرد بۆ سەفەر، زەخیرەیان ئامادە دەکرد بۆ حەج بە هەموو ڕێگەیەکی گونجاو، ژیانێکی نوێی ئیمانی لە ناو موسڵماناندا بڵاو بووەوە، سۆزەکان بۆ کەعبەی پیرۆز بەهێز بوون، لە سەرجەم لایەنەکانی هیند خەڵك شوێن پێی ناوەندی ئەم بانگەوازە و ڕابەرەکەیان هەڵگرت و لە دەوری کۆبوونەوە، هیچ ڕۆژێك نەبوو کە وەفدێك نەیەتە خزمەتی بە مەبەستی حەج کردن، وەڵامدانەوەی بانگهێشتی خواو بانگەوازی ئیبراهیمی خۆشەویستی خوا.

﴿ وَأَذِّن فِي ٱلنَّاسِ بِٱلۡحَجِّ يَأۡتُوكَ رِجَالٗا وَعَلَىٰ كُلِّ ضَامِرٖ يَأۡتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٖ ﴾ الحج: ٢٧. واتە: (جا بانگی خەڵکی بکە و جاڕبدە لە ناویاند با بێن بۆ حەج، ئەوانیش بە پیادە دێن بەدەم بانگەوازەکەتەوە یان بە سواری "ئەو وشترانەی دووری ماوەکە" لاوازی کردوون و لە هەموو ڕێگەیەکی دوورەوە دێن).

---

(١) ئەم چیرۆکە بە درێژی بخوێنەوە لەو کتێبانەی کە لەبارەی ژیاننامەی سەید ئەحمەدی شەهید (ڕەحمەتی خوای لێبێت) نووسراون.

ئەو ڕۆژە پێشبینی کراوە گەواهی بۆ دراوە هات، سەید پشتی بەخوا بەست، لە مانگی شەوالی ١٢٣٦ك لە سلخ لەگەڵ خەڵکەکە دەرچوو، ڕووبارە بچوکەکەی پێش گوندەکەی خۆی بڕی، ماڵئاوایی لەوانە کرد کە بۆ بەڕێکردنی ئەو هاتبوون، ڕووی کردە گوندی (دەلئۆ[1]) تا لەوێ سواری پشتی کەشتی ببێت و بگاتە (کلکتە)، کاتێك لە شاری خۆی هاتەدەرەوە ژمارەی یاوەرانی گەیشتە چوارسەد نەفەر[2].

ئەم کاروانە لانە و قوتابخانەیەکی گەڕۆك و کۆمەڵگەیەکی ئاینی گوێزەرەوە بوو، تیایدا وتارو ئامۆژگاری دەوترایەوەو خەڵکی فێری حوکم و یاساکانی ئایین و ئادابی ئیسلام دەکران، خزمەتی یەکتریان دەکرد، یارمەتی یەکتریان دەدا لەسەر چاکە و لەخواترسان، کەشی برایەتی و یەکسانی و دادگەری تێدا زاڵبوو، هیچ یەکێك کارەکەی خۆی پشتگوێ نەدەخست هەر چەندە کارەکە زۆر بێ نرخ بووبا، بەرگەی سەختی و گرانیەکانیان دەگرت و چێژیان لێدەبینی و لەپێناوی خوا هەژماریان دەکرد، بەڕاستی وەك ئەندامی یەك جەستە و خێزان وابوون، هەوری ڕێزو حورمەت و شکۆ و ئارامی و ئاشتی و برایەتی و تەبایی ئەوانی داپۆشیبوو، نیشتمان و ماڵ و حاڵی خۆیان و ئەو جێگیری و خۆشیانەی تێیدابوون لە بیریان کردبوو، ڕایەڵی سۆزو خۆشەویستی یەکی خستبوون، ڕابەری باوەڕو بۆخوابوون پێشەوایەتی ئەوانی دەکرد، بێگومان گوێبیستی ئەو فەرمایشتە ببوون سەبارەت بە

---

(١) گوندێکی گەورەیە لە ناوچەی ژێر بەڕێوبەرایەتی (رائی بریلی) لەسەر کەناری ڕووباری کەنجا.

(٢) ژمارەکە لە (کلکتە) تەواو بوو و ئەندازەیان گەیشتە حەوت سەد کەس.

پلەوپایەی ئەوەی (یەکێك سوننەتێکم زیندوو بکاتەوە لە دوای من مردبێت)[1] ئەی دەبێ پلەوپایەی ئەو کەسە چەند بێت کە هەوڵ و تەقەلای داوە بۆ زیندووکردنەوەی فەرزێك کە فەرامۆشکراوەو پشتگوێخراوە؟!

پاش ئەوەی کاروانەکە دەستی بە گەشتەکەی کرد و ماوەیەکی کەمی بڕی، ئەوا سەید لە دوای نوێژی بەیانی وەستا و وتی:

((براکانم! ئێوە کۆچتان لە نیشتمان و ماڵەکانتان کردووە، بۆ ئەوەی بە حەج و عومرە بەختەوەر بن، تەنها لە پێناوی خوای مەزن، جا پێویستە برابن و یەکترتان خۆشبوێت، وەك ئەوەی لە یەك دایك و باوك هاتبنە دونیاوە، هەر یەکێکتان ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ برکەشی پێ خۆش بێت، ئەوەی بۆ خۆشی پێ ناخۆشە بۆ براکەشی پێ ناخۆش بێت، هەر یەکەی با بەشدار ئەو کارەی بکات کە براکەی پێیەوە سەرقاڵە، ئەگەر خەڵك ئەم ڕەوشتەی لە ئێوە بەدی کرد ئەوا سور دەبێت لەسەر ئەوەی یاوەریتان بکات و دەڵێن: ئەوانە چەشنە خەڵکێکی تایبەت و جۆرێکی دەگمەنن، بەڕاستی ئەوانە سەرکەوتن و چاکترین هاودەم و هاوڕێن)).

---

(1) لە (موسنەد)دا هاتووە، ڕزین لە عەلی (ڕەزای خوای لێبێت) گێڕاویەتەوە: هەر یەکێك سوننەتێکم زیندوو بکاتەوە لە دوای من مردبێت ئەوا بێگومان منی خۆشویستووە، ئەوەی منی خۆشبوێت ئەوا لەگەڵ مندا دەبێت. هەروەها ئەبو هوڕەیرە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (هەر یەکێك دەست بە سوننەتی منەوە بگرێت لەکاتی گەندەڵ بوونی ئوممەتم ئەوا پاداشتی سەد شەهیدی هەیە) تەبەرانی گێڕاویەتیەوە.

دواتر هانیدا لەسەر پشت بەخوابەستن، ئەوەی بەیاد هێنانەوە کە تەنها خوای گەورە ڕۆزیدەری ڕاستەقینەیە، هەر خوا ڕۆزی دەبەخشێت بە مرۆڤ لە شوێنێکەوە کە مرۆڤ ئەندێشەی نەکردبێت و پێی نەزانی بێت، ﴿وَمَا مِن دَآبَّةٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ رِزۡقُهَا﴾ هود: ٦. واتە: (هیچ زیندەوەرێك نییە لەم زەویەدا ڕزق و ڕۆزیەکەی لەسەر خوا نەبێت). و وتی: ئومێدەوارم خوای گەورە لەم گەشتەدا هەزاران کەس ڕێنوێنی بکات، هەزاران کەس دەربهێنێت کە لە ناو زۆنگاوی هاوبەشدانان و بیدعە و نەفامیدا نقوم بوون تا گوێچکەکانیان، بە تەواوی دروشمەکانی ئیسلامیان فەرامۆشکردووە، بەویستی خوا بە یەکتاناسی و باوەڕداری و دڵنیاییەوە دەگەڕێنەوە.

من زۆر لە خوا پاڕاومەتەوە بۆ خەڵکی هیند، وتم: پەروەردگارا! ڕێگای هاتنەماڵی تۆ داخراوە، شەیتان فێڵی لە زۆر دەوڵەمەندان کردووە، بەڕاستی ئاسایش لە ڕێگاو بانەکاندا فەوتاوە، جا حەجیان لەسەر نییە و مردن بێ ئەوەی حەج بکەن، تا ئێستاش هەزاران کەسی دەوڵەمەند و خۆشگوزەرانەکان کە ڕۆزیت پێبەخشیون و داراییت پێداون بیر لە حەج ناکەنەوە، ئەم ترسە بەسەریاندا زاڵ بووەو شەیتان کارەکانی ئەوانی بۆیان ڕازاندۆتەوەو بەمەش وای لەوان کردووە ڕێگەی حەج نەگرنەبەر، ئەی پەروەردگارا بە سۆزو میهری خۆت ڕێگەی ماڵی خۆت والا بکە، بەشێوەیەك کە هیچ یەکێك نەترسێت و بێ بەش نەبێت لەم بەختەوەریە زەبەلاحە و فەرزە، بەڕاستی

**خوای گەورە نزاکەمی گیرا کرد، ئەوەی لە ئێوە بژیت ئەوا ئەمە بە چاوی سەری خۆی دەبینێت و بە ئاشکرا دەیبینێت)).**

**ئا بەم شێوەیە بوو، دەرگاکانی حەجی خستەسەر پشت، خەڵکی بە لێزمە لە هەر ساڵێکدا دەچوونە حەج، بەردەوام ژمارەیان زیاد دەبوو، ئەو بیرۆکەیەی دژی حەج کردن بوو بووە شوێنەوارێك لە شوێنەوارو ئەفسانەیەك لە ئەفسانەکانی مێژوو.**

***

# گیانی خۆبەخشی و خزمەت

لە ڕێگای ڕۆیشتن بەرەو (کلکتە) سەید و هاوەڵانی گەیشتنە شارێکی سەر کەناری ڕووبار، ناوی شارەکە (مەرزابور) بوو، دەبینن کەشتیەکی بارهەڵگر لەسەر کەنارەکە وەستاوە، پڕە لە جەواڵ و گونیەی لۆکە، خاوەنی کەشتییەکە چاوەڕوانی کۆڵبەرەکانە کە ئەم گونیانە دەگوازنەوە کۆگاکە، بۆیە کەشتی حاجییەکان ناچاربوو دوور لە کەنارەکە بوەستێت تا نۆبەتی ئەو دێت، سەید پرسیاری لە هۆکاری ئەمە کرد، وتیان کەشتییە بارهەڵگرەکە لەسەر کەنارەکە وەستاوەو ڕێگەی ئێمەی گرتووە، چاوەڕێی بەتاڵکردنەوەیە، کەچی کۆڵبەرەکان لەوێ نین، سەید وتی: کێ ڕێگەمان لێدەگرێت ئەو کارە بکەین ئایا ئێمە مرۆڤ نین؟ یان دەستمان بەستراونەتەوە؟ ئەمیر ئەم وشەیەی تەواو نەکرد، تا خەڵك _ گەورە زانا و کوڕی خانەدان و دەوڵەمەندیشیان تێدا بوو _ هەڵمەتیان کردە سەر کەشتییەکە بۆ بەتاڵکردنەوە، جا ئەم گونیە قورسانەیان لەسەر شان و سەری خۆیان هەڵدەگرت، هەیان بوو بەتەنیا و هەشیان بوو دوو کەس یەك گونیەیان هەڵدەگرت، دەیانبردە ئەو شوێنەی بازرگانەکە دەیویست، تا کەشتییەکە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بەتاڵ بوو، کابرای بازرگان مووچەی هەڵگرتن و کرێکارەکانی لەسەر شان لاچوو، خەڵکی بە سەرسامی و دڵخۆشی و نامۆییەوە سەیری ئەم کۆمەڵەیەیان دەکرد و دەیانوت: بەڕاستی ئەم

حاجیانە سەرسوڕهێنەرن بەم کارە سەختە هەڵدەستن بە خۆبەخشانە و لە پێناوی خوا، کەچی پێشتر ئەو حاجیانە و بازرگانەکە یەکتریان نەناسیوە، بەم کارەش مەبەستیان ئەوە نییە هیچ دەستێك ئەوان بپارێزێت یان بەخششێك وەربگرن، بەڕاستی ئەوانە چەشنێکی ترن لە پیاوان.

***

# یەکسانی ئیسلامی

موسڵمانان کاریان تێکرا بەهۆی درێژی ماوەی مانەوەیان لە هیند و لاوازی خوێندن و فێرکردنی ئاینی و کاریگەربوونی ڕەگەزی دەسەڵاتدار، کە ڕێنمایی ئیسلامی بە جوانی دانەڕشت، بەڵکو پاشماوەی نەفامی لە ناو داب و نەریتی هاوڵاتیاندا هەر مابوو، بۆیە جیاوازی نێوان چینەکان و بە سوك ڕوانینە هەندێ پیشە و خۆ هەڵکێشان بە ڕەچەڵەك سەریهەڵدا، زۆرێك لە منداڵەکانی خانەوادە ناودارو ڕێزدارەکان بە عەیبەیان دەزانی تێکەڵی هەندێك جۆر لە پیشەوەران ببن و خواردنیان لەگەڵ بخۆن، سەید بەوپەڕی وره بەرزیەوە دژایەتی ئەم ئاڕاستە و نەریتەی دەکرد، بانگەوازی دەکرد بۆ دەستگرتن بە ڕێنماییەکانی ئیسلامی کە بانگەشە دەکات بۆ ڕێگرتنی مرۆڤایەتی و یەکسانی لە نێوان خەڵکدا.

لە (مەرزابور) حەوت ماڵ هەبوون، ئەندامانی خێزانی ئەو ماڵانە کاری دروستکردنی خشتی سوریان دەکرد، ئەم خشتانەیان سوردەکردەوەو دواتر دەیانگواستەوە بۆ ماڵی ئەوانەی پێیان دەوێت و دەیانکڕی، بۆ ئەم مەبەستە کەرو ئێستریان بەکار دەهێنا، پارەکەشیان بۆ خۆیان کۆدەکردەوە، هەندێکیان نزیکەی پەنجا کەرو ئێستریان هەبوو، هەندێکی تریان شەستیان هەبوو، جا ئەمە ئیش و پیشەیان بوو، لە شاردا بە نازناوی (خاوەنکەرەکان) ناسراو بوون، ئەمە بووە نازناوێکی ناسێنەریان، خانەدانەکان و پایەدارەکان خۆیان

لەوان دوور دەخستەوەو تێکەڵ بوون لەگەڵ مەجلیسی ئەوانیان بە کەم و کورتی دەزانی، خواردنیان لەگەڵ ئەوان بە پیس دەزانی، ئەمەش بووە دروشمێك بۆ خانەدان و پایەدارەکان.

کاتێك سەید گەیشتە (مەرزابور)، ئەم خاوەنکەرانە بینیان خەڵك پێشوازی لەم کۆمەڵەیە دەکەن، ئەمە کۆمەڵەیەکی خاکی و خۆبەکەمزان و ڕەوشت بەرزە و دەیانەوێت بچنە ماڵی خوای گەورە، خۆشەویستی پێشەوای کۆمەڵەکە کەوتە دڵی ئەم خاوەنکەرانە، بۆیە ویستیان تەبەڕوك بەم کۆمەڵەیەوە بکەن، میوانداری میوانانی خوا بکەن، بۆ ئەم مەبەستە سەید و هاوڕێکانیان بانگهێشت کرد بۆ خوانێك، لە کاتێکدا ئەم خاوەنکەرانە لە نێوان ئومێد و ترس، بوێری و شەرمدان، ئەزموونەکانی ڕابردوو ئەوانی خاودەکردەوە، شتی وا لە نێوان ئەوان و موسڵمانانی تر جگە لەوان ڕوویدا بوو کە هیچ یەکێك شتی وای بەخەیاڵدا نایەت، بەڵام ڕەوشتی ئەم کۆمەڵە هیوای بەوان دەدا کە وەڵامی بانگهێشتەکە بدەنەوە، دواتر هاندران لەسەر ئەمە و پشتیان بەخوا بەست و بە سەیدیان وت:

گەورەمان نافەرمووی ڕێزدارمان بکەیت بە پەسەندکردنی بانگهێشتەکەمان و خواردن لەگەڵ هاوڕێکانت لەسەر خوانەکەمان؟

سەید وتی: بەڵی بە شانازیەوە!

خاوەنکەرەکان زۆر شاد بوون بەمە، بە دڵخۆشی گەڕانەوە ماڵەکانیان.

کاتێك خەڵکی شار گوێبیستی ئەمە بوون، ئەمە بووە مایەی شڵەژانیان، بەلای خانەدان و پایەدارەکان زۆر گرنگ بوو! زۆرێکیان ڕۆیشتنە لای سەید و پێیان وت: پێمان باش نییە کە بانگهێشتی ئەم خاوەنکەرانە پەسەند بکەن و لەسەر خوانی ئەوان بخۆن، هیچ یەکێك لە موسڵمانانی شارەکە لەلای ئەوان نان ناخوات.

سەید وتی: بۆچی؟ ئایا ئەوانیش موسڵمان نین؟ کاسبی حەڵاڵ ناکەن؟ جا تاوانیان چییە؟ بێگومان سواری سەر پشتی گوێدرێژو کەر سوننەتێکی چەسپاوە، ئەمە وەك شوێنەواری پێغەمبەران و پیاوچاکانەوە ماوەتەوە، گوێدرێژیان ڕاگرتووەو پەروەردەشیان کردووە، ئەم نەریتە لە هەر دوو شاری مەککە و مەینەی پیرۆز هەر ماوە، خەڵکی ئەوێ سواری کەرو ئێستر دەبن و بە نەنگیشی دانانێن، سەید ئامۆژگاری کردن، ئەوەی پێ ڕاگەیاندن کە ئەوەی ئەوان دەری دەبڕن نەریتی نەفامی و فێڵی شەیتانە.

سەید لەگەڵ هاوەڵانی ڕۆیشتە لای خاوەنکەرەکان کە پیشەیان دروستکردنی خشتی سورکراوە بوو، بە خاوەنکەر ناسراو بوون لە شارەکەدا، دڵی شادکردن و دروونی خۆی بۆ ئەوان وڵاکرد و خواردنی خوارد لەگەڵیان.

دوای تەواو بوون لە خواردن، خاوەن بانگهێشتەکە بڕێك پارە و گونیەیەك لە جل و بەرگ و قوماشی گرانبەهایان پێشکەش بە سەید و هاوەڵانی کرد، سەید بە داوای لێبوردنەوە ئەم دیاریەی قبوڵ نەکرد، کاتێك لەسەر ڕووخساری ئەوانی بینی کە ئەم ڕەتکردنەوەیان پێ ناخۆشە، بەوانی

وت: براكانم دلگران مەبن، من كە داواى لێبوردنم كرد لە وەرگرتنى دياريەكەتان ئەوا بۆ بەرژەوەندى ئێوە بووە، چونكە ئەگەر ئێمە ئەو دياريانەمان قبوڵ بكردايە، خەڵكى دەيانوت: لەبەر ئەم ديارى و سامانانە ئەم بانگهێشت و خوانەيان قبوڵ كرد، بەڵام ئێستا هيچ شتێك نييە خەڵك پاساوى پێ بهێنێتەوە، بەمەش ئەوانيش لەگەڵتان دادەنيشن و خواردنتان لەگەڵ دەخۆن، هيچ نەنگيەكيش لەمەدا بەدى ناكەن.

بەهەمان شێوە ئەمە ڕوويدا، ئەم ديوارە ڕێگرە لە نێوان ئەوان و خەڵكى شارەكە تێكشكێنرا، خەڵكى دەستيان كرد بە دانيشتن و خواردن لەگەڵيان.

***

## ئەوەی تۆبەی لە گوناھ کردووە وەك ئەوەیە گوناھی نەبێت

شێخ عەبدولحەی بەرھانوی _ کە شێخی ئیسلام بوو لە ناو کاروانی حاجیان و لەشکری تێکۆشەراندا _ئامۆژگاری و ڕێنوێنی خەڵکی دەکرد لە کاتی کۆچ کردن و شوێنی نیشتەجێ بوون، ھەر کاتێك سەید و کۆمەڵەکەی ڕۆیشتبانە شارێك شێخ عەبدولحەی ھەڵدەستا و وتاری دەدا و بانگی خەڵکی دەکرد بۆ لای خوا و چاکسازی کردنی دەرو دەروون و خۆگرتنەوە لە گوناھ و تاوان و فرێدانی بیدعە و شتی پڕو پوچ و داب و نەریتی نەفامی و دروشمی بتپەرستی، بەھۆی ئامۆژگارییەکانی ناوبراوەوە دڵەکان نەرم دەبوون و فرمێسك لە چاوان دەڕژا، خەڵکی باوەڕو ئیسلامەکەیان نوێ دەکردەوەو بەڵێنیان دەدا لەسەر گوێڕایەڵی و گوناھ نەکردن، ھۆکارێك لە ھۆکارەکانی ڕاستەڕێ کردن ئافرەتێکی سۆزانی کە پارەی بەھۆی کاری بەدەوە دەست دەخست ڕایکێشا بۆ مەجلیسێك لە مەجلیسەکانی ئامۆژگاری، ئەو ئافرەتە پەشیمان بووەوە لە ژیانی ڕابردووی و تۆبەی لەو کارە بەد و خراپانەی کرد، بەڵێنی بە سەیددا لەسەر باوەڕو گوێڕایەڵی و داوێنپاکی و پاکژی.

زۆرێك لە داب و نەریتە نەفامییەکان خزابوونە ناو خێزانە موسڵمان و ماڵە ڕێزدارەکانیان، دەردی لووتبەرزی و خۆھەڵکێشان و فیزلێدان بە ڕەچەڵەك لە ناویاندا نەش و نمای کردبوو، وای لێھاتبوو کە بۆچوونیان وابوو ئەوان پلەوپایەیان گەورەترە لەوانی تر.

ژمارەیەکی زۆریان گوناھ کردن یان دەست تێکەڵاوی لەگەڵ ھەر تاوانێکیان بە چاوێکی زۆر سووك سەیر دەکرد، ئەگەر تاوانکارەکە تۆبەشی لێ کردبووبا، خانمەکانی ماڵە خانەدانەکان و خاوەن ڕەچەڵەك و نەژادەکان بە نەنگی و عەیبیان دەزانی تێکەڵ ببن لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی ڕەچەڵەك و ئایین و جوامێریان لە پلەی ئەواندا نییە، تەنانەت ئەوەندە زیادەڕەویان کرد لە خۆپۆشتەکردن (حیجاب) کە شەرع بەوشێوەیە پێی ڕانەگەیاندبوون، ئەمەش ھەندێك جار سەری دەکێشا بۆ فەرامۆشکردنی فەرزە ئاینیەکان و پشتگوێ خستنی نوێژەکان لە گەشت و سەفەردا.

کاتێك ئەم ئافرەتە خۆشبەختە تۆبەی کرد، سەیدی پێشەوا فەرمانی بە سەید عەبدوڕەحمانی خوشکەزای خۆی کرد کە ئافرەتەکە سواری کەشتییەك لە کەشتییەکانی ئافرەتان بکات، ئەویش بردی سواری یەکێك لە کەشتییەکانی کۆمەڵەکە بکات، ویستی سواری بکات، لەو کاتەدا ئافرەتان ھاواریان کرد و وتیان: شوێن بۆ ئەو ئافرەتە لە کەشتییەکەدا نییە، سواری کەشتییەکی تری بکە، عەبدوڕەحمان ئافرەتەکەی برد بۆ کەشتییەکی تر، لەوێش ئافرەتەکان ڕەتیان کردەوە ئەو ئافرەتە ھاودەمیان بکات و وتیان: ئەمە سۆزانیە و مۆڵەت نادەین ھاودەمیمان بکات.

کاتێك شێخ عەبدولحەی ئەمەی بیست، ڕۆیشتە سەر کەشتیەکە و ھاواری کرد و وتی: بۆچی ڕێگە نادەن ئەم ئافرەتە خۆشبەختە سواری کەشتییەکە ببێت، بەڕاستی ئەو ئافرەتە ئەمڕۆ تۆبەی کردووەو لە ھەموو گوناھو

تاوانەکانی پەشیمان بۆتەوەو لەلای خوا لە هەر هەمووتان گەورەترە، ئێوە هەمووتان لە بەرنامەی خوادا یەکسانن، ئافرەتەکان وتیان: ئەگەر ئەو ئافرەتە ڕاستە با بە خۆپۆشتەکردنەوە لەسەر پشتی کەشتییەکە دابنیشێت، شێخ وتی: بۆچی یەکێك لە ئێوە لە سەر پشتی کەشتییەکە دانانیشێت و بۆچی تەنها ئەو لەسەر پشتی کەشتییەکە دابنیشێت؟ و لەگەڵ ئێوە دانەنیشێت؟، قسە و گفتوگۆ درێژەی کێشا، قسەیەك لە شێخ و یەکێك لە ئافرەتەکان، شێخ توڕە بوو و فەرمانی بە خێزانەکەی کرد بە پۆشتەی شەرعی بێتە دەرەوەو پێی وت: ئایا بەڵێنم لێوەرنەگرتی کە کار بکەیت بە حوکم و یاساکانی شەریعەت لەم گەشتەدا، هەروەها وەك هەر ئافرەتێکی تر کار بکەیت و خواردن لێبنێیت و لە کاتی پێویستدا بە پێیەکانت بڕۆیت، دواتر ئاماژەی بۆ خەڵکەکە کرد و وتی: بڕوانن ئەوە هاوسەری منە و ئەمەش پۆشتەی شەرعییە، دواتر مۆڵەتی پێدا کە سواری کەشتییەکە ببێت، شێخ ئیسماعیل ڕۆیشتە لای کەشتییەکە و بانگی (ڕوقیەی) خوشکی کرد و پێی وت: خوشکەکەم! جێگا بکەوە بۆ ئەو ئافرەتە خۆشبەختە، لە تەنیشت خۆتەوە دایبنێ، فێری ئایین و ئادابی ئیسلامی بکە، خاتوو (ڕوقیە) وتی: فەرمانبەردارو گوێڕایەڵم، بەوپەڕی ڕێزو خۆشەویستیەوە، فەرموو خوشکە ئازیزەکەم! بەخێر بێیت سەرچاوان.

***

## بێگومان شنەی باوەڕو تۆبە هەڵیکرد

کاروانی حاجیان بە چەندین شارو گوند و دێهاتی زۆردا تێپەڕین، جا لە ڕێگاکەیدا بە گوندێکی مەزندا تێپەڕین لە ناوچەی (ڕائی بریلی) کە دەچووە (کلکتە) دوا شاری هیندی، کۆتایی خۆرهەڵات، ئەم گەشتە سێ هەرێمی گەورەی لە خۆگرت، لە (قوتری هیندی، هەرێمی باکور، هەرێمی بەهار، ویلایەتی بنغال) و مانەوە لە شارو گوندەکان بەپێی گرنگیەکەیان بوو، هەروەها بەپێی پێویستی خەڵك بوو بە بانگەوازو چاکسازی.

لە سەرجەم وێستگە و شوێنی دابەزینی ئەم کاروانە موسڵمانان ڕوویان دەکردە ئەم کۆمەڵە و ڕابەرو شێخەکەی بۆ سوود بینین لێی، دیمەنی هاوشێوەی ئەمە بۆ ماوەیەکی زۆر بوو نەبینرابوو، خەڵکی ئەم وڵاتە لە خەو ڕاپەڕین، لە بێ ئاگایی بەخەبەر هاتنەوە، وەك ئەوەی بانگدەرێك لە ئاسمانەوە بانگی خەڵکەکەی کردبێت: ڕابن تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە لای خوا! دەستبکەن بە نوێکردنەوەی باوەڕو ئیسلام! خەڵك پۆل پۆل دەهاتنە لای سەید، لەسەر دەستی ئەو تۆبەیان دەکرد، بەڵێنیان بە خوای مەزن دەدا لەسەر یەکتاناسی و ئاینی پوخت و فڕێدانی هاوبەشدانان و گومڕاکەرەکان و بیدعە و شتە پڕو پوچەکان و نەکردنی گوناهو خراپە و بەرزو مەزن ڕاگرتنی دروشمەکانی خوا، توووند دەستگرتن بە سوننەتی ڕەسەنەوە، جا شوێنەواری ئەم بەڵێن و تۆبەیە زۆر بە خێرایی لە ژیان و ڕەوشتیاندا دەردەکەوت، جا دروشمەکانی هاوبەشدانان و بیدعەی یاسادانانی دەسڕیەوە،

**دیمەنەکانی دەکردە مزگەوت، هەروەها ئەو دروشم و گۆڕە دەستکردانەیان شکاند کە لە کاغەز دروست دەکران[١] لە مانگی موحەڕەم هەڵدەگیران، کرانە سووتەمەنی بۆ دروستکردنی خۆراك بۆ میوانداری سەید و کۆمەڵەکەی، ئەو ناوانەش گۆڕدران کە هاوبەشیان بۆ خوا بڕیار دەدا و کەسەکانیان پیرۆز دەگرت[٢]، خەڵکی هەندێك شار سەرباری تازە موسڵمان بوونیان ئەوا هەر هاتنە ناو ئەو ژیانە نوێیەوە، هەندێك خەڵك ژمارەی ئەوانەی تۆبەیان کرد بەوە دەخەملێنن کە هیچ یەکێك لە موسڵمانان دوانەکەوت لە تۆبەکردن و باوەڕ نوێکردنەوە[٣].**

**کاتێك ئەم کاروانە هاتە ناو شاری (بنارس)ەوە، کە ئەو کاتە ئاوەدان بوو، لەلایی هندۆسەکان پیرۆز بوو، موسڵمانان بە قەبارە و شێوەیەکی زۆر بەرچاو ڕوویان تێکرد، باران بە بەردەوامی و بە لێزمە دەباری، ژیان و چالاکی و گوزەرانی لە شارەکەی پەکخستبوو، خەڵك بانگهێشتی سەیدیان دەکرد بۆ ماڵی خۆیان، ئەویش لە ماڵێکەوە دەچووە ماڵێکی تر، تاریکی و**

---

**(١) شیعە و لاساییکەرەوەکانیان لە کاغەز یان لە داری عود شتیکی هاوشێوەی گۆڕی حوسەینی کوڕی عەلی (ڕەزای خوای لێبێت) دروست دەکەن و لەسەر سەریان بەرزی دەکەنەوە، لە هیند پێی دەوترێت: (پرسە: تعزیە).**

**(٢) لە هیند و وڵاتانی نا عەرەبی هەندێك ناو بڵاوبوونەوە کە هاوبەشیان بۆ خوا بڕیار دەدا و سیفەتی خوایان دەدایە پاڵ غەیری خوای گەورە، وەك: بەندەی حەسەن، بەندەی عەلی، بەندەی پەیامبەر، بەندەی پێغەمبەر، بەخششی (مەدار)، مەدار: بریتییە لە شێخی مەزن بەدیعوززەمانی ئاوەدانکەرەوەی خانەی کەنیوری کە یەکێك بووە لە شێخە خواناسەکانی هیند لە ساڵی ٨٤٤ك کۆچی دوایی کردووە، بەخششی (سالار) مەبەست لە سالار: سەید سالاری مەسعود غازیە، یەکێکە لە کەسایەتیە هەرە ناسراوەکانی هیند، بە شەهیدی مرد و لە شاری (بەهرائح) بەخاك سپێرراوە.**

**(٣) وەك شاری (ئیلاهئاباد)، بڕوانە: ژیاننامەی سەید ئەحمەدی شەهید.**

باران دونیای داگرتبوو، شەقامەکان پڕ ببوون لە قوڕو لیتە، ڕۆیشتن و گوزەر کردن زۆر سەخت بوو، بەڵام ئەمە ڕێگر نەبوو لەوەی سەید وڵامی بانگهێشتەکەیان بداتەوە، بەڵکو وەڵامکی بانگهێشتەکەیانی دەدایەوەو تا نیوەی شەوو دواتریش بەردەوام بوو لە سەردانەکانی، خەڵك تۆبەی دەکرد و بەڵێنیان پێدەدا، لەوانەیە لە یەك گەڕەکدا ژمارەی تۆبەکارو بەڵێندەرەکان گەیشتبایە هەزاران کەس.

سەیدیش لەم سوڕان و گەڕانە دوورو درێژە کە ماندوو نەدەبوو، ئەگەر یەکێك لە هاوەڵانی دڵی تەنگ بووبا و سکاڵای ناخۆشی ڕێگا و چڕی تاریکی بکردبا، ئەوا سەید بە هاوەڵانی دەوت: ئارام بگرن هاوەڵانم! بەڕاستی ئەم هەنگاوانەتان لەلای خوای گەورە هەژمار دەکرێت و بە خێر بۆتان پەسەند دەکرێت.

لە نێو دەستەو کۆمەڵانی موسڵماناندا زۆر لێکترازان و ناکۆکی و دووبەرەکی و ململانێ هەبوو، سەردانی یەکتریان نەدەکرد و لەیەکتر پرسین نەبوو، بەیەکگەیشتن و سڵاو نەبوو، فڵان و فیسار بەیەکدەگەیشتن و هەر یەکە ڕووی لەلایەك دەکرد و ئەم قسە لەگەڵ یەکتر نەکردنە بۆ چەندساڵێك درێژەی دەبوو، ئەم دەردە لە تاکەوە بۆ خانەوادە و بازنەی گەورەتریش دەگوازرایەوە[1]، دواتر دەبووە دەمارگیری و نەوە دوای نەوە

---

(1) سیستەمی چینایەتی لە هیند لەسەر بنچینەی ئیش و پیشەسازی و خانەوادە و ماڵ دامەزرابوو، موسڵمانان لە هیند کاریگەر بوون بەم سیستەمە، پیشەسازی چنین و بەرگدروی و دروستکردنی جل و بەرگ لە شاری (بنارس) بەربڵاوبوو، ئەوانەی ئەم کارەشیان دەکرد زۆرینە بوون لەو کاتەی سەید

دەمایەوە، سەید زۆر زیاد بایەخ و گرنگی دا بە لابردنی ئەم ناکۆکی و دووبەرەکیانە، ئاشتەوایی کرد لە نێوان سەرکردەی دەستە و کۆمەڵە و هۆزە ناکۆکەکان و ئامۆژگاری کردن، ئاینی و حوکم و یاسا و ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی بیرخستنەوە، باسی پلەوپایەی برایەتی ئیسلامی و ئاشتکردنەوەی دوو کەس و لایەن و پەیوەندی خزمایەتی بۆ کردن، هەروەها سەرزەنشتی پەرتەوازی و ناکۆکی و پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی و دەمارگیری نەفامی کرد، ئاماژەشی بەو دەرەنجامە داپڵۆسێنەرو خراپانە کرد کە بەدوای خۆیدا دێنێت، بەهۆی ئەمە سەرکردە و ڕیش سپییەکان تۆقە و باوەشیان بەیەکدا کرد، شوێنکەوتووانیشیان ئاشتەواییان لەگەڵ یەکتر کرد، کە ژمارەیان دەگەیشتە سەدان و هەزاران، بێگومان ڕۆژێکی مەزن و گەواهی بۆدراو بوو، باوەڕداران پێی شاد بوون و شەیتان پێی سەرشۆڕ بوو.

باس و خواسی تۆبە و بەڵێندان قسەوباسی کۆڕو مەجلیسەکان بوو، خەڵکی هەموویان پێیەوە سەرقاڵ بوون، تا شتەکە گەشەی کرد و گەیشتە ئەو نەخۆشخانەیەی ئینگلیز بنیاتی نابوو، نەخۆشەکان شڵەژان، ترسان لەوەی ئەم هەلە پیرۆزەیان لە کیس بچێت، سەید لە شار دەربچێت و بە دیداری شاد نەبن، یان سەرمەرگیان بێت و بەختەوەر نەبووبن بە گەڕانەوەو تۆبە، هەروەها وتیان: ئەگەر سەلامەتی و باشی جەستە و لاشەمان لە دەست

---

سەردانی شارەکەی کرد، ئەوانەی ئەمە پیشەیان بوو ناسراو بوون بە گرنگی دان بە ئایین و لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، چەندین زانا و فەرموودەناسی بلیمەتیان تێدا هەڵکەوت، فەڕو بەرەکەتی ئاینی و کاسبی حەڵاڵیان بەسەردا ڕژا.

بچێت ئەوا با باشی و بەختەوەری ڕۆح و سەلامەتی دڵی لە دەست نەچێت، پەیامێکیان بۆ سەید ڕەوانەکرد و تیایدا وتیان: ئێمە دیلی دەستی ڕایەخ و دۆشەگین لە نەخۆشخانە، دەرد و نەخۆشی ڕێگر بووە لەوەی ئامادە بین، هیواخوازین سەید ڕێزدارمان بکات بەو سۆزو بەزەییەی خوای گەورە پێیداوە لەهەمبەر لاوازو پیرو پەککەوتە و دەستەوەسانەکان، تا لەسەر دەستی ئەو تۆبە بکەین و لەسەر حوکم و یاسا و فەرزەکانی شەرع بەڵێنی پێ بدەین.

سەید وەڵامی داواکەی ئەوانی دایەوەو لە ڕۆژێك لە ڕۆژان سەردانی ئەوانی کرد، ئەوانیش بەڵێنیان پێدا و تۆبەیان لەسەر دەستی ئەو کرد، خەڵکی بینیان کە چۆن ڕوودەکرێتە ئایین، بۆیە وتیان: بەڕاستی شنەی باوەڕو تۆبە هەڵیکرد، بەهاری دڵ و گیانەکان هات، پاك و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی کە دڵەکان هەڵگێڕو وەرگێڕ دەکات و شەوو ڕۆژ بەدوای یەکدا دەهێنێت.

***

## لە فەڕزەوە بۆ سوننەت

لەو کاتەی سەید هاتە (عەزیم ئاباد[1])ەوە گەیشتە کۆمەڵێك لە خەڵکی (تیبت) کە چاوەڕوانی سەید بوون، چونکە گوێبیستی ئەوە ببوون کە سەید بانگەوازێکی گشتی بۆ حەج ڕاگەیاند بوو، خەرجی و تێشووی ئەوانەی لە ئەستۆگرتووە کە دەردەچن بۆ حەج و زەخیرەو تێشوویان نییە، سەید پرسیاری کرد لەبارەی هەواڵی وڵاتەکەیان و بارودۆخی موسڵمانان لەوێ، ئەوانیش وتیان: لە تێکڕای وڵاتدا ژمارەی موسڵمانان زۆر کەمە، زۆربەیان تەنها ناوی ئیسلام دەزانن، بەناوی ئیسلامی خۆیان ناودەنێن و ناوەڕۆکی ناوەکە نازانن و کاریشی پێناکەن، هاوبەشدانان و گۆڕپەرستیان بەسەردا زاڵە، زێدەڕەوی دەکەن لە بەرز ڕاگرتنی شێخەکانیان تا ئاستی پەرستن و پیرۆزکردن.

سەید بەوانی وت: ئایا زەخیرەو تێشوو و پێڕۆتان پێیە؟ مەرجەکانی حەجتان تێدا دێتەجێ؟.

وتیان: نا! بەڵام بیستمان کە خەڵکت بانگ کردووە بۆ حەج، مۆڵەتیشت پێداون یاوەریت بکەن، خەرجییەکانیشیان لەسەر خۆتە، ئێمەش تکامان وایە ڕێگەمان بدەیت هاوەڵیت بکەین.

---

[1]) پایتەختی هەرێمی (بەهار)، ئێستا بە ناوی (پەنتا) ناسراوە.

سەید وتی: بەڵێ! ئەو هەواڵەی پێتان گەیشتووە ڕاستە، بەڵام مەرجی تێروتەسەلی خۆی هەیە و خوای گەورە حەجی لەسەر ئێوە پێویست و فەڕز نەکردووە، چونکە ئێوە زەخیرەو پێڕۆتان نییە، ناتوانن خەرجی خۆتان و خانەوادەکانتان بکێشن، ئێوە لەم حەج کردنەدا مەبەستتان ڕەزامەندی خوایە، ئایا دەتانەوێت ڕێگەیەکتان پیشان بدەین کە پاداشتی زیاترو گەورەترو ڕەزامەندی خوای مەزنیشی تێدایە؟.

وتیان: بفەرموو، ئێمەش تەنها خێرو چاکەمان مەبەستە، تەنها پاداشتمان دەوێت.

وتی: دەتانکەین بە جێنشین لە بانگەوازکردن بۆ لای خوا لە وڵاتی خۆتان، سپاردەی ئامۆژگاری و ڕێنیشاندانی چاکە و خێر دەخەینە ئەستۆتان، بەوەش دەگەڕێنەوە وڵاتەکەتان بەوپێیەی بانگخوازو ڕێنیشاندەرو پێشەوای ڕێنوێنی کارن، خەڵکی بانگ بکەن بۆ یەکتاناسی و گرتنەبەری سوننەت و فێری ئاینیان بکەن، هۆشداریان پێبدەن لە هاوبەشدانان و بیدعە و بەرگەی هەموو ئازارێك بگرن لە پێناوی ئەمەدا، ئارام بگرن لەسەر دژایەتی و ئاڕاستە جیاوازەکەیان و توانج و پەلاریان، بەمەش خوای گەورە دەستە و کۆمەڵانێکی زۆر بەهۆی ئێوە ڕێنوێنی دەکات، بە هۆی بانگەوازەکەتانەوە لە نەفامیەوە دەردەچن و دێنە ناو ئیسلام، ئایین بڵاو دەبێتەوە.

وتیان: ئێمە بەمە ڕازین، هەرچەندە لە زانایان نین؟ سەید وتی: کێشە نییە، ئیسلام ئاینی پەروەردگارە، خۆی سەرخەریەتی، خوای گەورە لەلایەن

خۆیەوە پشتگیریتان دەکات و سەرکەوتنتان لەلای خۆیەوە پێ دەبەخشێت، ڕووناکیەکتان پێدەبەخشێت کە پێی بڕۆن، دواتر چەند ئایەت و فەرموودەیەکی بۆ نووسین لەبارەی یەکتاناسی و سونتەتەوە، ڕاڤەی ئەوەی بۆ ئەوان کرد کە چۆن بانگەوازی دەکەن بۆ لای خوا، دواتر ئەوانی ڕەوانەکردەوە بۆ وڵاتەکەیان و وتی: لەسەر فەڕو بەرەکەت و ڕێنمایی خوا بڕۆن.

هەروەك چۆن سەید هەواڵ و مژدەیدا، بانگەوازەکەیان لە (تیبت) بڵاو بووەوەو خەڵکی بە ئەشکەنجە و ئازارەوە ڕووبەڕوویان بووەوە، ئەوان ئارامیان گرت و خۆڕاگر بوون، بە چاکە وەڵامی خراپەیان دەدایەوە، هەموو ئەمەیان لە پێناوی خوا دەکرد، بەمەش دڵ و ناخی خەڵکەکە نەرم بوو، بانگەوازەکەی ئەوانیان قبوڵ کرد و پۆل پۆل هاتنە ناو ئاینی خواوە.

کاتێك بینیان بانگەوازەکەیان لە (تیبت) بڵاوبووەتەوە، ئاوا بە وڵاتدا بڵاو بووەتەوەو بانگەوازەکەیان فراوان کرد، هەندێکیان ڕۆیشتنە ناوچەی (عەین) و بانگەوازیان تێداکرد، خەڵکێکی زۆر بەهۆی ئەوان ڕێنوێنی کران، حەقیقەتی ئیسلامیان زانی و شیرینایەتی ئیمانیان چەشت.

***

# ناتوانین باج بدەین

سەید و کۆمەڵەکەی گەیشتنە شاری (کلکتە) بۆ ئەوەی لەوێ سواری کەشتی ببن، بەرەو حەج بڕۆن، مانەوەیان لە پایتەختی ئینگلیزەکان و گەورە شاری هیند درێژو خۆش بوو، ئەوانەی تێنوی ئاین بوون و خوای گەورە خێری ئەوانی ویست لە دەوری سەید کۆبوونەوە، تێنوێتی بەسەر ئاو زاڵ ببوو، پەردە دادرابوو بەسەر ڕووناکیدا، هیچ هەل و فرسەتێك بۆ حەسانەوەو خواردن و خواردنەوە دەست نەدەکەوت، جا هەر دوو زانای پایەبەرز شێخ عەبدولحەی و شێخ موحەممەدی کوڕی ئیسماعیل دەست و بازویان هەڵکرد بۆ ئامۆژگاری و ڕێنوێنی، ماندوێتی و بێزاریان نەدەناسی، خەڵکی شیرینایەتی باوەڕو ئیمانیان چەشت، ڕاستی باوەڕیان ناسی، وتیان: لە نوێوە موسڵمان بووین، بەڕاستی پێشتر تەنها شت ناسیبێتمان لە ئیسلام ناوەکەی بوو، لە ئاینیش تەنها ڕووکەشەکەیمان زانیوە، نەزانی و نەفامێتی و بیدعە و شتی پڕو پوچ لە ناو خەڵکدا بڵاوبووەوە، زۆربەی خەڵك بە هاوسەرگیری ڕەواو شەرعی وابەستە نەبوون، بەستنی پەیوەندی ناشەرعی و ناڕەوا بڵاو ببووەوە، جا دو شێخە ناوبراوەکە حوکمەکانی شەرعیان ڕوونکردەوە لەبارەی پەیوەندی ژێر بەژێرو چێژ بینین بە هاوسەرگیری ناڕەوا، بەم ئامۆژگاریانە خەڵك ڕوویکردە هاوسەرگیری و داب و نەریتی نەفامیان فرێدا.

هەر ڕۆژەی دە یان پازدە کەسی هیندۆس و بتپەرست موسڵمان دەبوون، دەستیان بە ژیان و گوزەرانی نوێ دەکرد.

ئەم ئامۆژگارییە ڕۆژانەیی و مەجلیسە ئاینیەکان کاریگەریان دروستکرد لەسەر ژیانی شارو ڕەوشتی خەڵك و داب و نەریتیان، جا تۆبەیان کرد لە ئالودە بوون بە مەیی و ماددە هۆشبەرەکان بەتەواوی، بازاری مەیی و شوێن و دوکانەکانی مەیخواردنەوە چۆڵ بوون، هیچ یەکێك سەردانی نەدەکرد و لە دەرگای نەدەدا، بازرگانی ماددە هۆشبەرەکان وەستا، مەییفرۆش و بازرگانەکانی ڕۆیشتنە لای حوکمڕانە ئینگلیزەکان و وتیان: هیچ ڕۆژێك دوانەکەوتووین لە دانی باجی مەیی، بەڵام ئێستا وای لێهاتووە دوکانەکانی مەییفرۆشی بازاریان نەماوە، لەوەتەی سەید هاتۆتە شاری (کلکتە)، زۆربەی موسڵمانان لە ناو شارو دەوروبەرو گوندو دێهاتەکان بەڵێنیان بە سەید دا و تۆبەیان کرد لە سەرجەم گوناهو تاوانەکان و خواردنەوەی مەیی و ماددە هۆشبەرەکان، ئەمەش کاریگەری دروستکردووە لەسەر بازرگانیەکەمان، ئەمە لێدانێکی لەناوبەر بوو ئاڕاستەی کارەکەمان کرا، هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ دانی باجەکان، چونکە بازرگانیەکەمان پەکی کەوتووە، کڕین و فرۆشتن وەستاوە.

دەسەڵاتداران فەرمانیان کرد لێکۆڵینەوە لەم پرسە بکرێت، بۆ دەرخستنی ئەندازەی ڕاستگۆیی مەییفرۆشەکان، بەدەرکەوت کە ڕاستیان وتوە، ناتوانن باجی حکومی بدەن مادەم کڕیارو خەڵك شت لەم دوکانانە نەکڕن، بۆیە دەسەڵاتداران بڕیاریاندا لە باج خۆش ببن تا سەید و

کۆمەڵەکەی لەشارەکە دەردەچن، ئەو کاتە سەیر دەکرێت ئەگەر خەڵك ڕوویان لەم دوکانانەی مەیی کرد و ژیان بۆ پرۆسەی مەیفرۆشی گەڕایەوە وەك پێشوو، ئەوا باجدانەکە دەخرێتەوەگەڕو دەبێت بیدەن.

***

## له پێناو تێکۆشان

به تێپەڕبوونی ڕۆژەکان موسڵمانان دەستیان کرد به خۆدامالّین له سیفەت و داب و نەریتەکانی سوارچاکێتی و ڕەوشتی گەلانی ڕێزگارکەر که پێشان پێی جیاکرابوونەوە، به ژمارەیەکی کەمی لەشکرو تێشوو ئەم وڵاتانەیان ڕزگار کرد، جا ساردو سڕی و نەرمی تیایاندا بڵاو بووەوەو، پاڵیاندا به حەسانەوەو ڕابواردن، دەمارگیری ئیسلامی و غیرەتی ئاینی لەناویان لاواز بوو، ماری ئینگلیزی وڵات دوای وڵاتی موسڵمانانی دەلووشی، پارچه پارچه قووتی دەدا، موسڵمانانیش له هەواو هەوەسی خۆیاندا ڕۆچووبوون، سەرگەرمی خولانەوە بوون به دەوری حەزو ئارەزووەکانیان، ئەمەش هیچ ڕاوەستاوێکیان نەدەجوڵاند و پاڵکەوتووێکیان خەبەر نەدەکردەوە، ئەم دەردە به خەستی کەڵەکه بوو، تا وای لێهات به چاوێکی سووکەوە دەیانڕوانیه ژیانی سوارچاکێتی و لاوێتی و چەك و تفاقی جەنگ، تەنانەت به دروشمی کەسی نەزان و گێل و گەوج و خەڵکی دواکەوتوویان دادەنا، پێیان وابوو ئەمه لەگەڵ زانست و پەرستش و ڕێزو حورمەت کۆ نابێتەوە.

بیرۆکەی تێکۆشان له پێناوی خوا، ڕزگارکردنی وڵاتانی موسڵمانان له چەپۆکی داگیرکەران، بەرزڕاگرتنی وشەی خوا، گێڕانەوەی شکۆی ئیسلامی تەواو ڕۆچووبوو له ناخی سەیددا و هەستەکانی داگیر کردبوو، تاکه شت بووە که عەقڵی ئەوی سەرقاڵ کردبوو، خەفەتی هەرە تاقانەی بوو، بۆیه

زۆربەی قسەکانی لەسەر ئەمە بوو، چاکترین بایەخی پێدەدا، گرنگی بەو شتە دەدا کە یاریدەدەری تێکۆشان بوون.

هەواداری پەروەردەی جەنگی و مەشقی جەستەیی بوو هەر لە هەرەتی لاویەوە، زۆربەی یارو خۆشیەکانی بە ململانێی جەنگی بوو، کە لەگەڵ هاوتەمەنەکانی ئەنجامی دەدا لە گەنجانی گوند و هۆزەکەی، لە ساڵی ۱۲۲۷ك ڕۆیشتە ناو ڕیزی لەشکری سەرکردەی موسڵمان کە بە نواب میرخان ناسراوەو دامەزرێنەری میرنشینی (تونك)ی ئیسلامی بوو، لەگەڵ ئەودا بەشداری چەندین جەنگی درێژخایەن و شەڕی یەکلاکەرەوەی کردووە، لە تاقیکردنەوەکانیشی بەشدار بوو بۆ ڕاهێنان کردن لەسەر جەنگ و سەرکردایەتی کردنی لەشکر، بۆ ئەوەی ئاواتە خۆشەویستەکەی دەستەبەر بکات، کە بریتییە لە وەدەرنانی داگیرکەران، دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامی ڕەواو شەرعی، لە نواب خان جیا نەبووەوە تا ئەو کاتەی ناوبراو ئاشتەوایی کرد لەگەڵ ئینگلیزەکان و بەرلەوەی ببێتە میری ناوچەیەکی بچوك.

ئەم حەزو خولیایە کاریگەری دروستکرد، کە پێشتر بەسەر هەست و نەستی هاوەڵ و هاودەمەکانیدا زاڵ ببو، وەك خوێن بە خانەکانیاندا بڵاو ببووەوە، بەمەش گوندە ئارامەکە _ کە لە ڕۆژانی پێشوودا تەنها بە پەرستش و یاد و ستایشی خوای گەورە ناسرابوو _ بووە سەربازگە و ناوەندی پەروەردەی جەنگی، تەنها ڕاهێنانت تێدا دەبینی لەسەر تیرهاوێژی

و گوله هاوێشتن، پێشبڕکێ کردن لەسەر جۆرەکانی سوارچاکێتی، ئەو شتەی سوودی بۆ جەنگ دەبێت، لەم کارەشدا زانایان، مامۆستا مەزنەکان، کوڕانی خانەوادە خانەدانەکان، گەورە دەوڵەمەندان، نەزان و نەخوێندەواران و گەنج و لاوەکان یارمەتی دەر بوون بۆ ئەم کارە، ئەمە لەسەر شانی هەندێك زانا و خواپەرست گەورە بوو کە بۆ مەبەستی تێکۆشان ڕوویان لەوێ کردبوو، بەمەش ڕوویانکردە ژیانی دونیانەویستی و کەنارگیری و گۆشەگیری و خواپەرستی لەسەر شێوەی پێشوو، کە تەنها دەنگ و جوڵەی شێوە هەنگیان لێدەبینرا، ئەوانە قسەیان لەگەڵ سەید کرد، بەڵام سەید داواکەی ئەوانی بەدڵ نەبوو، تێیگەیاندن کە تێکۆشان باشترە و موسڵمانان زیاتر پێویستیان پێیەتی، باسی پلەوپایەی تێکۆشان و پاسەوانی لە پێناوی خوا بۆ ئەوان کرد، هەروەها لەسەر چاوێك دوا کە پاسەوانی بکات[١] و پێیەك کە تۆزاوی بێت بە هۆی تێکۆشانەوە[٢]، بەم وتانەی سەید قەناعەتیان بۆ دروست بوو، لە دەرەنجامدا هاودەمی سەید و هاوەڵانیان کرد بۆ ئامادەکاری بۆ تێکۆشان لە پێناوی خوادا[٣].

---

(١) تورمزی لە ئیبن عەبباسەوە بە بەرزکراوەیی (مرفوع) گێڕاویەتیەوە: دوو چاو ناچنە ناو ئاگرەوە، چاوێك لە پێناوی خوا بگریەت، چاوێکیش پاسەوانی بکات لە پێناوی خوا.

(٢) بوخاری و تورمزی و نەسائی لە ئەبو عەبسە بە بەرزکراوەیی (مرفوع) گێڕاویەتیەوە: هەرگیز پێیەك لە پێناوی خوا تۆزاوی ببێت ناچێتە ناو ئاگرەوە.

(٣) گفتوگۆی نێوان پێشەوا سەید ئەحمەدی شەهید و شێخ محەممەد یوسف بەهلەتی و خوارپەستەکانی دەستەکەی بخوێنەوە، کە یەکێکە لە گەورە زانایان، لە ژیاننامەی (سەید ئەحمەدی شەهیددا).

کاتێك سەید لە ساڵی ١٢٣٤ك سەردانی (لیکەهنو)ی کرد بە چەکی خۆیەوە. یەکێك لە ئەفسەرە گەورەکان، کە ناوی عەبدولباقی خان بوو، پێی وت: گەورەم! هەموو شتێك جوان و باشە تەنها یەك شت نەبێت کە هاودەمی دەکەیت، ئەویش ئەو شتەیە کە هیچ یەکێك لە باوو باپیرە ڕێزدارەکانت نەیانکردووە، تۆش لە ماڵێکی ئایندارو چاك و شێخ و زانایەتیت، وا بۆت جوان بوو کە لاسایی باوو باپیرانت بکەیتەوە لە جل و بەرگ و دروشم و شێوازی ژیانیان، شتێکی نوێ دانەهێنیت، کارێکیش نەکەیت کە ئەوان نەیانکردبێت.

سەید وتی: شێخ عەبدولباقی خان ئەو شتە چییە؟

ئەفسەرەکە وتی: ئەو چەکەی کە هەڵتگرتووە، بەردەوام پێی دەردەچی، ئەمە دروشمی کەسی نەزان و گێل و گەوجە، شیاو و جوان نییە بۆ تۆ.

ڕووخساری سەید لە توڕەییان سور هەڵگەڕا، ڕق و کینە بەدەم چاویەوە دیار بوو، بەڵام جڵەوی توڕەییەکەی خۆی گرت و وتی: خوا بتبورێت ئەی ئەفسەری مەزن، ڕاستت نەوت، ڕێنمایی نەکرایت بەرەو بەرچاوڕۆشنی، ئەوەندە بەسە بۆت کە لەم کاتژمێرەدا بزانیت کە ئەم چەکە یەکێکە لەو هۆکارانەی خوای گەورە پێغەمبەرانی پێ ڕێزدار کردووە تا جەنگی پێ بکەن لەگەڵ بێ باوەڕو هاوبەشدانەران، پێغەمبەری گەورەمان بەشی هەرە گەورەی بەرکەوتبوو، بەمەش ئیسلام بەسەر هەموو ئاینێکدا زاڵ بوو، ڕاستی بەسەر ناڕاست، داد بەسەر ستەمدا سەرکەوت، تۆو باوکیشت قەرزاری ئەم

تێکۆشانەن، کێ دەیزانی تۆو باوکت لەسەر چ ئاینێك دەبوون و چارەنووست چ دەبوو، ئەگەر موسڵمانان لە سەدەکانی سەرەتادا هەڵنەستابان بە بانگەوازو تێکۆشان؟! ئەفسەرە گەورەکە بێدەنگ بوو، سەری خۆی هەژاند و بەرداوە لە شەرمان.

هەر کاتێك گەنجێکی بینیبا ماسولکەکانی بەهێز بووبان و بازووەکانی تێرو پڕ بووبان و نیشانەی گەنجێتی و جوامێری پێوەدیار بووبا، ئەوا دڵخۆش و شاد دەبوو، پێشوازیەکی گەرمیشی لێدەکرد و لە پێگەیەکی تایبەتدا دایدەنا لای خۆی، چونکە پێی وابوو شیاوەو توانای ئەوەی هەیە لە پێناوی خوادا تێبکۆشێت.

چوار لاو لە گوندێکی نزیك سەردانیان کرد، باڵایان بەرزو جەستەیان بەهێز بوو، سەید بە شادمانی و گەرم و گوڕیەوە پێشوازی لەوان کرد و پلەی ئەوانی بەرز کرد و وتی: ئەوانە لەلای من خۆشەویسترن لە کوڕی شێخ و گەنجە دەوڵەمەندەکان، چونکە ئەوانە زۆر کەم سوودیان دەبێت لە گۆڕەپانی جەنگ و تێکۆشاندا، بەڵام ئەم بەهێزانە دەتوانن ئیسلام سەربخەن و بەرگەی ئاگری جەنگ دەگرن.

ئەو چوار لاوە سەریان سوڕما، لەبەر ئەوەی سەربازی لەشکر بوون و مووچەیان زۆر کەم بوو، زۆر زانست و زانیاریشیان نەبوو، کەچی بەم شێوە گەرم و گوڕە پێشوازیان لێکرا و ڕێزی زۆریان لێنرا، ئەم لاوانە سەیدیان زۆر خۆشویست، هاودەمیان کرد لە کۆچ و تێکۆشانەکەیدا، هەیانبوو خوای گەورە

**ڕێزداری کرد بە شەهید بوون، هەشیان بوو تەمەنی درێژ بوو و لەسەر ئایین و چاکی و دڵسۆزی بۆ ئیسلام و موسڵمانان و تێکۆشان بۆ بەرزکردنەوەی وشەی ئایین ژیا.**

*******

## دیاریەکی ناوازە

خەڵکی زانیان سەید چەندە هۆگری تێکۆشان و هۆکارەکانیەتی، چەندە حەزی لەو شتەیە کە یاریدەدەری تێکۆشانە، وای لێهات خەڵك بەو شتە لەو نزیك بوونەوە کە سەید پێی خۆش بوو و دڵی پێ جێگیر دەبوو، لەم گۆڕەپانەدا کێبڕکێیان کرد، خۆشەویستترین کەس لای سەید ئەوە بوو کە باسی ئەم بابەتەی بۆ کردبا، دڵگیرترین دیاری لای ئەو بریتیی بوو لەو شتەی سوودی لێدەبینی لە جەنگدا، لە شمشێرێکی تیژ و نوێترین جۆری تفەنگ، تازەترین چەشنی دەمانچە، ئەسپێکی باش، شێخ (غولام عەلی) کە یەکێك بوو لە گەورە دەوڵەمەندانی بەڕێوبەرایەتی (ئیلاه ئاباد) پەرداخی هەرە بەرزی لەمەدا بەردەکەوت، هەر کە سەردانی سەیدی بکردبا ئەوا چەکێکی وەك دیاری بۆ دەبرد، ئەگەر چی لە یەك ڕۆژدا دوو جاریش سەردانی بکردبا ئەوا بێ دیاری نەدەچوو، ناوبراو هەڵسا بە ئامادەکردنی هەر شتێك کە لە سەفەر یان لە گۆڕەپانی جەنگدا پێویست بووبا، بە زیادەوە ئەم شتانەی ئامادە دەکرد، هەڵسا بە ڕۆڵ و بەشی هەرە گەورە لە ئامادەکردنی جەنگاوەران و چەکدارکردنی تێکۆشەران و زەخیرەدار کردنی گەشتیارو کۆچبەران.

بەڵام سەر سوڕهێنەرترین دیاری ئەوە بوو شێخ (فەرزەند عەلی) کە یەکێك بوو لە گەورە دەوڵەمەندان و خانەدانەکانی بەڕێوبەرایەتی

(غازیفور) پێشکەشی کرد، ئەویش کاتێك هاتە (ڕائی بریلی) و کوڕە لاوەکەی لەگەڵدا بوو کە ناوی (ئەمجەد) بوو و پێشکەشی سەیدی کرد و وتی: لە پێناوی خواو بۆ خوا تەرخان و نەزرم کرد، وەك چۆن ئیبڕاهیم (سڵاوی خوای لێبێت) ئیسماعیلی کوڕی بۆ خوا تەرخان کرد، تکام وایە لەگەڵ خۆت بیبەیت بۆ تێکۆشان، لەوێ لە پێناوی خوا بە شمشێری بێ باوەڕان بکوژرێت.

بەم شێوەیە بوو، خوای گەورە شەهیدی پێبەخشی، گەنجە چاکەکارە کە نەزری باوکی هێنایەجێ، دڵی خۆشکرد و ڕووخساری سپیکرد و باس و خواسی بە نەمری هێشتەوە: ﴿مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا۟ مَا عَـٰهَدُوا۟ ٱللَّهَ عَلَيْهِ ۖ فَمِنْهُم مَّن قَضَىٰ نَحْبَهُۥ وَمِنْهُم مَّن يَنتَظِرُ ۖ وَمَا بَدَّلُوا۟ تَبْدِيلًا﴾ الأحزاب: ٢٣. واتە: (مەردانێکی زۆر هەن لە ئیمانداران، ئەو پەیمانەی داویانە بە خوا ڕاستیان کرد لەسەری ژیان و پابەند بوون پێوەی و لێیان لانەدا، جا هەیانە پەیمانەکەی جێبەجێکرد و مرد لەسەری، هەشیانە چاوەڕوانە، بەهیچ شێوەیەك گۆڕان و لارێی ڕووی تێنەکردووە).

کاتێك خەڵك زانی سەید سورە لەسەر ڕۆیشتن، دەنگ و باس و خواسی تێکۆشان لە پێناوی خوا لە ناو خەڵکدا بڵاو بووەوە، گڵپەی تامەزرۆیی ئەوانی یەکخست و بانگی خوایی لە گوێچکەیاندا لەرییەوە: ﴿ٱنفِرُوا۟ خِفَافًا وَثِقَالًا وَجَـٰهِدُوا۟ بِأَمْوَٰلِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ التوبة: ٤١. واتە: (ئێوە بە چەکی سووك و سەنگین و بەسوارە و پیادەتانەوە ڕاپەڕن و ئامادە بن و

جیهاد و تێكۆشان بكەن بە ماڵ و سامان و گیانتان لە پێناوی خوادا). خەڵك دڵخۆش بوون، ڕایانكرد بۆ تێكۆشان و كوڕو باوك و براكان كێبڕكێیان كرد، تا وای لێهات تیروپشكیان لە نێوان كرا.

شێخ جەعفەر عەلی خاوەنی كتێبی (منظورة السعداء في أحوال الغزاة والشهداء) دەڵێت: كاتێك ئەوەمان پێگەیشت كە سەید بە نیازی خۆ كۆكردنەوەیە، لەسەر لێواری سەفەرە، باوكمان سەید قوتب عەلی و براكەمان سەید حەسەن عەلی ویستیان لەگەڵی دەرچن و كۆچ بكەن، منیش ئەوەم ویست، هەر یەكێكمان كێبڕكێی كەوتە نێوان بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستە پیرۆزە، هەر یەكێك دەیویست بەختەوەری دەستبخات، ئەم ڕێزو حورمەتە بەدەست بێنێت، تا دایكمان ناوبژوانی كرد، مەسەلەكە یەكلا بووەو بە بەر من كەوت، بەرەو سەید ڕۆیشتم كاتێك كە لە ناوەندی تێكۆشەران بوو لەسەر سنوور، لە دەرەوەی بارەگای خۆی پێشوازی لێكردم و دوور ڕۆیشت و چەند گولەیەكی هاوێشت لە خۆشی هاتنم، هەروەها وەك ڕاگەیاندنی هاتنی دەستە و تاقمێكی تێكۆشەران بوو لە ناوچەی هیندەوە، زۆر بەگەرم و گوڕی پێشوازی لێكردم، منی وەك نووسەری نامەكانی خۆی هەڵبژارد، خستمیە تاقمی شێخ ئیسماعیلی شەهیدەوە.

***

## ماڵئاوا ئەی نیشتمانی خۆشەویست

دوای ئەوەی سەید لە حەجکردن تەواو بوو ساڵێك و دە مانگ لە نیشتمانەکەی مایەوە[1]، ئامادەکاری دەکرد بۆ کۆچکردن و تێکۆشان، نامە و پەیامە ڕەوانبێژەکانی دەنووسی کە جۆش و خرۆشی ئیسلامێتی دەجولێنێت، تۆوی پشتکردن لە ڕابواردن و سەلامەتی و فەرامۆشکردنی ماڵ و خێزان بڵاو دەکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش بانگخوازو ڕێنیشاندەرانی دەنارد لە گەورە زانا و وتاردەرەکان، گیانی تێکۆشانیان بەبەر خەڵکدا دەکرد، جۆش و خرۆشی باوەڕیان تاودەدا، حەزی تامەزرۆبوونی شەهیدبوونیان زیندوو دەکردەوە، باسی ئەو ئایەتانەی قورئانی پیرۆزو سوننەتی بە پێزیان دەکرد کە لەبارەی پلەوپایەی تێکۆشانەوە هاتبوون، ئاماژەشیان بەو ڕێزو ڕەزامەندی و پاداشتە زۆرەی تێکۆشان دەکرد کە هەیەتی، ئەو سزایەی موسڵمانان چەشتیان لە خۆرهەڵات و خۆرئاوای زەوی لە دەرەنجامی ئەم بنچینەیە کە ((لوتکەی ئیسلامە)) [2]، لە سەرشۆڕی و چەوسانەوەو ژێردەستی و بەندایەتی و لەناوچوونی دەوڵەت و حکومەتە ئیسلامییەکان و بزربوون و کوژانەوەی مەشخەڵەکانی ئایین و سڕانەوەی دروشمەکانی،

---

(١) لە ١/ ڕەمەزان/ ١٢٣٩ك تا ٧/ جەمادی کۆتایی/ ١٢٤١ك.

(٢) ئەحمەد و ترمزی و ئیبن ماجە فەرموودەیەکی درێژ لە موعازی کوڕی جەبەل دەگێڕنەوە، کە تیایدا هاتووە: دواتر فەرمووی: ئایا پێت نەڵێم ترپۆك و لوتکە و ستوونی چییە؟ وتم: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا، ترپۆك و لوتکەی ئیسلام نوێژە و لوتکەکەیشی تێکۆشانە لە پێناوی خوادا.

هەروەها ئەو نەگبەتیانەی بەدوای خۆیدا هێنا، شوێنەوارەکانی لە سەرجەم بوارەکان و لە گشت شارێکدا بەدەرکەوتن، تەنانەت نا موسڵمان و ماڵات و گیانلەبەرو کشتوکالیش بەشێك لەم نەگبەتیەی بەرکەوت، هەموو ئەمە بەهۆی ئەوەوە بوو کە موسڵمانان بە کەم و کورتی ئەرکی خۆیان جێبەجێ کرد و نقومی حەزو ئارەزوو و بەرژەوەندییە کەسییەکانیان بوون(١).

هەواڵەکان بەشێوەیەکی ڕێژنەیی هاتن سەبارەت بە سەرشۆڕی و ژێردەستەیی و چەوساوەیی موسڵمانان لە ناوچەی (بنجاب) و ناڵاندنیان بە دەست دەسەڵاتداران و دژایەتیان بۆ ئیسلام و لەناوبردنی کشتوکاڵ و نەوە، هەروەها دڕندەیی هێزی سەربازی و تاڵان کردنی پارەو دارایی و موڵك و ڕفاندنی منداڵ و ئافرەت و شکاندنی سنووری قەدەغەکراوەکان، سوکایەتی کردنیان بە مزگەوتەکان و ڕێگری کردنیان لە بەرپاکردنی هەندێك دروشمی ئاینی(٢)، وەك ئەوەی موسڵمانان لە (بنجاب) براکانیان لە هیند دەدوێنن و بە زمانی حاڵیان دەڵێن:

---

(١) بەشی چوارەمی دەروازەی دووەم لە کتێبی (ڕێگای ڕاست) بخوێنەوە، کە پێکهاتووە لە کۆکراوەی هیواکانی سەید، لە لاپەڕەکانی (٩٦_٩٦) سوود و فەڕو بەرەکەتەکانی تێکۆشان بەگشتی بۆ بەدیهێنراوان بخوێنەوە، هەروەها ئەم پەیامە ڕەوانبێژانە بخوێنەوە کە بۆ ئەمیرو پاشاکانی موسڵمانان و سەرکردە و ئەمیرە ناموسڵمانەکانی هیندی ڕەوانەکردووە، لە (ژیاننامەی سەید ئەحمەدی شەهید) چاپی چوارەم.

(٢) بە تێروتەسەلی بیخوێنەوە لە کتێبی مێژوونووسە ئینگلیزو هیندۆسەکان وەك: (کولۆنیل مالکوم) و (لیبڵ کریفن) و (کنهیالال) و جگەلەوانیش، شاعیری ئیسلام دکتۆر محەممەد ئیقبال ئەم ماوەیە زۆر بوردی وێنا کردووە لە یەك دێڕە شعیردا کە مێژووی هیندی تێیدا تێپەڕیوە، تیایدا دەڵێت: (سیخەکان) شمشێرو قورئانیان لە دەستی موسڵماناندا داکەند، بەڕاستی ئیسلام لەم ناوچەیە مرد.

﴿وَمَا لَكُمۡ لَا تُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلۡمُسۡتَضۡعَفِينَ مِنَ ٱلرِّجَالِ وَٱلنِّسَآءِ وَٱلۡوِلۡدَٰنِ ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَآ أَخۡرِجۡنَا مِنۡ هَٰذِهِ ٱلۡقَرۡيَةِ ٱلظَّالِمِ أَهۡلُهَا وَٱجۡعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ وَلِيّٗا وَٱجۡعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ نَصِيرًا﴾ النساء: ٧٥. واته: (_ ئەی باوەڕداران _ ئەوە چیتانە و بۆچی ناجەنگن لە پێناو ڕەزامەندی خوادا و ڕزگارکردنی چەوساوەو لاوازکراوەکان، لەو پیاو و ئافرەت و منداڵانەی کە دەڵێن: پەروەردگارا ڕزگارمان بکە لەو شارەی کە خەڵکەکەی ستەمکارن، لەلایەن خۆتەوە پشتیوان و یاریدەدەرێکمان بۆ ساز بکە).

سەید سوربوو لەسەر ئەوەی دەست بکات بەکارەکانی لەم ناوچە بێهیواکەرە کە موسڵمانان بوونەتە نێچیری حوکمێکی خۆسەپێن و دژایەتیەکی ئاینی، لەوێوە بەرەو هیند هەنگاو بنێت کە بووەتە وڵاغێکی ملکەچکراوی ئینگلیز، لەسەر پشتی سواردەبن و شیرەکەی دەخۆن و کەڵك لە خوریەکەی وەردەگرن، بە شێوەیەکی خراپ نان و ئاوی دەدەنێ، بۆیە دەبوایە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەوان کۆچی بکردایە، بۆ شوێنێکی دوور لە ناوەندی بڕیارو کاریگەری ئینگلیزەکان، خەڵکەکەی جوامێرو نەبەرد و سوارچاك بن، جەنگیان پیادە کردبێت و لەسەری پێگەیشتبن و گەرمایەتیەکەیان بۆ ماوەیەك چەشتبێت.

ئەم ناوچە دوورە دەستە بریتی بوو لە سنووری باکوری نێوان ئەفغانستان و بنجاب، کە خەڵکەکەی بە جوامێری و لاوی و ملدانەنواندن و پاراستنی ئازادی و خۆبەدەستەوە نەدان بە دوژمنی زاڵبوو و بەردەوامی

جەنگ و شەڕ ناسراو، ژمارەیەکی زۆر لە هاوەڵانی سەید لەم بنەچە و ڕەسەنە ئەفغانیە بوون و دەچوونەوە سەری، باوو باپیرانیان لە چەند کاتێکی جیاوازدا بۆ ڕزق و ڕۆزی یان بەهۆی حەزکردن لە پلەو پۆست و ناوبانگ هاتوونەتە هیندەوە، چوونەتە ناو ریزی لەشکرەوەو، خزمەتی حکومەتی مەغۆلی یان میرنشینی (ئۆدە)ی ئیسلامیان کرد، سەرکردە و ئەفسەرو ئەمیریان لێهەڵکەوت لە ناوچەکانی هیند، باس و خواسی هەندێکیان بڕابووەوە، لە شاری (لیکەهنو) و دەوروبەری پێکهاتەی لەشکر بوون، سەید لەناو ئەو ئەفغانانەدا باشترین هاوڕێ و قوتابی ڕۆحی و بەڵێندەرو پشتیوانی هەبوو، سەیدیان هاندا بۆ کۆچکردن بۆ ئەو ناوچەیەی کە هێشتا مام و خاڵ و برا و هاوڕێیان لەوێ هەن، سەید ئەم پێشنیازەی قبوڵ کرد، جەختی کردەوە لەسەر کۆچکردن بۆ ئەوێ و بیکاتە بناغەی بزوتنەوەو چالاکی و خالی هەنگاونان بۆ پێشەوە.

ئامادەکاری کرا، ئەو ڕۆژە چاوەڕوانکراوە هات کە سەید ئامادەسازی بۆ دەکرد، ئەو ڕۆژە ڕۆژی جەژن و بەختەوەرییە، کە هیچ جەژن و خۆشیەك هاوتای نییە.

ئەم ڕۆژە ڕۆژی دوو شەممەی حەوتی جەمادی کۆتایی ساڵی ١٢٤١ك بوو[1]، ڕۆژێکی زۆر خۆش و گەشاوە بوو، خیوەتێکی بۆ لەسەر کەناری باکوری ڕووباری (موقابیل) دانرابوو، ڕۆژی دووەمی بەڕێکرد لە ماڵئاوایی

[1]) بەرامبەر ١٧ یەنایەری ساڵی ١٨٢٦ز.

کردن لە براو خزم و دۆستان، کە لە هەموو شوێنێکەوە هاتبوون بۆ ماڵئاوایی لێکردنی، هەروەها بۆ چاوپێکەوتنی دوایی کە هیچ چاوپێکەوتنێك لە دوای ئەو نییە، چاوی زۆرێکیان نغرۆی فرمێسك بوو، گریان بەسەر هەندێکیان زاڵ بوو، بەڵام خۆش و شادی سەیدی داگیر کردبوو، ڕووخساری مژدەبەخش بوو، ئەو ڕۆژە هات کە سەید چاوەڕێی دەکرد بە ئارامگرییەکی نەبەردانە و دەروونێکی هیواخواز.

سەید لە شەودا سواری کەشتی بوو، زۆرێك لە خزم و براکانی ئامادەبوون بۆ بەڕێکردنی، دوایین سڵاوی لێدەکەن، هەندێکیان لە ناو کەشتیەکە و هەندێکی تریشیان لە ئاویان دەبڕی، کاتێك کەشتییەکە گەیشتە کەنار ئاوەکە، سەید دابەزی و دوو ڕکائەت نوێژی سوپاسگوزاری کرد، نزایەکی دوورو درێژی کرد، زۆر هاواری خوای کرد، ئەو نوێژی سوپاسگوزاری نەکردووە وەك سوپاسکردن بەرامبەر بە ڕزگارکردنی شارێك یان هاتنی مژدەیەك، بەڵکو سوپاسگوزاری بووە لەسەر ئەوەی خوا سەریخستووە بۆ کۆچ کردن و تێکۆشان و یەکەم هەنگاوی ناوە لەسەر ئەو ڕێبازەی کە پێغەمبەران و گەورەی پێغەمبەران (موحەممەد) و هاوەڵانی پێشتر گرتوویانەتەبەرو شوێنکەوتووانی بەچاکە دواتر پیادەیان کرد، هەروەها کاتی جێبەجێکردنی نەزرو پیادەکردنی هیواکەیان هاتووە.

سەید بۆ دوایین جار سەیری ئەو گوندەی کرد کە یەکتریان خۆشویستووە، ئەو شوێنەی کە یەکەم خاکە جەستەی بەرکەوتووەو لەوێ لە

دایك بووەو لە باوەشیدا نەش و نمای کردووە، باخچە و دارو درەخت و سەربەرزیەکانی دروستکردووە، لە ڕۆژەکەیدا ستایشی خوای کردووەو لە باوەشیدا یاری کردووە، سوژدە و ڕکوعی بردووە لە مزگەوتەکەیدا کە باپیرە مەزنەکەی بنیاتی ناوە لەسەر شێوەی کەعبەی پیرۆز[1]، چەندین ڕۆژی شیرین و بەچێژو خۆشی لەوێدا بەڕێکردووە، بێ بێزار بوون لە یەکتری، هەردەم خۆشیویستووەو سوپاسی خەڵکەکەی دەکات و بۆیان دەپاڕێتەوە، بەڵام ڕەزامەندی خوای پێش ڕەزامەندی خۆی خست، ویستی ئیسلامی بەسەر ویستی خۆدا سەپاند، ئارامی دەروون و خۆشی دەڵی پەسەندکرد بەسەر حەسانەوەی جەستە و چێژی لاشە، ئەوە بانگی باوەڕە، باخچەکانی حەزو لاواندنەوەیە بۆی، وەستانە لە خزمەت ئەم فەرمایشتەی پەروەردگاری مەزن:

﴿ قُلۡ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمۡ وَأَبۡنَآؤُكُمۡ وَإِخۡوَٰنُكُمۡ وَأَزۡوَٰجُكُمۡ وَعَشِيرَتُكُمۡ وَأَمۡوَٰلٌ ٱقۡتَرَفۡتُمُوهَا وَتِجَٰرَةٞ تَخۡشَوۡنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ تَرۡضَوۡنَهَآ أَحَبَّ إِلَيۡكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٖ فِي سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُواْ حَتَّىٰ يَأۡتِيَ ٱللَّهُ بِأَمۡرِهِۦۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ﴾ التوبة: ٢٤. **واتە: (_ ئەی محەممەد (ﷺ) _ پێیان بڵێ:**

---

**[1]** **خواناسی مەزن سەید عەلەموڵای کوڕی موحەممەدی فوزەیلی حەسەنی (١٠٣٣ _ ١٠٩٦ك) لە ساڵی ١٠٨٣ك بنیاتی ناوە، لە کاتی گەڕانەوەی لە شاری مەککە و مەدینەی پیرۆزەوە لەسەر کەناری ڕووباری (سیأ)، لە ڕووی ڕووخسارو ئەندازە و ڕووبەرو قەبارەوە هاوشێوەی کەعبەی پیرۆز بوو، گومبەت و مینبەری نییە وەك چۆن لە مزگەوتەکانی تردا هەیە، سەید عەلەموڵا باپیری چوارەمی سەید ئەحمەدی شەهیدە.**

ئەگەر باوو باپیرو ڕۆڵە و نەوە و برا و هاوسەرو عەشیرەت و هۆزتان و ماڵ و سامانێك کە بە دەستان هێناوە یاخود بازرگانیەك دەترسن کە شکان و بێ بازاڕی ڕووی تێبکات و خانووبەرە و کۆشك و تەلارێك کە حەز دەکەن لێتان تێك نەچێت و دڵخۆشن پێی، لاتان خۆشەویستترو نازدارتر بێت لە خواو پێغەمبەرەکەی و تێکۆشان لە پێناو ڕێبازی خوادا، دە چاوەڕوابن، هەتا خوای گەورە دێت بە فەرمانەکانیەوە _ تۆڵەیان لێدەستێنێت _، خوای پەروەردگاریش هیدایەت و ڕێنموویی قەومی یاخی و لە سنوور دەرچوو نادات).

***

# بانگی یەکتاناسی لە کۆشکی ئەمیرێکی بتپەرستەوە

سەید و کاروانە تێکۆشەرەکەی لە ڕێگەیان بۆ ئەفغانستان بە شاری کوالیاری پایتەختی گەورەترین میرنشین، لە دوای میرنشینی (حەیدەرئاباد)، کە (مهارجە دەوڵەت ڕائوسندهیا) حوکمی دەکرد کە گەورەترین میری (مەهرتە) و مەزنترین دەسەڵاتداری بتپەرست بوو لە ژێر پارێزگاری ئینگلیز، ئەم خانەوادەیە مێژوویێکی دوورو درێژیان هەیە لە دژایەتی کردنی موسڵمانان کە خۆی دەبینیەوە لە چەندین شەڕو پێکدادان و ئاشتەوایی، سەید پەیامی بۆ میری ناوبراو نارد، نامەی بۆ وەزیرەکەشی نارد کە ناوی (هەندوڕا) بوو، هانی ئەوانی دا لەسەر دژایەتی کردنی ئینگلزیەکان، ئاماژەی کرد بە مەترسی شێرپەنجەی ئینگلیزی و چۆنیەتی کەڵەکە بوون و بڵاووبوونەوەی گەندەڵی و ژەهرەکەی بەناو لاشەی وڵاتدا، هەروەها چۆن دەستی بەسەردا گرتووەو خراپەکاری تێدا بەرپارکردووە، خەڵکی سەربەرزی ئەو وڵاتەی سەرشۆڕ کرد، مادەم وایە ئەوا شەڕەف و سەرۆکایەتی و دەستەبەرکردنی ئازادی بوونی نییە، وەڵامێکی ناسکی ئەم پەیامە ڕەوانبێژو جوانەیان دایەوە، وا دەردەکەوێت کە لێی تێگەیشتبن و پەسەندیان کردبێت.

کاتێك سەید گەیشتە (کوالیار) سەرۆك وەزیرانی (هەندۆڕا) بە شێوەیەکی شایستە و هاوشێوەی پادشا و ئەمیرەکان پێشوازی لێکرد، زۆر بە گەرمی بەخێری هێنا، ڕەفتاری زۆر جوانی نواند لەگەڵ سەید و هاوەڵانی کە

ژمارەیان نزیکەی هەزار کەس دەبوو، میوانداری شاهانەیی بۆ ئەوان سازاند، جۆرەها خواردنی بۆ ئامادەکردن و زۆر خۆبەکەمزانی بۆ سەید نواند، ئاوی بۆ لە دەستەکانی کرد و بەنەرمی لەگەڵی دەدوا، گەلێك دیاری و خەڵاتی گرانبەها و بۆنی خۆش و جۆری قوماش و دراوی مرواری پێشکەشی سەید کرد.

مەهاراجە[1] دەوڵەت ڕائوسندهیا بانگهێشتی سەیدی کرد بۆ کۆشکەکەی، زۆر بە جوانی پێشوازی لێکرد، بەیەکەوە دانیشتن و بە ئازادی و هۆگری دەدوان، مەهاراجە تەبەڕوکی کرد بە ئامادەبوونی سەید داوای نزای لێکرد، سەید نزای ڕێنوێنی و سەرکەوتنی بۆ کرد، مەهاراجە سەرسام بوو بە بەرزی هیمەت و دڵسۆزی و پشت بەخوابەستن و دووربینی سەید، داوای لە سەید کرد بەخواستی ئەو بۆ ماوەی یەك ساڵی تەواو لەلای بمێنێتەوە، سەید داوای لێبوردنی کرد، دواتر داوای لە سەید کرد بمێنێتەوە تا لەشکرو تێشوو و چەك و تفاق و زەخیرەکەی ئامادەکات، دووبارە سەید داوای لێبوردنی کرد بەهۆی دووری گەشتەکە و درێژی ڕێگاکە و زۆری هاوەڵان، مەبەستەکە گەورەیە و پێویستی بە پەلەکردن هەیە.

لە کاتێکدا سەید و مەهاراجە لە ژوورێك کە لە لایەك لە لایەکانی کۆشکدا بوو گفتوگۆیان دەکرد، کاتی نوێژی ئێوارە هات، بانگدەری کۆمەڵ شێنخ (باقرِ عەلی) بێ گوێدان بە کۆشك و خاوەنەکەی و ئامادەبوونی گەورە

---

[1] واتە: میری میران.

ئەمیرو وەزیرەکان و سەرکردە سەربازییەکان کە بتپەرستیش بوون بانگی دا، پڕ بە دەمی دەنگی بەرزکردەوە: (اللّه أكبر، الله أكبر، الله أكبر، الله أكبر، أشهد أن لا إله إلا الله، أشهد أن لا إله إلا الله، أشهد أن محمد رسول الله، أشهد أن محمد رسول الله، حي على الصلاة، حي على الصلاة، حي على الفلاح، حي على الفلاح، الله أكبر الله أكبر، لا إله إلّا الله) واتە: بەڕاستی خوا گەورەیە، خوا گەورەیە، بەڕاستی خوا مەزنە، خوا مەزنە، گەواهی دەدەم کە هیچ خوایەك نییە بە حەق جگە لە خوای گەورە، گەواهی دەدەم کە هیچ خوایەك نییە بە حەق جگە لە خوای مەزن، گەواهی دەدەم کە محەممەد نێرراوی خوایە، گەواهی دەدەم کە محەممەد نێرراوی خوایە، وەرن بۆ نوێژ، وەرن بۆ نوێژ، وەرن بەرەو سەرکەوتن، وەرن بەرەو سەرفرازی، بەڕاستی خوا گەورەیە، خوا مەزنە، هیچ خوایەك نییە بە حەق جگە لە خوای مەزن نەبێت. بێ دەنگی باڵی کێشا بەسەر کۆشکدا، شوێن و دەرو دیوارەکان شڵەژان و لەرزین.

خەڵکی کۆشك سەریان سوڕما بەم شتە کت و پڕە، بە بیستنی ئەم دەنگە سەیرو نامۆیە، کە لە ماوەیەکی زۆرەوەیە لە کۆشکدا نەبیستراوە، سەرباری زۆری ژمارەی ئەو شێخ و زانا و ئەمیرو سەرکردانەی سەردانی کۆشکیان کردووە، بۆ ماوەیەك بە لەرزەوە لەبەردەم ئەم دەنگە وەستان، پاشان هاتنەوە هۆش خۆیان، فەرمانیان پێکرا بە ئامادەکردنی ئاوی دەستنوێژو ئامادەکردنی ئاو و گۆزەکان، ئاوپرژێنەکان ئامادەبوون و ئەوانەی دەستنوێژیان نەبوو دەستنوێژیان هەڵگرت، تێکۆشەران لە نوێژی بە کۆمەڵ ڕیز بوون، سەید پێشکەوت بۆ پێشنوێژ کردن و دوو ڕکائەت نوێژی سەفەری

بۆ کردن، ئافرەتە شازادەکانی کۆشك لە دوای پەردەوە بە چاوێکی سەیرو سەمەرە و مەزنەوە سەیری ئەوانیان دەکرد، شاژنیش لە دوای ئەو پەردەیەی لە نێوان ئەو و مەجلیسی مەهاراجە دانرابوو بۆ ئەوانی دەڕوانی، هەر هەموویان سەریان سوڕدەما لە بەهێزی باوەڕی ئەو باوەڕدارە هەژارانە و ترسیان لە بەردەم پەروەردگاریان، پێداگیری توونديان لەسەر جێبەجێکردنی ئەرك و فەڕزەکانیان، کەمتر ئاهەنگ گێڕانیان بە شتە ڕووکەشی و مەزن و ڕووخسارییەکان.

***

# تێکۆشان بەر لە تێکۆشان

سەفەری کۆچبەرە تێکۆشەرەکان، کە گەورە زانا و شێخ و مندالی مالی خانەدان و دەولەمەندان و ئەمیرەکانی تێدا بوو لە (دهلی) و (لیکەهنو)وەو ژیانیان سەخت و گەشتەکەیان بە ئێش و ئازار بوو، ئەم سەفەرەیان هیچی کەمتر نەبوو لە تێکۆشان، لە ڕێگادا بیابانی وایان هاتە بەردەم کە بێ ئاو و نیشانەی ڕوون بوو، ئەم بیابانانە وابوون کە مرۆڤ یان تێیدا تیادەچوو یاخود ڕێگای لێ وندەبوو و کاروانەکان لە دوو توێیدا بزر دەبوون، دووچاری دزو ڕێگر دەبوون، بەلای هەنێك تیرو هۆزەوە تێدەپەڕین کە نەیاندەتوانی لەیەکتر تێبگەن، لەوانەیە هەندێك جار تەنها کۆئاوی وایان بەدی کردبا کە ئاوەکەی بە هەلم بووە یان زۆر سوێر بووە، جگەلەمە هیچیان دەستنەکەوتووە کە تێنوێتی خۆیان پێبشکێنن و مالات و پێڕۆی خۆیان پێ تێرئاو بکەن، لەوانەیە بە ناچاری بیریان هەلکەندبا کە زۆر بە خێرایی ئاوەکەی بەسەردا دەڕژا، بە ڕێگا درێژەکەیاندا ڕۆیشتن کە هەزاران میل بوو بەسەر لمی نەرم، کە بەرزی و نشێوی و تەپۆلکی لمینی زۆر بوو، کە ئەگەر مرۆڤ چەند هەنگاوێکی کەم ڕۆیشتبا لەسەری ئەوا ماندوو دەبوو، جا ئەگەر یەکێك لە کاروانەکە دوا بکەوێت ئەوا تیادەچێت، دەبێتە خۆراکی دڕندەکان یان کالای دزەکان، تەنانەت ترس و خەیالیان بۆ دروست دەکرا، خەلکی ئەو دێهاتانەی بەلایاندا تێدەپەڕین هۆشداریان دەدایە کاروانەکە و ترسیان بۆ

دروست دەکرد، لە کاروانەکە دوور دەکەوتنەوەو ئاو و کانیاوەکانیان لێ پیس دەکردن، لەوانەشە هەندێك جار ئامادەکاریان کردبا بۆ دژایەتی و ڕێگە پێگرتنیان، زۆر بە سەختی ڕازی دەبوون و ئارامیان دەگرت.

بارودۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بوو تا تێکۆشەران بیابانی (مارواڕ)یان بڕی، کە لە مێژوودا بە ڕێگە و ڕێچکە سامناك و کەم ئاوی و دڵڕەقی خەڵکەکەی ناسراوە، ئەم ڕووبەرەی لەم بیابانە بڕیان دوو سەد و هەشتا میل (٤١٨کم) بوو تا ڕۆیشتنە ناو دەڤەری (سیند)ەوە، بەم پێیە بارودۆخەکان گۆڕان، بە گەرم و گوڕی پێشوازیان لێکرا لەلایەن خەڵك و ئەمیرە موسڵمانەکانەوە، ئەو خەڵکە ناسراوبوون بە زۆر ڕێزگرتن لە گەورە و ڕێزدارەکانی خانەوادەی پێغەمبەر، هەروەها ڕێزگرتن لە زانایان و خواردن بەخشین بە میوانان، خەڵکانێك ڕوویان کردە سەرکردە و شێخی کاروانەکە و بەڵێنیان پێدا و لەسەر دەستی ئەو تۆبەیان کرد، کێبڕکێیان دەکرد لەسەر ڕێز لێگرتن و میوانداری کردنی، سەید هیچ هەلێکی بەفیڕۆ نەدەدا، بەڵکو لە ئامۆژگاری و ڕێنوێنی خەرجی دەکرد، تیایدا بانگەوازی دەکرد بۆ یەکتاناسی و سوننەت و وروژاندنی خۆشەویستی ئیسلام و بوێری ئیمان، ئاشتکردنەوەی ئەمیرە کێبڕکێ کارەکان و برایە لەیەکتر تۆراوەکان، ئەوانی بەئاگا دەهێنایەوە لە مەترسی دوژمنی داگیرکەرو هاوبەش.

بارودۆخەکان وەك پێشوو ئاسایی بووەوە، جا کاتێك تێکۆشەران ڕۆیشتنە (بلوجستان)ەوە، وەرزی باران دەستی پێکرد، ئەوا بارانی بە لێزمە پێشوازی

لەوان کرد کە ڕێگەی تێکدەدا، قوڕو لیتە و لافاوی دروستدەکرد، دواتر ڕووبەڕووی خاکێکی چیایی بوونەوە کە هیچ ئاوەدانیەکی تێدا نەبوو، دزو جەردە و چەتەکانی ڕێگە لەوێ دەهاتن و دەچوون و خراپەکاریان تێدا بڵاو دەکردەوە، کاروانەکان بەبێ پاسەوانی نۆبەتدارو ئێشکگری چەکدار بەوێدا تێنەدەپەڕین، ئاو لەوێ کەم بوو، درەختی دڕکاویەکان زۆر بوون، گەلی بلوجی لەم بیابان و دەوروبەرەدا نیشتەجێ بوون، کە بە ڕەق و تەقی و کینەداری و پیس و پۆخڵی و کەم دینداری بەناوبانگ بوون، بە ڕووبارانێکدا تێدەپەڕین کە گیاو پیسایی سەر ئاوەکەی کەوتبوو، بەمەش تەنها لەسەر دارەکانەوە دەیانتووانی لێی بپەڕنەوە، کە لەسەر شێوەی پرد دروست دەکران بۆ تێپەڕبوونی ئەسپ و وشترەکان، سەید لەگەڵ هاوڕێکانی بەشدار دەبوو لە بڕینی لق و پۆپ و گەڵای دارەکان و ڕیزبەند کردنیان لەسەر ڕووبارەکانی بەردەمیان، لەم ڕێگەیاندا میوانداری ڕێزدارو پەناگەی بە حورمەتیان دەستدەکەوت، سوپاسی خوایان دەکرد لەسەر ئەمە.

تا گەیشتنە ڕێڕەوی (پۆڵان)ی مێژوویی، کە تاکە دەروازەیە بۆ ئەوەی لەلای ئەفغانستانەوە بێت و بیەوێت بێتە ناو هیندەوە، لە خوار ڕێڕەوی (خەیبەر)ە کە لەوێوە لەشکرە ڕزگاریخوازەکان لەلای باکوری خۆرئاواوە هاتنە ناو هیندەوە، کە بریتییە لەو لەتە مەزنەی دانایی خوایی پەیدای کردووە لە چیاکانی (هیمالایا) بۆ ئەوەی لەوێوە ڕێڕەوەکە بێتە ناو هیندەوە، ئەمە دۆڵێکە نزیکەی پەنجاو پێنج میلە، لە لای ڕاست و چەپی دوو چیا هەن کە بەرزی هەندێکیان دەگاتە ٥٧٠٠ پێ، زۆربەی تەسکی نێوانیان

دەگاتە چوار سەد یان پێنج سەد گەز، دزو چەتەکان لەوێ خۆیان حەشار دەدەن بۆ هێرش و تاڵانکردنی کاروانەکان، لە هەندێك شوێن بەرینی دۆڵەکە لەوانەیە لە چل پێ زیاتر نەبێت، ئەگەر ژمارەیەك چەکداری کەم لە هەر دوو لای دۆڵەکە بوەستن، ئەوا دەتوانن لەشکرێکی چڕو پڕ لەناوبەرن.

سەید و هاوەڵانی ناچار بوون ئەم شیوە تەسکە ببڕن، کە لە هەندێك شوێندا وەك تونێل وان، لەوێوە ڕۆیشتنە ناو شاری (شال[1])ەوە، لەوێش بەرەو (قەندەهار) بەڕێکەوت، دواتر بۆ (غەزنین)، ئینجا بۆ (کابوڵ)، کۆمەڵەکەی سەید لە شاری (شال) بە گەرمی پێشوازی و بەخێرهاتنیان کرا لەلایەن ئەمیرە موسڵمانە تێکۆشەرەکەیەوە، بۆیەش کۆمەڵکەی سەید وتیان:

﴿وَقَالُوا۟ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِىٓ أَذْهَبَ عَنَّا ٱلْحَزَنَ ۖ إِنَّ رَبَّنَا لَغَفُورٌ شَكُورٌ ﴿٣٤﴾﴾

فاطر. واتە: (سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە هەرچی غەم و پەژارەیە لە دڵ و دەروونی دەرکردین، بەڕاستی پەروەردگارمان زۆر لێخۆشبوو و سوپاسگوزارە).

***

(١) ئێستا بە شاری (کوئتە) ناسراوە، دەکەوێتە (بلوجستان)ەوە، بە شارێکی گەورەی پاکستان دادەنرێت، کە خاوەن بایەخێکی گەورەی ستراتیژییە..

# له پایته‌ختی وڵاتی ئه‌فغانستانه‌وه

تێكۆشه‌ران له شاری (شال)ه‌وه ڕۆیشتن، وڵات به نه‌وه‌و ئه‌ندامانیه‌وه‌و به ڕێزو حورمه‌تی ئه‌فغانی و ڕه‌وشتی ئیسلامیه‌وه پێشوازی لێكردن، دیاریه‌كان به‌سه‌ریاندا ڕژان له میوه‌جاتی خۆش و به‌تام كه خوای گه‌وره به‌و وڵاته به‌خشیویه‌تی، خه‌ڵكی به پیاوان و ئافره‌تانه‌وه به سڵاوی ئیسلام ئه‌وانیان به‌خێر ده‌هێنا، حورمه‌تیان بۆ ده‌نواند به‌هۆی هاتنیان بۆ وڵاته‌كه‌یانه‌وه، نزای سه‌ركه‌وت و سه‌رفرازیان بۆ ده‌كردن، ته‌به‌ڕوكیان به سه‌ركرده و شێخی كۆمه‌ڵه‌كه ده‌كرد و ده‌ستیان پێدا ده‌هێنا و دواتر به سه‌ری منداڵه‌كانیاندا ده‌هێنا، خه‌ڵكی ئه‌وه‌نده به جۆش و خرۆشیه‌وه ده‌هاتن بۆ خزمه‌تیان و بینینیان ئه‌وا ڕێگا قه‌ربالغ ده‌بوو و ده‌گیرا، میوانداریه‌كان به زنجیره به‌یه‌كه‌وه ده‌لكێنران، ئه‌م كه‌سه نامۆیانه ته‌نها له میوانداریه‌كه‌وه ده‌چوونه میوانداریه‌كی ترو ڕێزی زیاتریان لێده‌نرا.

ناچار بوون بڕۆنه ڕێڕه‌وێكی تره‌وه، كه بریتی بوو له ڕێڕه‌وی (كوزك) كه له چیای (تۆبه)یه، له‌وێ له‌لای چه‌مێك دابه‌زین، ڕێگا له‌به‌رده‌میان واڵا بوو بۆ شاری (قه‌نده‌هار) و دواتر بۆ (كابوڵ).

سه‌ید له شاری (قه‌نده‌هار) زۆر به گه‌رمی پێشوازی لێكرا، ڕێزێكی ناوازه‌ی لێنرا، سه‌دان ئه‌سپ سوار پێشوازیان لێكرد و یاوه‌ریان كرد له ڕێگه‌دا، له‌سه‌ر لێواره‌كانی ڕێگه هه‌زاران كه‌س له خانه‌دان و زاناكان ڕاوه‌ستا

بوون به مەبەستی بەخێرهێنانی، شەقام و ڕێگا پڕو تەنگەبەر ببوو لەبەر زۆری ژمارەی پێشوازیکەران، سەید بووە میوانی دەسەڵاتداری (قەندەهار)، زۆر بە جوانی و گەرم و گوڕی پێشوازی لەو و هاوەڵانی کرا، ستایشی ورە بەرزی و بەرزەفڕی دەروون و دەمارگیری ئاینیەکەی کرا.

سەید هاتە ناو شاری (غەزنەین)، بەهەمان شێوەی شاری (قەندەهار) بە گەرم و گوڕی و ڕێزو حورمەتەوە پێشوازی لێکرا، ڕووی کردە (کابوڵ)ی پایتەختی وڵاتی ئەفغانستانەوە، پەیامی دەسەڵاتداری کابوڵ (سەردار سوڵتان محەممەد خان[1])ی لە ڕێگەدا پێگەیشت، تیایدا پێشوازی گەرم دەکات لە هاتنە پیرۆزەکان و گەشبینی و خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕێت.

کاتێك لە شاری کابوڵ نزیك بووەوە، یەکێك لە ئەفسەرەکان بە پۆلێك لە ئەسپ سوارو پیادە لە جیاتی دادوەری کابوڵ پێشوازیان لێکرد، سڵاوی ئەمیری پێگەیاند، ژمارەیەکی گەلێك زۆر لە کەسایەتی و ڕێزدارو خانەدانەکانی شار ڕۆیشتنە دەرەوە بۆ پێشوازی کردن لە سەید، لە نیوەی ڕێگادا ئەمینوڵاخان جێگری ئەمیر سوڵتان محەممەد خان لە دیمەنێکی مەزن و سەرنج ڕاکێشدا و بە ژمارەیەکی زۆر لە ئەسپ سوار پێشوازیان لە سەید کرد، سڵاویان ئاڵوگۆڕ کرد.

کاتێك سەید و کۆمەڵەکەی گەیشتنە گۆڕەپانی شار، سوڵتان محەممەد خان لەگەڵ سێ لە براکانی لە پێڕی ئەسپ سواران پێشوازیان لێکرد، لەسەر

---

[1]) باپیری شا زاهیر شای پاشای پێشووی ئەفغانستانە.

ئەسپ دابەزین و تۆقەیان کرد و باوەشیان بەیەکدا کرد، لە کۆمەڵێکی گەلێك مەزندا ڕۆیشتن، پێشوازیکەرو سەردانکەران زۆر بوون، تەپ و تۆز بەهۆی سمی ئەسپەکان زۆر بوو، ئەو کەسانەی بە پێ دەڕۆیشتن ژمارەیان گەلێك زیادی کرد، تا وای لێهات مرۆڤ هیچی نەدەبینی، بەم شێوەیە سەید و ئەوانەی لەگەڵی دەڕۆیشتن بەناو بازاری شاردا ڕۆیشتن تا لە کۆشکی وەزیری مەزن فەتح خان دابەزین، میوانی حکومەت بوون، لە ژێر چاودێری و مایەی بایەخی دەسەڵاتدارو ئەمیرەکانی ئەوێ بوون.

لە نێوان ئەو برایانە کە حکومەتی ئەفغانستان و سنووری باکوریان[1] دابەش کردبوو، ناکۆکی و دووبەرەکی هەبوو، کە زیانی گەیاند بە بەرژەوەندی ئیسلام و موسڵمانان، بەمەش موڵکی ئەفغان بەفیڕۆچوو، حکومەتی لاهوری سیخی ئارەزووی چووە ئەم وڵاتە کە بە کانگای سوارچاکی و لانەی تاریك و نیشتمانی جەنگاوەرو ڕزگارکەران دادەنرێت، تا سیخ _

(١) لە بیست برای یەك باوك کە ناوی (بائیندە خان) بوو زیاتر بوون، شازدەیان وەك کەسایەتی گەورە دەرکەوتن، زۆربەیان سەرۆکی هەرێمی جیاوازو شاری گەورە بوون لە ئەفغانستان و سنووری باکورو کشمیر، ئەمەش ناوی هەندێکیانە: سەردار دۆست محەممەد خان، باپیری ئەمیر ئەمانەڵاخان، سەردار سوڵتان محەممەد خان، باپیری شا نادرخان، زاهیر شا، یار محەممەد خان، دەسەڵاتداری (پیشاوەر)، محەممەد عەزیم خان دادوەرو دەسەڵاتداری (کشمیر)، میر محەممەد خان، دەسەڵاتداری (غەزنین). شێردل خان، دەسەڵاتداری (قەندەهار)، ئا بەم شێوەیە کوڕو نەوەی یەك ماڵ و یەك باوك حوکمڕانی ئەفغانستانیان دەکرد.

دوای ئەوانیش ئینگلیز _ توانیان ئەو وڵاتە لەوان بسەنن کە پێی هیچ بیانیەك نەخرابووە سەر خاکەکەی و ئاڵای کوفری تێدا بەرز نەکرابووەوە[1].

سەید مانگ و نیوێکی لە کابوڵ بەڕێکرد بۆ ئاشتکردنەوەیان و چاك کردنی پەیوەندی نێوانیان، بۆ ئەوەی هێزێکی یەکگرتوویان لێدروست بکات کە بە ڕووی مەترسییەکاندا بوەستێت، ڕێزو حورمەتی ئیسلام بگەڕێنێتەوە، پایە و شکۆی سەنراوی ئەفغانیەکان بگێڕێتەوە، هەروەها پشتیان پێ ببەستێت یەکەم لە جەنگان لەگەڵ سیخ و دواتر جەنگ کردن لەگەڵ ئینگلیزەکان، دواتر لە دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامی و هێزێکی سەربازی کە لە هیندەوە درێژ دەبێتەوە تا دیوارو سنوورەکانی قوستەنتینیە، بەڵام لە کۆششەکەی سەرکەوتوو نەبوو، هیواکەی بەدەست نەهات، بۆیە لەوێوە ڕوویکردە (پیشاوەر)، بۆ ئەوەی ناوەندێك بۆ هێزو لەشکرەکەی بدۆزێتەوە تا دەست بەو ئەرك و ڕۆڵە گرنگەی خۆی بکات، کە لە پێناویدا نیشتمانی جێهێشتووەو جۆرەکانی هێزو پێڕۆ و ئامرازەکانی تێکۆشان و تفاقی جەنگی ئامادە کردووە.

***

---

[1] بە تێرو تەسەلی ئەمە بخوێنەوە لە کتێبی (مێژووی ئەفغانستان) دانراوی (Arthurconolly)ی ئینگلیزی کە پاشکۆی کتێبە گەورەکەیەتی: (گەشتێك بۆ باکوری هیند).

## هۆشداری پێدان و پاساوبڕین

سەید لە کابوڵەوە ڕووی کردە (پیشاوەر) پایتەختی سنووری باکور، لە نێوان دەستە و کۆمەڵانێکی زۆر لە پێشوازیکەرو بەخێرهێنەردا، تا گەیشتە ئەوێ، سێ ڕۆژ لەوێ مایەوە، دواتر ڕووی کردە (نوشەهرە) و بەلای هەر گوند و دێهاتێکدا تێپەڕ بووبا ئەوا بانگی خەڵکەکەی دەکرد بۆ تێکۆشان و ڕاپەڕین لە پێناوی خوادا، کاتێك گەیشتە دەڤەری (هەشت نغر) خەڵك وەك ڕەوە کوللە لە دەوری کۆبوونەوە، خەریك بوو بەسەریدا کۆببنەوە، ئەم دیمەنەی خۆشەویستی و دڵخۆشییە سەیرەیان لە هیچ سەردەمێکدا هاووێنەی نەبینرا بوو، بە جۆرەها هونەرو شێوە هەست و سۆزو خۆشەویستی ڕاستەقینەی خۆیان دەربڕی بوو.

لە ١٨ی جەمادی یەکەمی ساڵی ١٢٤٢ك[1] گەیشتە (نوشەهرە[2])، بە سەربازگەی لەشەکری موسڵمانانی دیاریکرد، سەید ویستی ئەم تێکۆشانەی تەواو ڕێك بێت لەگەڵ سوننەتی پێغەمبەردا، چونکە خۆی و هاوەڵانی لە نیشتمانەکەیان دەرنەچوون بۆ ئەو لوتبەرزی و ڕووپامایی و دامەزراندنی ڕژێمێکی پاشایی و دروستکردنی دەوڵەتێك کە لە سایەی سێبەریدا خۆشی

(١) بەرامبەر بە ١٨ی دێسەمبەری ساڵی ١٨٢٦ك.

(٢) لە سەردەمانی دواییدا سەربازگەی مەزنی ئینگلیزو خاوەن ستراتیژیەتێکی گەورە بوو، ئێستا بەڕێوبەرایەتییەکە لە هەرێمی باکوری خۆرئاوای پاکستان.

بکەن و حوکمی خەڵك بکەن بە جگەلەوەی خوا دایبەزاندووە، هەروەها ناجەنگن لەژێر ئاڵایەکی کوێرانە و بە پاڵنەری دەمارگیری نەفامی، خەڵکی دەربێنن لە حوکمی چەند بەندەیەکەوە بۆ ژێر حوکمی چەند بەندەیەکی تر، لە ژێر چەپۆکی هەندێك حەزو ئارەزوو بۆ ژێر چنگی چەند هەواو هەوەسێکی تر، بەڵکو سەید و هاوەڵانی لەبەر ئەوە دەجەنگان تا وشەی خوا بەرز بێت و ئایین و فەرمان هەمووی بۆ خوا بێت، سەید ویستی هەموو کارو فرمانێکی کۆك بێت لەگەڵ قورئانی پیرۆزو سوننەتی بەپێزو پێشەوایەتی پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵ و شوێنکەوتووانی بە چاکە لە جەنگ و کوشتاردا، ئەم کارەی بە شوێن پێ هەڵگرتن بێت نەك داهێنان، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر یەکێکی کردبایە ئەمیری لەشکرێك یان پۆلێك سەرباز، ئەوا ئامۆژگاری دەکرد و فەرمانی پێدەکرد: ((ئەگەر بە دوژمنە هاوبەشدانەرەکانت گەیشتی، ئەوا بۆ سێ شت بانگیان بکە، هەر کامیان پەسەند کرد ئەوا لێیان قبوڵ بکە و لێیان بگەڕێ، داوایان لێبکە کۆچ بکەن بۆ وڵاتی کۆچبەران، پێشیان بڵێ ئەگەر ئەمەیان کرد، ئەوا کۆچبەران چ ئەرك و مافێکیان هەیە ئەوا ئەوانیش هەمان شتیان هەیە، ئەگەر ڕەتیان کردەوە شوێنی خۆیان چۆڵ بکەن، پێیان ڕابگەیەنە با وەك عەرەبە موسڵمانەکان بن، حوکمی خوایان بەسەردا پیادە دەکرێت وەك چۆن بەسەر باوەڕداراندا جێبەجێ دەکرێت، هیچ پشکێکیان لە دەستکەوتەکان نابێت مەگەر لەگەڵ موسڵمانان تێبکۆشن و جیهاد بکەن، ئەگەر ئەمەشیان ڕەتکردەوە، ئەوا داوای سەرانەیان لێبکە، ئەگەر قبوڵیان کرد ئەوا لێیان

وەربگرە و لێیان بگەڕێ، ئەگەر ڕەتیشیان کردەوە ئەوا پشت بەخوا ببەستە و لەگەڵیان بجەنگە))[1].

موسڵمانان لە سەردەمانی دواییدا ئەم ڕاسپاردەی پێغەمبەریان لەبیر کردبوو و پشتیان تێکردبوو[2]، پاشا و جەنگاوەرو ڕزگارکەرە موسڵمانەکان لەبیریان کردبوو، وایان لێهات بوو سەیری جەنگیان دەکرد وەك ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی بە ئاینەوە نییە، حوکم و یاسا شەرعییەکان مافیان بەسەرەوە نییە، وەك ئەوەی ئیسلام ئەوانی ئاوا فەرامۆشکردووە تا بەکەیفی خۆیان شت بکەن، لە سەردەمانی دواییدا وەك لاساییکەرەوەی جەنگاوەرە ئارەزووبازەکان و سەرکردەی هێرشبەریان لێهاتبوو، بانگەوازیان بۆ ئیسلام و سەرانە نەدەکرد، خەڵکیان سەرپشك یان فەرامۆش نەکرد، بەڵکو سەرەتا و کۆتا بریتی بوو لە جەنگ، سەید ویستی دەستبەکار بێت بە چاکترین کاری

---

(١) موسلیم لە سولەیمانی کوڕی بوریدە، ئەویش لە باوکیەوە بە بەرزکراوەیی (مرفوع) لە دوو توێی فەرموودەیەکی درێژدا گێڕاویەتیەوە.

(٢) لەو گشتاندنە خەلیفەی ئومەوی ڕێنوێنی کراو عومەری کوڕی عەبدولعەزیو جیادەکرێتەوە، کە لە مێژوودا ناسراوە بە سوربوونی لەسەر جێبەجێکردنی حوکم و یاسا شەرعیەکان و سوننەتی پێغەمبەر لە پرسەکانی دارایی و شارستانی و کارگێڕی و جەنگی دا، ڕزگارکردنی (سەمەرقەندی) ڕەتکردەوە، دوای تێپەڕبوونی حەوت ساڵ بەسەر ڕزگارکردنی، بەهۆی ئەوەی خەڵکەکەی سکاڵای ئەوەیان کرد کە قوتەیبە دەستی بەسەر شارەکەدا گرتووەو موسڵمانانی تێدا نیشتەجێ کردووە و ئەوانی بانگهێشت نەکردووە بۆ موسڵمان بوون، ئەوانی سەرپشك نەکردووە لە نێوان سەرانە و جەنگ، خەلیفەی ناوبراو فەرمانی بە دادوەر کرد لێکۆڵینەوە لەم پرسە بکات، ئەگەر ڕاستگۆیی هاوبەشدانەران سەلمێنرا ئەوا دەبێت موسڵمانان لە شارەکە وەدەر بنرێن، سەر لە نوێ کار بە شەریعەت بکرێتەوە، بەهەمان شێوە ئەمە جێبەجێ کرا، بەم هۆیە زۆربەی خەڵکی شارەکە موسڵمان بوون. (بگەڕێوە بۆ: فتوح البلدان، دانراوی: بەلازی، چاپی میسر ١٩٣٤ز).

**لەلای خوا و خۆشەویسترینی لای خۆی، ئەویش بە زیندووکردنەوەی ئەو سوننەتەی کە بۆ چەند سەدە و چاخێکە فەرامۆشکراوەو پەکخراوە، تا خوا فەڕو بەرەکەت بخاتە ئەم کارە و ڕووناکی خوا لە سەرتاپای ژیاندا بخولێتەوە، جا پەیامێکی بۆ پاشای (بنجاب) سەردار ڕەنجیت سینغ[١] نووسی، تیایادا سەرەتا بانگهێشتی دەکات بۆ موسڵمان بوون، ئەگەر ڕەتی کردەوە ملکەچ بێت، ئەوا داوای لێکرد سەرانە بدات، ئەگەر هەر ڕەتی کردەوە، ئەوا بۆ جەنگ، باسی ئەوەشی لە نامەکەدا کرد بوو کە مردن لە پێناوی خوادا لای من و هاوەڵەکانم خۆشەویستترە لە مەیی لەلای ئەوان.**

---

(١) ڕەنجیت سینغ (١٧٣٩ _ ١٧٨٠ز) یەکێك بووە لە گەورە سەرکردە سەربازیەکان، کە لە ناوەڕاستەکانی سەدەی هەژدەمی زایینی بە بلیمەتی دەرکەوتن، بە لێهاتوویی خۆیان توانیان حکومەتێکی فراوان و بەهێز بنیات بنێن، ئەحمەد شا ئەبدالی (دەسەڵاتداری ئەفغانستان و ڕزگارکەری مەزن) ڕەنجیتی کردە دەسەڵاتداری لاهور، لە کاتێکدا تەمەنی بیست ساڵان بوو، بە ماوەیەکی کەم سەربەخۆیی ڕاگەیاند، شانشینە بچوکە تازە لەدایکبووەکەی فراوان کرد تا گەیشتە کابوڵ لە باکوری خورئاواوە، لە باشوری خۆرهەڵاتەوە گەیشتە جەمنا، لەشکرەکانی ترس و لەرزیان دروست کرد لە ناوچەی باکوری خۆرئاوا، هەموو میرنشینە ئیسلامییە کێبڕکێکارە بەهێزەکانی سڕیەوە، شانشینە گەنجەکەی لەسەر چوار پایە دامەزرا بوو، یەکەمیان: توانا و لێهاتووە سەرکردەییە سروشتییەکان کە ڕەنجیت هەیبوو، دووەم: ئەسپ سواری لەشکرەکەی کە لە جوتیارانی بنجاب و کەسە سەربازو بەوەفاکان بۆ ئەو پێکهاتبوون، سێیەم: ڕق و کینەی کۆن کە سیخ و بە تایبەتی دەستەی (ئەکالی) هەیانبوو لە بەرامبەر موسڵمانان، بەهۆی هەندێك ڕووداو و جەنگ کە لە ڕابردوودا ڕوویاندابوو، چوارەم: لاوازی موسڵمانان و داڕووخانیان لە ڕووی جەنگی و ڕەوشتییەوە، پەرت بوونی وشە و ڕیزیان، وەك چۆن لە لاپەڕەکانی پێشتردا خرایەڕوو، ڕەنجیت سینغ زۆر دەمارگیری ئاینی نەبوو، بەڵام ملکەچی بارودۆخەکە و هەست و سۆزی دوژمنداری لەشکرەکەی بوو، ئەمەش زۆرێك لە ئازادی پێبەخشی بۆ بەرژەوەندی سیاسی و جەنگی، موسڵمانان لە سایەی حوکمڕانی ئەودا لە نێوان ترس و تۆقاندا و تاڵان و داگیرکاریدا ژیان، تەنانەت وەك گەلێکی چەوساوە کە دووچاری جۆرەها سوکایەتی و چەوساندنەوە بوون ژیان. (ئەم کتێبە بخوێنەوە: Ranjit Singh) دانراوی: sir lepel griffin.

پاشای لاهور ئەم پەیامەی پێگەیشت و پشتگوێی خست، ئەو بەو چاوە سەیری ئەو نامەیەی کرد وەك ئەوەی شێخێك لە شێخەکانی موسڵمانان ڕەوانەی کردووە کە هیچ حکومەتێك نایپارێزێت و پشت ئەستوور نییە بە هێزێکی مەزنی سەربازی، لەشکرێکی چڕو پڕی چەکدار بە نوێترین جۆری چەك کە پێکهاتووە لە سەربازی ڕاهێنراو، گومانی وابوو ئەمە حەزێکە لە حەزەکانی شێخ و زانایانی ئاینی کە ناوی تێکۆشان ئەوان بەرەو لەناوچوون دەبات و فریویان دەدات، دەمارگیری ئاینیان دەوروژێنێت، چەند دەستەیەکی بەجۆش و خرۆش لە دەوریان کۆدەبنەوە، بەڵام لە دوای گەزی جەنگ و گەرم بوونی ئەوا پەرش و بڵاو دەبن و پاشەکشە دەکەن، لە ساڵانی ڕابردوودا زۆرێك لەمانەی تاقی کردۆتەوە؟ (هەوری هاوین، لە ماوەیەکی کەمدا پەرش و بڵاو دەبێت)، چەند ڕاسپاردەیەکی دەرکرد بۆ سەرکردەکەی (بدە سینغ) تا ئاگاداری ئەم کۆمەڵە کەمە نامۆیە بێت کە لە هیندەوە هاتوون، پاشان سەرگەرم بوو بە هەندێك بابەتی حکومی و سیاسی و چەندین جۆری ڕابواردن و خۆشی و گاڵتە و گەپ.

ڕەوڕەوەی کات و سەردەم خولایەوە، شەوو ڕۆژ بەدوای یەکدا هاتن، تا جەنگی ئاکورە[1] لە ٢٠ی جەمادی یەکەمی ساڵی ١٢٤٢ك ڕوویدا، کە بەشەو تێکۆشەران هێرشیان کردە سەر سەربازگەی (بدە سینغ) و شمشێریان تێدا هێناو برد، زەرەرو زیانێکی زۆر مەزنیان پێگەیاند، پاڵەوانێتی و توانا

(١) ئاکورە ختك: گوندێکی گەورەی ژێر سایەی بەڕێوبەرایەتی پیشاوەرە، بیست و شتێك میل لە پیشاوەرەوە دوورە.

جەنگیەکەیان بەشێوەیەك دەرکەوت کە لە ژماردا نەبوو، پێشبینی نەکرابوو، بە دەرکەوت کە پاروێکی ئاسان نین بۆ دوژمن، بەڵکو خاوەنی هێزو توانا و ورە و نەبەردی و جوامێرین، حەوت سەد جەنگاوەریان لە سیخ کوشت، حەفتاو شتێك تێکۆشەر شەهید بوون.

***

## بۆچی ناوەکەمت سڕیەوە

سەید سور بوو لەسەر ڕەوانەکردنی دەستەیەك لە تێکۆشەران، بۆ ئەوەی بەشەو هێرش بکەنە سەر دوژمنان لە (ئاکورە)، ئەمەش یەکەم نێردە بوو کە دەرگای تێکۆشانی لە پێناوی خوا کردەوە، دوای داخرانی دەروازەی تێکۆشان بۆ ماوەیەکی زۆر دوورو درێژ لە هیند.

سەید فەرمانی بە ئەفسەرەکان کرد، گەنج و لاوی بەهێزو توانا و نەبەرد لە ناو لەشکرەکە هەڵبژێرن، چونکە ڕووبەڕووی دوژمنێکی بەهێزو لەشکرێکی تۆکمە و چڕ دەبنەوە لە شەودا.

ئەفسەرەکان ناوی تێکۆشەرانیان خستەڕوو، سەید بۆی ڕوانی، بینی ناوی عەبدولمەجید خانی جەهان ئابادی تێدایە، ناوبراو نەخۆش بوو، بەهۆی تایە گەرمەکەیەوە دەینالاند، سەید ناوی ئەوی سڕیەوە.

عەبدولمەجید بیستی کە سەید ناوی ئەوی سڕیوەتەوە، لە دەستەی نێردەکە لادراوە، بە نیمچە ڕاکردنێك هاتە لای سەید و پێی وت: گەورەم بۆچی ناوەکەمت سڕیەوە؟

سەید وتی: لەبەر ئەوەی تۆ نەخۆشی، تەنها کەسێك بەو کارە سەختە هەڵدەستێت کە بەهێزو تەندروستیەکەی باشە.

عەبدولەجید وتی: ئەمە یەکەم ڕۆژە کە تیایدا پڕۆسەی تێکۆشان لە پێناوی خوادا ئەنجام دەدرێت لەم وڵاتەدا، بەڕاستی بەلامەوە ناخۆشە دوا بکەوم لە یەکەم دیمەن کە خەڵکی لە پێناوی خوادا دەیبینن، تکایە بە چاکەی خۆت ناوم بگەڕێنەوە ناو لیستەکە و مۆڵەتم پێبدە بۆ دەرچوون.

سەیدی پێشەوا عەبدولەجیدی خستە ناو لیستی سەربازەکان و ورەبەرزی و جوامێری ئاینی لە ناخیدا زیندوو کردەوەو وتی: خوای گەورە پاداشتت بە چاکە بداتەوە، مەبەست و کارو کردەوەکەت قبوڵ بفەرمووێت.

تێکۆشەران دەرچوون، عەبدولەجید خانیشیان لە ناودا بوو، بەرەو (ئاکور)ە ڕۆیشتن، شەو بەسەر دوژمنیان دادا[1]، لە کاتێکدا دوژمن دەیان جار لەوان ژمارەیان زۆرتر بوو، بەسەر دوژمندا سەرکەوتن، عەبدولەجید خان لە گۆڕەپانەکە شەهید بوو.

***

[1]) وەك چۆن لە باسی ڕابردوودا خستمانەڕوو.

## دەستی توانستی خوا لەگەڵ کۆمەڵە

ژمارەیەکی زۆر لە کوڕو نەوەکانی وڵات ڕۆیشتنە پاڵ کۆمەڵەکەی سەید بۆ ئامانجی جیاواز، هەیانبوو پێی وابوو ئەم کۆمەڵەیە پلەوپایە و بایەخی هەیە، بەهێز دەبێت و پەل و پۆ دەکات بە بەردەوامی، بۆیە واباشە بچێتە ژێر باڵی و ڕێبازەکەی هەڵبگرێت، هەشیانبوو بەهۆی حەزو ئارەزووەکەی لە دەستکەوت و تاڵان و چەك ستاندن لە دوژمن هاتبووە پاڵ کۆمەڵەکە، کەسی تریش هەبوو جوامێری ئاینی و خولیای تێکۆشان لە پێناوی خوا ئەوی هاندابوو، بە دڵسۆزی و ساغ و سەلامەتی لە پێناوی خوا دەرچوو بوو، هیچ جۆرێ لە حەزو ئارەزوو و ڕووپامایی و شانازی و دەمارگیری بۆگەن تێکەڵی مەبەستەکەی نەبوو.

سەرکەوتنی دەستەی کەمینە بەسەر دەستەی زۆرینە لە جەنگی (ئاکورە) و ئەو پاڵەوانێتیە دەگمەنەی تێکۆشەران نواندیان، ژیان خستنە مەترسی و بڕینی شوێنە سامناکیەکانی و دوورو نزیك، زۆرێك لە ئارەزوومەند و هەڵپەکارانی فریودا تا پەیوەندی بکەن بەم هێزە ڕاپەڕیوەو ئەستێرە دڵگیرو درەوشاوەوە، بۆیە پۆل پۆل هاتن و لە دەوری سەرکردە کۆبوونەوە، یەك

ئامانجیان نییە، ئایین پاڵنەری گشتیان نییە، پەیمان یان بەڵێن بەس نییە بۆیان، بەڵکو ئەوانە تێکەڵەیەکن[1] لە خەڵك.

بەپێچەوانەی ئەو تێکۆشەرانەی کە لە هیندەوە یاوەری سەیدیان کردبوو، دەستیان خستبووە ناو دەستی و بەڵێنیان پێدابوو لەسەر گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری، سەید زۆر بە جوانی ئەوانی پەروەردە کردبوو و بایەخی پێدابوون، ئامۆژگاری و ڕەوشت و ڕێنمایی ئاینی و ڕەوشتی ئیسلامی لە ناخی ئەواندا دامەزراند بوو، ئەوان ملکەچی ئاماژە و فەرمانن، بێ سەروبەری بوونی نییە لە بۆچووندا، هەواو هەوەس حوکمیان ناکات، بەدوای بەرژەوەندی کەسی و سوودی تاکەکەسیەوە نین، جڵەویان بەدەست گەورەکەیانە ئەگەر کێشای ئەوانیش بەدوایدا دەڕۆن، و ئەگەر شلی کردەوە ئەوانیش دەوەستن، ئەوەی ئەمە بارودۆخی بێت ئەوا شایستەی هەموو متمانەیەکە، شایەنی وەرگرتنی هەموو بەرپرسیارێتیەکە، سەرباری کەمیەکەی هەر زۆرە، سەرەڕای لاوازییەکەی بەهێزە.

لە هەڵمەتی (حەزرو[2]) کە کوڕو نەوەکانی وڵات بە مۆڵەتی سەید ئەنجامیاندا، هەر لە دوای جەنگی (ئاکورە)، دیاردەی پشێوی و بێ سەروبەری و لاساری و هەڵپەکردن بۆ دەستکەوتەکان و ئەنجامدانی شتی پێچەوانەی

---

(١) لە فەرموودەی ئاشتەوایی حودەیبییەدا هاتووە، کە بوخاری ئەم وتەیەی عوروەی کوڕی مەسعودی گێڕاوەتەوە: (بەڕاستی من تێکەڵەیەك لە خەڵك دەبینم).

(٢) لە فەرموودەی ئاشتەوایی حودەیبییەدا هاتووە، کە بوخاری ئەم وتەیەی عوروەی کوڕی مەسعودی گێڕاوەتەوە: (بەڕاستی من تێکەڵەیەك لە خەڵك دەبینم).

حوكمی ئیسلامی له جه‌نگ و ئادابی تێكۆشان ده‌ركه‌وتن، ئه‌مه‌ش سه‌ید و خاوه‌ن ڕاو بۆچوونه‌كانی ناو له‌شكره‌كه‌ی دوودڵ كرد، ته‌نانه‌ت هزری ئه‌وانی سه‌رقاڵ كرد و پێشیان وابوو كه ئه‌مه مه‌ترسییه‌كی مه‌زنه له‌سه‌ر ئه‌و ئامانجه‌ی كه ئه‌وان له پێناویدا هاتوون و ئه‌مه مایه‌ی توڕه‌یی خواو پێغه‌مبه‌ره، به‌ربه‌سته له نێوان ئه‌وان و سه‌ركه‌وتنی چاوه‌ڕوانكراو، زانیان كه ئه‌مه چاره‌سه‌ر ناكرێت ته‌نها به‌وه نه‌بێت كه خه‌ڵك به‌ڵێن بداته سه‌ید و وه‌ك ئه‌میری خۆیان هه‌ڵیبژێرن، به پێشه‌وای شه‌ڕعی دایبنێن و له خۆشی و ناخۆشی و بوون و نه‌بووندا ملكه‌چ و گوێڕایه‌ڵی بن، تا تێكۆشانه‌كه‌یان تێكۆشانێكی شه‌ڕعی بێت، كه حوكم و یاسا و داب و نه‌ریتی خۆی هه‌یه.

به‌هۆی ئه‌و زانست و شاره‌زاییه‌ی هه‌یانبوو له قورئانی پیرۆزو سوننه‌تی به‌پێزو ڕۆچوون له كتێبه‌كانی بنچینه‌یی و لاوه‌كییه‌كان ده‌یانزانی كه هه‌ڵبژاردنی ئه‌میر، له قورئان و سوننه‌ته‌وه وه‌رده‌گیرێت، ئه‌میر هه‌ڵده‌ستێت به جێبه‌جێكردنی حوكمه‌كانی خواو یه‌كلاكردنه‌وه‌ی ناكۆكیه‌كان و ده‌یانگێڕێته‌وه بۆ پێوه‌ری شه‌ڕع و به‌ره‌و تێكۆشان ده‌یانبات، كه بنچینه‌یه‌كه له بچینه‌كانی ئیسلام، له كۆنه‌وه موسڵمانان كه‌مته‌رخه‌میان تێدا نواندووه، له‌سه‌ر ئه‌مه سزایه‌كی سه‌خت دران، وشه و ڕیزیان په‌رت و بڵاو بوو، زنجیره‌ی ژیانیان پچڕا، وایان لێهاتبوو وه‌ك ڕانه مه‌ڕێكی بێ پاسه‌وان و شوان ده‌ژیان، چاكیش ئه‌وه‌یان ده‌زانی كه له قورئان و سوننه‌ته‌دا له‌م باره‌وه هاتووه له هاندان له‌سه‌ر یه‌ك ڕیزی و هۆشداریدان له‌هه‌مبه‌ر په‌رته‌وازه‌یی،

بێگومان ئەم فەرمایشتەی پەروەردگاریان خوێندۆتەوە: ﴿أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡ﴾ النساء: ٥٩. واتە: (فەرمانبەردارو گوێڕپەڵی خواو پێغەمبەرو حوکمڕانەکان بکەن کە لە خودی خۆتانن _ لە بیروباوەڕو پابەندیدا _). هەروەها ئەم فەرمایشتەی خوای تاك و پاك: ﴿وَلَوۡ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنۡهُمۡ....﴾ النساء: ٨٣. واتە: (خۆ ئەگەر ئەو هەواڵەیان بڵاو نەکردایەتەوەو بیانگێڕایەتەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) یان بۆ لای کاربەدەستانێك کە لە خۆیانن...). و گوێبیستی ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوونە کە فەرموویەتی: (پێنج نوێژەکانتان بکەن، مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو بن، زەکاتی ماڵ و دارایی خۆتان بدەن، گوێڕایەڵی دەسەڵاتداری خۆتان بن، بەمەش دەچنە بەهەشتەوە)[1].

پێغەمبەر (ﷺ) زۆر بایەخی داوە بە ڕێکخستنی ڕیزی موسڵمانان و ژیانیان بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی تۆکمە، بەوەی پێشەوایەکیان هەبێت بە قورئانی پیرۆزو سوننەتی بەپێز حوکمڕانیان بکات، بە بەرنامەی ئاسمانی داوەریان بکات، پاسەوانی کردن لە بەرژەوەندی ئاینی و دونیایی، هەروەها کاتژمێرێك بەسەریاندا تێپەڕ نەبێت و هەنگاوێك نەنێن بێ پێشەوا، تا لێی گێڕدراوەتەوە کە فەرموویەتی: (هەر یەکێکتان توانی نەنوێت و بەیانی

---

(1) تورمزی بە زنجیرەکەی لە ئەبو ئومامەی باهیلی گێڕاویەتیەوە، ئەحمەد و ئیبن حەببان و حاکم و دارقتنیش گێڕاویانەتەوە.

نەکاتەوە تا پێشەوای نەبێت، ئەوا با ئەمە بکات)[1]، بە زنجیرەیەکی ڕاست و دروست هاتووە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (ئەگەر سێ کەس لە سەفەر بوون، با یەکێکیان بکەنە برا گەورەو پێشەوا)[2].

پێغەمبەری خوا (ﷺ) هۆشداری داوە لە بارەی ژیانێك کە تیایدا هەر کەسێك بە وێڵی بژیت، پەتی لەسەر ملی خۆی بێت و چی بوێت ئەوە بکات، بەکەیفی خۆی خەڵك بکوژێت، هیچ سەرکردەیەکی نەبێت فەرمانی پێ بکات و ڕێگری لێ بکات، هیچ پێشەوایەکی نەبێت فەرمانبەردارو گوێڕایەڵی بێت، ئەمەی بە (نەفامی) ناوبردووە، کە خەڵك تیایدا وەك مەڕو ماڵات دەژین، بە پاڵنەری دەمارگیری شەڕ دەکەن، جا فەرموویەتی: ((هەر کەسێك لە گوێڕایەڵی پێشەوا دەرچوو، لە کۆمەڵی موسڵمانان جیا بووەوەو مرد، ئەوا بە نەفامی مردووە، ئەوەش کە لە ژێر ئاڵای کوێرانە بجەنگێت، بۆ دەمارگیریەکەی تووڕەیی بیگرێت یان بانگەشە بۆ دەمارگیرییەکەی بکات یاخود پشتیوانی دەمارگیریەك بکات و بکوژرێت، ئەوا نەفامانە مردووە))[3]،

---

(1) ئیبن عەساکر لە ئەبو سەعید و ئیبن عومەر گێڕاویەتیەوە.

(2) ئەبو داود و جگەلەویش لە ئەبو سەعید گێڕاویانەتەوە، زانای بلیمەت شەوکانی لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیەدا وتویەتی: ((ئەگەر ئەمە شەرع بڕیاریدا بێت بۆ سێ کەس لە شوێنێکی چۆڵ یان لە سەفەردا، ئەوا ئەمە لە دێهات و شارەکان و بوونی کەسی زیاتر، بۆ یەکلایی کردنەوەی ناکۆکی و گێڕانەوەی ماف خوراویەکان لە پێشترو پێویستترە، لەمەشدا بەڵگە هەیە بۆ وتەی ئەوەی کە وتویەتی: لەسەر موسڵمانان پێویستە پێشەواو دەسەڵاتدارو حوکمڕانەکان دابنێت)) (نیل الأوطار، بەشی دووەم ٤٩٦).

(3) موسلیم لە بەشی حوکمڕانی (دەروازەی: پێویستی پابەند بوون بە کۆمەڵی موسڵمانان..تاد) لە ئەبو هورەیرەوە بە بەرزکراوەیی (مرفوع) گێڕاویەتیەوە.

هەروەها فەرموویەتی: ((دوو جەنگ هەیە، ئەوەی مەبەستی ڕەزامەندی خوا بێت، گوێڕایەڵی پێشەوا بێت، ئەوەی بەلایەوە بە نرخە ببەخشێت، خۆی لە هاوبەشدانان و گەندەڵی بە دوورگرت، خەوتن و بە ئاگابوونی هەمووی پاداشتە، بەڵام ئەوەی بجەنگێت بۆ شانازی و ناوبانگ و بەخۆوەنازین و سەرپێچی پێشەوای کرد و خراپەی لە زەویدا بڵاوکردەوە، ئەوا بە پاداشتەوە ناگەڕێتەوە))[1]، جگە لەمانەش لەو ئایەت و فەرموودە زۆرانەی کە هاتوون، هیچ گومانێك جێناهێڵن لە پێویستی دانانی پێشەواو گوێڕایەڵی کردنی.

یەکێك لەو خەسڵەتانەی کە خوای گەورە ئەم کۆمەڵەی پێ جیا کردبووەوەو پلەکەی بەرزتر کردبوو، بەرپاکردنی ئەم بنچینە مەزنە بوو کە موسڵمانان بۆ ماوەیەکی زۆر کۆن بوو فەرامۆشیان کردبوو، لە ڕۆژی پێنج شەممەی ڕۆژی دووازدەمی مانگی جەمادی کۆتایی ساڵی ١٢٤٢ك ڕۆژێکی زۆر خۆش و پیرۆز بوو لە مێژووی چاکسازی و نوێکاری لە هیند، موسڵمانان لەم ڕۆژەدا کۆبوونەوە، زانا گەورە و ئەمیری دەڤەرەکان و سەرۆك هۆزەکانیش لەناویاندا ئامادە بوون، تا بەڵێن بدەنە سەید لەسەر گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری لەوەی کە فەرمانیان پێدەکات لە بەجێهێنانی حوکمە شەرعییەکان و کاری خێرو جەنگ و ئاشتەوایی، سەیدیان بە ئەمیرو پێشەوا هەڵبژارد، لە ڕۆژی دواتر (١٣ جەمادی کۆتایی) وتاری هەینی بە ناوی ئەوەوە خوێندرایەوە.

---

(١) ئەحمەد و نەسائی لە تێکۆشان (دەروازەی: پلەوپایەی بەخشین لە پێناوی خوای پایەبەرزدا) و حاکمیش گێڕاویەتیەوەو بە ڕاستی دانەوە، هەروەها بەیهەقیش گێڕاویەتیەوە.

سەید لە دوای تەواو بوونی بەڵێن پێدان ڕایگەیاند کە پێویستە بە تەواوی ملکەچی و گوێڕایەڵی بنوێنرێت بۆ حوکم و یاسا شەرعییەکان، داب و نەریتەکانی نەفامی و ئەوەی خەڵکی لەسەر ڕاهاتوون، ئەو ڕێو شوێن و دروشمانە فڕێبدرێن، کە خوای گەورە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر ڕەوا بوونی دانەبەزاندووە، ئەگەر ئەمە ببێتە مایەی زیانی دارایی و بێ بەش بوون لەو سوودانەی کە سەرۆك و خانەدانەکان لەوەتەی کاتێکی کۆنەوە بەدەستی دێنن یان هاتنە خوارەوە لە پلەو پۆستدا، هەر چەند ئەمە سەخت بێت لەسەر دەروون و شوێنکەوتوو و دەستوپێوەندەکان، دەبێت شەرع بکرێتە دادوەر لەسەر دەروون و خانەوادە و سامان و پرسە خێزانی و تاوانی و داراییەکان، هەر یەکێك کە بەڵێنی پێدابوو هەموو ئەم شتانەی قبوڵ کرد و بەڵێن و پەیمانی لەسەر ئەمە پێدا.

ئەم هەواڵە لە تێکڕای ناوچەکەدا بڵاو بووەوە، ئەمیرو سەرکردەکان بە گەورە و بچوکەوە کۆبوونەوەو بەڵێنیان بە سەیددا، چەند نامەیەك بەو واتایە نووسران و ئاڕاستەی ئەمیرەکانی پیشاوەرو ئەمیری (بەهاول بور[1]) و پاشای (جەتڕاڵ[2]) کرا، وەڵامی زۆر جوان هاتن لە بەرامبەر ئەم هەنگاوە پیرۆزە، ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری، سەید

---

(1) میرنشینێکە لە (بنجابی خۆرئاوا) لەسەر سنووری سیند، خێزانێکی موسڵمان حوکمڕانی دەکات کە دەدرێنە پاڵ عەبباسی کوڕی عەبدولموتەڵیبی مامی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەو کات نواب بەهاول خان ئەمیر بوو.

(2) میرنشینێکی گەورەیە لە باکوری پیشاوەر لە چیاکان، ئەو کاتە ئەمیرەکەی سولەیمان شا بوو، ئەم ناوچەیە بە (کاشکار) ناودەبرا.

پەیامی تایبەتی ئاڕاستەی زانایانی هیند و کەسایەتی و ئەمیرەکانی کرد، موسڵمانان بەمە دڵخۆش بوون و بەپێی پلەکانی دڵسۆزیان بۆ ئایین و غیرەتە ئاینیەکەیان و پەیی بردنیان بە نرخی ئەم هەنگاوە پیرۆزو مەترسیدارو شوێنەوارەکەی لە ژیانی موسڵمانان و چارەنووسی وڵاتدا پێشوازیان لێکرد.

***

## هەڵێك کە موسڵمانان بەفیڕۆیاندا

هەواڵی بەڵێندانی خەڵك بە سەید لە شارەکاندا بڵاو بووەوە، سوارەکان بە شەو بە دوای هەواڵەکەدا ڕۆیشتن، خەڵك بەسەر سەیدا ڕژان و بەڵێنیان پێدەدا لەسەر فەرمانبەرداری و گوێڕایەڵی، ئەمیرەکانی پیشاوەرو سەرۆك هۆزەکان _ ئەوانەی لە کۆنەوە بەوە ناسرابوون کە شتەکان دەپێون بە تەرازووی سوودی کرداری و هێزی بەراورد کردن لە نێوان سوود و زیان و بردنەوەو دۆڕان، هەروەها زۆر ڕێزیان دەگرت لە هێزو دانیان دەنا بەوەی ئەستێرەی گەشاوەی هەیە و ملی هەڵکراوە _ بۆچوونیان وابوو کە نابێت جیا ببنەوە لەم هێزە ڕاپەڕیوە، گۆشەگیر بن، لەلایەکی تر بەلایانەوە سەخت بوو خۆیان دابماڵن لە سەرۆکایەتی و سیاسەت و خۆشی و ڕابواردن و پلەو پایەی کە تێیدا بوون، هەروەها سەخت بوو بۆیان پشت بکەن لە داب و نەریتی ئەفغانی و هۆزو تیرە، کە شەریعەت هیچ حوکمێکی لەبارەوە دەرنەکردووە، زانایان کاریان پێ نییە، ئەمەش کارکردنە بە بنەمایەکی

نەفامی نەصڕانی (جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت)، ئایین لەلای ئەوان کورت ببوەوە لە خواپەرستی و چەند بابەتێکی فیقهی، ئەو زانایانە ڕاڤەی ئاینیان دەکرد بەم شێوەیە کە پێشنوێژی بۆ خەڵك دەکەن لە مزگەوت و وانە بە قوتابیان دەڵێن لە قوتابخانەکان، بەڵام لایەنەکانی تر لە لایەنی دارایی و شارستانی و کارگێڕی و سیاسەت و هەر شتێك کە مرۆڤ سەرپەرشتی بکات ئەوا تایبەتە بە ئەمیرەکان و سەرۆك هۆزەکانەوە، کە نەوە دوای نەوە سەرۆکایەتی و ئەمیرایەتیان بۆ ماوەتەوە یان بە زەبری شمشێرو هێزی بازوو بەدەستیان هێناوە.

ڕۆیشتنە لای سەیدی پێشەوا لە کاتێکدا لە مملانێدا بوون لە نێوان سوودی خودی و بەرژەوەندی تاکەکەسی و داب نەریتی نەفامی و ئەفغانی لەگەڵ ئەوەی دەبینن کە خەڵك ڕوو دەکەنە ئەم هێزە ئاسنینە کە سیفەتی ئاینی و سیاسی بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە، بەردەوام لە گەشە و بەرەو پێشچووندایە، دڵەکان گوێیان بۆ ڕادێراوە، دەروونەکان پێشوازیان لێکردووە، جا پێیان وابوو ئەگەر دوابکەون لە بەڵێندان بەم کۆمەڵەیە ئەوا لە پەراوێزی ژیان و پاشکۆی کاروانەکەدا دەژین، هەروەها ترسیان هەبوو لە شڵەژانی پەیوەندی نێوان ئەوان و (ڕەنجیت سینغ)ی حوکمڕانی لاهور، کە لە سایەی ئەودا دەژیان و متمانەی ئەویان هەبوو.

له كۆتاییدا سور بوون لەسەر ڕۆیشتنە پاڵ سەید، چەند نامەیەك لەلایەن ئەمیرەكانی (سەمە[١])ەوە بۆی هات، كە تیایدا پشتیوانی خۆیان دەربڕیبوو بۆ سەرخستنی تێكۆشەران و پێشەواكەیان سەید ئەحمەد، ناوچەی (سەمە)ە دوور لە دەسەڵاتەكانی تر ژیا، سەربەخۆی ناوخۆیی خۆی پاراستبوو، حەزیان دەكرد دەسەڵاتیان فراوان بكەن بۆ ئەم ناوچە دەوڵەمەند و خەستانە، ئەمەش ئەوانی پاڵنا كە سەردانی سەید بكەن و لەگەڵ یەكتر تێكەڵاو ببن و جەنگ لە پاڵ سەیددا بكەن، جا هەر سێ براكە _ سەردار محەممەد خان، سەردار سوڵتان محەممەد خان، پیر محەممەد خان _ بە لەشكری چەك و تۆپ هاوێژەكانیان ڕۆیشتن و سەربازگەیان دانا لە شوێنی (سەرمائی) كە پێنج میل دوور بوو لە (نوشەهرە)، سەید بەمەی زانی و سەردانی ئەوانی كرد، ئەوانیش بەڵێنیان پێدا وەك پێشەوا.

تێكۆشەران لە نەوەكانی وڵات لە هەموو لایەكەوە كۆبوونەوە تا ژمارەیان گەیشتە هەشتا هەزار كەس، ئەم لەشكرە ئیسلامییە ڕوویكردە (شیدۆ[٢])، لەشكری ئەمیرەكانی (پیشاوەر)یش ڕۆیشتە پاڵیان، كە ژمارەیان ٢٠ هەزار سەرباز بوو، بەم شێوەیە ژمارەی سەربازەكان گەیشتە سەد هەزار، ئەمە گەورەترین ڕێژە بوو كە لە ژێر یەك ئاڵا كۆببێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ دوژمن بجەنگێت لەوەتەی سەردەمێكی كۆنەوەیە، ئەگەر _ خوا ئەندازەگیری بۆ

---

(١) سەمەە ئەو شوێنەیە كە دەكەوێتە نێوان (پیشاوەر) و (مەردان)، واتای (سەمە)ە واتە: ئاسان، هۆزەكانی (یوسف زئی) لەو شوێنەدا دادەنیشتن، سەید و تێكۆشەران لەلای ناوبراوان دابەزین، لەوێ پشتیوان و پارێزەری هەبوون.

(٢) شوێنێكە چوار میل لەلای خۆرهەڵاتەوە لە (ئاكورە) دوورە.

کردبا و وا دایناba، ئەفغانیەکان سەرکەوتوو بووبان، مەبەستی خۆیان بۆ خواو ئیسلام پاك کردباوە، خۆیان لە هەموو جۆرە خۆپەرستیەك داماڵیبا، نرخی کاتیان زانیبووبا _ ئەوا ئەمە جەنگێکی یەکلاکەرەوە دەبوو، مێژوویێکی نوێی دادەڕشت و وڵات و ئوممەتی ئیسلامی بەرەو ئاڕاستەیەکی تازە دەبرد، جا خوای گەورە کۆمەڵێکی ئامادەکرد کە دڵسۆز بووە بۆ خواو ئیسلام، خۆی داماڵیوە لە هەموو جۆرە خۆپەرستی و هەواو هەوەسێك، سەرکردەیەك کە زۆر بە ورد و جوانی لە ئیسلام تێگەیشتووە، ورەی بەرزە بۆ دەرخستنی ئیسلام و بەرزکردنەوەی مەشخەڵەکەی، سیفەت و لێهاتوویی پێشەوایەتی تێدایە، سەرکردەیەك کەی نێوان خۆی و خوا، خۆی و خەڵکی پاك ڕاگرتووە، کۆمەڵە دڵێکی باوەڕدارو دەروونی بەرزەفڕو بازووی بەهێزی لە دەور کۆبوونەتەوە، سەربەرزی موسڵمانان گەشتبووە لوتکە، چاوەکان سەرەنجیان دەدا، پیاوچاکانی هیند سەرقاڵی نزاکردن بوون بۆیان، مێژوونووس خامەکەی بەدەستەوە گرت بۆ ئەوەی بەشێکی نوێ لە مێژووی کۆن بنووسێتەوە، مێژوویێك کە چیرۆکی شکست و پەرتەوازەیی و لە دەستدانی هەل و فرسەت و فێڵی ئەمیرەکان و ناپاکی وەزیرەکان و سەرشۆڕکردنی هاوڕێیانی تێدا دووبارە دەبێتەوە، جا ئایا ئەم شتانە مۆڵەت دەدەن لاپەڕەیەکی تازە هەڵبدرێتەوە لە مێژووی موسڵمانان‌دا و ناونیشانی سەرکەوتنێك تۆمار بکرێت؟.

بەڵام ئەستەمە و زۆر دوورە! مێژوو خۆی دووبارە کردەوە لەم جەنگە نوێیەی نێوان هەق و ناهەقدا، ژەهر کرایە ناو ئەو خواردنەی پێشکەشی

پێشەوای سەرکردە کرا، ژەهرەکە کاری خۆی کرد لەسەر جەستە و لاشە و دەمارەکانی، جار بێهۆش دەبوو، جارێکی تر دەهاتەوە هۆش خۆی، جەنگ لە نێوان هەر دوولادا هەڵگیرسا، سەید لە حاڵەتی بێ هۆشیدایە، یار محەممەد خات داوای کرد _ هەر چەندە لەم داوایەیدا دڵسۆز نەبوو _ سەید ئامادەی جەنگەکە بێت، فیلێکی بۆ ڕەوانەکرد تا سواری ببێت، سەید ڕۆیشتە سەر پشتی فیلەکە، مەبەست لەمە ئەوەبوو کە سەید وەك دیل بکەوێتە دەست سیخەکان.

سەید بەم بارە ناهەموارە سواری پشتی فیلەکە بوو، چووە ناو شەڕەکە و جەنگ گەرم بوو، نیشانەکانی سەرکەوتن بەدەرکەوتن، تا وایلێهات هەندێك خەڵك ڕۆیشتنە لای سەید و پیرۆزباییان لێکرد، کەچی سەید جار بێهۆشی دەیگرت و جاریش دەهاتەوە هۆش خۆیی.

ئەمیرەکانی (پیشاوەر) و لەشکرەکانیان هێشتا دەستیان بە چالاکی خۆیان نەکردبوو لەم جەنگەدا، لەم کاتەدا بۆمبێك لەلای سیخەوە هات و لە نزیك یار محەممەد خان کەوت، ناوبراو ئەوسارەکەی تووند کرد و لە گۆڕەپانی جەنگ کشایەوە، لەشکرەکانیشی شوێنی کەوتن، لەم بارودۆخەدا جەنگەکە بەسەر تێکۆشەراندا شکایەوە، بەڵام لە جەنگدا خۆڕاگر بوون و وەك پاڵەوان دەجەنگان.

نەخۆشییەکەی سەید درێژەی کێشا، خوای گەورە خێری موسڵمانانی ویست و سەیدی لە ژیاندا هێشتەوە، سەید جار دوای جار دەرشایەوە،

بەمەش ژەهرەکەی دەردەهێنایەوە، خاوەن بۆچوونە پایەدارەکان پێیان وابوو بەرژەوەندی لەوەدایە کە لەشکرد لە شوێنێکی تۆکمە و ئارامدا جێگیر بکرێت، وەك هونەری جەنگی و جێگۆڕینی دەستەکان، تا ڕیزی تێکۆشەران یەك دەخرێت، سەیدیش دەگەڕێتەوە بارودۆخی ئاسایی، سیخ بۆسەیان دانابووەوە تا بە دیل بیگرن، پیلانی بۆ ئەم مەبەستە دانابوو بە ڕێکەوتن لەگەڵ ئەمیرەکانی (پیشاوەر)، بەڵام فیلەوانی موسڵمانی دڵسۆز پەیی بەمە برد، بۆیە ئاماژەی کرد بە دوورخستنەوەی سەید لە شوێنی مەترسیدار، هەندێك لە تێکۆشەران سەیدیان برد لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە برینداره موسڵمانان پەنایان بردە بەر دێهاتەکانی دەوروبەر، خەڵکی موسڵمانی ئەم دێهاتانە ئەوانیان پەنادا، بە ڕێزو حورمەت و جوامێریەوە پێشوازیان لێکردن، سەید گەیشتە لایان و دڵیان ئارام بوو و سوپاسی خوایان کرد لەسەر سەلامەتی سەید، ڕازی بوون بە قەزاو قەدەری خوا.

لە دەوری سەید کۆبوونەوە، سەید خوای بیر ئەوان خستەوەو هانیدان لەسەر تۆبە و گەڕانەوە، وتی: پێویستە لەم ناخۆشیەدا ورد ببینەوە لە کارو کردەوەو ژیانمان، خوای پاك و بێگەرد دەفەرمووێت: ﴿وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٖ فَبِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٖ ٣٠﴾ الشورى واتە: (هەر بەڵاو نەهامەتیەکتان بەسەردا بێت، ئەوە دەرەنجامی کارو کردەوەی خۆتانە، بەڵام _ ئەوەندە خوایەکی میهرەبانە _ لە زۆربەی گوناهو هەڵەکانتان خۆش دەبێت). ﴿وَيَوۡمَ حُنَيۡنٍ إِذۡ أَعۡجَبَتۡكُمۡ كَثۡرَتُكُمۡ فَلَمۡ تُغۡنِ عَنكُمۡ شَيۡـٔٗا

﴿وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ ٱلْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ ثُمَّ وَلَّيْتُم مُّدْبِرِينَ ﴿٢٥﴾﴾ التوبة.

واته: (له ڕۆژی حونەینیش کاتێك زۆری ژمارەی خۆتان سەرسامی کردبوون، جا _ بینیتان _ ئەم زۆریە هیچ فریاتان نەکەوت و بێنیازی نەکردن، زەویش چەندە فراوانە لێتان هاتەوە یەك و تەنگ بووەوە، لەوەودوا هەمووتان پشتتان هەڵکرد و ڕاتان کرد).

سەید وتی: هەندێك لە خواردنەکەم ژەهری تێکرا بوو، وەك چۆن خواردنی پێغەمبەری خواش (ﷺ) ژەهراوی کرا بوو، ئافرەتێکی جولەکە پیلی کاوڕێکی ژەهراوی کرد بوو[1]، من ئەمە بە ڕێزو چاکە و بەخششی خوا دەزانم، وەك هەمیشە نەریتی خۆی سەری هەڵهێنا و دەستی بە نزاو پاڕانەوە کرد لە خوا، لاڵانەوەو کروزانەوەکەی درێژەی کێشا، بە لەخواترسی و لەرزو گریانەوە نزاکەی بەڕێکرد تا ئامادەبووانی هێنایە گریان.

ئەوە سەلمێنرا کە ئەوەی ڕویدا پیلانگێڕی (یار محەممەد خان) بوو بۆ ڕازیکردنی هاوەڵ و خۆشەویستەکەی، حوکمڕانی (لاهور)[2]، ناوبراو زۆر بە

---

(١) لە سیرەی ئیبن هیشامدا هاتووە: (زەینەبی کچی حارس کە دەکاتە خێزانی سەلامی کوڕی مشکم کاوڕێکی برژاوی پێشکەشی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد، ئافرەتەکە پرسیاری کرد بوو کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) حەزی لە چ ئەندامێکی کاوڕە؟ پێی وترا: پیل، ئەویش زۆر ژەهری تێکرد، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پارویێکی لە پیلی کاوڕەکە جوی، بەڵام قووتی نەدا و فڕێیدا). چیرۆکەکە بە درێژی بخوێنەوە لە کتێبی (ژیاننامەی پێغەمبەر ٢/٣٣٧ _ ٣٣٨) دانراوی ئیبن هیشام.

(٢) مێژوونووسی هیندۆسی هاوچەرخی ئەو کات (لالەهـ سوهن لال) لە کتێبی (عمدة التواریخ)دا وتویەتی: (لەو وڵاتانەی دەکەونە ئەو دیو ڕووباری سند بە شێوەیەکی ڕێژنەیی هەواڵ و خەبەر هاتن کە شا یار محەممەد خان ژەهری کوشندەی کردبووە ناو خواردنی سەیدەوە، لەشکری خۆیشی لە

دڵخۆشی پێشوازی لەم (هەواڵە خۆشە) کرد لە ناو دەستوپێوەندی پاشایی لە لاهور، حکومەتی لاهور ئەم ماوەیە شڵەژابوو و سەرقاڵ بوو بەم جەنگە یەکلاکەرەوەیە کە چارەنووسی دیاری دەکرد، ڕێڕەوی مێژووی دەگۆڕی، جا کاتێك دەسەڵاتدارانی لاهور بیستیان کە دۆستە دڵسۆزەکانیان لە (پیشاوەر) بێ نیازیان کردووە لە جەنگ و ئەوانیان حەساندەوە لە هەڕەشەی گەورەترین و چڕترین هێز، کە بۆ ماوەیەکی زۆر بوو لەشکری وا بۆ جەنگی ئەوان کۆ نەبووەوە، حوکمڕانانی لاهور سوپاسی کارەکەی دەسەڵاتدارانی پیشاوەریان کرد و شادومانی و بەختەوەری خۆیان خستەڕوو، فەرمانیان کرد ماڵەکان ڕووناك بکەنەوە، تۆپەکان بهاوێژن، (مەهارجە) فیستیڤاڵێکی مەزنی نمایشکرد، پارەو سامانێکی زۆری بەسەر هەژاراندا دابەشکرد وەك نیشانەیەك بۆ خۆشی و شادومانی و سەرکەوتنە قەشەنگەکە[1].

بەڵام ئەمە هێزو بازووی سەیدی تێکنەشکاند، ناوبراو ورەو تواناکەی گێڕایەوە، هەڵسا بە ئەنجامدانی چالاکی نوێ، گڕو تین دان بە جۆش و خرۆش بۆ بانگەواز کردن بۆ تێکۆشان، گەڕان و سوڕانێکی بانگەوازی فراوانی ئەنجامدا لە ناوچەکانی (بەنیر) و (سوات[2]) و سەردانی گوند و دێهات و شارەکانی کرد و چەند ڕۆژ و هەفتەی لەوێدا بەڕێ دەکرد، لەگەڵ زانایان و

---

گۆڕەپانی جەنگ کشابووەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو هاوەڵایەتی و دۆستایەتیە بوو کە لە نێوان ئەو و شا ڕەنجیت سینغ هەبوو).

(1) بگەڕێوە بۆ کتێبی (زەفەڕ نامە) دیوانی: ئەمرناتها: ١٨١.

(2) چەند ناوچەیەکی جەنگی زۆر بایەخدارن، هەندێك هۆزی بەهێزی ئەفغانی لەوێ نیشتەجێن، بە بوێری و چاونەترسی و جوامێری ئاینی ناسراون.

سەرکردەکان کۆدەبووەو جوامێری ئاینی لە ناخی ئەواندا دەجوڵاند و پشکۆی باوەڕی گەرم و گوڕتر دەکرد و هۆشیاری ئاینی و هەستی ڕاستەقینەی لە ناخیاندا بە ئاگا دەهێنایەوە.

لەم ماوەیەدا چەندین دەستە و کۆمەڵانی خۆبەخش و تێکۆشەر لە هیندەوە هاتن بۆ لای سەید، کە گەورە زانا و پیاوانی بەهێزو گەنج و لاوی بەجۆش و خرۆشیان تێدا بوو، هەروها لەم ماوەیەدا باڵوێزێکی نارد بە دیارییەوە بۆ پاشای (جەتڕاڵ) بانگی کرد بۆ تێکۆشان لە پێناوی خواو سەرخستنی تێکۆشەران.

لەوانەی کە لەم ماوەیە هاتن و بە سەید گەیشتن شێخی ئیسلام شێخ عەبدولحەی بەرهانوی و شێخ قەلەندەر بوون کە نزیکەی هەشتا تێکۆشەری هیندۆسیان لەگەڵدا بوو، هەروەها شێخ ڕەمەزان سەهانفوری بە سەد پیاوەوە، شێخ ئەحمەدوڵای میرتەهی بە حەفتا پیاوەوە، شێخ موقیم ڕامفوری بە نزیکەی چل گەنجی بەهێزو ڕاهێنراو و بە جۆش و خرۆش و چەکدارەوە، کە زۆر لێهاتوو بوون لە جۆرەکانی ئەسپ سواری و هونەرەکانی جەنگ.

هەزارن کەس لە خەڵك لەم گەشتە پیرۆزەدا لەسەر دەستی ئەو تۆبەیان کرد، بەڵێنیان پێدا لەسەر تێکۆشان لە پێناوی خوادا، لەم گەڕەدا سەید ناکۆکی چارەسەر کرد کە لە نێوان هەندێك لایەنی ناکۆك و ململانێکاردا هەبوو و قسەیان لەگەڵ یەکتر نەدەکرد.

لەم گەشتە سەرکەوتووە گەڕایەوە کە چەندین دڵی نوێی و کۆمەڵی تازەی بەدەستهێنا، بۆ ماوەی سێ مانگ ڕۆیشتە (بەنجتار) کە گوندێکە لەسەر سنووری سوات، لە سێ لاوە چیا دەوری دەدا، جا وەك قەڵایەکی جەنگییە، سروشت یارمەتی داوە لە بەرەنگاری و خۆپارێزیدا، سەردار فەتح خان سەرۆکی هۆزی (خدوخیل) بانگی کرد بۆ ڕۆیشتن بۆ ئەم گوندە، ناوبراویش یەکێك بوو لەوانەی بەڵێنی بە سەیددا بوو، پێشنیاری ئەوەی بۆ سەید کرد کە ئەم دێهاتە بکاتە بارەگایەکی بەردەوام و ناوەندێکی سەربازی بۆ تێکۆشەران، سەید وەڵامی ئەم پێشنیازەی دایەوە، هەر لە دوای گەڕانەوەی لە (سوات) و (بەنێر) ڕاستەوخۆ بارەگای بۆ گوندی ناوبراو گواستەوە.

***

# ژیان لە سەربازگەی ئیسلامیدا

تێکۆشەران لە گوندی (بەنجتار) نیشتەجێ بوون، دوای ئەوەی کاتێکی زۆریان بەسەر برد لە جوڵە و جێگۆڕینی بەردەوام، بەڵام لێرەدا کەمێك هەناسەیاندا، شیرینایەتی ئاسایش و ئارامیان چەشت، ڕەوشتی ئیسلامی درەوشایەوە، ڕێبازی ئیمانی سەربازی دەرکەوت _ کە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بوو سەرکردە و پەروەردەکارەکەیان بە وردی کاری لەسەر کرد بوو _ لە جوانترین دیمەندا، لەم دەڤەرە دوورو گەمارۆدراوە بە چیاکان ژیانێکی ئیسلامی کۆمکار خۆی نواند، کە تیایدا خواپەرستی و تێکۆشان لەگەڵ ناخ و دەروون پرشنگیدا لە پاڵ تێکۆشان لە پێناوی خوادا، برایەتی و یەکسانی و خزمەت و دڵدانەوەو لەخۆبوردەیی و سۆز دەرکەوت لە پاڵ دونیانەویستی و دەست گرتنەوە لە قەدەغەکراوەکان و سەرقاڵ بوون بە دەست و بازوو، جا لە کاتێکدا بە زەبرو زەنگ بوون لەسەر بێ باوەڕان و ئەسپ سواری گۆڕەپان بوون بە ڕۆژ کەچی لە شەودا خواپەرست بوون، جا لە کاتێکدا لە خواپەرستییەکەیاندا لە خواپەرستە مەزنەکان بوون، لە بوێرشیاندا لە پاڵەوانان بوون[1]، ڕەق و تەقی و نەرم و نیانی و سەربەرزی و خاکی بوونیان بەیەکەوە کۆدەکردەوە، دوای ماوەیەکی گەلێك دوورو درێژ مێژوو

(1) ئەمە ڕستەیەکە، وەرگیراوە لە ئەمیر شەکیب ئەرسەلان _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _، ئەم ڕستەیە لە پەراوێزەکانی ناوبراودا هاتووە کە لەسەر کتێبی (ئێستای جیهانی ئیسلامی) نووسیویەتی لە وەسفی سەروەرم ئەحمەد شەریف سەنوسی.

نموونەیەکی زۆر جوانی کۆمەڵگەی موسڵمانی بەدی کرد کە لە سەدەکانی سەرەتادا دەژیان.

ئەم ژیانە لەسەر دوو پایەی کۆن دامەزران، کە لە مەدینەی شاری پێغەمبەری خوا (ﷺ) ژیانی لەسەر دامەزرابوو، ئەم دوو پایە چاکەیان هەبوو لە دروستکردنی مێژوو و ئاراستەکردن و بە هاوارهاتنی مرۆڤایەتیدا، ئەوانیش بریتی بوون لە: کۆچکردن و پشتیوانی و سەرخستن، کە لە نێوان کۆچبەران و پشتیوانان دابەش ببوو، کۆچبەران کە لە هیندەوە هاتبوون، پشتیوانانیش ئەوانەی کە پێشتر ماڵ و شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیان ئامادە کردبوو و لە کۆنەوە لەو وڵاتەدا نیشتەجێ ببوون، برایەتیەکی نوێ لە نێوانیاندا دامەزرا، لە پاڵ برایەتی ئیسلامی کۆن، کۆچبەران ژمارەیان دەگەیشتە هەزار کەس، سێ سەدیان لە گەڵ سەیدی پێشەوا لە گوندی (بەنجتار) نیشتەجێ بوون، حەوت سەدیان بەسەر دەورو پشت و گوندەکانی دراوسێدا دابەش بوون، جا زۆر لە یەك نزیك بوون و بەیەکەوە بەسترابوونەوە، وەك ئەوەی ناوچە و گەڕەکی یەك شار بن، خواردن و دانەوێڵەیان بەسەردا دابەش دەکرا لە خانەی دارایی (بيت المال) کە سەید لەسەر بنچینەی ڕێڕەوی ئیسلامی ڕەوا دایمەزراندبوو، خەڵکی ئەوەی پێویستیان بووبا لە جل و بەرگ و شتومەك لە خانەی داراییان دەستدەکەوت.

ژیان لەم کۆمەڵگە موسڵمانەدا دەگوزەرا لەسەر بنچینەی کەمخواردن و دەستگرتنەوە لە خواردن و خواردنەوەدا، پشت بەستن بە ئەندازەی پێویست، نەك پشت بەستن بە زۆر خواردن و خواردنەوەو ژیانی و نەرم و نیان و پاك، ئەوان کۆچیان کردووە لە پێناوی خوادا، لە کاتێکدا لە وڵاتی خۆیاندا هەموو ئەو شتانەیان هەبووە کە دەوڵەمەند و تێرو پڕیان بکات و ژیانێکی خۆشیان بۆ دابین بکات، هەروەك ئەم فەرمایشتەی خوای مەزنیشیان خوێندۆتەوە:

﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ لَا يُصِيبُهُمْ ظَمَأٌ وَلَا نَصَبٌ وَلَا مَخْمَصَةٌ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَطَـُٔونَ مَوْطِئًا يَغِيظُ ٱلْكُفَّارَ وَلَا يَنَالُونَ مِنْ عَدُوٍّ نَّيْلًا إِلَّا كُتِبَ لَهُم بِهِۦ عَمَلٌ صَٰلِحٌ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٢٠﴾ ﴾ التوبة. واتە: (لەبەر ئەوەی بەڕاستی هیچ تێنوێتی و ماندوویێتی و برسێتیەکیان تووش نەدەهات لە پێناوی خوادا _ بە فیڕۆ بچێت _، نەدەچوونە هیچ شوێنێك و پێیان نەدەخستە هیچ جێیەك بێ باوەڕان پێی سەغڵەت بن، دەستیان لە هیچ دوژمنێك نەدەوەشاند، کە نەبێتە هۆی ئەوەی بە کارو کردەوەیەکی چاك بۆیان تۆمار نەکرێت، بەڕاستی خوا پاداشتی چاکەکاران بە فیڕۆ نادات).

هەروەها گوێبیستی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوونە[1]: (مرۆڤ هیچ دەفرێکی پڕ نەکردووە کە لە سکی خۆی خراپتر بێت، ئەوەندە بەسە بۆ مرۆڤ چەند پاروویەك بخوات بۆ ئەوەی هێزی تێدا بێت و بتوانێت خۆی ڕاگرێت، گەر هەر پێویست بکات ئەو کاتە با سکی بکات بە سێ

[1]) تورمزی گێڕاویەتیەوە.

بەشەوە: بەشێکی بۆ خواردن، بەشێکی بۆ خواردنەوە، بەشەکەی تر بە بەتاڵی بهێڵێتەوە بۆ هەناسە)[1].

پێشەواکەیان هاوبەشیان بوو لەم ژیانەیاندا، خۆی لەوان جیا نەدەکردەوە بە هیچ شتێك، لەگەڵ ئەوان برسی دەبوو و دەیخوارد، خەڵکی ئەو شوێنەی ئەوانیان لەلای خۆ نیشتەجێ کردبوو پاشا و ئەمیرو دەوڵەمەند و هەبوو و خاوەن ژیانی زۆر خۆش نەبوون، بەڵکو زۆربەیان جوتیار بوون، خاوەن ژیانێکی مام ناوەند بوون، دڵی برا کۆچبەرەکانیان دەدایەوەو یارمەتیان دەدان لە ژیان و گوزەراندا.

تێکۆشەران ژیانی سروشتی ئیسلامیان دەگوزەراند، هیچ زۆر لە خۆکردن و نواندێکی تێدا نەبوو، دوور لە لوتبەرزی و خۆهەڵکێشان و داب و نەریتی نەفامانە کە موسڵمانان باوەڕیان پێ هێنابوو و دەستیان پێوەگرتبوو لە سەردەمانی کۆنەوە، هەروەها دوور لە چڵەپۆپی شارستانیەتی بیانی دەستکرد، وەك: جوامێری نەفامانە و ناوهێنان بە ڕەچەڵەك و پیشە، بە سوك سەیر کردنە ئەو کارو پیشەی هەژاران و چینە نزمەکان، کارە بچوکەکان، هەر یەکەیان خزمەتی هاوڕێکەی دەکرد، یارمەتی دەدا لە هەر شتێك کە پێویستی پێ هەبووبا، هەندێك قژی هەندێکی تریان دەتاشی، جلی خۆی دەشۆرد، دانەوێڵەی دەکوڵاند، خواردنی ئامادە دەکرد، داری دەبڕی، ئالیکی دەدایە وڵاغەکان، ئەسپەکانی پاك دەکردەوە، دڵی نەخۆشی دەدایەوە،

(١) ئەمانە چەند نیشانەیەکن، ڕۆشنایی دەخەنە سەر ئەم کۆمەڵگەیە ئیسلامییە، لە پەیامەکەی شێخی ئیسلام مەولانا عەبدولحەی بەرهانوی وەرگێراون کە بۆ هاوەڵەکانی لە هیند نووسیویەتی.

شتی پیس و پۆخڵی هەڵدەگرت، یارمەتی برادەکەشی دەدا لە دوورینەوەی پێڵاو و سۆڵ و بەرگ درووی، لەسەر زەوی دەنووستن، بەرگەی سەختیەکانیان دەگرت، قسەی پڕو پوچ و لە پاشەملە باسکردن و قسە هێنان و بردن و ئیرەیی و ڕق و کینەیان نەدەناسی، دڵیان بەیەك گەیشتبوو، یەکتریان لە پێناوی خوا خۆش دەویست، کەچی کەسانی واشیان تێدابوو کە لە ناو خۆشگوزەرانی و دەوڵەمەندیدا ژیابوو، لە نێو خزمەتکارو دەستو پێوەند و باوەشی سۆزی باوان و خۆشەویستی خۆشەویستان و بەگەورە دانان لەلایەن شوێنکەوتووان، بەڵام لەگەڵ براکانیان بەشدار بوون لە خۆشی و ناخۆشی و هەبوون و نەبووندا، لەگەڵ ئەوان هاریکاریان کرد لە خزمەتکردندا.

ئەوانەی لە دوای ئەوان هاتن لە هیندەوە، هێشتا لەم ژیانە ڕانەهاتبوون، ئەم ڕەوشتەیان لە خۆدا بەرجەستە نەکردبوو، لە باوەشی پێشەوای پەروەردەکاردا پێنەگەیشتبوون، چەند ڕۆژێك وا مانەوە بە نەنگیان دەزانی کاری وا بکەن، وتیان ئەمە کاری خەڵکی گێل و گەوجە و بێ نرخە، شایستەی خانەدان و خاوەن ڕەچەڵەك و نەژادەکان نییە، سەید پەیی بەمە برد، نەریتی وابوو بە تەنها ئامۆژگاری یان سەرزەنشتی هیچ یەکێکی نەدەکرد، بەڵکو دەیگشتاند، گوتاری گشتی پێشکەش دەکرد[1]، نموونەی زۆر

---

[1] سەید لەمەدا ڕەوشتی پێغەمبەری جێبەجێ دەکرد، جا لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) هاتووە کە ویستویەتی ڕێگری لە کارێك بکات یان بەرپەرچی بداتەوە، بۆ ئەم مەبەستە گوتارەکەی گشتاند و وتی: ئەوە چییە کەسانێك ئاواو ئاوا دەکەن.

دانایانەی لەم بارەوە دەهێنایەوەو بەسەرهاتی خۆی دەگێڕایەوە، بۆ نموونە جارێکیان وتی:

((ئافرەتێك مێردی مردووە، مندالی وردی لە دوای خۆی جێهێشتووەو هیچ مالّ و دارایی و خانووێکیشی لە دوا بەجێ نەماوە، ئەم بێوەژنە هەژارە ناچار بوو خوری بچنێت و بەرگ درووی بکات و نان بپێژێت و هەموو کارێکی سەخت و گران بکات بۆ ئەوەی قوتی مندالە هەژارەکان دابین بکات، ئەمەشی بەهیوای ئەوە دەکرد کە ئەم مندالانە پێدەگەن و دەبنە گەنج و لاو، ژیانی خۆیان دابین دەکەن و خواردن و پێداویستەکانی ژیان بۆ دایکیان فەراهەم دەکەن، لە پیر بووندا بایەخ بە دایکیان دەدەن، دایکەکەش لە دوای ماندوویێتی دەحەسێتەوەو لە پاش ناخۆشی خۆشی دەکات، بێگومان ئومێدەکەی لاوازە و لەبەردەم مەترسیدایە، کێ دەزانێ؟ ئەو مندالانە لە ژیاندا دەمێنن، پێدەگەن، ئەگەر پێگەیشتن و بە تەمەندا کەوتن مندالی باش دەبن و ماڤی دایکیان دەدەن و چاکەکەی دەزانن یان هەر لە تەمەنی لاوێتیدا دەبنە نێچیری مەرگ، ئەگەر لە هەموو ئەمانەش دەرچوون، ژیانیان بە بەرەوە ما، لەوانەیە پشت لەو دایکە بە سۆزەیان بکەن کە زۆر بە نارەحەتی و سەختی ئەوانی لە سکدا هەلگرتووە و بە هەولّ و کۆششی دوورو درێژ ئەوانی پێگەیاندووە، هەموو ئەو شتانە دەکرێ ڕووبدەن و لە شانۆی ژیانیشدا چەندین دیمەنی وا بینراون، بەلام دایك پەروەردەی ئەوان بەجێ ناهێلێت لەبەر ئەم خەیالّ و مەترسیانە، بەلکو بەرگەی سەختی و ناخۆشییەکان دەگرێت، ئەی چی دەلێی بۆ ئەو برایانەمان کە لە پێناوی

خوادا كۆچیان كردووەو ئامادەی ئەنجامدانی هەر كارێكی سەختن، ئەگەر لەو كارەش ڕانەهاتبن، لالوتی ناكەن لە ئەنجامدانی هیچ كارێك هەر چەندە بێ نرخ یان سووك بێت، هەموو ئەم كارانە بۆ ڕەزامەندی خواو نزیك بوونەوە لێی ئەنجام دەدەن، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە خۆی و هاوەڵانی ئەم كارەیان كردووە، هەروەها پیاوچاك و خۆشەویستانی خوا لە سەردەمانی خۆیان ئەمەیان كردووە، ئەمەش هیچ مەترسی و گومان و بێ ئومێدییەكی تێدا نییە، وەك چۆن لە بەسەرهاتی دایك و منداڵەكان بینیمان، بەڵكو خوا بەڵێنی پاداشتی زۆری داوە لەسەر ئەمە، ڕزق و ڕۆزی و گوزەرانی ئەوی مسۆگەر كردووە، هەواڵی ڕاست و دروست زۆر لەو بارەوە هاتوون، بۆیە هیچ ماوەیەك بۆ گومان نییە، هیچ پاڵنەرێكیش بۆ شڵەژان و دوودڵی لە ئارادا نییە.

ئەو برایانە كە وڵاتیان جێهێشتووە، ماڵ و خێزانیان فەرامۆش كردووە، حەسانەوەیان پشتگوێ خستووە، خۆیان دابڕیوە لەو خۆشی و بەختەوەریەی تێیدا بوون، هەموو ئەمانەیان لە پێناوی خواو بە مەبەستی ڕازمەندی ئەو كردوویانە، بەڕاستی ئەوانە گەوهەری ڕێزدارو ناوازەو دەگمەنن، خوای گەورە لە نێوان هەزاران كەس هەڵیبژاردوون، سەركەوتنی باوەڕ ئەوانی ڕاكێشاوە بەرەو ئەم دەڤەرە دوورە، بەڕاستی ئێمە پێگە و نرخ و بەهای ئەوان دەزانین و لە باوەش و سینەی خۆمانەوە دەیانگوشین، لە خۆشەویستترین و بەڕێزترین شوێنی دڵ و دەروونمان دایاندەنێین)).

بەم وشە ناسك و كاریگەرو شێوازە ڕەوانبێژو دانایانەكەی دڵ و دەروونی هاتووانی نەرم دەكرد و گرێیەكەی دەكردەوە، بەمەش تێكەڵ دەبوون لەم زەریا باوەڕیی و ئیمانیە، لەگەڵ براكانیان لە ژیان و ڕەوشت و یەكسانی پرسە و سەرەخۆشیان دەهاتنەوە.

سەیدی پێشەوا بەشدار دەبوو لە سەرجەم كارو كردەوەی تێكۆشەراندا، جارێكیان شێخ ئیلاهی بەخش رامبوری بینی كە ئاشی دەگێڕا و دانەوێلەی دەهاڕی، لەگەڵی دانیشت و ئاشەكەی دەگێڕا و دانەوێڵەی دەهاڕی و وتی: كاری دانەوێڵە هاڕینم لە شاری مەككە ئەنجام داوە، دەمەوێت بەهەمان شێوە ئەم كارە ئەنجام بدەمەوە، لە ناو خەڵكدا بڵاوبووەوە كە سەید دانەوێڵە دەهاڕێت، بەمە خەڵك كۆبووەوە، جا وای لێهات ئەو كەسەی ئەم كارەی بە نەنگی دەزانی خۆی شانازی پێوە دەكرد و بە چاكی ئەنجامی دەدا، ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان ستوومەنی بڕابا، ئەوا فەرمانی دەكرد كە بیور (ئامرازی داربڕ)ەكان بێنن و ڕووی دەكردە دارستان، خەڵكیش بە بوێریەوە یاوەریان دەكرد، ئەم هەواڵە بەناو لەشكردا بڵاو دەبووەوە، جا خەڵك كۆدەبووەو بەشوێن پێهەڵگرتنی پێشەواكەیان درەختیان دەبڕی و دەینگواستەوە بۆ سەربازگە.

ڕۆژێكیان خەڵك سكاڵایان كرد لە دەست ئەو وردە بەردانەی كە ئازاریان دەدەن لە نوێژی هەینیدا، فەرمانی كرد كە داسەكان بهێنرێن، وتی: سبەی دەچینە دەشت و وشكانی، پوش و پەڵاش و گیا دەهێنین بۆ مزگەوت،

ئەمەیان کرد، سەید لەگەڵ هاوڕێکانی ڕۆیشت و پوش و پەڵاشی هەلگرت و هێنای و وەك ڕایەخ مزگەوتی پێ ڕووپۆش کرد، خەڵك حەسایەوە، ڕۆژێکیان خەڵك گلەیی ئەوەیان کرد کە ڕۆژ دەچێتە ناو ڕەشماڵەکان و ئازاریان دەدات، سەیدیش فەرمانی کرد داسەکان بهێنرێن، لەگەڵ هاوڕێکانی ڕۆیشتن پوش و پەڵاشیان هێنا، خانووی جوانیان لێ دروست کرد، دەرگا و پەنجەرەی هەبوون، سەربازی سەربازەکان سەرسام بوون بەم خانوانە و ئەوانیش هەمان شتیان کرد، بەم پێیە چەندین خانوو و کوخی زۆر دروستکران کە تێکۆشەران تێیدا حەسانەوەو ڕزگاریان بوو لە ئێشی خۆر و ئازاری سەرما و سۆڵ و باران.

ئەگەر ئاو لە سەربازگەدا نەمابا، دەچوو بۆ ئەوەی ئاویان بۆ بهێنێت و گۆزەی هەڵدەگرت بۆ ئەم مەبەستە، خەڵکیش چاویان لێدەکردەوەو گۆزەیان هەڵدەگرت و ئاویان دەهێنا بۆ سەربازگە، جار وابوو بەردی گەورەی لە کەناری ڕووبار هەڵدەگرت و دەیهێنا بۆ دروستکردنی دیواری حەوشەی مزگەوت، ڕازی نەدەبوو یەکێك لێی وەربگرێت بەمەبەستی لەسەر سووك کردنی، دەیوت: (ڕێگریم لێدەکەن لە کاری چاکە، دەتانەوێت زمان لووسیم بۆ بکەن، وەك چۆن دەستو پێوەندەکانی ئەمیرو سەرکردەکان زمان لووسیان بۆ دەکەن، جاری وا بوو بەهۆی بەهێزیەکەی بەردی وای هەڵدەگرت کە کەسانی بەهێزی سەربازگە نەیاندەتوانی شتی وا هەڵبگرن.

ئا ئەمە خەسڵەتی بوو، دەستپێشخەر بوو لە ئەنجامدانی ئەم کارە سەختانە وەك کێبڕکێ کردن بەرەو کاری چاکە، هەروەها بەشداریش بوو لە سەرجەم کارەکاندا و بەهیچ شتێك خۆی لەوان جیا نەدەکردەوە.

شەپۆلی بەشداری و هاریکاری لە کۆمەڵگەی موسڵماندا پەلی هاوێشت، خەڵکی کێبڕکێیان دەکرد لە ئەنجامدانی هەر کارێك کە ببایە مایەی یارمەتی و حەسانەوەی براکانیان، ئەو مێژوونووسانەی تەمەنیان درێژ بوو و گەڕانەوە هیند لە مێژووی ئەم کۆمەڵەیەدا چەندین هەواڵی زۆریان گێڕایەوە، چیرۆکی زۆر سەرنجڕاکێشیان خستەڕوو لە دڵڕاگرتن و برایەتی و ڕاستگۆیی و لەخۆبوردن و بە ویژدان بوون و ملکەچی بۆ حوکمە شەرعییەکان و دەستپاکی و داوێن پاکی.

ئەمەش چەند نموونەیەکن بۆ خوێنەر دەیانخەینەڕوو:

***

## ئەگەر کەسێك لێخۆشبوونی هەبێت ئەوا پاداشتی لای خوایە

خزمەتکارێك کە ناوی (لاهوری) بوو، بە ڕووخسار کەسێکی خاکی بوو، خزمەتی ئەسپی تێکۆشەرانی دەکرد و ئالیکی دەدانێ، بووە قڕەو کێشەی لەگەڵ پیاوێك کە ناوی (عینایەتوڵا) بوو و خاوەن پێگە بوو لەلای سەیدی پێشەواو هاوڕێ پێشووەکانی، (عینایەتوڵا) بە توندی توڕە بوو، زلەیەکی لە (لاهوری) خزمەتکاردا کە بەهۆیەوە کەوتە سەر زەوی و لەبەر ئێش و ئازاری خۆی سەراوژێر دەکرد.

هەواڵەکە گەیشتە سەیدی پێشەوا، ناوەڕۆکی کێشەکەی زانی، بۆیە بە توندی لەگەڵ (عینایەتوڵا) جوڵایەوەو سەرزەنشتی کرد، وتی: لەوانەیە بۆیە بوێریت بەخۆدابێت کە ئەم کارە بکەیت بەهۆی ئەو پلە و پێگەیەی کە لای من هەتە و ئاست و ئیشی ئەو خزمەتکارەت لا نزم بێت، ئەمە با لەخۆبایت نەکات، تۆو خزتەکارەکە لای من یەکسانن، هیچ یەکێك لەوەی تر مەزنتر نییە، خەڵکی هەموویان هاتوون و لێرەدا کۆبوونەتەوە تەنها بۆ شارەزابوونە لە ئایین.

ئەم کێشەیەی بە دادوەری سەربازگەکە سپارد و پێی وت: نەکەی لە ڕاست و دادگەری لابدەیت، داوەری بکە لە نێوانیاندا بەوەی خوا نیشانی داویت و ڕێنوێنی کردیت، نەکەیت بەرگری لە ناپاکان بکەیت.

شتەکە ڕوون و ئاشکرا بوو، لاهوری مافی ئەوەی هەبوو تۆڵە لە عینایەتوڵا بسەنێتەوە، زلەیەکی لێ بدات، چونکە هەر زامێك تۆڵەی بە ئەندازەی خۆی بۆ وەردەگیرێتەوە، بەڵام خەڵکی ترسان لەوەی ئاشوب سەرهەڵبدات، ئەم تۆڵەسەندنەوەیە سەرەنجامێکی سوپاسکراوی نەبێت، دەکرێ تووڕەیی عینایەتوڵا دابگرێتەوەو دووبارە هێرش بکاتە سەر خزمەتکارەکە، خەڵکی باسیان لەوە کرد کە پێویست بەم تۆڵە سەندنەوەیە ناکات.

خەڵك هەوڵ و کۆششیاندا کە لاهوری لە مافی خۆی بێتەخوارەوە، لە پێناوی خوا و بۆ وەلانانی خراپە و ئاشوب لە دژەکەی خۆش ببێت، دادوەر ویستی ڕازی بکات و خەڵك هەوڵیاندا تێی بگەیەنن، پێیان وت: ئەگەر لە هاوەڵەکەت خۆش ببیت و لە مافی خۆت بێیتە خوارەوە ئەوا پاداشتێکی زۆرت لای خوا دەستدەکەوێت: ﴿وَجَزَٰٓؤُاْ سَيِّئَةٖ سَيِّئَةٞ مِّثۡلُهَاۖ فَمَنۡ عَفَا وَأَصۡلَحَ فَأَجۡرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ٤٠﴾ الشورى. واتە: (خۆ ئەگەر کەسێك لێخۆشبوونی هەبێت و چاوپۆشی بکات، ئەوا پاداشتی لای خوایە، بەڕاستی خوا ستەمکارانی خۆش ناوێت).

بەڵام ئەگەر تۆڵەی خۆت وەرگرتەوە، ئەوا تۆو هاوەڵەکەت یەکسان دەبن و شایەنی پاداشت و ستایش نابیت.

لاهوری خزمەتکار بە سادەیی وتی: ئەگەر تۆڵەی خۆم وەربگرمەوە لە هاوەڵەکەم گوناهم دەگاتێ، وتیان: نا! بەڵکو هەمووی لەلای خواوەیە: ﴿ وَلَمَنِ ٱنتَصَرَ بَعۡدَ ظُلۡمِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَا عَلَيۡهِم مِّن سَبِيلٍ ﴿٤١﴾ ﴾الشورى واتە: (لە ڕاستیدا ئەوەی تۆڵە و مافی خۆی دەستێنێت دوای ئەوەی ستەمی لێکراوە، ئەوانە لێپرسراو نابن، ئەگەر لە سنوور لانەدەن). لاهوری خزمەتکار وتی: کەواتە تۆڵە لە هاوەڵەکەم دەسەنمەوە.

لێرەدا خەڵك بێ ئومێد بوون و هیوایان نەما، دادوەر: عینایەتوڵای لە بەردەم لاهوری ڕاگرت، بە لاهوری وت: ئەوە پیاوەکەت لەبەردەمە، چۆن لە تۆیدا ئاوا لێی بدەوە.

لاهوری وتی: مافی منە کە تۆڵەی لێبستێنم و لێیبدەم بەوشێوەیەی لێیدام.

دادوەر وتی: بەڵێ.

خەڵکی شڵەژان و دڵنیا بوون کە لاهوری خزمەتکار تۆڵەی دەستێنێت و لە پیاوەکە دەدات.

لاهوری خزمەتکار وتی: خەڵکینە گەواهی بدەن کە دادوەری مافی منی دا و دژەکەمی لەبەردەستم دانا و ئەوەی لەسەری بوو ئەنجامیدا، ئەوە من

تۆڵەی خۆم لە دژەکەم وەردەگرمەوەو هیچ یەکێك ڕێگریم لێ ناکات و هیچ کۆسپێك نییە لە نێوان من و ئەودا و لە هیچ کەسێکیش ناترسم.

جا براکانم گەواهی بدەن، کە من لە براکەم خۆش بووم، لە پێناو ڕەزامەندی خوا مافی خۆم فەرامۆش کرد.

لاهوری خزمەتکار چووە پێش و عینایەتوڵا خانی لە باوەش گرت و تۆقەی لەگەڵ کرد، خەڵکی هاواریان کرد: ئەی چەند خۆش و مایەی شادومانیە، دەك خوا تەمەن درێژتکات ئەی لاهوری خزمەتکار، بەڕاستی ئەو کارەت کرد کە کاری پیاوانە، ئەوەت پیادەکرد کە ئەرکی پاڵەوانانە.

ئا بەم شێوەیە لاهوری کاری کرد بەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿ وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَابَهُمُ ٱلۡبَغۡيُ هُمۡ يَنتَصِرُونَ ٣٩ وَجَزَٰٓؤُاْ سَيِّئَةٖ سَيِّئَةٞ مِّثۡلُهَاۖ فَمَنۡ عَفَا وَأَصۡلَحَ فَأَجۡرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ٤٠ ﴾ الشورى. واتە: (ئەوانەی کە دەستدرێژیان کرایەسەر، دەستەوەسان ناوەستن و بەرگری لە خۆیان دەکەن. جا تۆڵەی هەر تاوانێك بە ئەندازەی تاوانەکەیە بێ زیاد و کەم، خۆ ئەگەر کەسێك لێخۆشبوونی هەبێت و چاوپۆشی بکات، ئەوا پاداشتی لای خوایە، بەڕاستی خوا ستەمکارانی خۆش ناوێت).

***

## یەکێك لە دەستەکانم بەبێ ویستی خۆی لێیدام

مامۆستا دەمانەوێت ئەرکی دابەشکردنی دانەوێڵە لە سەربازگەی موسڵمانانندا بەتۆ بسپێرین!.

ئا بەم شێوەیە سەیدی پێشەوا دووا لەگەڵ پیاوێکی جەستە لاواز، کە دەردو نەخۆشی هیلاکی کردبوو، ناوی شێخ عەبدولوەهاب بوو، خەڵکی (لیکەهنو) بوو.

شێخەکە وتی: سەروەرم من چەندین دەرد و نەخۆشیم لێیە، لەم بارودۆخەدا قورئان کۆدەکەمەوە، کارەکە سەخت و مەترسیدارە، ناتوانم پێی هەڵسم، ئەگەر سەیدی پێشەوا پێی باش بێت لە بەندە بووریت لەمە ئەوا با بیکات.

ساتێك سەید بێ دەنگ بوو، دواتر هانیدا و وتی: پشت بەخوا ببەستە، دەستت درێژ بکە بۆ خزمەتی برا موسڵمانەکان، لە خوا دەپاڕێمەوە شیفات پێبدات و هێزو تەندروستیت پێبدات بۆ کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز لە میانەی ئەم خزمەتە.

شێخ دڵخۆش بوو، وایلێهات کارەکەی بە باشی و دەستپاکی ئەنجام دەدات، خەڵکی ڕازی بوون لە دەستپاکی و چاڵاکبوون و دڵسۆزیەکەی بۆ موسڵمانان و بەزەیی هاتنەوەی پێیاندا، بۆیە ستایشی بەخێریان کرد، شێخ لە دەرد و

نەخۆشییەکانی چاك بووەوەو بەهێزو قەڵەو بوو و قورئانی لەم ماوەیەدا کۆکردەوە.

سەیدی پێشەوا ڕۆژێکیان بە ڕویدا وەستا و بە خۆشی و شادیەوە پێی وت: مامۆستا خوای پاك و بێگەرد تەندروستی و هێزی پێدای و سەرکەوتووی کردی بۆ کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز.

مامۆستاکە وتی: بەڵێ سەروەرم، بەڕاستی خوا وەڵامی نزاکەتی دایەوەو هیوام وایە نزام بۆ بکەیت قورئان لە دڵمدا بچەسپێت و لە بیری نەکەم و سەرکەوتوو بم بۆ ئەوەی جارێك لە نوێژی تەڕاویحدا بەسەردا بخوێنمەوە.

سەید وتی: بە ویستی خوا نزات بۆ دەکەم، تکام وایە لە بەخششی خوا کە لە سینەتدا بیچەسپێنێت و لەبیری نەکەیت، ئەمەش پاداشتی خوا بوو بۆ تۆ لەسەر ئەو خزمەت و دڵسۆزیەی بۆ موسڵمانانت نواند لە ئەنجامدانی ئەم کارە پیرۆزەدا.

شێخ عەبدولوەهاب قورئانی پیرۆزی دەخوێندەوەو دانەویڵەشی دابەش دەکرد لە یەك کاتدا، بە زیاد یان بە کەم هەڵەی نەدەکرد لە دابەشکردنی دانەوێڵەدا.

جا لە ڕۆژێك لە ڕۆژاندا کە شێخ ئاردی دابەش دەکرد، ئیمام عەلی عەزیم ئابادی هاتە لای، کە تازە هاتبووە ناو سەربازگەی تێکۆشەراندا، لاشەی زۆر مەزن و بەهێز بوو و ڕۆیشتە پێشەوەو وتی بەشەکەم پێبدە، شێخ

عەبدولوەهاب وتی: ئارام بگرە براکەم تا نۆبەتی تۆ دێت، ناوبراو خوێن گەرمی گەنجێتی گرتی شێخ عەبدولوەهابی پاڵدا بە هێز، بۆیە بەسەر زەویدا کەوت.

خەڵك عەبدولوەهابیان لەسەر زەوی ڕاکردەوە، قەندەهارییەکان کە لەوێ بوون تورە بوون، خەریك بوو بەسەر ئیمام عەلیدا بدەن، بەڵام شێخ عەبدولوەهاب ڕێگری لێکردن، وتی: ئەوە براکەمە، منی پاڵداوە، بۆچی لێیدەدەن:

یەکێك لە دەستەکانم لێیدام بەبێ ویستی خۆی

خەڵك بێ دەنگ بوو، هەواڵەکە گەیشتە سەیدی پێشەوا، ئەویش پرسیاری لە شێخ عەبدولوەهاب کرد دەربارەی چیرۆکەکە، وتی: سەروەرم ئەوە پیاوێکی چاکە و هاتووە داوای بەشی خۆی بکات، منیش پێم وت: ڕاوەستە تا نۆرەی تۆ دێت، ئەویش بە پەلە بوو و بەبێ ویستی خۆی بەمندا کەوت.

ئیمام عەلی وشەکەی شێخ عەبدولوەهابی بیست و شەرمەزرا بوو، بۆیە هاتە لای و داوای لێبوردنی لێکرد و تۆقەی لەگەڵ کرد.

***

## دەستپاکی لەگەڵ دوژمن

ئەو خوو ڕەوشتانە لە ناخی تێکۆشەراندا ڕۆچوون و خۆیان پێ ڕەنگدار کرد، کە پێشەواکەیان فێری کردبوون و ئەوانی لەسەر پەروەردە کردبوو، وای لێهاتبوو سروشتێکیان بۆ پەیدا ببوو کە لە سەفەرو شوێنی نیشتەجێ بوون و تووڕەیی و ئارامی لێیان جیا نەدەبووەوە، جیاوازی نەدەکرد لە نێوان دوورو نزیك و دژو هاوڕێ، ئا ئەمەش نموونەیەکە لەو دەستپاکیەی کە وایلێهاتووە بووەتە دروشم و خووڕەوشت و سروشتێك.

فەتح عەلی لە سەربازگەی موسڵمانان لە (بەنجتار) ڕۆیشت بەرەو (پیشاوەر) بۆ چارەسەر، وا ڕێکەوت لەلای ئەفسەرێکی سیخەکان دابەزی، لە کاتێکدا جەنگ لە نێوان ئەوان و موسڵماناندا گەرمە.

ئەفسەرەکە وتی: لە کوێ و بۆچی هاتووی برای موسڵمان؟! پێم بڵێ و مەترسێ.

فەتح عەلی بە بوێری و جەربەزەییەوە وتی: لە هیند لەگەڵ ئەمیر سەید ئەحمەدەوە هاتووم، من یەکێکم لە موسڵمانانی ناو لەشکرەکەی ئەو.

ئەی ئەفسەر پیاوەکانی سەید کەسانێکن هەرگیز درۆ ناکەن، فێڵ لە هیچ کەسێك ناکەن، هاوڕێ یان دوژمن بێت، ئەی ئەفسەر، ئەمیر خاوەن ڕەوشتێکی باڵایە، بەخشندە و دەستکراوەیە، جوامێرو لاوە، ڕاستگۆیە لە

بەڵێندا، پەیمان پارێزە، زمان دەستەوەسانە لە وەسفکردنیدا، زۆر شادومان دەبی ئەگەر بیبینیت، خۆشەویستێکە لە خۆشەویستانی خوا، ئەوەی ئازاری بدات، ئەوا خوای گەورە جەنگی لە دژ ڕادەگەیەنێت.

ئەفسەرەکە وتی: ڕاستت وت ئەی برای موسڵمان، پێشتریش ئەوەندە لەبارەی هاوڕێکەتم بیستووە کە ئارەزووی بینینی دەکەم، بە نیازم سەردانی بکەم، چاوەڕێ دەکەم براکەم لە لاهور بگەڕێتەوە، جا یان من سەردانی دەکەم یاخود براکەم بۆ لای ئەو ڕەوانە دەکەم.

برای موسڵمان هەموو ڕۆژێك بە نهێنی لەگەڵی بدوێ، من دەمەوێت ڕۆژانە شت لەبارەی هاوڕێکەت ببیستم.

فەتح عەلی وتی: ئەی ئەفسەر ئەمیرەکەمان خاوەن ڕێزو حورمەتە، ڕەفتارو ڕەوشتی زۆر نەرم و نیان و جوانە، بەشێوەیەك کە ئەگەر یەکێك بیبینێت و لەگەڵی دابنیشێت پێی خۆش نابێت لێی جیا ببێتەوە. بە ویستی خوا لە دوای چوار پێنج ساڵی تر دەگەڕێمەوە، ئەی ئەفسەر ڕێگەم پێبدە جارێك بەناو قەڵای (خەیر ئاباد) و قەڵای (ئەتك)دا بگەڕێم و بسوڕێم، خەڵکی پرسیارم لێدەکەن دەربارەی ئەم دوو قەڵایە، بەڵام من نازانم بەچی وەڵامیان بدەمەوە.

ئەفسەرەکە وتی: سەرم سوڕماوە ئەی برای موسڵمان! ئێوە دوژمنمانن و لە پشتیوانانی ئەمیر سەید ئەحمەدی دوژمنمانن، چۆن دەوێری قسەی وا

بکەیت، پێشنیاری ئەوە بکەیت کە مۆڵەتت بدەم قەڵا پارێزراوەکانمان بپشکنی و شارەزای ناوەندی هێزو کۆگای چەکەکانمان بیت، ئایا ناترسیت؟

فەتح عەلی وتی: ئەی ئەفسەر لە چی بترسم؟ هاوەڵانی ئەمیر تەنها لە خوا دەترسن، جوامێریم لە تۆدا بەدی کرد و تکام وابوو بەهۆی تۆوە سەردانی ئەو قەڵایانە بکەم.

ئەفسەرەکە وتی: ئەی برای موسڵمان دڵت لەمن نەئێشێت، ئەوەی کە وتم بۆ پڕوپاگەندە بوو، نووسراوێکت بۆ دەنووسم کە بیدەیتە پاسەوانەکە و مۆڵەتی چوونە ژوورەوەت پێدەدات.

ئەفسەرەکە داوای خامە و مەرەکەبی کرد، ڕاسپاردەیەکی بۆ پاسەوانەکە نووسی و نووسراوەکەشی دایە دەست فەتح عەلی، فەتح عەلی ڕۆیشت و مۆڵەتیان پێدا بە چوونە ژوورەوە، ئەویش ڕۆیشتە ناویەوەو بەناو شوێنەکانیدا گەڕاو سوڕا.

لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا فەتح عەلی گەڕایەوە، بینی ئەو ئەفسەرەی میواندارى ئەوی کردبوو سەرخۆشە و وڕێنە دەکات، ملوانکەیەکی گرانبەهای زێڕی لە ملدایە، گوارەی زێڕیشی لە گوێچکەدایە، لە تەنیشتیەوە شمشێرێك هەیە کە دەسکەکەی لە زێڕە.

کاتێك فەتح عەلی بینی وتی: ئەی برای موسڵمان سەردانی قەڵای (ئەتك)ت کرد؟

فەتح عەلی وتی: بەڵێ، خەو بەسەر چاوانی ئەفسەرەکەدا هات و نووست.

فەتح عەلی وتی: ئەفسەرەکە بە نووستوویی مایەوە، منیش ترسام هەندێك دز بێن _ لەو ناوچەدا دز زۆر بوون _ سەروەت و سامان و چەکەکەی ببەن، لە کاتێکدا ئەو خەوتووەو هەستی پێناکات.

وتی: منیش پاسەوانیماڵەکەم گرت و بەدەوری دەرگاکە دەهاتم و دەچووم.

ئەفسەرەکە لە نیوەی شەودا هەڵسایەوە، بینی من دەسوڕێمەوەو پاسەوانی دەگرم، وتی: برای موسڵمان هێشتا بە ئاگای؟.

وتم: بەڵێ، تۆ سەرخۆش و خەوتوو بوویت، ئەمەش ماڵ و داراییەکەتە لێرەدا دانراوە، ترسام لەوەی هەندێك دز بێنە ژوورەوەو بیبەن و زیانت پێ بگەیەنن، بۆیە هەڵسام پاسەوانیم کرد.

تۆش ئەی سەرۆك ئەفسەرێکی گەورەی، بۆ تۆ جوان نییە مەیی تەواو سەرخۆشت بکات و بەبێ ئاگایی بمێنیتەوە بێ ئەوەی هەست بکەیت.

وتی: ڕاستت وت ئەی برای موسڵمان، بەڕاستی نەنگییە یەکێکی وەك من بکەوێتە ناو کارێکی ئاواوە، چاوەکانی وای لێبکات بخەوێت.

فەتح عەلی وتی: کاتێك بووە بەرەبەیان و خۆر هەڵهات، لەگەڵ خۆمی برد بۆ قەڵای (خەیرئاباد)، ئەو قەڵایەم پشکنی و گەڕامەوە.

هەشت ڕۆژ لەگەڵیدا مامەوە، هەموو ڕۆژێك پرسیاری لێدەكردم دەبارەی سەیدی پێشەوا، منیش وەڵامی پرسیارەكانیم دەدایەوە، ڕۆژێكیان پێی وتم: ئەی برای موسڵمان ئەو ڕۆژە ئامۆژگاریت كردم دەربارەی مەیی، ئەمڕۆ تۆبەم لە زۆر خواردنەوەی كرد تا بێهۆش و سەرۆخۆش نەبم.

فەتح عەلی وتی: بە سەلامەتی گەڕامەوە سەربازگەكە.

***

## کاریگەری دەوروبەر لەسەر ڕەوشتی بێگانەکان

ڕەوشتی تێکۆشەران کاریگەری دەکردە سەر هەر کەسێك کە سەردانی ئەم کۆمەڵگەیەی کردبا، ئەگەر بە مەبەستێکی خراپیش بۆ چەند ڕۆژێك لەوێدا مابایەوە، ئەو تێکۆشەرانە کەسانێك بوون ئەوەی لەگەڵیان دانیشتبا بەدبەخت نەدەبوو، دەگێڕدرێتەوە کە پیاوێك لە گوندێکی نزیکەوە کە ناوی (بەهلەیلا) بوو، بە توونڈو تیژی و ئازاردان و ڕێگری و هەڵکوتانە سەر خەڵك ناسرا بوو، خەڵکی گوندەکان ئارامیان لەبەر ئەو پیاوە لێبڕا بوو، جا خەڵکەکە کۆبوونەوەو لە گوندەکە بەدەریاننا، (بەهلەیلا) ڕووباری سیندی بڕی، لەگەڵ سیخەکان نیشتەجێ بوو و ژیانی دەگوزەراند، جا سیخەکان قەڵایەکیان بۆ دروست کرد لەسەر کەناری ڕووبارەکە، هەندێك زەویشیان پێدا بۆ کشتوکاڵی، ناوبراو لەم قەڵایەدا نیشتەجێ دەبوو، نزیکەی پەنجا یان شەست کەسێك لە پشتیوانانی لە دەوری کۆبوونەوە، هێرشی دەکردە سەر دەوروبەری گوندە کۆنەکەی (توبئی) و دەستکەوتەکانی کۆدەکردەوەو دەیهێنایە قەڵاکەی و لەوێ لەسەری دەژیا، جارێکیان چەند کۆمەڵێکی لە سیخەکان لەگەڵ خۆی برد و هێرشی کردە سەر هۆزێکی ئەفغانی، شتی زۆری لە گوندەکە تاڵان کرد و نزیکەی هەشتا کەسی لێکوشتن، دەستی بەسەر ئەم گوندەدا گرت و کردیە خاڵی هەنگاونان بۆ هەڵمەت و جوڵە و چاڵاکییەکانی،

ئەمەش خەڵكی گوند و دەورووبەرەكانی ئەوێی دوودڵ كرد و بووە شتێكی سەرەكی كە پێیەوە سەرقاڵ بن.

خەڵكی ئەم گوندانە ڕۆیشتنە لای سەیدی پێشەواو داوایان لێكرد لە دەستی ئەم پیاوە بیانحەسێنێتەوە، لە پەل و پۆی بخات، سەید بەڵێنی ئەوەی پێدان، پەیامێكی بۆ (بەهلەیلا) نووسی، تیایدا وتی: ((تۆ كەسێكی موسڵمانی، بۆ تۆ جوان نییە برا موسڵمانەكانت تاڵان بكەیت و پێچەوانەی ئەوان بجوڵێیتەوە، بۆ تۆ باشترە بێیتە ڕیزی ئێمەوە، لە گوندە كۆنەكەتدا نیشتەجێت دەكەین، خانوو و زەویەكەت بۆ دەگێڕینەوە، گوندێكی تریش زیاد دەكەین و بۆتۆ یەكلایی دەكەینەوە)).

كاتێك (بەهلەیلا) ئەم نامەیەی پێگەیشت، ڕاوێژی بە هاوەڵانی كرد، ئەوانیش ئاماژەیان كرد بەوەی بچینە پاڵ سەید و وتیان: ئەو پێشەوامانە، خاوەن فەرمانە لە ناوماندا، ئەگەر مەبەستی خراپە بێت ئەوا دەیبینین، (بەهلەیلا) و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون ڕۆیشتنە پاڵ سەید، سەید پێشوازی لەوان كرد بە گەرم و گوڕی، (بەهلەیلا) سێ ئەسپ و چوار تفەنگ و نۆ شمشێری پێشكەشی سەید كرد، كە لە سیخەكانی تاڵان كرد بوو، سەید دیاری شایستە و جل و بەرگ و دراوی پێشكەش بەوو هاوەڵانی كرد، بەڵێنیان بە سەیددا و تۆبەیان لە خراپەكاری و گوناهكاری كرد، سەید بۆ سێ ڕۆژ ئەوانی میوان كرد، ئامۆژگاری كردن و ئەوانی بەڕێكرد، بانگی ئەمیرەكانی گوندەكە و (بەهلەیلا)ی كرد و ئاشتەوایی لە نێوان ئەواندا كرد، ئەو موڵك و زەوی و

خانووەی لێیان وەرگتبوو بۆی گەڕاندەوە، گوندێکی پێدا لەسەر کەناری ڕووباری سیند کە تێکچوو بوو، پێشتر (بەهلەیلا) لەوێ ڕێگەی گەشتیارانی دەگرت.

بەهلەیلا گۆڕا و ژیانی باش بوو، باشییەکەی لە جەنگەکاندا بەدەرکەوت، یەکێك بوو لەوانەی خوای گەورە ئاینی پێ سەرخستن و موسڵمانانی پێ بەهێز کردن.

کاتێکدا سەید لە (بەنجتار) بوو، ڕۆژێکیان سەردانی دوو پیاوی سیخی کرد، پرسیاری لە مەبەستی سەردانەکەی ئەوانی کرد، وتیان: هیچ مەبەستێکمان نییە، هاتووین سەردانی تۆ بکەین، سەید وتی: زۆر بەخێر بێن، ئەوەندەی دەتانەوێت ئەوا لەلامان بمێننەوە، سەید ئەندازەیەکی لە ئارد و نیسك و ڕۆنی بۆ ئامادەکردن وەك خۆراکی ڕۆژانەیان، ئەم دوو پیاوە نەریتیان وابوو لە دوای نوێژی بەیانی و ئێوارە دەهاتنە مەجلیسی سەید، دواتر دەچوونەوە ماڵی خۆیان، سەید دڵخۆشی دەکردن بە قسەی خۆی، پێیانی دەوت: بە خۆشی و شادومانی بمێننەوە.

دوای ئەوە دە ڕۆژ بەسەر ئەمەدا تێپەڕ بوون، بە سەیدیان وت: بۆ ماوەیەك لای تۆ ماینەوە، گوێمان بۆ قسەکانت گرت، شتی وامان لە ڕەوشت و ڕەفتارو ژیانت بیست کە لەسەرووی ئەوەوەیە کە بیستمان، ئێمە سەرسام بووین بە ئایین و ڕێبازەکەت، ئێستا دەمانەوێت بمانخەیتە ناو ئائینەکەت و فێری ئیسلاممان بکەیت، سەید بە وتەی ئەوان دڵخۆش بوو، شایەتمانی

بەوان وت، ئەوەی تەمەنی گەوتر بوو ناوی نا عەبدوڕەحمان، ئەوەی تریشی ناونا عەبدوڕەحیم، هەر دووکیانی ڕادەستی شێخ نیزامەدین جەشتی کرد تا فێری حوکم و کردارەکانی ئیسلامیان بکات، جل و بەرگ و خواردنی بۆ ئەوان ئامادەکرد، خۆیان خەتەنە کرد، زۆر بە چاکی موسڵمان بوون.

بە سەیدیان ڕاگەیان کە سەرکردەی لەشکری سیخ لە (خەیر ئاباد) ئەوانی ڕەوانە کردووە وەك دوو سیخوڕ، بەڵام خوا ئێمەی بۆ ئیسلام ڕێنوێنی کرد، سینەمانی گوشاد کرد بۆ باوەڕ، سەید دڵخۆش بوو بە ڕاستگۆیی ئەوان، ئەوانی سەرپشك کرد لە نێوان مانەوە لەناو لەشکری ئیسلامی یان گەڕانەوە بۆ (خەیر ئاباد)، گەڕانەوەیان هەڵبژارد، دوای دوو مانگ مانەوە لە ناو سەربازگەی ئیسلامی داوای مۆڵەتی گەڕانەوەیان کرد لە سەید، سەید مۆڵەتی بەواندا و دوو ئەسپیشی پێدان و ئەوانی بەڕێکرد.

***

## سیستەمی دادوەری و فەرمان بەچاکە و ڕێگری لە خراپە لە کۆمەڵگەی موسڵماندا

لە دوای چەند ڕۆژێکی کەم، سەید سیستەمی دادوەری شەرعی جێبەجێ کرد، زانای ئەفغانی ڕێزدار شێخ (محەممەد حەببان)ی کردە سەرۆکی دەزگای دادوەری، دادوەری دادوەرانی موسڵمانان بوو لەم ناوچەیەدا، لە هەر گوندێکدا دادوەرو موفتی و فەرمان بەچاکە و ڕێگری کارێکی لە خراپە دانا، هەروەها کارمەندی دامەزراند بۆ کۆکردنەوەی صەدەقە و دەیەك بەبێ زۆرلێکردن و ماندوو بوون، هەموو ئەوە لە خانەی دارایی کۆدەکرایەوە، بەپێی ڕێگەی شەرعی دابەش دەکرا.

قازی محەممەد حەببان بە ڕاوێژی لەگەڵ زانایانی کۆچبەرو نیشتەجێ هەندێك باج و تەمبێکردنی دانا لەسەر فەرامۆشکردنی فەرزە شەرعییەکان و ئەنجامدانی ئەو کارانەی پێچەوانەی ڕەوشت و داب و نەریتی ئیسلامییە، زیان بە موسڵمانان دەگەیەنێت، بەمەش زۆرێك لە خراپەکان لاچوون، زۆرێك لە سنوور بەزێن و بێ ئابڕوەکان گەڕانەوە، موسڵمانان حەسانەوە لە دەستیان و ژمارەی نوێژکەران زۆر بوو، ڕاڤەی ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن دەرکەوت:

﴿ ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُواْ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَنَهَوۡاْ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۗ وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلۡأُمُورِ ٤١ ﴾ الحج. واته: (ئەوانەی كە ئەگەر پایەدارمان كردن لە زەویدا، نوێژو دروشمەكانی بە چاكی ڕادەگرن، زەكاتیش بە تەواوی دەدەن، فەرمان بەچاكە دەكەن، ڕێگریش لە خراپە دەكەن، سەرەنجامی هەموو كارێكیش هەر بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە ).

***

## ناوەندێكی ئاوەدان و قوتابخانەیەكی سەربازی

ئەم كۆمەڵگەی موسڵمانە، گۆشیەك نەبووە لە گۆشەی صۆفییەكان یان پەناگەیەك نەبووە بۆ هەژارو دونیا نەویستان، بەڵكو _ لە پاڵ ئەوەی ناوەندێكی ئاینی و پەروەردەیی بوو _ سەربازگە و ناوەندی ئەسپسواریش بوو، كۆچبەرە تێكۆشەرەكان لەم سەربازگەیەدا لە بارودۆخێكی ئامادەباشیی جەنگی بەردەوام دابوون، ئامادەی ڕووبەڕوو بوونەوەی هەر مەترسییەك بوون، بە بایەخەوە تێشوو و تفاقی تێكۆشانیان ئامادە كردبوو.

ڕۆژێك سەید بە كۆمەڵێك لە تێكۆشەرانەوە ڕۆیشتن بۆ دۆڵێك كە یەك میل لە (بەنجتار)ەوە دوورە، لەوێ ڕەبایەك هەبوو كە تاڤگەیەكی بەسەردا دەهاتە خوارەوە، سەید ئەوێ وەك ناوەندی تۆپهاوێشتنی دیاریكرد، فەرمانی كرد تۆپەكان لە (بەنجتار)ەوە بهێنرێنە ئەوێ، ڕێژەیەك لە بۆمب و گوللە و

باڕوت لەوێ هەڵگیران، چەند خانوویێك لەوێ دروستکران تا تۆپهاوێژەکانی تێدا بژین.

کارگەیەك لە گوندی (قاسم خەیل) دامەزرا بۆ دروستکردنی بۆمبەکان، سەید ڕۆژێك سەردانی کرد، لەوێ مایەوە تا دیمەنی دروستکردن و بەتاڵکردنەوەی بۆمبەکان ببینێت، پێشبڕکێیەکی بۆ ئەسپ و ڕاهێنان لەسەر ئەسپسواری کردەوە، چەند پڕۆسەیەکی سەربازی ئەنجامدرا، تیایدا باڵادەستی سەید دەرکەوت، لە جۆرەکانی ئەسپسواری و هونەری جەنگی، گەورە ئەسپسوارو پاڵەوانەکان ملکەچیان بۆ نواند بە لێهاتووی و پێشەنگ بوونەکە، وا بەدەرکەوت کە سەید لەم بوارانەدا گەیشتووەتە ئاستی داهێنان و کەسێکی لاساییکەرەوە نییە لەم هونەرانەدا، بەڵکو گەیشتووەتە پلەی کۆشش (إجتهاد).

لەم کۆمەڵگە موسڵمانەدا مەشقی جەستەیی و ڕاهێنانی سەربازی بەگشتی ئەنجام دەدرا، هەندێکیان سوودیان لە هەندێکی تر وەردەگرت، شێخ ئەحمەدوڵای ناکفوری و ئەفسەر عەبدولحەمید خان زۆر پێشەنگ بوون لەم هونەرە جەنگیانەدا لە دوای سەید، سەید فەرمانی پێیان کرد تێکۆشەران فێری ئەسپسواری و تیرهاوێژی و تفەنگ تەقاندن و شمشێربازی بکەن، کاتێك خەڵکی وڵات _ کە بە سروشت و شێوەی پێشگەیشتنیان پیاوانی جەنگن _ ئەمەیان بینی سەرسام بوون بە لێهاتوویی ئەم کەسە نامۆیانە، بەهۆی سەرسام بوونیان بەشداریان لەم ڕاهێنانانەدا کرد، چەند ناوەندی

مەزن دروستکران بۆ ڕاهێنانی سەربازی، مەشقی جەستەیی، سەیدی پێشەوا عەبدولحەمید خانی کردە سەرکردەی تاقمی ئەسپسواران، پلەی ئەفسەری لە لەشکردا پێدا، زۆر نزای بۆ کرد، ئەسپێکی زۆر دەگمەنیشی پێدا کە پێشتر وەزیری دەوڵەت وەلی (تونك) پێشکەشی سەیدی کردبوو، هەروەها سەید مێزەری لەسەر عەبدولحەمید خانی ئاڵاند، ناوبراو زۆر شادومان بوو بەم ڕێزو حورمەتە و سوپاسی خوای کرد لەسەری، ڕۆیشتە مزگەوت و دوو ڕکائەت نوێژی کرد، ڕەوشتی گۆڕا، ڕەفتاری نەرم و نیان بوو، ئەو توونديەی نەما کە هەیبوو، گۆڕا و سۆزو میهرەبانی بەسەر زاڵبوو، بەزەیی بوو بەرامبەر بە موسڵمانان، توووند و تیژ بوو دژ بە دوژمنانی ئایین، لە ڕووداوی (مایار) شەهید بوو، موسڵمانان زۆر خەفەتیان بۆ خوارد و بەزەییان پێدا هاتەوەو، ستایشێکی زۆر جوان و بۆنداری ئەویان کرد.

***

# چالاکی تێکۆشەران

تێکۆشەران لەم کۆمەڵگەیە دانەنیشتن وەك کەسی بندیوارو تەمبەڵ، سەرقاڵ بوون بە پەرستش و وەرزش، بەڵکو سەید بەردەوام بوو لە پەیوەندی و پەیام ناردن بۆ سەرۆك ناوچە و هۆزەکان، هەندێك جاریش سەردانی دەکردن، هانی ئەوانی دەدا لەسەر تێکۆشان و سەرخستنی ئایین، لە پێشەوەیان (بائیندەخان) و بۆ شاری (ئەمب[1])، ناوبراو ناسراو بوو بە جوامێری و نەبەردی و چالاکی.

پۆلە سەربازی ڕەوانە دەکرد بۆ شوێن و لای جیاواز کە بوێری و سوارچاکی و ڕێزگرتن لە حوکم و یاساکانی شەریعەت و ملکەچیان بۆ سیستەم و دەستپاکی لە دەستکەوت لە تێکۆشەراندا دەدرەوشایەوە، هەروەها ئەوە بەدەردەکەوێت کە ئەمیرە ناوچەیی و سەرۆك هۆزەکان لە ڕاستی لایانداوەو بەرژەوەندییە تاکەکەسی و دژایەتی تیرەییان ڕەچاوکردووە، جوامێری ئاینیان لاواز بووە، زۆر کەم هەستیان دەکرد بە مەترسی لەناکاو و بۆسەدارو دوژمنی کین لە دڵ، چەند جەنگێك ڕوویاندا لە چەند شوێنێك تیایاندا پاڵەوانێتی تێکۆشەران و خۆبەخت کردنیان بە ژیان و گیان و نەبەردیان دەرکەوت، شێخ محەممەد موقیم ڕامفوری دەستی هەرە باڵای هەبوو لەم جەنگ و شەڕو هێرشانەدا.

---

(1) شارێکە لەسەر کەناری ڕووباری سیند لەلای خۆرئاوا.

دواتر کاروان دوای کاروان له هیندەوە دەهاتن، کە ژمارەیان پازدە پۆل بوون، گەورە زانا و خانەدان و گەنجی جوامێرو بە جۆش و خرۆشیان تێدا بوو، لە ناویاندا سەید ئەحمەد عەلی خوشکەزای سەیدی پێشەواو جگەلەویشی تێدا بوو، پارەو داراییەکی باش هات کە لەلایەن پشتیوانانی بانگەواز[1] و ئەندامانی کۆمەڵەکەوە ڕەوانە کرابوو، تێکۆشەران پشتیان پێبەستی لە بەجێهێنانی مەبەستی ئاینی و تۆکمەکردنی جێپێی خۆیان و دابین کردنی خواردەمەنی، نامەکان بە زمانی ئاماژە و هێما دەنووسران کە تەنها زانایانی کۆمەڵ لێی تێدەگەیشتن، زۆرێك لەم نامانەی بە زمانی عەرەبی دەنووسران[2].

سەید هەندێك بانگخوازی بڵاوکردەوە تا ئامۆژگاری خەڵك بکەن و بانگیان بکەن بۆ تێکۆشان، هەندێك گەورە زانای کۆمەڵەکەی نارد بۆ هیند بۆ ئامۆژگاری و ڕێنوێنی و بانگەوازی کردن بۆ کۆچ و تێکۆشان، بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ڕاست و دروست، دژایەتی کردنی شتی پڕو پوچ و نەفامی، ئەوانە لە ناو ئەو زانایانە بوون: شێخ محەممەد عەلی ڕامفوری، شێخ

---

(١) لەسەرووییانەوە زانای پایەبەرزو فەرموودەناسی گەورە شێخ محەممەد ئیسحاق دیهلەوی نەوەی شێخ عەبدولعەزیز، کە سەرۆکایەتی وتنەوەی وانەی فەرموودەی پیرۆزو زنجیرەی فەرموودە لە سەردەمی دواییدا ڕادەستی ئەو کرا. ژیاننامەی پڕ داهێنانەکەی بخوێنەوە لە بەشی حەوتەمی (نزهة الخواطر).

(٢) وێنەی ئەم پەیام و نامە هێماییانە کە بە عەربی نووسراون هێشتان پارێزراون لە ناو کۆمەڵەی پەیامەکانی تێکۆشەران، کە لە کتێبخانەی (تونك) هەڵگیراون.

ویلایەت عەلی عەزیم ئابادی کە یەکێك بوو لە گەورە جێنشین و هاوەڵە هەرە تایبەتەکانی سەید.

هەروەها سەید هەڵسا بە ئەنجامدانی گەڕێکی تر لە سوڕان و گەڕان لە ناوچەی (سوات) و یەك ساڵی تەواو لە (خهر)ی پایتەختەکەیدا مایەوە، تەنها هەڵدەستا بە کاری بانگەوازو چاکسازی و ئامۆژگاری و ڕێنوێنی، بازووی لێهەڵکردبوو، دەورە درابوو بە سەرۆك هۆزو کەسایەتی شارو زانایانی دەوروبەر.

ئا لێرەدا کۆچی دوایی کردنی شێخ عەبدولحەی بەرهانوی ناخۆشییەکی گشتی و لە دەستچوونێکی گەورە بوو، لەم بۆنەیەدا خەڵك پرسە و سەرەخۆشیان لەیەکتر دەکرد، کە تیایدا زانای خواناس و بانگخوازی چاکساز و باوکی بە میهریان لە کیسچوو، لە کۆتایی تەمەنیدا دونیا نەویستی و ڕوو لە دوارۆژکردنی درەوشانەوەی باوەڕو بوێری ئاینیەکەی بوو، گێڕەرەوەیەکی متمانەپێکراو دەڵێت:

شێخی ئیسلام مەولانا عەبدولحەی بەرهانوی دوای کۆچ کردنی تێکۆشەران و پێشەواکەیان _ سەید ئەحمەد _ لەبەر بەرژەوەندی ئاینی مایەوە، بۆ جێبەجێکردنی چەند کارێکی پێویست، جا شێخ مایەوەو چاوەڕێی داوای سەید بوو بۆ ڕۆیشتن، وەك ئەوەی نەهەنگێکە لە ئاو دەرهێنراوە یان کەسێکی دوورخراوەیە کە لە چۆڵەوانی دەژیت، کاتێك داواکاری سەیدی پێگەیشت بۆ کۆچ کردن، خۆی پێ ڕانەگیرا و بە پەلە

دەڕۆیشت و بە خەڵکی دەوت: ئا ئەوە ئەمیرە داوای لێکردووم بڕۆم، ئا ئەوە ئەمیرە داوای لێکردووم تا بچمە خزمەتی.

بەردەوام زەویە وشك و بیابان و دۆڵ و دەشت و ڕووبارە قوڵەکان و کێو و چیایە سەرکەشەکانی دەبڕی تا گەیشتە سەربازگەی تێکۆشەران لەسەر سنووری باکوری خۆرئاوای هیند، کاتێك سەیدی پێشەوا گوێبیستی هاتنی شێخی ئیسلام بوو زۆر پێی دڵخۆش بوو و لە دوورەوە پێشوازی لێکرد و بە گەرم و گوڕی بە خێرهاتنی کرد.

شێخی ئیسلام گەیشت و نامەی بۆ هاوەڵانی کە لە هیند بوون نووسی: من دەمبیست و دەمخوێندەوە کە کەسێك ئەگەر ڕۆیشتە بەهەشتەوە ناخۆشی و چەرمەسەرییەکانی دونیا و ماندوێتی لەسەر لادەچێت و وتی: ﴿وَقَالُواْ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِيٓ أَذۡهَبَ عَنَّا ٱلۡحَزَنَۖ إِنَّ رَبَّنَا لَغَفُورٞ شَكُورٌ ٣٤﴾ فاطر.

واتە: (سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە هەرچی غەم و پەژارەیە لە دڵ و دەروونی دەرکردین، بەڕاستی پەروەردگارمان لێخۆشبوو و سوپاسگوزارە). بەڕاستی ئەمە بەسەر مندا هات، کاتێك گەیشتمە هاوەڵ و براکانم و لەناویاندا مامەوە ماندوێتی و ناخۆشییەکانی ڕێگەم لەسەر لاچوو.

شێخی ئیسلام لە سەربازگەی تێکۆشەراندا مایەوە، بووە مایەی سوود بۆیان لە زانست و ئاییندا، داوەری لە نێوان موسڵماناندا دەکرد، کێشەی نێوان کەسەکانی چارەسەر دەکرد تا کۆچی دوایی کرد.

کاتێك سەرەمەرگی نزیك بووەوە ناردی بە دوای شێخی خۆی سەیدی پێشەوا _ هەرچەندە تەمەنی لەو بچوکتر بوو _ وتی: ویستم لە گۆڕەپانی جەنگدا بە شەهیدی بمرم، بەڵام خوای گەورە ویستی بە نەخۆشی لەسەر پێخەڤ بمرم، بەدەم وتنی (خوایەگیان هاوڕێی باڵام مەبەستە) هەناسەی بە هێمنی وەستا و گیانی پاکی سپارد و (گەڕایەوە لای هاوڕێی باڵا).

تێکۆشەران لە ناوچەی (خهر) دەستیان کردەوە بە مەشقی سەربازی، ڕاهێنانی جەنگی، کێبڕکێی تیرهاوێژی و سوارچاکی و گولله هاوێشتن، هەندێك جار سەید ئامادەی ئەم مەشقانە دەبوو، ڕێنمایی سووبەخشی پێدەدان، ئەوانی هۆشیار دەکردەوە لە پاڵدانەوەو تەنها پشت بەستن بە لێهاتووی و توانای خۆیان، هانی دەدان لەسەر پشت بەخوابەستن و داوای سەرکەوتن لێی.

لە (خهر)ەوە پۆلە سەربازێکی بە سەرکردایەتی ئەمیری مەزن و باوەڕداری دڵسۆز (ئەرباب بەهرام خان) ڕەوانە کرد بۆ (عوسمان زئی) لە نزیك (پیشاوەر)، دوای چەند ڕۆژێك سەید بە خۆی ئامادە بوو لەوێ، تێکۆشەران زۆر تووشی سەخڵەتی هاتن، خەریك بوو لەبەر تینی گەرما و تێنوێتی و ون بوون لە ڕێگادا لەناوبچن، بەڵام خوا ئەوانی بە سەلامەتی هێشتەوەو گەڕانەوە بارەگای خۆیان.

***

## نوێکردنەوەی سیستەمی شەڕعی

## و تۆکمەکردنی سیستەمی میرنشینی و پێشەوایەتی

باوەڕی ئەو کۆمەڵەی بەڵنیان بە سەیددا بەهێز بوو، وەك پێشەوا ئەویان هەڵ بژارد، بەهۆی سوودی گێڕانەوەی ئەم بنچینە مەزنە و زیندوو کردنەوەی ئەم سوننەتە پیرۆزە و زۆر پێویست بوونی فراوانکردنی ئەم سیستەمە و بڵاوکردنەوەی بازنە و دەسەڵاتەکەی و دامەزراندنی لەسەر بنچینەی چەسپاوو بەهێز، زانیان کە شایستەی سەرکەوتنی خوا نابن تەنها بەوە نەبێت کە بانگی ئەو خەڵکە بکەن کە لە دەوروبەردا دانیشتوون بۆ قبوڵکردنی حوکم و یاسای شەڕعی، فەرامۆشکردنی داب و نەریتی ئەفغانی کە کۆك نەبوون لەگەڵ ڕێنمایی و حوکمەکانی ئیسلام، هەروەها بانگ کردنیان بۆ گوێڕایەڵی پێشەوا کە ڕێگر دەبێت لەوەی توخنی خراپە و بیدعە بکەون و کار بە هەواو هەوەس بکەن، ئەگەر ئەمانە ئەنجامدرا ئەو کاتە تێکۆشان و جیهادی شەڕعی بەرپا دەبێت و پشتیوانی و سەرکەوتنی خوا دادەبەزێت.

سەید لە گەڕان و سوڕانێکیدا لە ناوچەی (سوات) و مانەوەی زیاتر لە ساڵێك (جەمادی کۆتایی ١٢٤٣ _ جەمادی کۆتایی ١٢٤٤ك) لە پایتەختەکەی (جهر)، سور بوو لەسەر فراوانکردنی ئەم سیستەمە شەڕعییە و تۆکمە کردنی، ڕووی کردە ناوچەی (بەنجتار) و داوای دانانی ئەمیری کرد

لە هەر شوێنێك كە دەچێتە ئەوێ و دەبێت گوێڕایەڵیشی بكرێت، گفتوگۆی لەگەڵ زانایان كرد سەبارەت بەم بابەتە، ئەوانیش ڕازی بوون لەسەر ئەمە، دانیان بە كەمتەرخەمی خۆیاندانا لە ئاست ئەم ئەركە ئاینیە مەزنە، ژمارەیەكی زۆر لە زانا و سەرۆك هۆزەكان بەڵنیان پێدا، جا كە گەیشتە (بەنجتار) فەتح خان داوای لە سەید كرد لەوێ بمێنێتەوە، خۆیشی لە گەورە پشتیوانانی ئەم بابەتە بوو، سەید ڕاشكاوانە بۆی ڕوونكردەوە كە لەو شارە نامێنێتەوە تەنها بەو مەرجە نەبێت كە دەستهەڵبگرێت لە سەرجەم داب و نەریتەكانی سەرۆكایەتی و سیاسەت و هەر شتێك كە پێچەوانەی شەریعەت بێت، لە نەریتی بۆماوە و پلەو پۆست خۆی وەك هەر تاكێكی خەڵك هەژمار بكات، بەتەواوی ملكەچی سیستەمی شەڕعی بێت، لەمەشدا لایەنگیری برا و خزمانی نەكات و دووڕوویی نەنوێنێت.

سەید بانگهێشتی زانا و گەورە مامۆستایانی دەڤەرەكانی كرد، نزیكەی دوو هەزار زانا و ژمارەیەكی زۆر لە قوتابیانیان كە لە دوو هەزار زیاتر دەبوون ئامادە بوون، بانگهێشتی شەریف خان و خادی خانی كرد كە لە گەورە ئەمیرو سەرۆك هۆزەكان بوون، لە سەرەتای مانگی شەعبانی ساڵی ١٢٤٤ك بۆ ئەو زانا و خانەدان و سەرۆك و ئەمیرەكانی دەوروبەر كۆنگرەیەكی مەزنی بەست، سەید ڕاپرسییەكی بە زانا و موفتییەكان كرد دەربارەی ئەوەی پێچەوانەی پێشەوا دەجوڵێتەوەو لێی یاخی دەبێت و گوێڕایەڵی ناكات، ئەوانیش ڕای خۆیان دەربڕی و واژووی خۆیان كرد، لە دوای نوێژی هەینی زانا و سەرۆكەكان بەڵێنیان پێدا و ئەوانەش كە پێشتر

بەڵێنیان پێدا بوون دووبارە بەڵێنیان دایەوە، لە هەینی سێیەمدا (١٥ شەعبانی ساڵی ١٢٤٤ك) فەتح خان پسپۆرای هەڵوەشاندەوەو گرێدان (أهل الحل والعقد) و ژیرو هۆشمەندەکانی هۆزەکەی خۆی کۆکردەوەو هەمووان بەڵنیان پێدا، زانایەکی چاکی کردە دادوەری دەڤەر (بەنجتار) کە ناوی مەولانا سەید محەممەد میر بوو، حوکمە شەرعییەکان جێبەجێ کران، کێشەکان لە ژێر ڕۆشنایی شەریعەتی ئیسلام یەکلا کرانەوە، هەندێك کەسی دیاری کرد بۆ فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە، فەرماندان بە نوێژ کردن... تاد، ڕێگری کردن لە کارە خراپەکان، فەرو بەرەکەتی ئەم سیستەمە ڕووناکە لە ماوەیەکی کەمدا دەرکەوت، ئایین هێزو دەسەڵاتی پەیدا بوو، مافخوراوییە کۆنەکان سڕانەوە کە چەندین سەدەی بەسەردا تێپەڕ ببوو، مافەکان بۆ خاوەنەکانیان گەڕێندرانەوە، ئەو موڵکانەی بەهێز داگیریان کردبوو ڕادەستی خاوەنە ڕەواکانیان کرانەوە، ئەو خەڵکەی مافیان پێشێل کرابوو و ڕێزیان ژێرپێ خرابوو هاواریان برد بۆ لای پێشەواو نوێنەرەکەی، نوێنەرەکەی پشتی ئەوانی گرت و سەریخستن، ئەم سیستەمە توانی شتی وا دەستەبەر بکات کە حکومەتی زۆر مەزن نەیدەتوانی بیکات لە گێڕانەوەی ماف خوراویەکان و یارمەتیدانی ستەملێکراوان، جا لە دەرەنجامی فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە ئەوە بوو خەڵك ڕووی کردە ئەنجامدانی فەرزەکان و بەرپاکردنی نوێژەکان، تا وای لێهات مرۆڤ دەچووە ناو گوندی ئاوەدانەوە هیچ نوێژ نەکەرێکی نەدەبینی، ئایین شکۆو ڕێزو سەربەرزی لە دوای ماوەیەکی زۆرەوە بۆ گەڕایەوە.

***

## له بەرەنگاربوونەوەی سەرکردەی فەرەنسی

سەرکردەی بەناوبانگ (ڤینتورە)[1] بە لەشکرێکەوە هات و ڕووباری سیندی بڕی و پێگەی سەربازییەکەی لە شاری (هەند[2]) دانا، دواتر بەدەرکەوت کە خادی خان حوکمڕانی (هەند) داوای لێکردووە.

وەك نەریتی ساڵانەی خۆی (ڤینتۆرە) داوای باج و سەرانە و دیاری و بەرتیلی لە سەرۆك هۆزەکان کرد، ئەم سەرۆك هۆزانە داواکەی ئەویان ڕەتکردەوەو بەڵێنیان دایە سەیدی پێشەواو گوڕایەڵیان بۆ دەربڕی، هەستی

---

(١) ژەنەراڵ (ڤینتورە) یەکێك بوو لە گەورە سەرکردە بیانیەکانی (رەنجیت سینغ)، خاوەن ڕێزو متمانەیەکی زۆر بوو، کە هیچ سەرکردەیەکی دیکەی بیانی ئەمەی نەبوو، لە خانەدانەکانی ئیتاڵیا بوو، ماوەیەکی زۆر لە لەشکری ئیسپانیا و ئیتاڵیا خزمەتی ناپلیۆنی کرد بوو، لە دوای ئاگربەست لە فەرەنسا دەرچوو بوو بە مەبەستی گەڕان بە دوای ڕزق و ڕۆزی و خزمەتی سەربازی لە حکومەتێکی گەورەدا، بۆ ماوەیەك لە میسرو ئێران مایەوە، دواتر لە ڕێگەی ناوچەی (هەرات و قەندەهارەوە) هاتە ناو هیندەوە، جا کاتێك (مەهارجە) دڵنیا بوو لە دەستپاکی و ئەمینداریەکەی، کردیە فەرماندەی لەشکرێکی تایبەت، لە تێکڕای لەشکرەکان بەهێزتر بلوو لە مەشقی سەربازی و چاك بەکارهێنانی چەك، هەڵسا بە ئەنجامدانی خزمەتی مەزن کە باڵادەستی و وەفادارییەکەی بەدەرکەوت، مەهارجە زۆر ڕێزو حورمەتی دەگرت، هەر بۆیە کردیە سەرکردەی هەرێمی لاهور، پلەی سێیەمی پێبەخشرا لە ناو دەستوپێوەند و مەجلیسی کۆشکدا، لە دوای کۆچی دوایی کردنی (ڕەنجیت سینغ) لە ساڵی ١٨٤٣ز دەستی لەکارکێشایەوە، (بە پوختی وەرگیراوە لە کتێبی: ڕەنجیت سینغ، دانراوی: سێر لیبل کریفن ٩٧ _ ٩٩).

(٢) شارو قەڵایەکی تۆکمەیە لەسەر کەناری ڕووباری سیند، خادی خان حوکمڕانی دەکرد، کە یەکێك بوو لە گەورە بەرسی هۆزەکان.

ئاینی و جوامێری ئەفغانیان لە ناخدا جوڵا، کاتێك بینیان داواکەی ڤینتۆرە ڕاشکاوانەیە و ناتوانن فەرامۆشی بکەن، زۆرێکیان پەنایان بردە لای سەید و خۆیان بەو پاراست، ڤینتۆرە بە لەشکرەکەیەوە ڕۆیشت بۆ لای دەروازەی (بەنجتار) و لەوێ بنکەی سەربازی خۆی دانا، نامەی بۆ سەید نووسی و تیایدا ستایشی کرد بەبێ پێوان و کێشان و ماستاوی بۆ دەگرتەوەو داواشی لێکرد وا لە سەرۆك هۆزەکان بکات کە باج و سەرانە و دیاری و بەرتیل بدەن بە حوکمڕانی لاهور بە پێی نەریتە بەردەوامەکەیان، هەروەها لەو نامەیەدا پرسیاری لە ئامانجی سەید کرد کە لە پێناویدا ڕووی کردۆتە ئەم وڵاتانە، سەید وەڵامی دایەوە بە نووسراوێك و تیایدا شرۆڤەی ئامانجی خۆی کردووە سەبارەت بەم کۆچ کردن و تێکۆشانە، بانگهێشتی ڤینتۆرە دەکات بۆ هاتنە ناو ئیسلام، باسی ئەوەشی لە نووسراوەکەدا کرد بوو کە لەم کارەیدا بەندەیەکی ملکەچی خوایە، هیچی بەدەست خۆی نییە، ئاماژەشی بە دەستدرێژییەکانی سیخ کردووە بۆ سەر ئەم وڵاتانە و شکاندنی حورمەت و ڕێزی موسڵمانان و دروشمە ئاینیەکان، ئەو وەك خۆی هیچ پەیوەندییەکی بەم داواکارییەوە نییە، ئەم نووسراوەی لەگەڵ شێخ خەیرەددین شێرکۆتی نارد، کە لە هۆشمەند و زاناکانی لەشکرەکە بوو، ناوبراو نووسراوەکەی دایە دەست ڤینتۆرە، گفتوگۆی لەگەڵ ڤینتۆرە ئەنجامدا و لێزانی و بوێریی شێرکۆتی بەدەرکەوت.

سەید فەرمانی کرد ئامادەکاری بکرێت بۆ جەنگ، پۆلێك سەربازی نارد کە لە سێ سەد تێکۆشەر پێکهاتبوو، شێخ خەیرەددینی کردە سەرکردەی ئەم

پۆلە لەشکرە، لە بەرامبەر لەشکری ڤینتۆرە ڕیزیان بەست، سەرکردەکە زانی موسڵمانان خۆیان ئامادە کردووە بۆ جەنگ، خوای مەزن ژمارەی موسڵمانانی لە چاوی لەشکری بەرامبەردا زۆر کرد، زۆرێك لە خەڵکی دێهاتەکانی دەوروبەر پەنایان بردبووەبەر (بەنجتار) لە ترسی ڤینتۆرە، جا ڤینتۆرە واگومانی برد ئەو خەڵکە هەڵاتووە هەموویان تێکۆشەرن، بۆیە ترسا لە مانەوە، خوای گەورە دڵی پڕ کرد لە ترس و لەرز و پاشەکشەی کرد و ڕووباری سیندی بڕی و ڕۆیشتەوە ناو سنووری (بەنجاب)ەوە.

لە ساڵی دواتردا سەرکردەی ناوبراو لە هەمان کات و لە سەردانی ساڵانەیدا ڕووی کردە ئەم ناوچەیە بە لەشکرێکەوە، داوای باج و سەرانە و دیاری کرد، بە هەمان شێوەی ساڵی یەکەم وەڵامی درایەوە، ئەسپی خۆی تاودا بۆ (بەنجتار)، مەهارجە سەرزەنشتی کرد لەسەر پاشەکشەکەی ساڵی ڕابردوو و ئەم کارەی ئەوی بە شکست لێکدایەوە، دەمارگیری نەفامی ڤینتۆرەی گرت و سور بوو لەسەر سڕینەوەی ئەم لەکەیە، بە لەشکرێکەوە کە دە هەزار جەنگاوەری تێدابوو و بە پشتیوانی کرانی لەلایەن خادی خانەوە ڕۆیشت.

سەید پەیامی نارد بۆ سەرکردە و سەرۆك هۆزەکان و زانا پایەبەرزەکان، سەید پێی وابوو دیوارو سەدێك دروست بکات لە نێوان دوو چیاکە، پانیەکەی چوار گەز بێت، بۆ ئەوەی ڕێگە بگرێت لە هاتنە ناوەوەی لەشکرەکە، تێکۆشەران و خەڵکی دەوروبەر بە گەرم و گوڕی کاریان کرد لەسەر دروستکردنی ئەم دیوارە، لە ماوەیەکی کەمدا دروستیان کرد، سەید پێی باش

بوو ڕێگایەکی تریش کە لە دواوە هەبوو بگرێت، تێکۆشەران هەڵسان بە دروستکردنی ئەم دیوارە کە درێژیەکەی چل یان پەنجا گەز دەبوو، یادەوەری جەنگی خەندەق نوێبووەوە، تێکۆشەران زەوییەکەیان دابەش کرد، ڕوویان کردە بنیاتنانی ئەم دیوارە، سەید هەڵسا و چیرۆکی جەنگی ئەحزابی بۆ ئەوان گێڕایەوە، کە چۆن موسڵمانان هەڵکەندنی خەندەقەکەیان دابەش کرد و پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵیان بەشدار بوو، مزگێنی پاداشتی زۆر و سەرکەوتنی ئاشکرای پێدان.

لە بەیانی ڕۆژی دوتردا کاتێك تێکۆشەران ئامادەکاریان دەکرد بۆ نوێژی بەیانی، ئەسپ سواری ئاگادارکەرەوە هەواڵی بەواندا سەبارەت بەوەی لەشکری بەرامبەر گەیشتووەتە پاڵ دیوارەکە، سەیدو تێکۆشەران بە پەلە نوێژیان تەواو کرد و فەرمانی بە خۆپڕچەك و پۆشینی زرێ پۆشی کرد، بەرەبەیان هەڵهات و لەشکرەکە ئاگری لە دێهاتەکان بەردا و دوکەڵ بەرز بووەوە، لەشکر پێشکەوت و سەید تێکۆشەرانی ئاڕاستەکرد و لەبەردەم دیوارەکە وەستا، لەشکرەکەی بەشێوەیەکی سەربازی دابەشکرد، جەنگاوەرەکانی لەسەر چەند شوێنێك دانان، مەولانا ئیسماعیلی شەهید هەڵسا بە خوێندنەوەی ئایەتەکانی بەیعەتی ڕیزوان لە سورەتی (الفتح) و ڕاڤەی ئایەتەکانی کرد، باسی پلەوپایەی ئەم بەڵێن و بەیعەتەی کرد، سەرلەنوێ خەڵك بەڵنیان بە سەید دایەوە، پەیمانیان بە خوادا لەسەر چەسپان و خۆڕاگری و داوایان لێکرد یەك لە دوو چاکەکەیان پێ ببەخشێت، یان سەرکەوتن یاخود شەهیدی.

خەڵك ورەیان بەرزبووەو سۆزو جۆش و خرۆشیان جوڵا، شەپۆلی بەختەوەری و شادومانی و خولیای شەهید بوون ئەوانی داگرت، شێخ ئیسماعیل پێشڕەوی کرد و بەڵێنی بە سەیددا، خەڵکیش بە شوێنی ئەودا بەڵنیان پێدا، کێبڕکیان کرد لەسەر بەڵێندان، بەڕاستی دیمەنێکی نامۆو سەرنج ڕاکێش بوو کە فرمێسك لە پێناوی دەتکان و دڵەکان پێی کاریگەر دەبوون، سەید لە خوا پاڕایەوە بەشێوەیەك کە دەستەوەسانی لاوازی و هەژاری خۆی بۆ لای خوا دەربڕی، خەڵك لە مەندەهۆشیدا بوون، سەبارەت بە خۆیان و دەوروبەریان، ئارامی و حەزی شەهید بوون ئەوانی داگرتبوو، هەندێك لە هەندێکی تر خۆش دەبوون و باوەشیان بەیەکدا دەکرد، هەروەها وتیان یان سەرکەوتن بەدەست دێنین بەمەش لەم دونیایەدا بەیەکدەگەین یاخود شەهید بوون و لە بەهەشتدا یەکتر دەبینینەو، ئەوەی لای خوایە چاکترو بەردەوامە، ئامۆژگاری یەکتریان کرد بەوەی ئەگەر یەکێکیان شەهید بوو یان بریندار بوو ئەوا با کەس خۆی سەرقاڵ نەکات بە هەڵگرتنی، بەڵکو بەرەوپێش بچێت و ڕوو لە دوژمن بکات.

سەید زرێی جەنگی پۆشی، دەستی دایە چەك و تفاق و بەرەو دیوارەکە ڕۆیشت، نزیکەی هەشت هەزار تێکۆشەری هیندی و قەندەهاری لەگەڵدا بوو، هەمووانی ڕیز کرد و داوای لێکردن پەلە نەکەن و هیچ کەسێك تفەنگ نەتەقێنێت و بەسەر دیواردا باز نەدات تا خۆی دەست پێنەکات، ئامۆژگاری ئەوانی کرد بە زۆر خوێندنەوەی سوڕەتی (قریش)، دواتر وەستا و ڕووی کردە خواو لێی پاڕایەوە، ئاڵاکان بەناو لەشکردا بڵاو بوونەوەو تێکۆشەران لە

ژێریدا کۆبوونەوە، ئاڵایەك لە دەستی شێخ موحەممەد[1] دابوو، کە یەکێك بوو لە عەرەبەکان.

ڤینتۆرە ڕۆیشتە سەر تەپۆڵکەیەك و نانی خوارد، کاتێك لە نان خواردن بووەوە، هەڵسا سەر پێ و بە دووربین سەیری گۆڕەپانی جەنگی کرد، بینی کە لەشکری تێکۆشەران گۆڕەپانەکەیان پڕ کردووە، ترسی لێنیشت و تۆقی، ڕووی کردە خادی خان و سەرزەنشتی کرد و پێی وت: منت هەڵخەڵەتاند، تێکۆشەرانت بە کەم و لاواز وەسف کرد، دەی ئێستا تەماشای ئەم لەشکرە چڕو پڕە بکە لە ئەسپ سوارو پیادە، هەروەها سەیری ئەم ئاڵا زۆرانە بکە کە مەیدانەکەیان پڕ کردووە، دواتر ڤینتۆرە هاوەڵانی دابەزاندە بەردەم دیوارەکە، (سیخەکان) دەستیان کرد بە ڕووخاندنی دیوارەکە، سەید فەرمانی بە گوللە هاوێژتن کرد، تێکۆشەران هێرشیان کرد، ڤینتۆرە دڵنیا بوو لەوەی شکستی خوارد، بۆیە فەرمانی بە لەشکرەکەی کرد بکشێتەوە، تێکۆشەران شوێن لەشکرەکە کەوتن تا دەروازەی (بەنجتار)، ژمارەی تێکۆشەران ئەوەندە نەبوو کە ڤینتۆرە بە خەیاڵیدا هاتبوو، بەڵکو ئەمە سەرکەوتنێك بوو لەلایەن خواو بە پشتیوانی ئەو بوو، بێگومان خوا سەربازی هەن لە ئاسمانەکان و زەویدا.

کاتێك پاشەکشەی ڤینتۆرە بەدەرکەوت، موسڵمانان دڵخۆش بوون بەو سەرکەوتنەی خوا پێی بەخشین، دەستنوێژیان هەڵگرت لەو ڕووبارەی لە

---

(1) یەکێك بوو لە گەورە دڵسۆزانی سەید، لە حەجکردندا هاوڕێیەتی سەیدی کرد.

**(بەنجتار)ەوە دەڕوات و نوێژی سوپاسگوزاریان بۆ خوا کرد:** ﴿وَكَفَى ٱللَّهُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱلْقِتَالَ ﴿٢٥﴾﴾ الأحزاب. **واتە: (خوای گەورە جەنگی لە کۆڵ باوەڕداران کردەوە).**

***

## فێڵ و پیلانگێڕی تەنها بەسەر خاوەنەکانیدا دەشکێتەوە

شکستهێنانی سەرکردەی ئەزموونديدەی فەڕەنسی کە لە چەندين جەنگدا سەرکەوتووبوو، پاشەکشەکردنی لە ناوەندی تێکۆشەران و گەڕانەوەی بە لەشکرەکەی، بووە دەنگ و باسی ناو وڵات، خەڵکی دەشت و شار سەرگەرمی تاوتوێ کردنی ئەم باس و خواسە بوون، موسڵمانان لە چەندين هۆزو تیرەوە لە سەرەتاکانی زيلحيججەی ساڵی ١٢٤٤ك ڕوويان کردە سەيد و بەڵێنيان پێدا، سيستەمی شەڕعيان قبوڵ کرد، لە ناوچەی (سەمە)دا گوندێکی تۆکمە و بەهێز هەبوو ناوی (ئەمان زئی) بوو، نزيکەی دوازدە هەزار کەسی ئەفغانی لەوێ بوون کە ئيش و پيشەيان جەنگ و شەڕو شۆڕ بوو، بەڵێنيان بە سەيددا و پەيمانياندا کە دەيەك (العشر) بدەن، سەرۆك هۆزێکی تر کە ناوی (موقەڕەب خان) بوو ڕێگەی ڕاستی گرتەبەرو وەفادارييەکەی چەسپا، سەرانەی لەسەر هاوبەشدانەران دانا و دەيەکيش لەسەر موسڵمانان.

خادی خان سەرۆکی (هەند) هەر لەسەر کەللە ڕەقی و خۆپەرستييەکەی مايەوە، چارەنووسی خۆی بەستەوە بە دوژمنانی خواو وەفا و هاوڕێيەتی بۆ ئەوان نيشاندا، بەدەريش کەوت کە ئەو سەرکردە فەڕەنسيەکەی هانداوە لە دژی تێکۆشەران، هێرشکردنە سەر (بەنجتار)ی بۆ ڕازاندۆتەوەو بە ئەرکێکی ئاسان بۆی وەسف کردووە، بە هەموو ئەو هۆکارو شتانەی هەيبووە يارمەتی ئەوانی داوە، تەنانەت نهێنی هەڵگری سەرکردە فەڕەنسييەکە بوو، جا

مانەوەی خادی خان بەوشێوەیە و پشتگوێخستنی زیانی بە موسڵمانان دەگەیاند و سیستەمی شەرعی شکۆو حورمەتی خۆی لە دەست دەدا، هانی دووڕووان و ئەوانەی دڵ و دەروونیان نەخۆشە دا بۆ ناپاکی و دەستدرێژی و خۆپەرستی، جا هۆشمەندەکانی لەشکری تێکۆشەران، لە سەروشیانەوە شێخ محەممەد ئیسماعیلی شەهید پێیان وابوو دەبێت خادی خان تەمبێ بکرێت و بەڵگەی بە تەواوی لەسەر بەرپا بکرێت، خراپە و هەڕشەکەی لە ناو ببرێت ئەگەر ڕەتی کردەوە ملکەچ بێت، ئەمەش لە میانەی دەستگرتن بەم فەرمایشتەی خوای مەزنەوە: ﴿ وَإِن طَآئِفَتَانِ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٱقۡتَتَلُواْ فَأَصۡلِحُواْ بَيۡنَهُمَاۖ فَإِنۢ بَغَتۡ إِحۡدَىٰهُمَا عَلَى ٱلۡأُخۡرَىٰ فَقَٰتِلُواْ ٱلَّتِي تَبۡغِي حَتَّىٰ تَفِيٓءَ إِلَىٰٓ أَمۡرِ ٱللَّهِۚ فَإِن فَآءَتۡ فَأَصۡلِحُواْ بَيۡنَهُمَا بِٱلۡعَدۡلِ وَأَقۡسِطُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُقۡسِطِينَ ٩ ﴾ الحجرات. واتە: (ئەگەر دوو دەستە یان دوو تاقم لە موسڵمانان بوو بەشەڕیان، ئەوە دەستبەجێ هەوڵ بدەن ڕێکیان بخەن و ئاشتیان بکەنەوە، خۆ ئەگەر لایەکیان هەر دەستدرێژی دەکردە سەر لایەکەی تر، ئەوا ئێوە بەگژ ئەوەیاندا بچن کە ستەم و دەستدرێژی دەکات، هەتا دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانی خوا، جا ئەگەر لایەنە سەرکەشەکە بۆ فەرمانی خوا سەری دانەواند، ئەوە ئێوە ناوبژیوانیەکی دادگەرانە لە نێوانیاندا بکەن و دادپەروەری ئەنجام بدەن، چونکە بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆش دەوێت کە دادپەروەری ئەنجام دەدن).

شێخ ئیسماعیل بە پۆلە سەربازێك كە لە دوو سەد سەرباز پێكهاتبوون ڕووبەڕووی خادی خان بووەوە، بەنەرمی قسەی لەگەڵ كرد و زۆر هەوڵی لێكتێگەیشتن و ئامۆژگاری كردنی دا، ئاگاداری كردەوە لە دەستدرێژی و سەرپێچی و یاخی بوون و بەڵێن شكاندن و گوێڕایەڵ نەبوون، بەڵام هەموو ئەمانە سوودی نەبوو، خادی خان بەمە وەڵامی دایەوە: بمبوورە شێخی ڕێزدار ئەگەر پێت بڵێم ئێمە ئەمیرو حوكمڕانان وەك ئێوەو سەید لە شەڕعناس و دەروێشەكان نین. ئێوە شەڕع و بەرنامەیەكتان هەیە، ئێمەش شەڕعی خۆمان هەیە، ئێمەی ئەفغانیەكان توانای بەرپاكردنی ئەو شەریعەتەمان نییە كە سەید بانگەوازی بۆ دەكات و داوا دەكات جێبەجێی بكەین، كەواتە بۆچی سەید خۆی لە ئێمە دەئاڵێنێت، با لێمان گەڕێت و كاری بەسەر ئێمەوە نەبێت و خۆشی چی دەكات با بیكات.

كاتێك گفتوگۆ تەواو بوو، هیواو ئومێد پچڕا لە گەڕانەوەی خادی خان بۆ سەر هۆش و ڕێگەی ڕاست و گوێڕایەڵ بوون بۆ خواو پێغەمبەرو قبوڵكردنی حوكم و یاساكانی شەڕع، خاوەن بۆچوون و هۆشمەندەكان بە پێویستیان زانی سزای بدەن و تەمبێی بكەن، ئەم كارە بە شێخ ئیسماعیل سپێردرا كە هیچ یەكێك لە ناو لەشكری تێكۆشەران و هاوەڵ و كەسە نزیكەكانی سەیددا هاوشانی نەبوو لە بوێری و زیرەكی و دانایی و چاك بەڕێوەبردن و سیاسەتكاری و بەهێزی سەركردایەتی، بە پێنج سەد تێكۆشەرەوە ڕووی كردە (هەند) كە زۆر لێهاتوو بوون لە كاری جەنگ و شەڕدا، لەگەڵ ڕووناكی خۆرهەڵاتن ڕۆیشتنە ناو قەڵاكە.

خادی خان سەری سوڕما لەم هێرشە کت و پڕە، ناوبراو بە دەستی تێکۆشەران کوژرا، لەشکری ئیسلامی دەستی گرت بەسەر ئەم شارە تۆکمە و بەهێزە کە دیواری مەزن و بەهێزو چەك و تفاقی هەبوو، تەنها خادی خان و جوتیارێك کوژران، هیچ یەکێك لە تێکۆشەران برینداز نەبوون چ جای مردن.

بەم شێوەیە ئەم بەشە کۆتایی هات، تێکۆشەران ڕزگاریان بوو لە ئاشوبێك کە ئەوانی سەرقاڵ کردبوو، هێزو توانای ئەوانی پەرت کرد بوو بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ.

نۆرەی یار محەممەد خان هات کە ئاشوبی یەکەمی هەڵگیرساند و خۆی سەرپەرشتی کرد، بۆسەی بۆ تێکۆشەران داناوەو شتەکانی پێچەوانە کردەوەو ویستی سەید بکوژێت، لەگەڵ سیخەکان پیلانگێڕیان کرد تا لەشکری خۆی نارده ناوچەی (هەند) تا لەوێ تێکۆشەران لەناو ببات، براکەی ئەمیر خان ببێتە جێگرەوەی خادی خان، لە ناوچەی (هەریانە) کە ناوەندی ئەمیر خان بوو بنکەی سەربازی خۆی دانا، شەش تۆپهاوێژو ڕانێك فیل و وشترو لەشکرێکی مەزنی لەگەڵدابوو، هەر کە گەیشتە ناوچەی (هەریانە) دەستی کرد بە تۆپ هاوێشتن، بۆ ئەوەی ترس و دڵەڕاوکێ بچێتە ناو دانیشتوانی وڵاتەوە، ئەوانەی کە دڵیان دەفرۆشێت لەگەڵ دەنگی تۆپەکان، زۆر کەسی شڵەژاو و دووڕوو ڕۆیشتنە پاڵی و گوند و دێهاتەکانیان تاڵانکرد و کێڵگە و ڕەچەڵەکیان تێکدا و ترس و تۆقینیان لە دڵ و دەروونی دەوروبەردا بڵاو

کردەوە، لە نێوان هەر دوو لەشکرەکە هەندێك وردە شەڕو هێرش ڕوویاندا کە هیچ شتێکیان پێش و پاش نەخست.

چەندین جار نێردراو لە نێوان سەید و یار محەممەد خان هاتووچۆ، سەید زۆر ئامۆژگاری کرد، خوای گەورەی خستەوە یادیان، هۆشداری بەواندا لە سەرەنجامی دەستدرێژی و یاخی بوون، یار محەممەد خان پەیامی ئاشتەوایی پێگەیشت و بەوپەڕی خۆپەرستی و لوتبەرزیەوە ڕەتی کردەوە.

ئا لێرەدا تێکۆشەران پەنایان بردە بەر جەنگ، بەشەو هەڵیان کوتایە سەر لەشکری یار محەممەد خان، ژمارەیان لە هەشت سەد ئەسپ سوارو پیادە تێپەڕ نەدەبوو، لەلایەن شێخ ئیسماعیلەوە سەرکردایەتیان دەکرا، جەنگەکە لە ناوچەی (زەیدە) بوو، تێکۆشەران بە ئازایەتیەکی دەگمەن بەرەوپێش ڕۆیشتن و دەنگیان بەرز کردەوە بەدەم وتنی (الله أكبر)، تاقمێك لە تێکۆشەران زۆر بە خێرایی دەستیان گرت بەسەر تۆپهاوێژەکانی دوژمن، پێیەکانی لەشکری دوژمن خلیسکان، بۆیە ڕاکردنیان پێ باشتر بوو، هەموو چەك و تفاقەکانی لە گۆڕەپانی جەنگدا بەجێهێشت، تا چەندین جووت پێڵاو بینران کە سەربازەکان بەجێیان هێشتبوو لەبەر ترس و لەرز، مەنجەڵەکان هەر لەسەر ئاگر بوون، خواردنەکە ئامادەکرا بوو و هێنرا بوو، بەڵام لەبەر ڕاکردن بەبەر خواردنی ڕانەگەیشتبوون، یار محەممەد خان زۆر بە سەختی بریندار ببوو، لە ڕێگەی ڕۆیشتنیدا بۆ ئەو شوێنەی دەیویست پێی بگات مرد، موسڵمانان دەسکەوتێکی زۆریان دەستخست، ماڵ و چەکێکی زۆریان

کەوتە بەردەست، چەندین ئافرەت بینران کە (دەرانیەکان) ڕفاندبوویان لە گوندەکانی دەوروبەر، شێخ ئیسماعیل ئەوانی بۆ خانەوادەکانیان گێڕایەوە.

سەید بە سەرکەوتوویی چووە ناو (بەنجتار)ەوە، سوپاس و ستایشی خوای گەورەی کرد لەسەر ئەم سەرکەوتنە مەزنە، خەڵك ڕوویان لە سەید کرد و پیرۆزباییان لێکرد و دەنگەکان بەرز بوونەوە، سوپاس و ستایش و پیرۆزبایی باڵی کێشا، سەید هەڵسا بە سەرزەنشتکردنی ناپاکی و دەستگرتن بەسەر دەستکەوتەکانی جەنگ و باسی ئەو هەڕەشانەی کرد کە لەوبارەوە هاتوون، ئەو زیانانەی ئەم کارە بە ئایین و بەرژەوەندی موسڵمانان دەگەیەنێت و چۆن کاری باش و پاداشتی تێکۆشان لە پێناوی خوادا پوچەڵ دەکاتەوە، ئەم وتانە کاریگەریان کردە سەر دڵ و دەروونی نەوەکانی وڵات، ئەوەی دەستیان خستبوو لە گۆڕەپانی جەنگدا و مافی خانەی دارایی (بیت المال) بوو ئەوا لە مزگەوتیان کۆکردەوە، لەو شتانەی کە گێڕایانەوە سەد و پەنجا ئەسپ و ڕەشماڵ بوون، پێنج یەك (الخمس)ی لە پێناوی خوادا خەرج کرد، دواتر دەستکەوتەکانی جەنگ بەسەر تێکۆشەراندا دابەشکران وەك چۆن خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی فەرمانیان پێکردووەو لە قورئانی پیرۆزو سوننەتی بەپێزدا هاتووە، پیادە یەك پشك و ئەسپ سوار دوو پشکی هەبوو.

کاتێك تێکۆشەرە کۆچبەرەکان پشکی خۆیان برد وتیان: ئێمە لە خانەی دارایی (بیت المال) دەخۆین و لەسەری دەژین، ئێمە مافمان لەم پشکانەدا نییە، خانەی دارایی شایستەترە بەو پشکانە، سەید بەمەی زانی و وتی: ئەمە

ماف و موڵكی ئێوەیە، چۆن دەتانەوێت ئاوا ڕەفتاری تێدا بكەن، زۆربەیان پشكەكانیان بۆ خانەی دارایی (بيت المال) گێڕایەوە، ئەوەش كە پێویستی پێبووبا سوودی لێ وەردەگرت.

ئەم سەركەوتنە كاریگەریەكی زۆری هەبوو لەسەر دڵ و دەروونی خەڵكی وڵات، جا ئەو ڕێگەیانە كرانەوە كە داخرابوون، كاروانەكانی تێكۆشەران لە هیندەوە دەهاتن و بە سەلامەتی دەچوونە ناو تێكۆشەرانەوە، پەیام و یارمەتییەكانی خەڵكی هیند كە دەیاننارد دەگەیشتە تێكۆشەران، ئیسلام شكۆی بۆ گەڕایەوەو لایەكانی تریش ترس و بیمیان لێنیشت.

ئەمیر خادی خان بە دەستی دوژمنەكانی كوژرا، كە دوژمنداریيەكی كۆنیان لە نێواندا بوو لەبارەی زەوی و خانوو، بەمە كەش و هەوا بە تەواوی چۆڵ بوو بۆ بانگەوازو تێكۆشان، تا ئاستێكی كەم كۆسپ و لەمپەڕەكان لاچوون، هەر ئەمەش سەرەنجامی خەڵكی بەدكارە، بێگومان خوای مەزن ڕاستی فەرمووە: ﴿وَلَا يَحِيقُ ٱلۡمَكۡرُ ٱلسَّيِّئُ إِلَّا بِأَهۡلِهِۦۚ﴾ فاطر. واتە: (فێڵ و پیلانگێڕی تەنها بەسەر خاوەنەكانیدا دەشكێتەوە).

***

## مەردانێك هەن لە باوەڕداران ڕاستگۆبوون لەو پەیمانەی بەخوایان دابوو

تێکۆشەران دەستیان گرت بەسەر چەند شوێن و ناوەندێکی جەنگی سەرۆك هۆزەکان، کە دژایەتی تێکۆشەرانیان دەکرد یان دەرکەوتن دووڕوون، لایەنگیری دوژمنان دەکەن، ئاشوپ هەڵدەگیرسێنن، گرنگترین ئەو شوێنانە (عەشرە) و (ئەمپ) بوون کە بائندە خان حوکمڕانی دەکرد، هەروەها قەڵای (جەهتربائی).

جەنگێکی مەزن ڕوویدا لە (بەهلەرە[1]) لە نێوان تێکۆشەران و (سیخەکان)، کوشتار زۆر گەرم بوو، جەنگەکە تووندتر بوو، سەید ئەحمەد عەلی خوشکەزای سەیدی پێشەوا تیایدا شەهید بوو، ناوبراو وەك کێوە سەربەرزەکان لە گۆڕەپانی جەنگدا خۆڕاگرو چەسپاو بوو، بوێری و نەبەردییەکی وای لێ بەدەرکەوت کە یادەوەرییەکانی جەنگی موئتەی هێناوە یاد، لەم جەنگەدا شوێن پێی جەعفەری کوڕی ئەبو تاڵیبی هەڵگرتبوو، لەبەر ئەوەی کاتێك تفەنگەکەی لەکارکەوت دەستی کرد بە شەڕکردن بە تەختەی تفەنگەکە تا گەڕایەوە لای خوای گەورە، لەم جەنگەدا تێکۆشەران زۆر بەچاکی جەنگان و وەك پاڵەوانان تێکۆشان، وەك چیاکان خۆڕاگر بوون.

---

(١) شوێنێکە دە میل لە ناوچەی (مان سەهرە)وە دوورە، گوندێك بوو لە نێوان دوو کێوی سەرکەش و ڕووبارێکی بەناودا تێپەڕ دەبوو بەناوی (سرن).

یەکێك لەم لاوانە میر ئەحمەد عەلی بەهاری بوو، کە زۆر لێهاتووبوو لە تفەنگ تەقاندن و نیشانە پێکان، ژمارەیەکی زۆری لە ئەسپ سوارەکانی کوشت بە گوللەکانی، دوەژمنان دەوریاندا، تۆڕێکی گەورەی جەنگاوەرو گەورە ئەسپ سوارەکانیان لە دەوری ئەویان دانا، وتی: سوێندتان دەدەم گوللە بارانم مەکەن، چاوەڕێ بکەن کە کێ سەرم دەپەڕێنێت و من چۆن شەڕ بە شمشێر دەکەم و ئێوەش چۆن داندەنێن بە بوێریەکەم، جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە هەوڵنادەم لەم تۆڕەدا دەربچم، جا دەستی کرد بە لێدان و سەرو دەست پەڕاندن بە شمشێر و یاری پێکردنی یان دەرخستنی هونەرەکەی بەشێوەیەك کە هۆشمەندەکانی هێنایە سەرسوڕمان، باسك و ملەکانی دەپەڕاندا لە دەوروبەری خۆیدا، زۆری نەبرد دوژمنێك گوللە بارانی کرد و بە شەهیدی مرد.

کاتێك سەیدی پێشەوا هەواڵی مردنی خوشکەزاکەی سەید ئەحمەدی عەلی پێگەیشت، داوای لێکرد بیگەڕێننەوەو وتی: سوپاس بۆ خوا، کۆچی دوایی کرد و گەیشتەوە پەروەردگاری، گەیشتە ئەو ئامانجەی کە لە پێناویدا هاتبوو، بۆ ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو، کاتێك گێڕەرەوەکە پێی وت: ئەو برینانەی ئەحمەد عەلی دووچاری هاتووە هەموو لە ڕووخسارو دەم و چاوەوە بووە، سەیدی پێشەوا چاوی پڕ بوو لە فرمێسك و گریا، بە دەستی خۆی فرمێسکەکانی دەسڕی و دەیوت: سوپاس بۆ خوا، سوپاس بۆ خوا، بەڕاستی خوای گەورە ڕاستی فەرمووە:

﴿ مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُواْ مَا عَـٰهَدُواْ ٱللَّهَ عَلَيْـهِ ۖ فَمِنْهُم مَّن قَضَىٰ نَحْبَهُۥ وَمِنْهُم مَّن يَنتَظِرُ ۖ وَمَا بَدَّلُواْ تَبْدِيلًا ﴿٢٣﴾ ﴾ الأحزاب. **واتە: (مەردانێکی زۆر هەن لە باوەڕداران، ئەو پەیمانەی داویانە بە خوا، ڕاستیان کرد لەسەری ژیان و پابەند بوون پێوەی و لێیان لانەدا، جا هەیانە پەیمانەکەی جێبەجێکرد و مرد لەسەری، هەشیانە چاوەڕوانە، بە هیچ شێوەیەك گۆڕان و لاڕێی ڕووی تێنەکردوون).**

*******

## پێم وایە سیمڕخەکە گەورەترە لەوەی ڕاوبکرێت

**چالاکی تێکۆشەران لەو دیوی ڕووباری سیندەوە تاکە شت بوو کە حکومەتی لاهوری سەرقاڵ کردبوو و دەست و پێیەکانی پەکخستبوو، (ڕەنجیت سینغ) یەکێك بوو لەو سەرکردە سەربازیانەی باوەڕیان وابوو کە مرۆڤ نابێت بە سووك سەیری پرۆسکە ئاگرێك بکات و بە بچوك بۆ بەرامبەر بڕوانێت هەر چەند لاوازو بێهێز بێت، پێشی وابوو کە دەرگا هێشتا والایە بۆ لێکتێگەیشتن لەگەڵ سەرکردەی ئەم بزوتنەوەیە، ڕزگاربوون لە مەترسی و هەڕەشە و گۆڕەشەکانی، هێشتا (ڕەنجیت سینغ) پێی وابوو سەید کەسێکە حەزو ئارەزووی پاڵی پێوە ناوە بۆ ئەم کارە جەربەزەییە، دەتوانێت ڕازی بکات بە پارچەیەك زەوی کە حوکمی بکات یان پێدانی سەرۆکایەتی، (ڕەنجیت سینغ) لە ژیانی خۆیدا ژمارەیەکی زۆری لەم ئارەزوو پەرستانەی**

تاقی کردۆتەوە لە سەرۆك هۆزو خەڵکی خانەدان و زانایانی ئاینی و شێخەکانی تەریقەت کە ئاڵای تێکۆشانیان بەرز کردبووەوەو کەسانێك لە دەوریان خڕببوونەوە کە حەزیان لە جەنگ و پلەو پۆست و دەستکەوت هەبوو، دواتر ڕازی بوونە بە پێدانی پارچە زەویەك یان دەسەڵاتی ناوچەیەك یاخود خانوێك یان مووچەیەکی حکومی، بەمەش حکومەت لە ماوەیەکی نزیکدا لە دەستیان حەساوەتەوە.

جا (ڕەنجیت سینغ) پێی وابوو کە ئەم ڕێگایە تاقی بکاتەوە لەگەڵ تێکۆشەران و ئەمیرەکەیان، لەگەڵیان ڕێك بکەوێت و نرخەکەیان بۆ زیاد بکات ئەگەر پێویستی کرد، بەڵکو بە میرنیشینێکی بچوك ڕازی دەبێت و ئەم پروسکە نابێتە هۆی هەڵگیرسانی ئاگرێك و بڵاوبوونەوەی لە سنووری باکورو وڵاتی ئەفغانستان، وروژاندنی هۆزەکان و جوڵاندنی تیرەکان، گیانی تێکۆشانیان بەبەردا بکرێت، لەوێشەوە ئەو ڕەشەبا و گەردەلوولە هەڵبکات کە موڵك و تەخت و تەراجی لەناو ببات.

بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی لاهور شاندێکی باڵای ڕەوانەکرد، بە سەرۆکایەتی وەزیرو دەستوپێوەندە تایبەتەکەی و یەکێك لە بنچینەکانی دەوڵەت حەکیم عەزیزەددینی دیهلەوی کە یەکێك بوو لە گەورە پیاوانی سیاسەت و دڵسۆزانی دەوڵەت، (مەهارجە) زۆر متمانەی هەبوو بە دڵسۆزی و هۆشمەندی و لێزانیەکەی، بە سەرکردە (ڤینتۆرە) پشتگیری کرد، فەرمانی بەوان کرد لەگەڵ سەید ڕێکبکەون، حەکیم عەزیزەددین نامەیەکی ناسك و

جوانی مەهارجەی پێبوو کە زۆر بە سۆزو ناسکییەوە تیایدا دوابوو، ئاماژەی بە پایەبەرزی سەید کردبوو و دانی نابوو بە پێگە ئاینیە ڕۆحیەکەی و بەوەی چاکەی وای لەم بوارەدا هەیە کە نکۆڵی لێ ناکرێت، هەروەها مەهارجە تیایدا وتبوی: ئەگەر ئەو هاتبێت موڵك و پادشایەتی بوێت، ئەوا مەهارجە ئامادەیە خاکی ئەودیوی ڕووباری هندی بۆ دابڕێت و بیدات پێی و بەکەیفی خۆی ڕەفتاری تێدا بکات، مەهارجە لە باج و سەرانە و دیاریەکان خۆش دەبێت، سەیدیش لەوێدا سەرقاڵ ببێت بە خواپەرستی و واز بهێنێت لە دژایەتی و شەڕو وروژاندنی تیرەو هۆزەکان دژ بەیەکتری، مەبەستی مەهارجە وازهێنانی سەیدە لە تێکۆشان (جیهاد) یان بچێتە پاڵ مەهارجە و ئەویش سەید بکاتە سەرکردەی لەشکر.

سەید بە سینە فراوانی و ڕەوشت بەرزی و شکۆمەندی و ڕێزو ئارامی و هێمنی پیشوازی لەم شاندە کرد، مەبەست و ئامانجی خۆی لەم کۆچکردن و تێکۆشانەدا بۆ سەرکردە موسڵمانەکە ڕوون کردەوە، ئاماژەی بەو پاڵنەرە سیاسیە پاکانەدا کە ئەویان کێش کردووە بۆ ئەو وڵاتە دوورانە و ئەم جەنگە درێژخایەنانە و ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم حکومەتە فراوان و لق و پۆپدارە.

باڵوێزە موسڵمانەکە لەو زمانە دەگەیشت کە سەید پێی دەدوا، هەستی بەو گیانە ئیمانیە دەکرد کە زاڵ ببوو بەسەر ئەمیرە باوەڕدارە جوامێرەکە و بەسەر ئەو وشانەی کە لە پەرێزی دڵیەوە باڵیان گرتبوو، جا بەپێی ئەزموونی درێژو عەقڵی مەزن و زانستە فراوانەکەی و شارەزاییەکەی لە

ناسینی چینەکانی خەڵك زانی ئەو کەسەی قسەی بۆ دەکات لە تەرزێکی ترە جیا لەو تەرزە سەرکردە ئارەزوومەندانەی کە خۆیان دەخەنە مەترسیەوە لە پێناو تێرکردنی حەزەکانیان، تێکۆشانیان دەکەنە پردێك بۆ گەیشتن بە سەرۆکایەتی یان مووچەیەکی گەورە یاخود سەروەت و ماڵێکی زۆر، هەروەها هەستی بەو تەزووە باوەڕییە دەکرد کە باڵیکێشا بوو بەسەر دڵی سەید و بە ناو جەستە و دەمارەکانیدا دەهات و دەچوو، بەمەش هێزی باوەڕو متمانە تۆکمەیی ئەوی هەژاندووە، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە سەید وتی: ئێمە ڕوومان نەکردۆتە ئەو وڵاتە کە وڵاتی موسڵمانانە لەگەڵ ئەم ژمارە زۆرەدا تا موڵکێك بۆ خۆمان دابڕین یان حوکمڕانی زەویەك بکەین، تەنها مەبەست لەم گەشتە درێژەمان بریتی بووە لە تێکۆشان لە پێناوی خوا و حەز کردن بە بەرزکردنەوەی وشەی خوا، بەڵام ئەگەر (ڕەنجیت سینغ) فریومان دەدات بە میرنیشینێك یان سەرۆکایەتیەك ئەوا با بە دڵنیاییەوە بزانێت ئەگەر هەموو شانشینی خۆیمان بداتێ و لە پێناو ئێمەدا دەستبەرداری ببێت ئەوا ئێمە کارمان بەسەریەوە نییە، بەڵام ئەگەر موسڵمان بوو ئەوا دەبێتە برای ئێمە، ئێمەش دەستبەرداری هەموو ئەو شتانە دەبین کە دەستمان بەسەردا گرتووە، بە زەبری شمشێر شوێنەکانمان بۆ ئەو ئازاد دەکرد و دەگەڕاندەوە، شانشین و ئەوەی حوکمڕانی دەکات بۆ ئەومان بەجێدەهێشت.

حەکیم عەزیزەددین کە ئەم وەڵامە بڕاوەی بیست، وتی: ئەی سەید تۆمان لەسەرووی ئەوەوە بینی کە لەبارەی تۆوە بیستبوومان، دیمەن و

هەواڵەکە بە تەواوی لە تۆدا هاتنەجێ، تەنها ئەوەم لەدەستدێ کە بڵێم: (باوەڕمان هێنا و ملکەچ بووین).

سەید ڕێزی زۆری لە شاندی حەکیم نا، بە جوانی ڕەفتاری لەگەڵ کردن، مامەڵەی لەگەڵ شاندەکە کرد وەك چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەمیری گەورە و باڵوێزی وڵات و خاوەن پلەوپایەکان دەکرێت.

سەید نامەیەکی نووسی بۆ ڕەنجیت سینغ و دایە دەستی حەکیم عیزەددین تا بیگەیەنێتە دەستی مەهارجە، حەکیم گەڕایەوە بە سەرسام بوون بە ڕەوشتی سەید و گەورەیی دەروونەکەی و ورە بەرزیەکەی و دڵسۆزییە قوڵەکەی، حەکیم ئەوەی بیستی و بینی بە مەهارجەی ڕاگەیاند، ئەو پەیامەی دایە دەست کە لە سەیدەوە بۆی هێنا بوو.

سەرکردە ڤینتۆرە و ئیلارد بە لەشکرێکی مەزنەوە هاتنە سەر کەناری ڕووبارێکی نزیك لە (پیشاوەر) تا ئەو باج و سەرانەیە وەربگرن کە ساڵانە لە ئەمیرەکانی پیشاوەر وەریان دەگرت، داوایان کرد کەسێکی هۆشمەند لە لەشکری تێکۆشەران سەردانیان بکات تا گفتوگۆی لەگەڵ بکەن، سەید شێخ خەیرەددین شێرکۆنی هەڵبژارد کە لە گەورە هۆشمەندەکانی لەشکر بوو، زۆر ڕەوانبێژو زیرەك بوو، لێهاتوو و قسەزان بوو، سەید ستایشی کرد و سەرسام بوونی خۆی بەو دەربڕی.

شێخ خەیرەددین سەردانی سەرکردەی فەڕەنسی کرد لە خێوەتەکی خۆیدا بە چەکەکەیەوە، لە تەنیشت سەرکردەی فەڕەنسی ئیلاردی سەرکردە

دانیشت بوو، گفتوگۆی نێوان شێخ خەیرەددین و هەر دوو سەرکردە ئەوڕوپیەکە بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە و ڕوون کە لایەنی زانستی و ئاینی و سیاسی گرتبووەوە، (ڤینتۆرە) فارسی دەزانی و بە ڕەوانی پێی دەدوا، لێهاتوو بوو لە قسەکردندا، ناوبراو سووربوو لەسەر زانینی مەبەستە ڕاستەقینەکانی سەید و هەوڵیشی دەخستەگەڕ لە پێناو لادانی سەید لە دژایەتی کردنی مەهارجە و ڕووکردنە خواپەرستی و سەرقاڵ بوون بە لایەنی ڕۆحی، (ڤینتۆرە) سەرسامی خۆی دەردەبڕی لەوەی چۆن سەید لەگەڵ ئەو عەقڵ و دونیا نەویستیەی هەیەتی هەڵساوە بە تەحەداکردن و ڕووبەڕوو بوونەوەی یەکێك لە بەهێزترین حکومەتەکانی ئەو کات، تەنانەت لەگەڵیدا بچێتە جەنگێکەوە کە سەرەتا و کۆتایی بۆ نییە.

شێخ خەیرەددین ئەم هەل و فرسەتەی قۆزتەوە، هەڵسا بە ڕاڤەکردنی حوکمی تێکۆشان (جیهاد) لە ئیسلامدا و پێگەکەی لە بەرنامەی خوا بۆ سەرکردە فەڕەنسییەکە، ئاماژەشی کرد بەو پاداشتەی بۆی دانراوە، هەروەها باسی ئەوەشی کرد کە ئەمە لەسەر پێغەمبەرانی پێشوو و گەلانیان پێویستکرابوو، ئەوانیش پێی هەڵسان، ئاماژەی بە هیوای سەید کرد سەبارەت بە زیندووکردنەوەی ئەم فەرزە، باسی مەرج و بنچینە و پەیڕەوی ئاینی شەرعی تێکۆشانی کرد، تا سەرنەکێشێت بۆ خۆسەپاندن و لووتبەرزی و خراپە و گەندەڵی، ئاماژەی کرد بە چۆنیەتی بەڵێن دانی خەڵك بە سەید، هەروەها وتی: سەید هیچ کاری بەسەر خۆسەپاندن و داگیرکردن و ملکەچ پێکردنی خەڵك و بە بەندەکردنیان و گۆڕینی کەس و خێزانێك بە کەس و

خێزانێکی ترەوە نییە، بەڵکو ئەم تێکۆشانە لە پێناو هێنانە دەرەوەی خەڵکە لە ژێر ڕکێفی حوکمی خەڵك بۆ حوکمی خوا و لە بەرتەسکی دونیا بۆ فراوانی دوارۆژ و لە ژێر ستەمی ئاینەکانەوە بۆ سایەی دادی ئیسلام[1]: ﴿وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ لِلَّهِۖ ١٩٣﴾ البقرة. واتە: (ئێوەش بجەنگن دژیان تاوەکو هاوەڵدانان و ئاشوب و ناخۆشی نەمێنێت، هەروەها تا ئاین و بەرنامە و فەرمانڕەوایی هەمووی بۆ خوای گەورە بێت).

شێخ خەیرەددین زیاتر قسەیکرد و ئاماژەی بەوەدا کە خوای گەورە بە سەیدی بەخشیوە لە پشت بەخوا بەستن و هێزی باوەڕ، لەمەشدا گەواهی بە مێژوو هێنایەوە کە چۆن لاوازەکان توانیویانە سەربکەون بەسەر بەهێزەکاندا، کە پڕچەکن بە هێزی ئیمان و هەوڵیان بۆ سەرخستنی ئایین، بەرگری کردن لە چەوساوەو ستەملێکراوان و سەرخستنی ڕاستی و کارکردن بۆ دروستکردنی حکومەتێکی مەزن و شارستانیەتی پەرسەندوو، لە قورئانی پیرۆزیشیدا هاتووە: ﴿كَم مِّن فِئَةٖ قَلِيلَةٍ غَلَبَتۡ فِئَةٗ كَثِيرَةَۢ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ٢٤٩﴾ البقرة. واتە: (چەندەها جار دەستەی کەم زاڵبوون بەسەر دەستەی زۆردا بە فەرمانی خوا، بەڕاستی خوا یارو یاوەری خۆگرو ئارامگرانە).

---

(1) ئەم چەند وشانە نێرراوی موسڵمانان لە مەجلیسی سەرکردەی فارسەکاندا پێشکەش کرد.

زۆربەی ئەم تێکۆشەرانە دەستیان کردووە بەم کارەیان لە کاتێکدا هیچ چەك و وڵاغێکی سواری و هێزو توانایان نەبووە، دواتر ئەو شتانە فەراهەم بوون بۆیان کە پێویستیان پێ هەبوو بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکەیان، خوای مەزنیش دەفەرموویت: ﴿إِن تَنصُرُواْ ٱللَّهَ يَنصُرۡكُمۡ وَيُثَبِّتۡ أَقۡدَامَكُمۡ ٧﴾ محمد. واتە: (ئەگەر پشتیوانی ئاینی خوا بکەن و هەوڵی سەرکەوتنی بدەن، ئەوە خوایش پشتیوانی لە ئێوە دەکات و سەرتان دەخات و پایەدارو جێگیرتان دەکات). ﴿وَيَزِدۡكُمۡ قُوَّةً إِلَىٰ قُوَّتِكُمۡ ٥٢﴾ هود. واتە: (هێزو دەسەڵاتتان بۆ زیاد دەکات، زیاد لە هێزو دەسەڵاتی ئاسایی خۆتان).

لێرەدا ژەنەڕاڵ ئیلارد قسەی بە شێخ خەیرەددین بڕی و وتی: ناچێتە عەقڵەوە کە لاوازی دەستکورت سەربکەوێت بەسەر بەهێزی چەکدار، ڤینتۆرە ڕووبەڕووی قسەی ژەنەڕاڵی ناوبراو بووەوەو وتی: شێخ ڕاست دەڵێت، مێژوو پشتی دەگرێت و گەواهی بۆ دەدات، زۆر جار ڕوویداوە کە گەورەکان شکستیان لەبەردەم بچوکەکان خواردووە، کەمینەیەکی زۆر کەم سەرکەوتوون بەسەر ژمارەیەکی گەڵێك زۆردا.

ڤینتۆرە وتی: من سەیدم خۆشدەوێت و لە ناو کۆشك و دەست و پێوەندەکانی پادشاییدا گرنگیشی پێدەدەم، بەڵام ئەم خۆشویستنە نابێتە ڕێگر لە هەڵسانم بە ئەرکی خۆم لە گۆڕەپانی جەنگدا، بەڵام ئەگەر دیاریمان ئاڵوگۆڕ کرد، ئەوا ئەمە دەبێتە پاساوێك بۆ گەڕانەوەم و دروشمێك بۆ یەکتر قبوڵکردن و هاوڕێیەتی، بەمەش حکومەتی لاهور بەرەنگاری سەید نابێتەوە،

سەیدیش بە کەیفی خۆی ڕەفتار لەو شوێنەدا دەکات کە داگیری کردووە، لەشکری مەهارجە توخنی سنووری ئەو ناکەوێت.

شێخ وتی: کێشە نییە لەمەدا، سەید ڕەوشت بەرزو لێبوردەیە، ماڵ و سامان و دارایی و ڕابواردن بێ نرۆخن لەلای ئەو، کاری خێری خۆشدەوێت و پێی خۆشە دەستی باڵا و پێشەڕەو بێت لە بەخشین و دیاریدا، بەڵام زۆربەی جار دیارییەکانی لە جۆری جل و بەرگ و ئەو شتانەن کە بەکاردێن، بۆ ڕازاندنەوەش کاریان پێدەکرێت، چەکی بەنرخ و دەگمەنیشی هەیە، دەکرێ شتێك لەوە پێت بدەم.

مەبەستی ڤینتۆرە ئەوە بوو کە سەید ئەسپێکی پێبدات، بۆ ئەوەی بە مەهارجە بڵێت: سەید ئەسپێکی پێدام وەك دیاری، جەنگ لە گۆڕێ نەما و ترس و دڵەڕاوکێ بارگەی تێکناو سەید پەسەندی کرد کە دەسەڵاتی هەرە باڵا بۆ تۆ بێت!، پێدانی ئەسپ لە لایەك بە لایەنێکی تر دروشمی لایەنگیری و هاوڕێیەتی و چوونە ناو باوەش و ژێر پاراستندا بوو، ئەمە نەریتێکی باوبوو لەو سەردەمدا، ئەمیرەکانی پیشاوەرو سەرۆك هۆزەکان لە باکۆری خۆرئاوای هیند لەسەر ئەم نەریتە ڕۆیشتوون، بەڵام شێخ خەیرەددین بە زیرەکی و لێهاتوویی خۆی هەستی بە مەبەستی ڤینتۆرە کرد، سەرکردە فەڕەنسییەکە بە زمان لووسی و فێڵ و تەڵەکەی شاراوە شێخی دەهێنا و دەبرد، دەیویست شێخ بخاتە ناو ئەم بەڵێنە و پێی ببەستێتەوە، شێخ خۆی لەم بەڵێنە دزیەوە، ڕەتی کردەوە بکەوێتە ناو تۆڕی ڤینتۆرەوە.

مەجلیسەکە هەڵوەشایەوەو بڵاوەی پێکرا، شێخ هاتەوە لای سەیدی پێشەوا، باسی ئەو گفتوگۆیەی بۆ گێڕایەوە کە لە نێوان خۆی و سەرکردە فەڕەنسیەکە ڕوویدا، سەید پەسەندی کرد و ستایشی کرد و وتی: بەڕاستی مەبەستی ئێمەت گەیاند و پێکات، هەڵبژاردنی تۆ لەلایەن ئێمەوە ڕاست و دروست دەرچوو ئەی کەسی لێزان و دانا.

هەر دوو سەرکردە ئەوڕوپیەکە سوربوون لەسەر هێرش کردنە سەر بەنجتار، جا لە ناو لەشکری حکومەتی لاهوردا بڵاو بووەوە کە تێکۆشەران دەیانەوێت بەشەو هەڵکوتنەسەر لەشکر، تروس و بیم لە دڵی سەربازەکاندا بڵاوبووەوە، لەشکرەکە بە شەوبێداری کاتی بەڕێکرد بێ خەوتن، خەیاڵی نەدەحەسایەوەو لێوی لە لەرز نەدەکەوت، خوای گەورە ترس و دڵەڕاوکێی هاوێشتە دڵی ئەوانەوەو لەشکرەکە بارگەی تێکنا و بەشەو ڕووباریان بڕی، دواتر لە ترسی گەیشتنی تێکۆشەران پردەکە شکا، پاشان لەشکرەکە ڕوویکردە ناوچەی (ئەتك)، ﴿وَكَفَى ٱللَّهُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱلْقِتَالَ ٢٥﴾ الأحزاب. واتە: (خوای گەورە جەنگی لە کۆڵ باوەڕداران کردەوە).

دەبێ سەرکردە فەڕەنسییەکە چیرۆکەکەی گێڕابێتەوە بۆ گەورەی خۆی بە ورد و درشتیەوە، باسی ئەوەی بۆ کردووە کە سەید بەرزترو پایەدارترە لەوەی لە ئامانجی خۆی بێتەخوارەوە یان مەبەست و بیروباوەڕەکەی پشتگوێ بخات، وەك سیمڕخە کە بە تۆڕ دەستگیر ناکرێت و خۆی سەرقاڵ ناکات بە خواردنی توکی گەنم و پاشماوەی سەرخوان.

***

## جەنگێك لەسەر تێكۆشەران سەپێنراو تیایدا سەركەوتن

سەركەوتنی تێكۆشەران لە جەنگی (زەیدە) سەرباری كەمی ژمارەیان و نامۆ بوونیان لە وڵاتدا و لە ناوچوونی یار محەممەد خانی براگەورە و سەرۆكی هەرێمی پیشاوەر، ڕووداوێك بوو لێكدانەوەی زۆر مەزنی بۆ دەكرا لە ژیانی ئەو خانەوادەیەی كە دەستی گرتبوو بەسەر وڵاتی ئەفغانستان و ڕێشمەی حوكمڕانیەكەی بەدەستەوە گرتبوو، دایكی سوڵتان محەممەد خان ڕەخنە و توانجی دەگرتە ناوبراو بەهۆی كوژرانی براكەی و هەستی ئەفغانیەتی تێدا دەوروژاند و هانی دەدا لەسەر وەرگرتنەوەی تۆڵە و شۆڕدنی ئەم لەكەیە.

ئەمیری وروژاو مۆتۆر لە دواییدا بە لەشكری خۆیەوە هێرشی بردە سەر ناوەندی هێزی تێكۆشەران و بڕیاریدا ڕیشەكێشیان بكات و بحەسێتەوە لە دەست ئەم چەرمەسەرییە درێژە كە سەرقاڵی كردووە، لەوەتەی سەید هاتۆتە ئەو وڵاتەوە. هەموو ئەو سەرۆك هۆزو ئەمیرو خاوەن گوند و زەوی و زارو پلەو پۆستانە ڕۆیشتنە پاڵی كە ڕقیان لە سەید بوو و پێیان وابوو سەروەری سەید و ڕابەرایەتی ڕۆحیەكەی مایەی لەناوچوونی دەسەڵاتەكەیەتی و بێهێزی تواناكەیەتی، سوڵتان محەممەد خان هەڕەشەی توندی كرد لە ئەمیرو پاشاكانی حەمیڕی بە تۆڵە و زەبری توند، هەروەها وتی سزاو

ئەشكەنجەیان دەدات، چونكە یار محەممەد خان لەسەر خان و لەبەر چاوی ئەوان كوژرا، كەچی ئەوان پشتیان نەگرت و سەریان نەخستن، سوڵتان موحەممەدخان هەر دوو براكەی خۆی لەگەڵدا بوو: (سەردار بیر محەممەد خان، سەردار سەید محەممەد خان)، هەروەها حەبیبوڵاشی لەگەڵدابوو كە كوڕی برای هەرە گەورەیان بوو محەممەد عەزیم خان، سەرۆكی هەرێمی كشمیر.

بۆچوونەكان كۆك بوون لەسەر ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم هێزە و خۆپاراستن لێی ئەوەندەی بكرێت، سەید لە قەڵای (ئەمپ) كە لەوێ نیشتەجێ بوو گەڕایەوە بۆ سەربازگە كۆنەكەی (بەنجتار)، لەشكری پیشاوەر خێوەتگەی خۆی دانا لە ناوچەی (هوتی)، سەید لە ناوچەیەكی بەرامبەر (هوتی) بە خۆی و لەشكرەكەی دابەزی كە پێی دەوترا (تۆڕۆ).

سەید بەهیچ شێوەیەك نەیدەویست ئەم جەنگە هەڵبگیرسێت، كە لە نێوان دوو كۆمەڵە لە موسڵمانان ڕوویدەدا، كەس پێویستی بەم جەنگە نەبوو، زۆر پێیان ناخۆش بوو بەیەكدادان لە نێوان دوو هێزەكەدا ڕووبدات، ئیسلام و موسڵمانان لەپێشتر بوون بۆ سوود بینین لەم دوو هێزە و ئاڕاستەكردنی بەرەو ڕووی دوژمنی هاوبەش.

سوڵتان محەممەد خان لە ڕیزی پێشەوەی ئەو كەسانە بوو كە پێشتر لە كابوڵ دەستی پشتیوانی و لایەنگیری بۆ سەید درێژ كردبوو و بەڵێنی پێدابوو لەسەر گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری و تێكۆشان لە پێناوی خوادا، جا

سەید ویستی سوڵتان محەممەد خان لەو جەنگە لابدات کە شەڕێك نییە لەگەڵ دوژمن و تێکۆشانێکی پێویستیش نییە، هەروەها هەوڵیدا هەستی ئاینی و سۆزی ئیسلامی ناوبراو بجوڵێنێت، کە هیچ موسڵمانێك لێی بێ بەش نییە، سەید هەڵسا بە دیاریکردنی شێخ عەبدوڕەحمان کە خەڵکی (تۆڕۆ)یە و لە کەسە دڵسۆزو زانا خواناسەکان بوو، بۆ ئەوەی ببێتە باڵوێزی نێوان خۆی و سوڵتان محەممەد خان، تکا و داوای سەیدی پێی بگەیەنێت و پێی بڵێت: ئێمە هاتووینەتە ئەم وڵاتە بۆ ئەوەی بجەنگین لەگەڵ حوکمڕانی لاهور، باوەڕیشمان وابوو کە ئێوە لە پاڵ ئێمەدا دەبن لەم تێکۆشانەدا کە پێی هەڵدەستین بۆ سەرخستنی ئایین و پاراستنی ستەملێکراوان و بەرپەرچدانەوەی ستەم، تۆش یەکەم کەس بووی کە بەڵێنت پێدام و پەیمانتدا پشتیوانیم بکەیت، جا چۆن بۆت دەکرێت پشتیوانی بێ باوەڕان و دژایەتی موسڵمانان بکەیت، چاوەڕێی هاتنی بەڵاو ناخۆشی بەسەریاندا بکەیت، بەمەش دین و دونیا بدۆڕێنیت و پەنجەی پەشیمانی بگەزیت.

لە وەڵامی ئەم نامە ناسك و جوانە و ئەو ئامۆژگارییە نەرم و نیانەدا، سوڵتان محەممەد خان وەڵامێکی تووندو زبری دایەوە، هەموو هیوایەتی بڕی سەبارەت بە ئاشتەوایی و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی، لە هەڵوێستی پێشووی پاشگەزبووەوە، سەید دووبارە نێرراوەکەی گەڕاندەوەو ئامۆژگاری زیاتری کرد و ویستی توڕەییەکەی دابمرکێنێتەوەو تووندو تیژییەکەی هێور بکاتەوە، نێرراوەکە باسی ئەوەشی بۆ کرد کە دۆست محەممەد خانی برای سوڵتان محەممەد خان هۆشداری داوە بەسید و پێی وتوەمتمانە بە بەڵێن و

پەیمانی مەکە، بەڵام سەید نەیویستووە زوو بڕیار بدات یان شتەکە ببڕێنێتەوە، دواتر ئەوە ڕوویدا کە ڕوویدا لە دەستی سوڵتان محەممەد خان و برا گەورەکەی (یار محەممەد خان) لە جەنگی (شیدۆ)، لەگەڵ ئەوەشدا سەید چاوپۆشی لێکردن و لێیان خۆشبوو، بە چاکە وەڵامی خراپەی دایەوە، تا کار گەیشتە ئەوەی یارمحەممەد خان بە لەشکرە مەزنەکەی خۆی و تۆپهاوێژە زۆرەکانی هێرشی کردە سەر تێکۆشەران، تا بە یەکجاری لەناویان ببات، بەڵام خوای گەورە ئەوانی پاراست، سەرکەوتن بووە بەشی تێکۆشەران، یار محەممەد خان بووە قوربانی سەرکەشی و یاخی بوون و دژایەتیەکەی بۆ تێکۆشەران، لەمەدا هیچ تاوانێکمان لە ئەستۆ نییە: ﴿كُلُّ ٱمۡرِيِٕۭ بِمَا كَسَبَ رَهِينٞ ٢١﴾ الطور. واتە: (هەر کەسە بارمتەی کردەوەی خۆیەتی).

نێردراوەکە لە نێوان سەید و سوڵتان محەممەد خان چەندین جار هاتوو چو، قسەی زۆرکرا، ئەمیری پیشاوەر بە توندی دواو هەڕەشە و گوڕەشەی کرد، ڕێگری لە شێخ عەبدوڕەحمان کرد لەوەی بگەڕێتەوە لای و قسەی لەگەڵ بکات لەبارەی بابەتەکە، دەرکەوت کە هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ خۆ دەرباز کردن لە چەنگی جەنگ، سەید بە دڵ تەنگییەوە خۆی ئامادەکرد بۆ جەنگ، ڕوویکردە خۆ پرچەك کردن و دانانی خەڵك لە شوێنی خۆیان، لەشکر شەوەکەی بە بێداری بەڕێکرد، ئامادەسازی تەواو کرد و خەو نەچووە چاوی، چاویان لەسەر چەندین بەرەی جیاواز بوو، زۆرترین ژمارە لە تێکۆشەران ئامادەی نوێژی بەیانی بوون لە (تۆڕۆ)، لە کاتێکدا دەیانزانی

ڕوودەکەنە جەنگێك کە یەك لە دوای یەك دەکوژرێن و چارەنووسسازە، کاتێك لە نوێژی بەیانی بوونەوە، سەید دەستی کرد بە نزاو پاڕانەوەی وا کە فرمێسکی لە چاوەکان داباراند و دڵەکانی نەرم کرد، زۆر بە خەستی دانی نا بە هەژاری و دەستکورتی خۆی و خۆی بەریکرد لە هەموو هێزو توانا و پەناگەیەك و هیچ پەنایەك نییە جگە لە خۆ پەنادان بەخوا.

هەر کە لە نزاکە بووەوەو دەستەکانی بە دەم و چاویدا دەهێنا یەکێك لە بەرەی جەنگ هات و هەواڵیدا کە گوێبیستی دەف لێدان بووە وەك جەنگ ڕاگەیاندن، سەید فەرمانی کرد جەنگ ڕابگەیەنرێت و خەڵك خۆی ئامادە بکات، لەشکر دابەزیە گۆڕەپانی (مهیار[1])، سەید بە خۆیشی چەك و تفاقی جەنگی تەواو بەستبوو.

سوڵتان محەممەد خان و براکانی و پشتیوانانی دەستیان خستبووە سەر قورئانی پیرۆز، وەك نەریتی خەڵك ئەو وڵاتە پەیمانیاندا واز لە جەنگ نەهێنن تا سەردەکەون یان دەمرن، بازنەیەك لە ڕمەکان دروستکرا و قورئانی پیرۆزی لەسەر دانرا، لەشکر ڕۆیشتە ژێریەوەو دابەزیە گۆڕەپانی جەنگ، ئەم کارە لە جیاتی سوێند خواردن بوو بە قورئان لەسەر خۆڕاگری لەبەردەم دوژمن و پاشەکشە نەکردن، ئا بەم شێوەیە جەنگەکە بەرگێکی ئاینی هەبوو و سووربوونی بەخۆیەوە بینی لەسەر مردن و جەنگان تا دواین هەناسە.

---

(١) گوندێکی گەورەیە لە نێوان (تۆڕۆ) و (هوتی)، لەوێدا جەنگ ڕوویدا لە نێوان تێکۆشەران و سوڵتان محەممەد خان، تا ئێستاش ئەم گوندە بەو ناوە ناسراوە، خەڵك وا لێڕاهاتوون بە (مایار) ناوی بنێن.

جەنگ هەڵگیرسا و هەر دوو لەشکرەکە بەیەکیان دادا، لەشکری پیشاوەر لە هەشت هەزار ئەسپ سوارو چوار هەزار پیادە پێکدەهات، لەشکری تێکۆشەرانیش پێکهاتبوو لە سێ هەزار پیادە و پێنج هەزار ئەسپ سوار، سەید فەرمانیدا بە گوێڕایەڵی و ملکەچ بوون و هۆشداریدا لە هەمبەر پەرتەوازەیی و پەلەکردن، سەید لەسەر پشتی ئەسپێك سوار ببوو لە ناوەڕاستی ڕیزی پیادەڕۆکاندا هانی تێکۆشەرانی دەدا لەسەر تێکۆشان و جیگیری و پشت بەخوا بەستن، هەندێك لە هۆشمەندانی لەشکر و ئامۆژگاریکەرە دڵسۆزەکان بە سەیدیان ڕاگەیاند کە لەسەر پشتی ئەسپ داببەزێت چونکە زۆر بە ئاشکرا دیارە و نەوەك تۆپهاوێژەکان بیکەنە ئامانجی تۆپەکانیان، سەید بۆچوونی ئەوانی پەسەند کرد و لە ئەسپەکە دابەزی.

جەنگ گەرم بوو و کوشتار زۆر بوو، تۆپەکان هاوێژران، ڕێژنەی تۆپەکان دادەبارین، شمشێرو زمان بەکارکەوتن، تێکۆشەران دەستیان کرد بە خوێندنی سرودی تێکۆشان[١] کە لەلایەن شێخ خەرم عەلی[٢] بەلهوری دانرابوو،

---

(١) ئینگلیز ئەم سرودەیان قەدەغە کرد، لە چاپدان و دەستاودەست پێکردنی تاوانێکی یاسایی بوو، چونکە هانی تێکۆشانی دەدا لە پێناوی خوادا.

(٢) ناوی شێخ خەرم عەلییە بەلهوری (کانفوری)یە، زانایەکی گەورە بوو، تەریقەتی لە سەیدی پێشەوا وەرگرتبوو و بۆ ماوەیەك لەگەڵیدا مایەوە، دواتر سەفەری کرد بۆ (باندە) نواد زولفیقار لە خۆی نزیك کردەوەو کردیە سەرپەرشتیاری وەرگێڕان و دانان، چەندین کتێبی لە فیقە و فەرموودە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئۆدۆ، کتێبێکی هەیە بەناوی (نصيحة المسلمين) لەبارەی بیروباوەڕو سوننەتەوە وەك پەراوێز لەسەر کتێبی (تقوية الإيمان)ی شێخ ئیسماعیل، لە ساڵی ١٢٧١ك کۆچی دوایی کردووە.

سرودێکی کاریگەرو سەرنجڕاکێشە، تێکۆشەران دەستیان کرد بە وتنەوەی سرودەکە بەمەش گیانی تێکۆشان و جیهاد لە ناخ و دەروونیاندا زیاتر دەگەشایەوە.

زیرەکی سەید لە جوانترین دیمەنیدا بەدەرکەوت، ناوبراو دەجەنگا بێ گوێدانە ئەوەی مەرگ بەسەریدا کەوت یان خۆی بەسەر مەرگدا سەرکەوت، هەر دوو هاوڕێی لای ڕاست و لای چەپی تفەنگی سوارکراویان پێدەدا، ئەویش بە خێراییەکی نامۆ و بوێرییەکی گەورە دەیتەقاند.

نەترسی تێکۆشەران و بەکەم ڕوانینیان بۆ ژیان لە شێوەیەکی قەشەنگدا دەرکەوت، شێخ محەممەد ئیسماعیل و شێخ وەلی محەممەد ڕۆیشتنە پێشەوەو دەستیانگرت بەسەر تۆپهاوێژەکانی دوژمن، ڕووی تۆپهاوێژەکانیان کردە دوژمن، سەید خۆی سەرپەرشتی هاوێژتنەکەی کرد، ڕێنمایی دانایانەی دا و تۆپەکانی چاك کردەوە، وایلێهات چاکتر لە پێشان تۆپەکان کاریان لە دوژمن دەکرد، پێیەکانی دوژمن لەرزیان گرت، لەشکر پەنای بردە بەر هەڵاتن، سەرکەوتن بووە بەشی تێکۆشەران، بەمە گەڕانەوە قەڵای (مهیار) لە کاتێکدا خۆر هەنگاوی نابوو بەرەو ئاوا بوون، ئەوەی بەهۆی جەنگەوە پەرت و سەرقاڵ ببوون لەوێدا کۆبوونەوە، شێخ مەزهەر عەلی عەزیم فەرمانی کرد بە کۆکردنەوەی بریندارەکان و چارەسەکردنی پزیشکیان، پێچانی برینەکان، نوێژکردن لەسەر شەهیدان و بەخاك سپاردنیان، تێکۆشەران ڕۆژەکەیان لە جەنگ و شەڕدا بەڕێکرد، تامی هیچ خواردنێکیان نەکردبوو، وەنەوزە بەسەر

چاوانیاندا هات، برینپێچەکان سەرقاڵ بوون بە پێچانی برینی بریندارەکان تا نیوەی شەو.

لەم جەنگەدا چەندین دیمەنی زۆر جوان دەرکەوتن لە دڵسۆزی و بوێری دەگمەن و باوەڕی قوڵ و حەز کردن بە شەهید بوون و خۆشویستنی گەیشتن بە دیداری خوا و پێشوازی کردن لە مەرگ بە سینە فراوانی، هەندێك شتی لێ هەڵدەبژێرین و بەکورتی دەیانخەینەڕوو.

***

## تێکۆشانی دڵسۆزانه و شەهید بوون

بەر لەوەی جەنگ لە گۆڕەپانی (مهیار) هەڵبگیرسێت، ئەحمەدی کوڕی عیرفانی شەهید کە گەنجێکی بەهێزو چاڵاك بوو، شوێنەواری ڕێزو شکۆمەندی بە ڕووخسارییەوە دیاتر بوو، ڕوویکردە سەیدی پێشەوا، جا وا دیارە لە خزم و هۆزی سەیدی پێشەوا بووە.

گەنجەکە ڕوویکردە سەید و لەگەڵی دوا بە دەنگێك کە ڕێزداری و ئاماژەی برایەتی و خزمایەتی و هەوێنی سادەیی جەنگاوەرو هێزی لاوی تێدایە.

براکەم ئەی پێشەوا: من هاتوومەتە ناو سەربازەکانی تۆو نیشتمانی خۆم بەجێهێشتووە، چونکە تۆ لە هۆزو خزمانی منی، بۆ ئەوەی ئەگەر خوای گەورە موڵکێکی پێبەخشی، ئەوا هەندێکم پێبدەی، بەڵام ئێستا لەم مەبەستەی خۆم پاشگەز دەبمەوەو تۆبە دەکەم، بەڵێنت پێدەدەم لە سەر تێکۆشان لە پێناوی خوا بە دڵسۆزی، دەی براکەم بەڵێنم پێبدە، بۆم لە خوا بپاڕێوە تا خۆڕاگرو ڕاست پێك بم.

**سەید و خەڵك وتەی باوکی موحەممەدیان[1] بیست، سەید لەسەر تێکۆشان بەڵێنی پێدا و نزای بۆ کرد، ئەمە دیمەنێکی زۆر جوان بوو کە سینەکانی کێش کرد، فرمێسکی لە چاوان هێنایە خوارەوە، هیچ یەکێك نەبوو لە ئامادەبووان نەگریەت و قسەی بۆ نەیەت، سەید ئەحمەد _ بەدەم گریانەوە _ ڕۆیشت و ناوی خوای هێنا و پێی ڕاستی دانایە ناو بازنەی زینی ئەسپەکەی و بە هەموو دەنگی خۆی هاواریکرد:**

**براکانم شایەت بن، هەمیشە کە سواری ئەسپ و پێڕۆ دەبووم مەبەستم خۆهەڵکێشان و لوتبەرزی و فیز لێدان بووە، هەرگیز مەبەستم خوا نەبووە، بەڵام ئا ئێستا سواری دەبم لە پێناو ڕەزامەندی خواو دەستخستنی پاداشتەکەی.**

**دوای ماوەیەکی کەم جەنگەکە هەڵگیرسا و دوو کۆمەڵەکە بەیەکیان دانا، کوشتارو بریندار زۆر بوون، سەرکەوتن بووە بەشی تێکۆشەران.**

**فەتح عەلی عەزیم ئابادی دەڵێت: کاتێك بەناو کوژراو و بریندارەکاندا دەڕۆیشتم، سەید ئەحمەدم بینی کە دوا هەناسەیتی، برین شوڕی کردووە، لێی نزیك بوومەوەو لە گوێچکەیدا هاوارم کرد: ئەی باوکی محەممەد خوای**

---

**(1) ناوی سەید ئەحمەدە، خەڵکی ڕائی بریلویە، ئەفسەر بوو لە هێزی حکومەتی (ئۆدە) زۆر جوان و قەشەنگ و لێهاتوو و زیرەك بوو لە جۆرەکانی ئەسپ سواری و زۆرانبازی، زۆر هەست جوان بوو، ڕووخسارو جەستەی ڕێك بوو، ڕێك و پێکی لە هەموو شتێکدا خۆشدەویست، زۆر بە باشی بەشداری دەکرد لە زۆربەی پیشەکاندا، داوێن پاك و دەستپاك و خۆپارێز بوو لە شتی قەدەغەکراو، سور بوو لەسەر خزمەت و دەرماندان بە نەخۆشەکان، کاتێك سەید بڕیاریدا کۆچ بکات، ئەویش دەستی لەکارەکەی کێشایەوەو شوێن لە دوای شوێن لەگەڵ سەید ڕۆیشت تا گەیشتە سنووری باکور.**

گەورە ئەمیری باوەڕدارانی سەرخست و دوژمنانی تێکشکاند، باوکی محەممەد ئاوڕی نەدایەوەو قسەی نەکرد، تەنها لێوەکانی لێکدا و وتی: سوپاس بۆ خوا، سوپاس بۆ خوا، هەڵمگرت و بردمە گوندی مهیار، ئەویش لە سەرەمەگدا بوو، لێوەکانی لێکدەدا دەیوت: سوپاس بۆ خوا، زۆری نەخایاند دوا هەناسەیدا.

***

## تێکۆشەرەکە چۆن پێشوازی لە مەرگ کرد

سەربازێکی[1] بازوو بەهێز، توندو بەند، وا بەدەردەکەوێت کە زۆرانباز بووەو بەر لە ڕووداوی (مهیار) هاتبووە پاڵ تێکۆشەران، هەندێك شوێنەواری ژیانی پێشووی لەسەر ڕەفتارەکانی هەر بەدەردەکەوتن، ئارەزوویێکی لە ئارەزووەکانی گەنجێتی تێدا ماوە، ڕیشی دەتاشی و گوێی بەهیچ شتێك نەدەدا، سەیدی پێشەوا سەرباری توندییەکەی لە کاروباری شەرع و نکۆڵی کردن لە کاری خراپ کەچی ئەم گەنجەی بەم شێوەیە دەبینی و نکۆڵی لێ نەدەکرد.

پیاوەکە لەگەڵ توندییەکەی زۆر سەیدی پێشەوای خۆشدەویست و گەڵێك دڵسۆز بوو بۆی، ڕۆژێکیان لە ناکاو سەید قسەیەکی پێ وت لە کاتێکدا

---

[1]) ناوی (کالی خان) بوو، یەکێك بوو لە کۆچبەرە هندییەکان.

که ڕیشەکەی تاشی بوو، سەید دەستی بەسەر ڕوومەتیدا هێنا و بە نەرم و نیانیەوە وتی: ئای ئەم ڕوومەتە چەندە لووسە! ئەم وتەیەی سەید وەك تیر بەدڵی پیاوەکەدا ڕۆیشتە خوارەوەو شەرمی لێکردەوەو بێ دەنگ بوو.

کاتێك سەرتاش هات و ویستی ڕیشی سەربازەکە بتاشێت، سەربازەکە پێی وت: واز بێنە ئەی پیاو، ڕوومەتێك دەستی سەیدی پێگەیشتبێت هەرگیز نابێت دەستی سەرتاشی پێ بگات، هەر لەو ڕۆژەوە ڕیشی خۆی هێشتەوە.

سەربازەکە لە ناو تاقمی ئەسپ سوارەکان بوو لەگەڵ سەیددا لە جەنگی (مهیار)دا، بەسەر ڕیزەکەدا دەڕۆیشت و هاواری دەکرد: ڕیزەکانتان ڕاست بکەن برایان، وەك کۆشك و بینای تۆکمە و یەکگرتوو وابن.

جا لە کاتێکدا بەسەر ڕیزەکاندا دەهات و دەچوو، تۆپێك هات بە لای چەپی جەستەی کەوت، بە بریندادی کەوتە سەر زەوی، هەواڵی ئەم ڕووداوە بە سەید گەیەنرا، ئەویش داوایکرد بیهێنن و داخ و ئاخی هەڵکێشا.

خەڵك گەیشتە سەر سەری و ئەویش دوا هەناسەی دەدا، هەڵیانگرت و بردیانە ژوورێکی مزگەوتی گوندەکە، سەربازەکە زمانی تەڕ بوو بە یادی خوا و جار دوای جار پرسیاری دەکرد کە کێ سەرکەوت، بارودۆخەکە دیار نەبوو و لایەنی سەرکەوتوو دەرنەکەوتبوو، تا هەواڵی سەرکەوتنی سەیدی پێشەوا و تێکشکانی دوژمنان بڵاوبووەوە، ئەم هەواڵەیان بە سەربازەکەدا، ئەویش وتی: سوپاس بۆ خوا، سوپاس بۆ خوا. دوای ئەمە گیانی پاکی سپارد.

***

## پێكران له‌ پێناوی خوا

گه‌نجێك له‌ ته‌مه‌نی هه‌ژده‌ یان نۆزده‌ ساڵی و نزیك له‌ پرۆسه‌ی هاوسه‌رگیری بوو، باوكی[1] له‌ جه‌نگێكی نزیكدا كوژرا، له‌و ڕۆژه‌وه‌ به‌ شادومانی و به‌خته‌وه‌ری نه‌بینرا، خه‌ڵكی بیستی كه‌ ئه‌و گه‌نجه‌ به‌ خزم و نزیكه‌كانی ده‌ڵێت: خۆزگه‌ جه‌نگێكم بینیبا و دڵم ئاسووده‌ ببا و له‌ پێناوی خوادا شه‌هید بووبام.

ئه‌م وته‌یه‌ی سه‌ید موسای[2] گه‌نجیان گه‌یانده‌ سه‌یدی پێشه‌وا، ناوبراو خوشكه‌زای سه‌ید ئه‌حمه‌د عه‌لی شه‌هیده‌، سه‌یدی پێشه‌وا پێی خۆش بوو ئه‌م گه‌نجه‌ له‌گه‌ڵ ئه‌ودا بێت تا نه‌خلیسكێت و هه‌ڵه‌شه‌یی و جۆش و خرۆشی گه‌نجێتی نه‌یگرێت، بۆیه‌ پێی وت: ئه‌سپه‌كه‌ت بده‌ به‌ كه‌سێك تر، كوڕه‌كه‌م له‌گه‌ڵ ئێمه‌دا به‌، به‌ڵام گه‌نجه‌كه‌ داوای له‌ باپیره‌ی كرد وازی لێبهێنێت، مۆڵه‌تی پێبدات كه‌ له‌ ڕیزی تاقمی ئه‌سپ سواره‌كاندا بێت له‌ ژێر

---

(1) ناوی سه‌ید ئه‌حمه‌د عه‌لی خوشكه‌زای سه‌یدی پێشه‌وایه‌، له‌ جه‌نگی (به‌هارا) كوژرا، وه‌ك چۆن پێشتر ئاماژه‌ی پێكرا.

(2) ناوی حه‌سه‌نی موسه‌ننا بوو، به‌ڵام له‌ ناو هۆزه‌كه‌ی خۆی به‌ موسا ناوی ده‌ركردبوو، به‌پێی نه‌ریتی هیندۆسه‌كان كه‌ ناویان سووك ده‌كرد.

سەرکردایەتی ئەفسەر عەبدولحەمید خان، سەیدی پێشەواش مۆڵەتی پێدا، هەستی بە ورە بەرزی گەنجەکە کرد.

کاتێك دوژمن لە گۆڕەپانی مهیار ڕوویان لە تێکۆشەران کرد و هێرشیان کردەسەریان، ئەم گەنجە ئەسپ سوارە ڕێشمەی ئەسپەکەی بەرزکردەوەو ڕۆیشتە قوڵایی ڕیزی دوژمانەوەو شمشێری بەگەڕخست: سەربازەکانی دوژمنی دەکوشت و بریندار دەکرد، تا سەری بریندار بوو و هەر دوو شانی بڕدران، بەوشێوەیە کەوتە سەر زەوی.

خادی خان دەڵێت: کاتێك من دەڕۆیشتم دەنگێکم لە دوورەوە بیست، وەك ئەوەی یەکێك بڵێت: (الله، الله) کاتێك لێی نزیك بوومەوە زانیم کە سەید موسایە، ئەو خوێنەی کە لە سەری دەهاتە خوارەوە ڕووخساری داپۆشیبوو، چاوەکانی تەنی بوو، منیش لێی نزیك بوومەوەو پێم وت ئەی موسا: هەڵتبگرم و بتگوازمەوە بۆ شوێنێك؟ وتی: تۆ کێی؟ کێ سەرکەوت؟ وتم: من خادی خانم خوای گەورە سەرکەوتنی بە سەیدی پێشەوا بەخشی! وتی: (سوپاس بۆ خوا) کەمێك خۆی جوڵاند و وتی: کەمێك نزیك ببەوە! منیش ئەوم بە پشتی خۆم هەڵگرت و گواستمەوە گوندەکە.

سەید جەعفەر عەلی دەڵێت: سەیدی پێشەوا ڕۆیشت بۆ سەردانی نەوە نەبەردەکەی و لەلای دانیشت و وتی: کوڕەکەم ئەندازەیەك لە نەبەردی و سوارچاکی پیشاندا کە لە پێوانەدا نەبوو، بەوەفا بوو سەبارەت بە نەزرەکەی، پێشی ڕازی بوو، دواتر سەیدی پێشەوا پێی وت: سوپاس و ستایش بۆ خوا

لەسەر ئەوەی دەست و پێیەکانت لە پێناوی خوا پێکراون، لە کۆنیشەوە وتراوە:

هل أنت إلا إصبع دميت     وفي سبيل الله ما لقيت

واتە: تۆ تەنها پەنجیەکی خوێنت لێڕژاوە، لە پێناوی خوا پێکراویت.

بەڕاستی تێکۆشانەکەت سوپاسکراو و کارەکەت قبولکراوە، بزانە ئیرەیی بە گەنجێك نەبەیت کە سواری ئەسپەکەی دەبێت و ڕادەکات، خەم لەسەر ئەمە نەخۆیت و بڵێیت: ئەگەر جەستەم تەواو بووبا و لاشەم کەم و کورتی نەبووبا، هێزو توانام هەبووبا ئەوا منیش سوارچاکی گۆڕڕەپان دەبووم، بە پەنجە ئاماژەم بۆ دەکرا، بەڕاستی ئەم خەم خواردنە جێگای بۆ نییە، هیچ پاڵنەرێکیش نییە بۆ ئەو ئاوات خواستنە، خوای گەورە دەست و پێیەکانی تۆی پەسەند کرد، ئای بۆ دەست و پێیەك لە پێناوی خوا بپێکرێن، بۆ ڕەزامەندی خوا بەگەڕ بخرێن، نەکەی بە خەم و پەژارە و ئیرەیی بڕوانیتە پاڵەوانانی شمشێرو ڕم، خەفەت بخۆیت لەوەی هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ ئەوەی ئەمە بکەیت، بەڕاستی ترسی ئەوە لە ئەندامی سەلامەت هەیە کە بکەوێتە ناو گوناه و تاوانەوە، بەڵام ئەندامەکانی تۆ لە لایەن خواوە پاشەکەوت کراون. حەسایتەوەو پارێزراویت لە کەوتنە ناو گوناهو ئەنجامدانی تاوان، بەڕاستی پێشەوایەتیەکی باشت بۆ هەیە لە سەروەرمان جەعفەری تەییاڕی کوڕی ئەبو تالیب، کاتێك هەر دوو دەستەکەی پێکران لە پێناوی خوادا، ئەوا

بە خاوەن دوو باڵەکە ناسرا کە لە بەهەشتدا پێی دەفڕێت، دوو ملی لە زومڕەدی پێبەخشران.

سەید موسای گەنجی بریندار وتی: بە هەزار زمان سوپاس و ستایشی خوا دەکەم، ڕێژنەی سوپاس و ستایش لە دڵم دادەبارێت، من لە پێناوی خواو بۆ ئەم ئامانجە یاوەری تۆم کرد، ئەوەشم دەستخست، بەڵام تەنها یەك هیوام هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ڕێزدارم بکەیت بەوەی ڕۆژانە سەردانم بکەیت، بەهۆی ئەو برین و پەککەوتنەی دووچاری هاتووم ناتوانم بتبینم، تەنها لەسەر لەدەستچوونی ئەمە خەفەت دەخۆم.

لێرەدا سەید بە یەکێك لە نزیکەکانی وت: ئەمە پەیوەندی بەتۆوەیە، ئەگەر منت بێ کار بینی، ئەوا بە یادم بهێنەوە تا سەردانی بکەم، هەندێك کاتی لەگەڵ بەسەر ببەم، دواتر سەیدی پێشەوا ستایشی کرد و نزای بۆ کرد.

سەید موسا بەهۆی قووڵی و کاریگەری ئەم برینانە کۆچی دوایی کرد، هەواڵی کۆچی دوایی کردنی گەیشتە سەیدی پێشەوا لە کاتێدا لە ڕێگەدا بوو بۆ (پالاکوت).

***

## تێڕوانینی ئیمانی و عەقڵی باوەڕدار

موسڵمانان بە سەرکەوتوو لە گۆڕەپانی شەڕی مهیاردا گەڕانەوە، تەپ و تۆز ڕووخسارو جل و بەرگی ئەوانی داگرتبوو، تەپ و تۆزی سەر دەم و چاویان وەك دەمامك لێهات بوو و یەکتریان نەدەناسیەوە.

سەید بەهرام خان هەڵسا تا بە دەستەسڕ تەپ و تۆزی سەر ڕووخساری سەیدی پێشەوا بسڕێت، سەید وتی: برای ئەفغانی بوەستە، ئەم تەپ و تۆزە ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەبارەی فەرموویەتی: ((تەپ و تۆز لە پێناوی خواو دوکەڵی دۆزەخ بەیەکەوە کۆ نابنەوە))[1] ئێمە کە هاتووینەتە ئێرە و ئەم سەختی و ناخۆشیەمان هەڵگرتووەو چەشتووە تەنها لە پێناو ئەم تۆزە بووە، برای ئەفغانی بوەستە و لەسەر خۆبە! لەو کاتەوە تێکۆشەران تەپ و تۆزی جەنگ و تێکۆشانیان لەسەر لانەدەبرد.

تێکۆشەران نوێژی نیوەڕۆیان کرد، سەید سەری دانەواند[2]، نزایەکی دوورو درێژی کرد، تیایدا زۆر سوپاس و ستایشی خوای گەورەی کرد لە سەر توانا و هێزو پەروەردگارێتی و مەزنی و بە هانا هاتنیەوە، دەستکورتی و بەری بوونی خۆی دەرخست لە هەر هێزو توانایەك و جەخت کردنەوە

---

(١) لە سونەنەکاندا هاتووە.

(٢) نەریتی سەید وابوو کە زۆربەی کاتەکانی لە نزاو پاڕانەوە سەری دابنوێنێت، وەك دەرخستنی دەستکورتی و هەژاری خۆی، ئەمە شتێکی سوننەت یان ئادابی چەسپاوی نزا نییە.

لەسەر بەندایەتی و پەرستنی خوا، فرمێسکەکانی بە لێزمە دادەبارین، تا ڕیشی تەڕ بوو، خەڵکیش بەهەمان شێوە بە کوڵ گریان، کەمێك دوای نزاکە وەستا، دواتر ڕۆیشتە (تۆڕۆ) لەوێ نوێژی ئێوارەی کرد.

شەهیدەکان هێنران بۆ بەخاك سپاردن، نەشۆردران، هەر لە جل و بەرگی خۆیاندا نێژران، شێخ محەممەد ئیسماعیل وتی: ڕووخساریان بە مێزەرەکەیان دابپۆشن، سەیر بکەن ئەگەر پارە و دراو لە گیرفانیاندا هەبوو بیهێننە دەرەوە، تێکۆشەرێك دابەزیە ناو گۆڕو ڕووخساری شەهیدەکانی داپۆشی، گیرفان و جل و بەرگی ئەوانی پشکنی، هەندێك هەڵسان کراسەکەی خۆیان پێدا بۆ داپۆشینی شەهیدەکان، خەڵکەکە گڵیان بەسەر مردووەکاندا کرد، شێخ ئیسماعیل هەڵسیا و نزای لێخۆشبوونی بۆ کردن، گریان خەڵکەکەی داگرت و دەیان وت: بەڕاستی بە ئامانجی خۆیان گەیشتن و خۆزگەی خۆیان بەجێهێنا، خوای گەورە بەشێك لەم شەهیدایەتیەمان پێ بدات، بانگی شێوان دراو خەڵك نوێژیان کرد، سەید نزای لێخۆشبوونی بۆ شەهیدان کرد، هەروەها بۆ خۆی و تێکۆشەرانیش لە خوا پاڕایەوە کە ڕەزامەندی خۆی و شەهید بوون لە پێناوی خواو دڵسۆزی لە هەموو کارێکدا بەوان ببەخشێت، ئیسلام بەهێزو بڵاو ببێتەوەو دوژمنانی ئیسلامیش سەرشۆڕو ڕیسوا بکات، موسڵمانە لاوازەکانیش ڕێنوێنی بکات بۆ ڕێگەی ڕاست و وورە بەرزیان پێ ببەخشێت بۆ سەرخستنی ئایین.

لێرەدا یەکێك لە تێکۆشەران وتی: ژمارەی شەهیدەکان گەیشتە چل کەس، بریندارەکانیش گەلێك زۆرن، هەر شارو ناوچەیەك بەشێکی لەو شەهید و بریندارانە بەرکەوت، بەڵام نەمانبینی براکانمان لە خەڵکی (بەهلەت[1]) شەهید بوونیان پێ بەخشرابێت، لە پێناوی خوا بریندار بووبن تەنها شێخ عەبدولحەکیم بەهلەتی نەبێت، سەید وتی: براکەم بەزەییت بێتەوە بە برا بەهلەتیەکان، چاوت ئەوان نەپێکێت، بەڵکو لە یەك جێگادا خوا شەهیدی بە هەموویان ببەخشێت، لە یەك شوێنیش بنێژرێن.

ئەمە ڕوویدار، هەموویان لە جەنگی کۆتایی (پالاکوت) بەیەکەوە شەهید بوون، تەنها شێخ وەلی محەممەد و شێخ وەزیریان ژیا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕاستی فەرمووە: ((هەندێك کەسی وا هەیە پرچ ئاڵۆزو تۆزاویە، ئەگەر خوا سوێند بدات ئەوا بۆی جێبەجێ دەکات))[2].

***

(1) بەهلەت گوندێکی مەزنە لە بەڕێوبەرایەتی (موزەفەرنەکر) لە هەرێمی باکور، زانای گەورەی تێدا دەرکەوتن، سەید لایەنگرو پشتیوانی لەوێدا هەبوو.

(2) فەرموودەیەکی ڕاست و دروستە.

# ڕزگارکردنی پیشاوەر

کاتی ڕزگار کردنی پیشاوەر پایتەختی سنووری باکوری خۆرئاوا هات، گەورەترین شاری نێوان (کابوڵ) و (لاهور) بوو، بەڵگەش بەرپابببوو لەسەر سوڵتان محەممەد خان کە بە لەشکرە زۆرو بۆرەکەی هەڵی کوتایە سەر تێکۆشەران و بە هەڕەمەکی و پەرت و بڵاوی دژایەتی ئەوانی دەکرد و هەموو بەڵێن و پەیمانێکی ژێر پێ خست، ڕەچاوی هیچ ماف و ڕێزو حورمەتێکی نەکرد، بەمەش ڕێگەی والاکرد لەبەردەم ڕزگارکردنی پیشاوەر.

سەید بە لەشکری تێکۆشەرانەوە ڕوویکردە (پیشاوەر)، لەسەر ئەسپەکەی سوار ببوو لە ناو تاقمی پیادەکاندا، لە دواوەو پێشەوەشی تاقمی ئەسپ سوارەکان هەبوو، سێ ئاڵا لە ناو لەشکرەکەدا هەبوو لە بۆ شایی ئاسمان دەشەکایەوە، شێخ ڕەحمان عەلی سرودی تێکۆشانی بە دەنگی بەرزو ئاوازێکی ئەوەندە کاریگەر دەوتەوە کە هەموو دڵەکانی کۆدەکردەوەو ڕادەهەژاند، ئەم سرودە شێخ خەرەم نووسیبووی.

سەید دوو شەو مایەوە لە (مردان) دواتر ڕوویکردە پیشاوەر، هەندێك کەسی چەند گوندێك سکاڵای ئەوەیان لای سەید کرد کە لەشکری پیشاوەری دەستدرێژی کردۆتە سەر ئەوان و خراپە و گەندەڵی لە زەوی ئەواندا بڵاو کردۆتەوە، لە کاتێکدا ئەوان موسڵمانن و ملکەچی حوکمی حکومەتی پیشاوەرن، لەشکری پیشاوەر ئەو کەشتیانەیان نقومی ئاو کرد کە

ڕووبارەکەیان پێ بڕی تا تێکۆشەران سوودی لێ نەبینن، تێکۆشەران ڕووباری سواتیان بڕی بەهۆی یەکێك لە ڕێڕەوەکانی، لە گوندی (مەتهە) لەشکرەکە مایەوە، خەڵکی ئەم گوندە دڵخۆش بوون بە هاتنیان، ئەم لەشکرە نزیکەی حەوت هەزار سەرباز بوو بە پیادە و ئەسپ سوارەوە، هاتوونەتە ئەوێ بەڵام بێ ئەوەی ستەم و زۆرداری بکەن بە پێچەوانەی لەشکری پیشاوەر، ئەگەر دوو سەربازیان بەوێدا بێن ئەوا ستەممان لێدەکەن و ئێمەش بۆ چیاکان ڕادەکەین، ئا بەم شێوەیە لەشکری تێکۆشەران بە هەر شوێنێکدا تێپەڕ بووبا ئەوا خەڵك بەخێرهاتنیان دەکرد و ستایشی خوایان دەکرد لەسەر هاتنیان، بۆ بەڕێکردنیان تا شوێنێکی دوور بەدوایاندا دەچوون، ژن و پیاو لەسەر هەر دوو لای ڕێگاکە دەوەستان سڵاوێکی جوانیان لە سەید دەکرد و تەبەڕوکیان پێوە دەکرد.

سەرۆك و ڕاگری گوندەکان هاتنە لای سەید و داوایان لێکرد حوکمەتی پیشاوەر بگرێتە دەست، سەید پرسیاری لێکردن دەرباری نەریتی پیشاوەرییەکان لە وەرگرتنی باج و سەرانە، وتیان: نیوەی بەرهەم و دانەوێڵە دەبەن، لەسەر دانیشتوانی گوندیش پێویست دەکەن کە خەرجی نووسەرو تەرازووکارو پاسەوانەکان بدەن، تەنها سێیەکی بەرهەم لای دانیشتوانەکە دەمێنێتەوە، سەید وتی ئەوە بەسە خەڵکەکە سێ یەکمان بداتێ بە نەختینەیی، پێشەواش بەرپرسە لەسەرجەم خەرجی و کاروباری کارگێڕی، گاڵتە پێکردن لای ئێمە نییە، ئەگەر کرێکارێکمان بە کارهێنا یان ئیشمان بە کەسێك کرد ئەوا کرێیەکەی دەدەینێ، بەڵام لەسەر سەرۆك گوندەکان

پێویستە کارمەندی صەدەقە و کۆکەرەوەی بەخشین دابنێن و بە برای خۆیان هەژماری بکەن، بەڵام نابێت هیچ شتێك فەرامۆش بکات، ئەگەر وایکرد لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت. هەندێك خەڵکی سەرباز سکاڵای ئەوەیان کرد کە پیشاوەرییەکان دەستیان گرتووە بەسەر زەوی و زارەکانیان، بەڵگەنامەشیان لەسەر ئەمە خستەڕوو، سەید زەوی و زارو خانووبەرەکەیانی بۆ گێڕایەوە.

کاتێك لەشکر لە پیشاوەر نزیك بووەوە، هەواڵی ئەوە گەیشتە سەید کە سوڵتان محەممەد خان خانەوادەی خۆی ڕەوانەکردووە بۆ (کوهات[1]) و خۆی و لەشکرەکەی پەنایان بردۆتە بەر گوندێکی نزیك، لێرەدا (ئەرباب فەیزوڵای خان) وەك نوێنەری سوڵتان محەممەد خان هات و هەواڵی پێدا کە سوڵتان محەممەد خان پەشیمانە لەوەی کردی، دان دەنێت بە هەڵەکەیدا، داوا لە سەید دەکات لێی ببورێت و بگەڕێتەوە ناوەندی سەرەکی خۆی، هەروەها دەشڵێت: ئەگەر کەسێك لە بێ باوەڕان موسڵمان بێت ئەوا موسڵمانێتیەکەی لێ قبوڵ دەکرد، ئەوە منیش موسڵمانم و لە نەژادی موسڵمانانم، دان دەنێم بە هەڵەکەم، تۆبە دەکەم لەو گوناهەم، هەردەم بەوەفا دەبم بۆ سەید، گوێڕایەڵ دەبم بۆی بە درێژایی ژیانم، سەید وتی: دەبێ هەر بچینە ناو پیشاوەرەوە، بەویستی خوا بەیانی دەچینە ناو پیشاوەرەوە، ئەویش دەکەینە جێنشینی ئەوێ، بەو مەرجەی ڕاستگۆیی و وەفاداریەکەی دەربکەوێت، تەنها بۆ ئەوە ڕوومان کردۆتە ئێرە بۆ ئەوەی وشەی موسڵمانان یەك بخەین و

---

[1]) ناوچەیەکی شاخاوییە لە سنووری باکوری خۆرئاوا، ئێستا سەربازگەیەکی مەزنە لە پاکستان.

بجەنگین لەگەڵ بێ باوەڕو گەندەڵکاران (و بۆ ئەوەی هەردەم وشەی خوا بەرز بێت)، بەڵام ئەگەر لێرەدا بگەڕێینەوە ئەوا سوڵتان محەممەد خان دانانێت بە هیچ گەورەیی و نازو منەتێکدا، بەڵکو ئەم گەڕانەوەیە دەداتە پاڵ ترسان لە مردن یان دڵەڕاوکێ.

سەیدی پێشەوا ڕێنمایی تەواوی دەرکرد بۆ لەشکر و وتی: ئەمڕۆ بە ویستی خوا دەچینە ناو شاری پیشاوەرەوەو هیچ یەکێك دەستدرێژی نەکاتە سەر هیچ کەسێك، با لەشکر بەوپەڕی ورد و توونديەوە پابەند بێت بە ڕەفتارو نەریتی ئیسلام و ڕێنماییەکانی پێغەمبەر (ﷺ)، سوڵتان محەممەد خان دەستی ئاشتەوایی درێژ کردووە، خەڵکی شارەکە لە ئەستۆی ئێمەدایە و لە ژێر پاراستن و پەنای ئێمەدان.

بەڕێکەوتنی لەشکر ڕاگەیەنرا، تێکۆشەران ئامادەباشی خۆیان کرد، بانگی ئێوارە درا، خەڵك نوێژیان کرد و سەید نزای کرد و پاڕایەوە، بەرەو پیشاوەر کەوتەڕێ و پیادەڕۆکان لە پێش ئەوەوە بوون، تاقمی ئەسپ سوارەکانیش لە پشتیەوە بوون، لەشکر هاتە ناو پیشاوەرەوە، خەڵکەکە دوکانەکانیان داخست، خواردنەوە پێشکەشی کاروانی لەشکرەکە کرا، لە هەندێك گۆزەدا شەربەتی زۆر بە تام و چێژ هەبوو، شارەکە ڕووناك کرایەوە لە خۆشی هاتنی تێکۆشەران، شادومانی بەگشتی باڵی بەسەر خەڵکەکەدا کێشا بوو، نزاو ستایشیان کرد بە هاتنە ناوەوەی ئەم لەشکرە پیرۆزە.

سەید بە لەشکری خۆیەوە لە (ئەلخان[1])ی کۆن دابەزی، کە ناسراوە بە (کول کتهری) و چاوی پاسەوان، لەشکر ئامادەباشی خۆی کرد، تا لە ناکاو لێی نەدرێت، پاسەوان لەسەر ڕێگا و بانەکان دانران، سەید نوێژی بەیانی لەو خانووەدا کرد کە لێی دابەزی بوو، لە خوای گەورە پاڕایەوە، دواتر بانگهێشتی بازرگان و دوکاندارەکانی کرد کە دوکانەکانیان بکەنەوەو هیچ مەترسییەکیان لەسەر نییە، ستەم و زۆرداریان لێ ناکرێت، بەمەش دوکانەکان والا کران، ژیان بەرەو چالاکی و هێمنی گەڕایەوە، شارەکە بە جولە کەوتەوە، داوێن پیس و سۆزانییەکان بزر بوون و شارەکەیان جێهێشت، ئەگەر ئافرەتێك بیویستبا کاری نابەجێ لەگەڵ تاوانکارێکدا بکات ئەوا هۆشداری پێدەدرا لە ئاست لەشکری تێکۆشەران، پێی دەوترا کە لەم ڕۆژەدا ئارەزووبازی جێگای بۆ نییە، دوکانەکانی مەیی و ناوەندەکانی ڕووت و قووتی و سەرخۆشی داخران، کڕیارەکانیان ون بوون، سەید ڕێنمایی تەواو و ڕوونی دەکرد کە هەر یەکێك لە ئەندامانی لەشکر هیچ میوەیەك نەچنێت و هیچ بەرهەمێك نەبڕێت لە بیستانەکانی پیشاوەر.

بۆ دوو ڕۆژی تەواو لەشکر بە برسێتی مایەوە، کەچی لە شارەکەدا کۆگەی دانەوێڵە هەبوو، بەڵام لەشکر چاوی تێنەبڕی، دەستی تالان و دزی بۆ درێژ نەکرد، (ئەرباب بەهرام خان) هەڵسا داوای قەرزی لە دوو کەسی دراو گۆڕەڕەوە کرد، بەمەش ئاردی لە چەند دوکانێك کڕی، فەرمانی بە خاوەن تەندوورەکان کرد نان بپێژن، کرێی نانەواکانی دا، لەشکر دوای دوو ڕۆژ

[1]) شوێنی دابەزینی گەشتیارانە.

ئینجا نانی خوارد، له ڕێگەدا خەڵکانێکی زۆر دەدوان لەبارەی میوەی پیشاوەرو چاویان تێبڕی بوو و دەیانوت ئەگەر ڕۆیشتینە ناو پیشاوەرەوە ئەوا داگیری دەکەین و زۆر دەخۆین و دەخۆینەوە، پیشاوەر شاری خێرو بێرە و ناسراوە بە برنج و گۆشتی مەڕ، جا دەیپرژێنین و دەیخۆین و خۆشی دەکەین، کاتێك ماوەی نان نەخواردنیان درێژ بووەوەو لە ڕۆژی سێیەم نانیان خوارد، وتیان ئەمە سزای ئەو ئومێد و هیواو خەیاڵ ڕیزکردنمان بوو، هەروەها بەهۆی گرتنەبەری ڕێگەیەکی جیاواز بوو لە ڕێگەی تێکۆشەرە دونیا نەویستەکان، بەڕاستی هیچ هەوڵ و هێزێك نییە مەگەر بە ویستی خوا نەبێت.

بەشێك لە لەشکری پیشاوەرییەکان بۆسەیان دانا دژ بە لەشکری تێکۆشەران و دەیەویست لەناکاو بەسەریاندا بدات، بەڵام هیچ هەلێکی بەدی نەکرد بۆ هەڵکوتانەسەر تێکۆشەران، لەشکری سوڵتان محەممەد خان لە ترسی لەشکری تێکۆشەران پەرتەوازە بوو، زۆربەیان بیانویان بە پاساو یان پێویستییەك هێنایەوە، پەنایان بردەبەر گوندەکانیان، سوڵتان محەممەد خان هیچ ڕێیەکی بۆ جەنگ کردن بەدی نەکرد، بۆیە بڕیاریدا خۆی بەدەستەوە بدات، یەکێك لە کەسە تایبەتەکانی خۆی ڕەوانەکرد، کە (ئەرباب فەیزوڵا خان) بوو، ناوبراو یەکێك بوو لە دڵسۆزانی سەید و بەڵێنیشی پێدا بوو، هەروەها بەوەفا و دڵسۆزیش بوو بۆ سوڵتان محەممەد خان، ئەمیندارو ڕاستگۆ بوو، مۆڵەتی خواست لە سەید بۆ هاتنە ژوورەوەو گفتوگۆ کردن، ئەوەی بە سەید ڕاگەیاند کە سوڵتان حەزی لە ئاشتەوایی و گوێڕایەڵییە،

پەشیمانیشە لەو کارەی کە کردی، دانی ناوە بە هەڵەکەیدا، سورە لەسەر چاك بوون و تۆبە کردن.

سەید بەسەرهاتەکەی بە درێژی گێڕایەوە، باسی ئەو ناپاکی و دووڕووییەی کرد کە لە سوڵتان محەممەد خان و براکەی بەدەرکەوت، هەروەها چۆن کاروبارەکانیان سەراوژێر کرد، فێڵ و تەڵەکەیان بۆ تێکۆشەران دانا، بە ئاشکرایی و بەوپەڕی گەرم و گوڕییەوە هەوڵیاندا تێکۆشەران ڕیشەکێش بکەن، بۆیە متمانە بە بەڵێنی سوڵتانی ناوبراو ناکرێت، وەك گیانلەبەری (حەربا) فرە ڕەنگە و ڕەنگی دەگۆڕێت، لەگەڵ با دێت و دەچێت، لەگەڵ بەرژەوەندییەکان دەسوڕێتەوە، ملکەچی حەزەکانیەتی، دەیەوێت بە داواکردنی ئاشتەوایی لەم تەنگ و چەڵەمەیە دەربچێت، پاشان هەمان ئەو دوژمنایەتیە هەڵبگرێت و ئەو پیلانگێڕییە بکات کە دەیکرد، ئێمەش هیچ کارمان بەسەر پیشاوەر یان کابوڵەوە نییە، نەهاتووین تا شانشینێك دابمەزرێنین یان دەست بگرین بەسەر شارێکدا، بەڵکو بۆ ئەوە هاتووین تا وشەی خوا بەرز ڕابگرین، شەریعەت و حوکمەکانی ئیسلام پیادە بکەین، ئیسلام زاڵ و سەربەرز بێت، ئەگەر ڕاستگۆیی و وەفاداری سوڵتانی ناوبراومان بۆ دەرکەوت، تۆبەی کرد لەوەی خواو پێغەمبەرەکەی ڕێگریان لێکردووە، دەستی هەڵگرت لەلایەنگیری بێ باوەڕان، پشتگیری موسڵمانانی کرد، ئەوا ئەو کاتە تەنها هەڵوێستێکمان لێ بەدی دەکات کە دڵخۆشی بکات.

جا (ئەرباب فەیزوڵا خان) پەیامەکەی گەیاندە سەید، وتەکەی سەیدی پیتاو پیت بۆ سوڵتان محەممەد خان گواستەوە، ناوبراو پەشیمانی خۆی دەربڕی، سوربوونی خۆشی پیشاندا لەسەر گوێڕایەڵی و بڕینی هەموو پەیوەندییەکان لەگەڵ یاخی بووان و بێ باوەڕان و لایەنگیری کردنیان و جەختکردنەوە لەسەر بەشدار بوون لەگەڵ تێکۆشەران لە تێکۆشاندا، داوایکرد سەید مۆڵەتی بداتێ تا بەڵێن لەسەر دەستی ئەو نوێ بکاتەوەو تۆبە بکات لە گشت ئەو شتانەی خواو پێغەمبەرەکەی ڕێگریان لێکردووە، ئامادەیی خۆشی دەربڕی بۆ قەرەبووکردنەوەی دارایی و هەر شتێك کە لەشکر لەم ڕێڕەوەیدا خەرجی کردووە وەك باجێك لەسەر خۆی، هەروەها وتی ئامادەیە چل هەزار ڕوپیە بدات، بیست هەزاری بە نەختینەیی، بیست هەزاریشی دوای گەیشتنی سەید بە ناوەندەکەی خۆی.

لە ناو خەڵکدا بڵاو بووەوە کە سەید دەیەوێت پیشاوەر ڕادەستی سوڵتان محەممەد خان بکاتەوە، بەمەش ترس و بیمیان لێ نیشت، هەندێك کەسایەتی شارەکە هاتنە لای شێخ ئیسماعیل و پێیان وت: دڵخۆش بووین بە هاتنی سەید بۆ ناو پیشاوەرو سوپاسی خوامان کرد لەسەر ئەوەی ئێمەی ڕزگار کرد لە چنکی ستەمکاران، بەڵام هەواڵمان پێگەیشتووە کە ئێمە ڕادەستی سوڵتانی ناوبراو دەکەنەوە، شێخ محەممەد ئیسماعیل ئاماژەی بۆ ئەوان کرد بەوەی لەمەدا پشت ببەستن (ئەرباب بەهرام خان) تا پەیامەکەیان بگەیەنێتە سەید و پێی بڵێت خەڵکی شار لەوە دەترسێت سوڵتان ستەمکارتر بێت ئەگەر لەشکری تێکۆشەران گەڕایەوە، چونکە

خەڵکەکە شادومان بووە بە هاتنی تێکۆشەران و پشتیوانیشیان کردووە، هەروەها ڕاشیان گەیاند کە خەڵکی شار ئامادەیە هەزاران ڕوپییە بدەنە لەشکر بۆ ئەوەی خۆی پێ چاکتر بکاتەوەو پشتی پێببەستێت لە جەنگ و بەرگریدا، هەروەها گومانیان هەیە لە ئەمینداری و ڕاستگۆیی سوڵتان محەممەد خان، ئەگەر ڕادەستکردنی شارەکە پێویست بێت ئەوا با ڕادەستی (ئەرباب بەهرام خان) بکات، کە شایستەی متمانە و پشت پێبەستنە و کوڕی شارو وڵاتەکەی و شارەزای سروشت و بارودۆخی خەڵکەکەیە و دەشتوانێت بەڕێوبەرایەتی شار بکات و کاروبارەکان ڕێك بخات و ڕووبەڕووی بارودۆخی لەناکاو ببێتەوە.

سەید بە ئارامی گوێی بۆ وتەی (ئەرباب بەهرام خان) گرت، ماوەیەك بێ دەنگ بوو، دواتر قسەیکرد و سوپاسی کرد لەسەر ئامۆژگاری و دڵسۆزیەکەی و ستایشی کرد، هەروەها وتی: ئەو ڕاستیەی لەبارەی خەڵکەوە پێمانت ڕاگەیاند، ئەوەش کە خوای گەورە خستیە سینەمەوەو زانیاری پێدام دەربارەی کرۆك و ناسینی خەڵکەکە و ئەوەی لە ناخیاندا دەشارنەوە گەورەترە لەوەی خەڵك زانیویەتی و دەریان بڕیوە، ئەگەر ئەوە بزانن کە نایزانن، ئەوەش کە بە کورتی دەریان بڕیوە بە تێروتەسەلی لەسەری بدوێن ئەوا مەندەهۆش و سەرگەردان دەبوون، براکەم بزانە ئێمە خاك و نیشتمانمان جێهێشتووەو سەختی و چەرمەسەرییەکانمان بڕیوەو گیان و داراییمان خستۆتە مەترسییەوە تەنها لە پێناوی ڕەزامەندی خوا، لەمەشەدا لە لۆمەی هیچ لۆمەکارێك و ڕەزامەندی هیچ بەدیهێنراوێك و توڕەیی هیچ

**تورە بوویك ناترسین، هیچ شتێك لەمانە نرخیان لای ئێمە نییە، تەنانەت قیمەتی یەك باڵی مێشوولەشیان نییە، كاری ئێمە بەو وتەیەی شاعیرە كە دەڵێت:**

فليتك تحلو والحياة مريــــرة     وليتك ترضى والأنام غضاب

وليت الذي بيني وبينك عامر     وبيني وبين العالمــين خــراب

إذا صح منك الود فالكل هين     وكل الذي فوق التراب تراب[1]

**واتە: خۆزگە تۆ شیرین دەبوویت و ژیانیش هەر تاڵ دەبوو، خۆزگە تۆ ڕازی دەبوویت و خەڵكیش هەر تورە دەبوون، خۆزگە ئەوەی لە نێوان من و تۆدایە ئاوەدان دەبوو با نێوانی من و جیهانیان هەر كاوڵ و پچڕاو بووبا، ئەگەر خۆشەویستی تۆم دەستخست ئەوا هەموو شتێك سووك و بێ نرخە، بێگومان هەرچی لەسەر گڵە، هەر گڵە.**

**ئەوانەی ڕاستی ناناسن وادەزانن ئێمە ڕوومان كردۆتە ئێرە بە مەبەستی دەستخستنی دونیا، حەزمان لە موڵك و دەسەڵات بووە، بەڕاستی ڕاستیان نەزانیوەو هەقیان بەلاوەناوە، ڕاستی ئیسلامیان نەزانیوە، ئێمە خاوەنی ڕق و**

---

**(1)** ئەم چەند دێڕە شیعرە هی شاعیری عەرب و ئەمیرو سوارچاك باوكی فەراسی حەمدانیە، بەم دێڕانە دواوە لەگەڵ كوڕە مامی خۆی سەیفی دەوڵەت، گەورە پیاوچاكان و پێشەوا خواناسەكانی وەك عەبدولقادر جیبلی و شێخ عیزەددینی كوڕی عەبدوسەلام ئەمەیان وتوەتەوە، لێرەدا لەسەر زمانی سەیدمان هێناوە، لەبەر ئەوەی چاكترین شتە بۆ وێنا كردنی هزرو بیرۆكەكەی، دەربڕینی ئامانج و بیروباوەڕەكەی.

کینە و تۆڵەستێن نین، خوای گەورە ناخەکانمانی پاك کردۆتەوە لە ئیرەیی و ڕق و کینە، سەرکەوتنی خواییمان پێبەخشراوە تا چاکە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکەین کە خراپەیان لەگەڵ ئێمەدا کردووە، پەیوەندی لەگەڵ ئەوانە ببەستین کە پەیوەندیان لەگەڵ ئێمەدا پچڕاندووە، خراپە بە چاکە وەڵام بدەینەوە، توندی بە میهرەبانی پاداشت بدەینەوە، لێبوردەین لە بەرامبەر تاوان، ئەگەر وا نەکەین بەڕاستی ئێمە دیلی دەروون و بەندەی ئارەزووەکانین، هیچ جیاوازیەکمان نییە لەگەڵ پادشا خۆسەپێنەکان، کە ئەگەر شوێنێکیان داگیر کرد دەستبەرداری نابن و تیایدا حوکم بە بەرنامەی خوا ناکەن، جا ئەو تێکۆشانەی ئێمە ڕایدەگەیەنین، خۆمانی پێ دەبەستینەوە، هیچ پەیوەندیەکی نییە بە شوێنکەوتنی هەواو هەوەس و ڕێگەی پاشا و دەسەڵاتدارە داگیرکەرە خۆسەپێنەکانەوە، سەبارەت بە ترسانی خەڵکی شار لە ستەم و تۆڵەسەندنەوەی ئەوان، ئەوا ڕاستی بۆ نییە، چونکە خەڵکەکە ڕاگری دەسەڵات و کۆڵەکەی حوکمڕانی ئەوانن، ئاوەدانی شارەکە بەوانەوە بەستراوەتەوە، جا چۆن وڵات دەڕووخێنن بە ڕیشەکێش کردنی خەڵکەکە و لەناوبردنیان، ئایا خاوەن باخ باخەکەی لەناودەبات، دەیکاتە زەویەکی پان و بەرین و تەخت، ئایا خاوەن ماڵ خانووەکەی دەڕووخێنێت و دەیکاتە کەلاوەو شوێنی بێ کەڵك، سەبارەت بە پێشکەش کردنی سەدان هەزار ڕوپیە بۆ ئەوەی خۆمانی پێ ڕابگرین و کاروبارەکانی خۆمانی پێ چاك بکەین ئەوا ئێمە کارمان پێ نییە، چونکە ئەوەی دەیکەین تەنها

مەبەستمان لێی ڕەزامەندی و پاداشتی خوایە، ئەو کاتە گوێنادەین بەوەی پاشا پشت یان ڕووی تێکردین، خەڵك ڕازی یان توڕەبوو.

ئەگەر سوڵتان محەممەد خان پەشیمان بوو لە کارەکەی و تۆبەی لە گوناهەکانی کرد، هەموو حوکمەکانی شەڕعی قبوڵ کرد، بەڵێنیدا دووبارە شۆڕش نەکاتەوەو یاخی نەبێت، دەیەوێت لێخۆش ببین و فرسەتێکی تری پێبدەین بۆ چاکسازی و خۆڕاستکردنەوە، ئەوا چۆن دەکرێت ڕەتی بکەینەوە، گومانمان لە مەبەستەکەی هەبێت، لە کاتێکدا فەرمانمان پێکراوە کار بە شتە ڕووکەشیەکان بکەین، نهێنی و شاراوەکانیش بە خوا ڕاسپێرین، لە بارێکی وادا کە شەڕح بڕیاریداوە چۆن دەبێت بە زانیاری خۆمان حوکم بدەین، چ بەڵگەیەکمان لای خوا پێیە ئەگەر وتەکەی ئەومان ڕەتکردەوە، بە ویستی خوا من ئامادەم ڕای خۆم بگۆڕم ئەگەر زانایەکی پایەبەرز قەناعەتم پێ بکات و بەڵگەی شەڕعی لەسەر بۆچوونەکەی بەرپا بکات، بێگومان ئێمە تەنها باوەڕمان بە خوا هێناوە، تەنها قورئانی پیرۆزو سوننەتی بەپێز دەکەینە دادوەر.

ئەو گێڕەڕەوەی مەجلیسەکەی بینیوە دەڵێت: سەید قسەی دەکرد وەك ئەوەی هەوری ئارامی و سۆزو بەزەیی خوایی ئێمەی داپۆشیوە، (ئەرباب بەهرام خان) و براکەی (ئەرباب جومعە خان) زۆر گریان و بۆ ماوەیەکی زۆر بێ دەنگ بوون و وەستان، کاتێك سەید لە قسەکردن تەواو بوو، (ئەرباب بەهرام خان) وتی: بەڕاستی قسەکانی سەید هەموو هەق و ڕاستن، بەڕاستی

تامی ئیسلام و شیرینایەتی باوەڕمان چەشت لەم کاتەدا، دەزانین کە ئێمە شارەزای ناواخن و کرۆکی ئیسلام نین، دوورین لە توانەوە لە ئاست ڕەزامەندی خوادا و گوێڕایەڵی بۆ فەرمانەکانی و خۆدامالین لە خۆویستی و خۆدارنین لە حەزەکانی دەروون و فێڵەکانی شەیتان، ئا ئەوە من لەسەر دەستی تۆ تۆبە دەکەم و سەر لەنوێ بەڵێنت پێدەدەم و نزام بۆ بکە.

شاندێك سەردانی سەیدیان کرد لە گەورە بازرگانە موسڵمان و ناموسڵمانەکان، هندۆسییەك لە بازرگانەکان کە ناوی (بەدهرام) بوو هاتە پێشەوەو چەند سەبەتەیەکی میوەو پارەیەکی زۆری پێبوو و قسەی لەگەڵ سەید کرد، ئامادەیی خۆی و هاوڕێکانی دەربڕی بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی لەشکرو داراییەکەی، دەتوانێت هەر یەکێك کە بیەوێت بەکاری بهێنێت بۆ خزمەتی سەربازی و بەهۆیانەوە بجەنگێت لەگەڵ ئەمیرەکانی پیشاوەرو دەسەڵاتداری لاهور، سەیدیش هەڵسا بە شرۆڤە کردنی هزرو بیروباوەڕی خۆی و مەبەستی لە تێکۆشان و ملکەچی بۆ فەرمانەکانی خواو ئەوەی لە شەرعدا هاتووە سەبارەت بە تۆبە و ئەوەی پێویستە لەسەر موسڵمانان ئەگەر هێرشیان کردە سەر هۆزێك هەڵکوتانە سەریان لە ئاگادار کردنەوەو بەرپاکردنی بەڵگە و سەرپشك کردن لە نێوان ئیسلام و سەرانە و جەنگ، جا ئەگەر ئەمە لە هەمبەر موسڵمانان هەبێت ئەوا سەبارەت بە موسڵمانان چی؟!

بازرگانی پیشاوەر بە ئارامی و ڕێزو حورمەتەوە وتەکەی سەیدی بیست و دانی نا بە دڵسۆزی و چاك ڕەفتاری و پاکی ڕێبازو سەربەرزی سەید، هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد کە سەید لە جۆرێکی تایبەتی مرۆڤە کە گەیشتنە قوڵاییەکانی ئەستەمە، دروست نییە بەراورد بکرێت بە پاشا ڕزگارکەرەکان و سەرکردە ئارەزووگەراکان کە بازرگانەکە زانیویەتی چۆن لەگەڵیان بدوێت و ئەوانیشی ناسیوە، بەڵام زمانی ناخی سەید و تێگەیشتنی ئیمانیەکەی تەنها کەسێك دەیزانێت کە باوەڕدارێك بێت لە ئاییندا ڕۆچوو بێت و شیرینایەتی باوەڕی چەشت بێت و گوێڕایەڵ و ملکەچ بێت، بۆیە بازرگانەکە بە سەرسامی و مەندەهۆشیەوە مەجلیسەکەی بەجێهێشت[1].

---

(1) پرسی دابەزین و دەستهەڵگرتن لە پیشاوەر و پێدانی بە سوڵتان محەممەد خان کە زۆر دژایەتی سەیدی کرد و بەرهەڵستی کرد، زۆرێك لەو مێژوونووسانەی بەرگریان لە بزوتنەوەو سەرکردەکەی دەکرد سەریان سوڕما لە ئاست لێکدانەوەو شرۆڤەکردنی ئەم ڕادەستکردنە، هەندێکیان پێیان وابوو پەلە کردن بووە لە حوکم و ملکەچ بوونێکی زیادبووە بۆ هەست و سۆزی چاك و باش و ڕێزو حورمەتی ڕەسەن، کە بە سروشت وابووە، لەمەشدا شوێنکەوتووی سیاسەتی باپیرەی بووە سەروەرمان عەلی کوڕی ئەبو تالیب (ڕەزای خوای لێبێت)، کە سیاسەتەکەی دامەزرا بوو لەسەر بنچینە و ڕەوشتە بەرزەکان، دەشیتوانی لەم پرسەدا شوێن پێی سیاسەتی سەروەرمان معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان (ڕەزای خوای لێبێت) هەڵبگرێت، کە لەسەر بنچینەکانی حوکمڕانی بنیاتنرابوو.

هەندێك لەوانەی قوڵتر بوونەتەوە لەو بارودۆخانەی باوبوونە لەو سەردەمدا، پێیان وایە کە سەید پەیڕەوی سیاسەتێکی بەرچاوڕۆشنی کردووە کە ناڕۆشنی تێدا نییە، سیاسەتەکەی کرداری بووە زیاتر لەوەی خەیاڵی بێت، جا ئەگەر هێڵی پێچەوانەی گرتبایەبەرو هەر بەوشێوەیە پیشاوەری بە داگیرکراوی لە ژێر دەستی خۆیدا بهێشتایەوە یان کەسێکی تایبەت و نزیك لە خۆی کردبایە ئەمیری پیشاوەر ئەوا دەرەنجامەکە ئەوەندە جیاواز نەدەبوو، هەمان سەرەنجام دەبوو، هەندێك کەسی متمانە پێکراو کە شارەزاییان هەیە سەبارەت بە سروشتی ئەفغانییەکان و لێکۆڵینەوەی فراوانیان هەبووە سەبارەت بەوەی لەو سەردەمدا ڕوویداوەو بۆ ماوەیەکی زۆر لە ئەفغانستان ژیاون پێیان وتوم کە سەید دووربین بووەو زۆر قوڵ بیری کردۆتەوە لەم پرۆژەیەدا، خێزانی (بائندە خان) کە دەسەڵاتی هەبوو

***

# بەخشینی پاشا و لێبوردنی دەوڵەت

سوڵتان محەممەد خان داوای کرد دانوستان لەگەڵ سەید بکات و چاوی پێبکەوێت، ڕای خاوەن بۆچوونەکانی ناو لەشکر لەسەر ئەوە کۆك بوو کە ئەمە یەکەم چاوپێکەوتن بێت لە نێوان ئەمیری (پیشاوەر) و شێخ موحەممەدی کوڕی ئیسماعیل، تا شێخی ناوبراو بەرچاوی ڕۆشن بێت و دڵنیا

---

بەسەر وڵاتی ئەفغانستان و سنووری باکور ئەوا زۆر دەمارگیر بوون بەشێوەیەك کە هیچ تیرەیەکی ئەفغانی ئەو دەمارگیرییەیان بەو ئەندازەیە نەبوو، بۆیە ئەم خێزانە بەرگەی ئەوەی نەدەگرت هیچ کەسێکی تر حوکمڕانی پیشاوەر بکات جگە لە سوڵتان محەممەد خان کە برا گەورەی خێزانی ناوبراو و سەرکردەیان بوو، بۆ ماوەیەکی زۆریش دەسەڵاتداری پیشاوەر بوو. جا سەید ملکەچی بارودۆخە هەنووکەییەکە بوو، هەڵسا بە کۆکردنەوەی دڵسۆزی و خۆدامالین لە خۆویستی و خۆشویستنی دەسەڵات، سیاسەتی کرداری و هەڵبژاردنی چاکترین ڕێگا لەو سەردەمەدا، ئەم کارەی کرد لەو بارودۆخە ئاڵۆزو وردەدا، کەس زانا نییە بە جیهانی پەنهان تەنها خوای مەزن نەبێت، هەر کۆششکارێکیش دەکرێت هەڵە یان ڕاست بپێکێت. لەم بۆنەیەدا ئەوەم پێباشە ئاماژە بەو وتەیەی مامۆستا عەبباس مەحمود عەققاد بکەم لە بارەی بڕیاردان لەسەر هەڵوێستی سەروەرمان عەلی کووڕی ئەبو تالیب (ڕەزای خوای لێبێت) و ڕەخنەگرتنی خەڵك لە هەڵوێستەکەی:

((ئەوەی بۆمان دەردەکەوێت لە هەڵسەنگاندن و ئەندازەگیری سەرەنجامەکان بە ڕووە جیاوازەکانیەوە کارکردن بە جگەلە ڕای ڕابردوو سەرکەوتنی مسۆگەر نەبوو و مەترسی هەر لە گۆڕێدا دەبوو، بەڵکو لەوانەیە ئومێد بە شتی لاوازتر خواستراوبا و مەترسی لەهەمبەر شوێنکەوتووانی مەزنتر بووبا)).

هەروەها ناوبراو ئەمەشی وتوە: ((بە خەیاڵی ئەوانەدا هاتووە کە ڕەخنەیان لە عەلی گرتووە لە سەردەمی ئەو و دواتریشدا کە پرسیار لە خۆیان بکەن کە ئایا لە توانای عەلیدا هەبووە ئەوە بکات جگە لەوەی کە کردی)).

(بلیمەتی عەلی کوڕی ئەبو تالیب) دانراوی مامۆستا عەققاد.

بێت لە مەبەستی ئەمیر، سەیدی پێشەوا ئەم بۆچوونەی بە باش زانی و پەسەندی کرد.

ئەمە ڕوویدا، هەر دووکیان لە ماڵی (ئەرباب فەیزوڵا خان) لە گوندی (هەزار خانی) کە دەکەوێتە دەوروبەری (پیشاوەر) کۆبوونەوە، لەگەڵ هەر یەکێکیاندا نزیکەی چل تا پەنجا هاوڕێی هەبوو، هەر یەکێکیان ئامادەباشی کردبوو، هەواڵەکان بڵاو ببوونەوە سەبارەت بە مەبەست خراپی سوڵتان محەممەد خان، گوایە مەبەستی لەم کارەدا ئەنجامدانی فێڵ و ناپاکییە، سوڵتان محەممەد خان لەسەر دەستی شێخ تۆبەی کرد، شێخیش لە جیاتی سەیدی پێشەوا بەڵێنی پێدا، جارێکی تر لە هەمان شوێن بەیەك گەیشتنەوە، سوڵتان محەممەد خان داوایکرد چاوی بە سەیدی پێشەوا بکەوێت، سەیدیش ئەم داوایەی پەسەند کرد.

سەید و تێکۆشەران سێ نوێژی بە کۆمەڵیان لە شارەکەدا کرد، شێخ مەزهەر عەلی عەزیم ئابادی هەڵسا وتارێکی بەپێزی پێشکەش کرد کە ئامادەبووانی هێنایە گرمە و هۆرەی گریان و فرمێسك ڕشتن، وتاری ناوبراو بە دەوری بانگەواز بۆ تێکۆشان لە پێناوی خوادا دەخولایەوە، وتارەکەی بە زمانی فارسی و ئوردی دەدا، چاوی حافیز عەبدوڵەتیف و خدرخانی قەندەهاری لەسەر فەرمان بەچاکە و ڕێگری کردن بوو لە خراپە، هەر دووکیان گەڕان و سوڕان بەناو شارو کوچە و کۆڵان و مزەگەوتەکانی، داوایان

له خەڵك كرد كە نوێژەكانیان بەچاكی بەرپا بكەن و پێداگیر بن لەسەری و پابەندیش بن بە كۆمەڵەوە.

ئەو ڕۆژەی كە دانرابوو بۆ چاوپێكەوتنی سەید و سوڵتان محەممەد خان پێش هات، تێكۆشەران ئامادە باشی خۆیان كرد، شوێنی پێشوازی لە گوندی (هەزار خانی) دیاریكرا بۆ چاوپێكەوتنەكە، شێخ محەممەد ئیسماعیل شوێنەكەی خستەڕوو، ئامادەباشی كرد و لەشكری تێكۆشەران ئامادەكاری تەواویان كرد و پێشتر ڕۆیشتنە گۆڕەپانەكە، سەید دەستنوێژی هەڵگرت و جل و بەرگ و چەك و تفاقەكەی توند كردەوەو دوو ڕكائەت نوێژی لە مزگەوتی (ئەلخان) كرد، زۆرێك لە تێكۆشەران لاسایی سەیدیان كردەوە، دواتر نزایەكی بە كوڵی كرد، خەڵكیش نەیاندەزانی چی دەبێت، دواتر سواری پشتی ئەسپەكەی بوو و ڕۆیشتە گۆڕپانەكە، هەزاران كەس لە دانیشتووانی پیشاوەر ڕۆیشتنە دەرەوە بۆ بینینی ئەم چاوپێكەوتنە مێژووییە، سەید نوێژی نیوەڕۆی لەوێ كرد، سوڵتان محەممەد خان لەگەڵ دەستەیەك لە هاوەڵانی هاتنە پێش، سەید لە ئەسپەكەی هاتە خوارەوەو بە پێ ڕۆیشتە لای سوڵتانی ناوبراو، سەید شێخ محەممەد ئیسماعیل و (ئەڕباب بەهرام خان)ی لەگەڵدا بوو، سوڵتان محەممەد خان لە ئەسپەكەی دابەزی بە پیادە ڕۆیشتە پێشەوەو (ئەرباب فەیزوڵا خان) و یەكێك لە دەستوپێوەندەكانی لەگەڵدا بوو كە ناوی (موڕاد عەلی) بوو، سڵاویان لە یەكتر كرد و تۆقەیان كرد.

سەيد سەرەتا دەرگای گفتوگۆی کردەوە، باسی چیرۆکەکەی هاتنی خۆی کرد بۆ ئەو وڵاتە و ئەوەی بەسەر ئەو و تێکۆشەراندا هات بەهۆی شکاندنی پەیمان لەلایەن سوڵتان و براکەیەوە، بەمەش چۆن بارودۆخەکە سەراوژێر بوو و لایەنگیری بێ باوەڕانیان کرد، سەید پرسیاری لێکرد لە نهێنی ئەو کارەی ئەوان و چ شتێك پاڵی پێوە ناوە، سوڵتان محەممەد خان دانی نا بە هەڵەکەیدا و داوای لێبوردنی لێکرد، تۆمارێکی پێچراوی پێشکەشی سەید کرد و وتی: ئەگەر ئەم تۆمارە پەڕ پەڕ بخوێنیتەوە بۆت دەردەکەوێت هۆکاری ئەم خراپ لێکتێگەیشتن و ئاڵۆزی و شڵەژانەی هەبووە لە نێوانماندا چی بووە، کە سەید تۆمارەکەی کردەوە: بینی کۆنووسێکی تێدایە کە واژووی زۆرێك لە زانایانی هیند و کوڕە شێخەکانی لەسەرە، ناوەڕۆکەکەشی ئەوەیە: ئەی ئەمیرەکانی پیشاوەر پێتان ڕادەگەیەنین! پیاوێك بە ناوی سەید ئەحمەد کە ژمارەیەك زانای هیندی لە دەور کۆبووەوەتەوەو ڕوویکردۆتە وڵاتی ئێوە لەگەڵ کۆمەڵێکی مەزن لە هاوەڵانی، لە ڕووکەشدا تێکۆشان لە پێناوی خوا ڕادەگەیەنن و فێڵ و تەڵەکە و پیلان لە ناخیاندایە، ئەوانە لە ئاینی ئێمە و باوو باپیرانمان لایانداوە، ئاینێکی نوێیان داهێناوە، هیچ نازو گەورەیی و مافێك بە ڕەوا نابینن بۆ خۆشەویستێك لە خۆشەویستانی خواو پیاوچاکان، بەڵکو سەرزەنشیان دەکەن، ئەوان سیخوڕی ئینگلیزو چاودێری ئەوانن، ڕوویانکردۆتە وڵاتی ئێوە بۆ هەواڵگری سەبارەت بە بارودۆخ و کاروبارەکانی، نەکەن پێیان هەڵبخەڵەتێن و بکەونە ناو تۆڕی ئەوانەوە، چونکە بەمە دەسەڵاتتان لەناو دەچێت و حوکمڕانیتان دەسڕێتەوە، ئامۆژگاری ئێوەمان

کرد و ئاگادارمان کردنەوە لە مەترسی، ئەگەر کەمتەرخەمی بکەن لەمەدا ئەوا پەنجەی پەشیمانی دەگەزن، پەشیمانیش دادتان نادات.

کاتێك سەید ئەم کۆنووسەی خوێندەوە سەرسامی و مەندەهۆشی دایگرت و بە سوڵتان محەممەد خانی[1] وت: لە هینددا کۆمەڵی زۆر گەورە هەن لە زانا ناودارو شێخە کاسبکارەکان ئەوانەی زانست و تەریقەتیان وەك پیشە بەکارهێناوەو دەهێنن بۆ دەستخستنی بژێوی ژیان، ماڵ و دارایی خەڵك بە ناهەق دەخۆن، ڕێگری و کۆسپ دەخەنە سەر ڕێگەی بەرەوخواچوون و زیادەڕەوی دەکەن لە پیرۆزگرتنی شێخەکاندا، گۆڕی شێخەکان دەکەنە بتی پەرستراو و شوێنی مەبەست، ئەمەش بە ئایین و شەریعەت دادەنێن، جیاوازی ناکەن لە نێوان حەڵاڵ و حەڕام و کوفرو باوەڕو یەکتاناسی و هاوبەشدانان، کاتێك خوا بە بانگەوازو ئامۆژگاری ئێمە هەزاران کەسی لە خەڵك ڕێنوێنی کرد و دەستیان گرت بە ئاینی پاك و سوننەتی ڕاست و پوخت، ئەوا بازاری ئەو شێخ و زانا کاسبکارانە بە ئایین نەما و بۆن و بەرامیان نیشتەوەو خەڵکی ڕاست و دروست ڕووی لەوان نەکرد، بەڵکو خەڵك لێیان دوورکەوتەوە، جا کاتێك دەستەوەسان بوون لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم بزوتنەوە پیرۆزەو ڕێگە گرتن لە پرۆسەی بەرەو خواچوون ئەوا دەستیان کرد بە شتی پڕو پوچ و هەڵبەستن و درۆکردن، بۆیە ئەم

[1] لە دەقە عەرەبیەکەدا وا خراوەتەڕوو کە ئەمە وتەی سوڵتان محەممەد خانە، بەڵام کەچی دوای خوێندنەوەی دێڕەکانی دواتر دەردەکەوێت کە وتەکە هی سەیدی پێشەوایە، دەقە عەرەبییەکە هەڵەی نووسینەوەیە. خوا زاناترە. (وەرگێڕ).

کۆنووسەشیان نووسیوە، هەڵەیەکی زۆر گەورەت کردووە کە ئەمەت پێ ڕانەگەیاندووین، لەمەشدا زیان بە دین و دونیاکەت گەیشتووە، ئەگەر ئەمەت پێ ڕاگەیاندبایین ئەوا باسەکەمان بۆ تۆ ڕوون دەکردەوەو سینەمان ئاسوودە دەکردیت و گومانی ناو دڵ و دەروونتمان نەدەهێشت، لەوانەیە حیکمەتێکی نهێنی خوا لەمەدا بووبێت، سەید کۆنووسەکەی پێچا و دایە دەست شێخ محەممەد ئیسماعیل و پێ وت: ئەم کۆنووسە بشارەوە، هیچ کەسێك نەبینێت، بۆ هیچ یەکێك مەیدرکێنە، کەسانی وا هەن لە ناو هاوەڵانمان ئەگەر ئاگاداری ئەم درۆو قسە هەڵبستنە ببن، ئەوا نزا لەو زانا و کوڕە شێخانە دەکەن و زیانیان پێدەگات و دەبێتە کارەسات بۆیان، ئێمەش مەبەستمان وابووە کە چاکە لەگەڵ ئەم خراپەکارانەدا بکەین ئەگەر هاتوو خوا ئێمە و ئەوانی بەیەکەوە کۆکردەوە تەنها ئەوەمان لێ بەدی دەکەن کە پێی دڵخۆش و ڕازی دەبن.

سەید ڕوویکردە سوڵتان محەممەد خان و پێی وت: ئەرباب فەیزوڵا خان ئامادەیی تۆی پێ ڕاگەیاندووین بۆ دانی چل هەزار ڕوپییە وەك قەرەبوو کردنەوەی لەشکری تێکۆشەران، بەڵێنیشت لەم بارەوە داوە، خۆت بەمە سەرقاڵ مەکە، با شەکەتت نەکات، ئێمە لەمە خۆش بووین و ئاسانکاریمان بۆ کردیت (بەڕاستی هەر چی گەنجینە هەیە لە ئاسمانەکان و زەوی هەر بۆ خوایە و هی خوایە) تۆش برامانی لە ئایین و ئیسلامدا، نامانەوێت سزات بدەین بەوەرگرتنی ئەم بڕە پارەیە، سەرشانت گران بکەین.

دوای ئەمە سەید هەڵسا و گەڕایەوەو، سوڵتان موحەمەد خانیش هەڵسا و مەجلیسەکە کۆتایی هات، سوڵتان داوایکرد سەید یەکێك لە هاوەڵانی دیاری بکات وەك دادوەری پیشاوەر تا حوکم بە بەرنامەی خوا بکات لە ناو خەڵکدا، ئامۆژگاری خەڵکەکە بکات لە وتاری هەینیدا، هەروەها سوڵتان وتی: ئێمە گوێڕایەڵی دەبین و خەڵك سوود لە وتارو ئامۆژگارییەکانی وەردەگرێت، سەید شێخ مەزهەر عەلی عەزیم ئابادی هەڵبژارد و کردەیە دادوەری پیشاوەرو کۆمەڵێك لە تێکۆشەرانی کردە یاوەری، سەید دەستی خستە ناو دەستی (ئەڕباب فەیزوڵای خان) و وتی: دەیکەینە جێنشین لە پیشاوەر لەسەر داوای گەورەکەت، بۆیە چاك بە لەگەڵی.

سەید فەرمانی بە لەشکری تێکۆشەران کرد بگەڕێنەوە بۆ سەربازگەکەیان، کاتێك لەشکر لە (پەنجتار) نزیك بووەوە خەڵکەکە زۆر بە گەرم و گوڕی پێشوازیان لێکرد، دێڕە شیعریان بە ئاوازەوە دەوت لە ستایشی سەیددا، دەف و دۆڵیان دەکوتی، خەڵك بە دەستە دەستە و پۆل پۆل دەهاتن و داوای خەڵاتیان دەکرد، سەیدیش پاداشتی دەکردن و بە دڵخۆشی دەیگەڕاندنەوە، ئەو تێکۆشەرانەی لە پەنجتار مابوونەوە یازدە تۆپیان هاوێشت، سەید لە ئەسپەکەی دابەزی، سەرەتا ڕۆیشتە مزگەوت و دوو ڕکائەت نوێژی کرد، زۆربەی تێکۆشەران بە دوای ئەودا ڕۆیشتن، نزایەکی دوورو درێژی کرد و خەڵکیش دەیانوت: (آمین: خوایەگیان نزاکە گیرا بکە)، هاوار کرا خەڵك بچێتە ناو خێوەتگەکانی خۆیان، سەیدیش ڕۆیشتە خانووە کۆنەکەیەوە، کاتێك ڕۆژی هەینی هات و شێخ ئەحمەدوڵای میرتەهی وتاریدا

و سەید پێشنوێژی بۆ خەڵك كرد، جا ئەمەش بەشێكە لەوەی لە وتارەكەدا وترا:

براكانم! خوای گەورە دەستەی كەمینەی سەرخست بەسەر دەستەی زۆرینەدا، ئێوە بەسەر لەشكرێكی مەزن و دوژمنێكی بەهێزدا سەركەوتن، زۆرێكتان دەستدرێژیتان كرد و وتتان: لە جەنگەكەدا سەركەوتین و دوژمنان تێكشكان، ئەمە هەڵتان نەخەڵەتێنێت، ئەی براكانم لە خوابترسن و پارێزكاری لێبكەن، زۆر داوای لێبوردن و لێخۆشبوونی لێبكەن، گەورەیی تەنها بۆ خوایە، هەروەك هاتووە: "كە خوای گەورە لە فەرموودەی قودسیدا فەرموویەتی[1]": شكۆو سەربەرزی دامێن و گەورەیی و مەزنی كراسی منە، هەر كەسێك لەسەر ئەم دووانە ململانێم لەگەڵ بكات ئەوا سزای دەدەم[2] (مەبەستی خوای مەزن ئەوەیە كە ئەم سیفاتانە تایبەت بەون و شیاوی كەسی تر نین[3]).

هەر خوا لاوازەكانی سەرخست بەسەر بەهێزەكان، هەژارەكانی زاڵكرد بەسەر دەوڵەمەندەكان، هەر خۆیشی خاوەن موڵكە و دەیدات بەوەی كە بیەوێت و موڵك و دەسەڵات وەردەگرێتەوە لەوەی كە بیەوێت، هیچ شتێك نییە بڕیاری ئەو ڕەت بكاتەوە، فەرمانی ئەو تێهەڵچوونەوەو بەدواداچوونی بۆ نییە، بە یەك چاوتروكان یەكێك دەكاتە خاوەن موڵك و دەسەڵات و هەر

---

(1) خۆم زیادم كردووە. (وەرگێڕ).

(2) موسلیم گێڕاویەتیەوە.

(3) وەگێڕ.

به یەك چاو تروكانیش موڵك و دەسەڵات لە هەندێك كەس دەسەنێتەوە: ﴿إِنَّمَآ أَمۡرُهُۥٓ إِذَآ أَرَادَ شَيۡـًٔا أَن يَقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ٨٢﴾ یس. واتە: (بێگومان هەر كاتێك فەرمانی خوا دەرچوو، ویستی شتێك جێبەجێ بكات و بهێنێتەدی، پێی دەڵێت ببە، ئەویش دەستبەجێ و بێ دواكەوتن پێش دێت و ئەنجام دەدرێت و دروست دەبێت).

***

## له نێوان بەرنامەی خوایی و داب و نەریتی خەڵكدا

له وڵات و كۆمەڵگەی موسڵمانانـدا و بەتايبەت له وڵاتانی بيانی نا عەرەب و ئەو شوێنانەی دووربوون له ناوەندی ئيسلام، ئەوا داب و نەريتی نەفامی و ناخۆيی سەريانهەڵدا، كه ڕەگ و ڕيشەی قوڵی هەبوو له ناو ناخ و دڵ و دەروونەكاندا، موسڵمانانيش دەستيان پێوەگرتبوو بە توونـدی وەك دەستگرتنيان بە بەرنامەی خوايی و دەقە ئاينی و ئەرك و فەڕزە شەڕعييەكان، بەڵكو لەوەش زياتر دەستيان پێوەگرتبوو بەهۆی ئەوەی باوو باپيريان وەسيەتيان لەبارەوە كردبوو و نەوە دوای نەوە بۆيان مابووەو جێگای خۆی گرتبوو له ناو دڵ و دەروونی خێزان و هۆز بەشێوەيەك كه لەگەڵ خوێن و گۆشتيان تێكەڵ بوو دابڕاندنيان لەم داب و نەريتانه سەختر بوو له دابڕينی منداڵی شيرەخۆرە له شير خواردن و دوورخستنەوەی پياوی ديندار له ئايين و دروشمەكانی، ئەم داب و نەريتانه هەموو ئەو پيرۆزی و خۆشەويستيەی هەبوو كه ئاينه ئاسمانيەكان هەيانبوو، زۆر دەمارگيربوون بۆی، شانازيان دەكرد بە دەستگرتن بەم نەريتانه و خۆيان له پێناويدا دەكردە قوربانی و كەمتەرخەمی نواندن له ئاستيدا و دەرچوون لێی بە نەنگيان دەزانی.

ئا بەم شێوەيه بەرنامەيەك له پاڵ شەريعەتدا سەريهەڵدا، ئەم بەرنامە دەستكردەی نوێی مرۆڤ كەوتە ململانێ لەگەڵ شەريعەت و بەرنامەی نەمری

خوا به هەموو هێزو توانا و بەڵگە و نیشانەیەك، ئەم داب و نەریتە و بەرنامە دەستکردە دەیویست دەسەڵاتی هەر بمێنێت و پێگەی بەردەوام بێت لە دڵ و دەروونەکاندا، ئەم بەرنامە دەستکردە بەهەمان شێوەی شەریعەت هەموو ئەو زاراوانەی بەکاردەهێنا کە شەرع و دیندارەکان بەکاریان دەهێنا، لەم بەرنامە دەستکردەدا شتی فەرزو واجب و سوننەت هەبوون کە ئەگەر یەکێك لێی دەرچووبا ئەوا بە بیدعەچی ناودەبرا و ناوی دەزرێنرا بەوەی رێگەیەکی جیاوازی گرتووەتەبەر لە رێگەی موسڵمانان، ئەوەی بەردەوامیش بێت لەسەر فەرزو سوننەتەکانی ئەم بەرنامەیە ئەوا بەکەسێکی چەسپاو لە ئایندا ناودەبرا، هەر بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ أَمۡ لَهُمۡ شُرَكَـٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمۡ يَأۡذَنۢ بِهِ ٱللَّهُۚ ﴿٢١﴾ ﴾ الشورى. واتە: (یان پەنا دەبەن بۆ بت و پاڵپشتەکانیان تا بەناوی دینەوە رێنموویی پاڵپشتیان بکەن! _ حەڵاڵ و حەرامیان بۆ دیاری بکەن _ بێ ئەوەی خوا مۆڵەتی دابێت). ﴿ إِنۡ هِيَ إِلَّآ أَسۡمَآءٞ سَمَّيۡتُمُوهَآ أَنتُمۡ وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلۡطَٰنٍۚ ﴾ النجم. واتە: (_ ئەم بتان و پەیکەرانە _ تەنها شتێکن کە خۆتان و باوو باپیرانتان ناوتان لێناوەو هیچی تر نین، خوا بەڵگەیەکی نەناردووە لەسەر رەوابوونیان).

جا لەبەر ئەوەی ئەم بەرنامە و داب و نەریتانە لە هەواو و هەوەس و مەبەستی خانەدان و ئەمیرەکان و ئەزموونەکانی گەل و خەڵکی بەگشتی و بەراوردی هەندێك هۆشمەند و کەسی زیرەکەوە هەڵقوڵا بوو، ئەوا زۆرێکی لە هەڵخلیسکانی عەقڵ و بۆچوونە رێزپەڕەکانەوە بوو، سەرچاوەی نەگرتبوو

له بەرنامەیەکی دانا و زاناوە، بەڵکو تێکەڵەیەکی سەرسوڕهێنەر بوو له پاشماوەکانی نەزانی و حەزەکانی دەروون و کورتبینی و بیرتەسکی و توونده تیژی و زیادەڕۆچوون و زیادەڕەوی و بەفیڕۆدان، ئەمه زۆرێك له ئەندامانی خێزانی بێ بەش و فەرامۆش کردبوو و ئاشوب و بەدبەختییەکی دوورو درێژی بەسەر کۆمەڵگەدا هێنا، ئایین ئاسانی و سادەیی خۆی له دەستدا، ژیان ئازادی و خۆشبەختی خۆی له کیسچوو و وای لێهات بووه کۆت و بەند بەسەر ئەو کۆمەڵگەیەی باوەڕی بەم بەرنامانه هێنا بوو و دەستی بەم نەریتانەوه گرتبوو، له میانەی ئەم داب و نەریتانه ژیان وەك بەندیخانەیەکی بەرتەنگ بەرێدەکات و گوزەرانێکی بێزراو و ناخۆش بەسەر دەبات، ئەوەیان حەڵاڵ کرد که خوا حەرامی کرد بوو، ئەوەشیان حەرام کرد که خوا حەڵاڵی کردبوو، ئەوەشیان بەرتەسك کرد که خوا فراوانی کردبوو، ئەم فەرمایشتەی خوای گەورەیان بەسەردا هاتەجێ: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ بَدَّلُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ كُفْرًا وَأَحَلُّوا۟ قَوْمَهُمْ دَارَ ٱلْبَوَارِ ﴿٢٨﴾﴾ إبراهيم. واته: (ئایا سەرنجی ئەوانه نادەیت که نازو نیعمەتەکانی خوایان به حەرام گێڕایەوەو بوونەته هۆی سەرگەردانی و تیاچوونی گەل و هۆزەکەی خۆیان).

لەم بارەوه تیرەو هۆزه ئەفغانییەکان که بانگەوازیان لەناودا لاواز بوو _ لەبەر چەند هۆکارێکی مێژوویی _ پێویستیان به ئاینی پوخت و سوننەتی پاك هەبوو، زۆربەی زاناکانیان له سەردەمانی دواییدا هەوڵەکانیان چڕ کردبووەوه لەسەر لێکۆڵینەوه له کتێبەکانی فیقه و زانسته ئامرازی و

عەقڵییەکان، لە کۆنەوەش بەوەوە ناسرا بوون کە توونددن لە دەستگرتن بە داب و نەریت و ڕێبازی باووباپیران و پێشینان، لادان لێی بە ئەندازەی یەك تاڵە موو ئەوا بە دەرچوون لە ئایین و گرتنەبەری ڕێگەیەکی تر جگە لە ڕێگەی باوەڕداران دادەنرا[١]، جا لەگەڵ تێپەڕینی کات و کەمتەرخەمی زانا و شێخەکان نەریتی نەفامی سەریانهەڵدا و لەناو خەڵکدا ڕەگیان داکوتا.

یەکێك لەو شتانەی بووەوە نەریت ئەوە بوو کە زۆرێکیان کچەکانیان بە شوو نەدەدا تا ئەو کاتەی ئەو گەنجەی حەزی لە هێنانی کچەکە بووبا ئەندازەیەك پارەی دابا، جا ئەم ئەندازەیە بە گۆڕانی تیرەو هۆزەکان دەگۆڕا، تا وای لێدەهات کچەکان تەمەنی شوکردنیان تێدەپەڕاند و دەبوونە قەیرە کچ، لەوانەشە بەهۆی ئەمەوە کەوتبانە ناو کاری خراپ و ناشرینەوە یان زیان گەیشتبا بە تەندروستیان و بەشێوەیەکی نا سروشتی گوزەرانیان بەڕێ کردبا[٢].

---

(١) بۆ ماوەیەکی زۆر ئەو تیرەو هۆزانە بۆچوونیان وابوو کە بەرزکردنەوەی پەنجەی شایەتمان لە تەحیاتدا بیدعەیەکی خراپ و گوناهێکە لێبوردنی بۆ نییە، تەنانەت هەندێك کەسی بە جۆش و خرۆش پەنجەی بەرزکراوەی نوێژکەریان دەشکاند لە کاتی شایەتمان هێنان لە ناو نوێژدا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لە هەندێك کتێبی فیقهیدا هاتبوو _ وەك: خلاصة الكيداني _ بەرزکردنەوەی پەنجەی شایەتمانیان لە تەحیاتدا بە حەرام دانا بوو.

(٢) لە هەندێك ناوچەی هیند و بەتایبەت هەرێمی بەهار، ئەم نەریتە نەفامییە پێچەوانە بووەتەوە، لەوێدا ئەوانەی حەزیان لە ژن هێنانە و ئەو گەنجانەی پاڵێوراون بۆ ئەم پرۆسەیە داوای بڕە پارەیەکی زۆرو ئەندازەیەکی مەترسیداری دارایی دەکەن لە باوکی ئافرەتەکان، ئافرەتەکان مارە ناکەن تا باوکی ئافرەتەکان بەڵێنی دانێ ئەو بڕە پارە بدەن یان بە نەختینەیی پێشکەشی بکەن، وایلێهاتبوو بە ئەندازەیەك زیادەڕەویان تێدا کردبوو تا ئەندازەی شەکەت و زۆرلێکردن کە لە توانادا نەبێت، تا کار گەیشتە ئەوەی ڕووداوی خۆکوژی لەبەر ئەمە ڕوویدا، زۆرێك لە باوان پێیان باشتر بوو خۆیان ڕزگار

**ژمارەیەك لە قەیرە كچی خانەدانەكان پەیامێكیان نارد بۆ سەیدی پێشەوا لەسەر زمانی یەكێك لە شوێنكەوتووە ئەفغانییەكانی كە ناوی (ئەحمەد خان كاكا) بوو، لەم پەیامەدا داوایان لە سەید دەكرد ڕزگاریان بكات لەم نەریتە ستەمكارو یاسا بێ بەزەییە، هەروەها بایەخ بدات بەم بابەتە و دژایەتی ئەم داب و نەریتە بكات و لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵی بتەكێنێت و یەكەم هەلیش بۆ ئەنجامدانی ئەم كارە بقۆزێتەوە، سەید بە گرنگیەوە سەیری ئەم پەیامەی كرد و بۆ ماوەیەك وەستا بە بێ دەنگی، پاشان سوپاسی پەیامهێنەكەی كرد و پێی وت: متمانەت هەبێت بەوەی ئێمە هەوڵ و تەقەڵای خۆمان دەدەین بۆ ڕیشەكێش كردنی ئەم داب و نەریتە نەفامییە و زاڵ بوون بەسەریدا و لەناوبردنی لەم وڵاتەدا، هەروەها بە كچانی موسڵمانان بڵێ: ئێمە بە هەموو وزە و هێزمانەوە دژایەتی ئەم نەریتە نەفامییە دەكەین.**

**بەیانی سەید خەڵكی كۆكردەوەو بە نەرم و نیانی و دانایییەوە ئامۆژگاری ئەوانی كرد و باسی پلەوپایە و گرنگی و پێویستی مرۆڤ بە پرۆسەی هاوسەرگیری كرد، هەروەها ئاماژەی كرد بەوەی نەژاد و بناغەی مرۆیی و شارستانیەتی باش و شەریعەتی لێبوردە بەمە ڕاوەستاوە، پەكخستن یان دواخستنی ئەم پرۆسەیە و نانەوەی كۆسپ و لەمپەڕ و دانانی مەرج و**

---

**بكەن لەم ژیان و سەرشۆڕی و چەرمەسەرییە، خوای گەورەش ڕاستی فەرمووە: ﴿وَمَا ظَلَمَهُمُ ٱللَّهُ وَلَٰكِن كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ ٣٣﴾ النحل. واتە: (وەنەبێت خوا ستەمی لێكردبن، بەڵكو هەر خۆیان ستەمیان لە خۆیان دەكرد).**

پەرچی وشك و سەخت شتێکی پڕو پوچ و خراپە، دواتر وتی: ئێوە بەڵێنتان بەمن داوە، حوکم و یاساکانی شەرعتان قبوڵ کردووەو تۆبەتان کردووە لە سەرجەم خراپە و تاوانەکان، جا بە تایبەت پێویستە لەسەرتان تۆبە لەم ستەم و خراپە و تاوانە دزێوە بکەن و کچەکانتان بە شوو بدەنە خزم و خوێش و تیرەو هۆزەکانی خۆتان، وەك چۆن شەریعەت وا دەڵێت و خواو پێغەمبەریش فەرمانیان پێکردووە، خۆشتان بگرنەوە لەم کارە ستەمکارانە کە خوای گەورە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر دانەبەزاندووەو دووریش بکەونەوە لەم قەرەبوو کردنەوە نەفامییە کە شەرع فەرمانی پێنەداوە.

یەکێك لەم نەریتانە ئەوەبوو، کە زۆرێك لە باوکان مۆڵەتی ئەوەیان نەدەدا کە کچان و مێردەکانیان بەیەکبگەن بە تەنها تا ئامادەکاریە نەریتییەکان تەواو نەبووبا، دەکرا ئامادەکارییەکان جێبەجێ نەکرابان و بۆ ماوەی چەند ساڵی دوورو درێژ لە ماڵی خۆیاندا بمابانەوە بە هەڵواسراوی کە نە لە ڕەگەزی هاوسەر بوون و نە لە ڕەگەزی قەیرە کچ، سەید زۆر سکاڵای کرد لەو گەنجانەی تەمەنیان بەسەر چووەو پرۆسەی هاوسەرگیریان پێکنەهێناوەو بەرەو تەمەنی پیری دەچن، لە کاتێکدا شەرع ئەو پرۆسەیەی بۆ ئەوان حەڵاڵ کردووە، بەڵام باوکان بوونەتە ڕێگر لە نێوان کوڕو کچەکان بەهۆی چەند هۆیەکی دەستکرد و سەپێنراو، ئەمەش لەسەر کوڕەکان زۆر سەخت و گران بووە، تا داوایان لە سەید کردووە دژایەتی ئەم نەریتە بکات وەك چۆن ئافرەتە موسڵمانەکانیش ئەم داوایەیان کردووە، بەوەی باوکان لەم کارە پاشگەز بکاتەوەو هۆشداریان پێبدات.

سەید بایەخی بەم پرسەدا وەك چۆن گرنگی دا بە بابەتی قەیرە کچەکان، فەرمانیشی دەرکرد بە ئازاد کردنی ئەم ئافرەتە بەشوودراوانە و ڕادەستی مێردەکانیان بکرێن لە ماوەیەکی کەمدا و ئاگاریش بکرێتەوە لەم کارە، چەند کارمەندێکی دانا لەلای خۆیەوە بۆ ئەوەی ئەم ئەرکە بەڕێوە ببەن و ئەم کارە بکەن ئەگەر هەر باوکێك داوای لێبوردنی کرد و ڕەتی کردەوە، بڕیاریش درا کە ئەگەر مێرد پەنا بباتە بەر دادوەری شەڕعی کە خەزوری ژنەکەی ڕادەستی ناکات، ئەوا داوا لە باوکی ئافرەتەکە لەگەڵ سەرپەرشتیارە شەڕعییەکان دەکرێت ئەم کارە بکەن، ئەگەر داواکەی پەسەند کرد ئەوا یەك ڕۆژی بۆ دادەنرێت، ئەگەر داواکەی قبوڵ نەکرد، ئەوا دادوەر ڕۆژێك دیاری دەکات و لەگەڵ پیاوەکانی دەڕوات کە ناوەکانیان دیارە و ژنەکە دەهێننە ماڵی مێردەکەی.

تیرەو هۆزە ئەفغانییەکان کاریان بە یاسا و ڕێسایەك دەکرد، کە خۆیان و سەرۆك هۆزو ئەمیرەکانی وڵات دایاننابوو و لەسەری پێگەیشت بوون بۆ ماوەی چەند سەدە و نەوەیەك و بە توندی پێیەوە پابەند بوون، ناویان دەنا (یاسای ئەفغانی)، ئەم یاسایە لەسەر مەبەست و بەرژەوەندییەکانیان دامەزرابوو و داب و نەریتی کۆن و نەفامی لەخۆگرتبوو، زانا و ئەمیرەکان بەش و مافی دیاریکراو و چەسپاویان تێدا هەبوو، خەڵکی وەك زەکات و بەخشین بەوانی دەدا، یەکێك لە سەرۆك هۆزەکان کە ناوی (عینایەتوڵا خان سواتی) بوو زۆر بە جوانی ئەمەی وێنا کردووەو لەمەشدا نوێنەری خەڵکی

وڵاتەکەی و وتەبێژیان بوو و کاتێك شێخ ئیسماعیل ویستی بە وڵاتی ئەواندا تێبپەڕێت و بچێتە (باجور) ئەوا عینایەت پێی وت:

((ئێوە بە ئەندازەی یەك تاڵە موو لە قورئان و سوننەت لا نادەن، زاناکان لەلای ئێوەن، بەڵام ئەو حوکمانەی لە قورئان و سوننەتدا چەسپاون سەختە کاریان پێ بکەین، هەر بۆیە ڕێگریتان لێدەکەین لەوەی بچنە باجور و هەرگیز مۆڵەتتان پێ نادەین، ئەگەر پەناشمان بۆ ئەوە برد ئەوا دژایەتیان دەکەین و بەردەوامیش دەبین لە دەستگرتن بە داب و نەریتی ئەفغانیمان، ئەگەر ئێوە سەرکەوتن و ئەم وڵاتانە هاتنە ژێر سایەی حوکمڕانی ئێوەوە ئەوا ئێمە ئێرە بەجێدەهێڵین و پەنا دەبەینە بەر وڵاتێك لە وڵاتانی بێ باوەڕ تا بتوانین کار بکەین بە ڕێگە و ڕێبازی باوو باپیرانمان و لەسەری بژین)).

ئەو ئەفغانیانە هاتبوونە ناو بازنەی بەڵێن و ئەمیرایەتی سەید و بە پێشەوای خۆیان هەڵیانبژاردبوو، گومانیان وابوو سەید دەستناخاتە ناو کاروباری تایبەتی ئەوان و داب و نەریتە کۆنەکانیان، بەڵکو تەنها کاری بریتی دەبێت لە ئامۆژگاری و ڕێنوێنی و بانگەواز کردن بۆ کاری چاك و خواپەرستی، وەك چۆن شێخ و زانا و زۆرێك لە پیاوچاکان کاری وا دەکەن، ئەگەر سەید داوای زیاتر بکات ئەوا دە یەکیان لێوەردەگرێت، بەمەش ئەوان ئازادن لەوەی دەیکەن و ئەنجامی دەدەن، سەید کاری نیە بەسەر ژیانی خێزانی و ماڵ و داب و نەریتی تیرەیی و ناوخۆیی، بەڵام خەیاڵیان خاو بوو

کاتێك زانیان ئەمە سیستەمێکی شەرعی هەمەلایەنە بۆ ژیان و باوەڕیشی نییە بە بنچینەی لە یەك جیا کردنەوەی ئایین و سیاسەت و خواپەرستی و نەریت، هەروەها باوەڕی نییە بە بنەمای (ئەوەی هی قەیسەرە بیدەن بە قەیسەرو ئەوەش کە هی خوایە بیدەن بە خوا)، بەڵکو پێی وایە ئیسلام دین و دونیا و خواپەرستی و یاسا و ڕەوشت و مامەڵەیە، نابێت کەسی موسڵمان ئیسلام و نەفامێتی و خواو تاغوت بەیەکەوە کۆبکاتەوەو دەستبگرێت بە حوکمەکانی ئیسلام لە خواپەرستی و لەولاشەوە دەستبگرێت بە یاساکانی نەفامی لە داب و نەریت و ژیاندا، ئەمە ئەوانی سەرسام کرد و لەرزیان گرت، هەوڵیاندا خۆیان لێی بدزنەوەو هۆکارو فێڵ و تەڵەکەیەك بدۆزنەوە.

ئەوە یارمەتی ئەوانیدا کە زانایان ئەم سیستەمە شەرعییەیان بە گران زانی و حەزیان لێنەبوو، ئەو ماف و بەشانەیان لێ سەنرایەوە کە بۆ چەند نەوەو سەدەیەك بوو پێیان دەدرا و پێشیان وابوو ئەمە مافی ئەوانە بە میرات و داب و نەریت.

قوڕەکە خەستتر و قوڕاوەکە شێلوتر بوو، بەهۆی ئەوەی هەندێك ڕەفتاریان لە کۆمەڵەکەی سەید بینی لە تۆڵەسەندنەوە لە دووڕوو و تێکدەرو یاخی بووەکان لە سەرۆك هۆزو گەورەی تیرەکان، وەك چۆن خادی خان و یار محەممەد خان لەناوبران و دەستگیرا بەسەر قەڵا و موڵکەکانیان.

هەروەها ئەو لێکۆڵینەوانەی دەیانبینی سەبارەت بە هەندێك بابەتی لاوەکی و کارکردن تێیدا بە دەقی قورئان[١] و سوننەت و هەڵبژاردنی هەندێك شتی بچوك کە نزیکترە بۆ جێبەجێ کردن لە نێوان فیقهو فەرموودەدا، دەهات، ئەمەش لە چوارچێوەی مەزهەبی حەنەفی بوو، کە ئەو کات باوو بڵاو بوو لە وڵاتی هیند و ئەفغانستان و پاکستان، بۆ ماوەیەکی زۆریش بوو زانایان شتیان نەنووسیبوو و دانەنا بوو، بەهۆی بەرتەسکی ئەو بازنە زانستیەی لەسەری پێشگەیشتبوون، نەگەیشتنی کتێبی زانا لێکۆڵەرە فەرمووده‌ناسەکان بە وڵات و قوتابخانەکانیان وەك کتێبەکانی شێخی ئیسلام ئەحمەدی کوڕی عەبدولحەلکیم کە ناسراوە بە وەلیوڵای دیهلەوی، هەروەها بەهۆی ئەو چەقبەستووییە زانستییەی زاڵ ببوو بەسەر وڵاتیاندا لەوەتەی سەردەمێکی دوورەوە، زیاد لەمەش لەوەی لە شوێنکەوتووانی سەرکردەی ئەم کۆمەڵە و گەورە هاوەڵانی بینیان لە پیادەکردنی ڕێبازی سەلەفییەت کە پشت نابەستێت بە لاساییکردنەوە (تقلید) بەڵکو پشت دەبەستێت بە ڕای کەسیی و زانست و لێکۆڵینەوە.

---

() لە ناو کۆمەڵەی کۆچبەران و تێکۆشەراندا ژمارەیەکی کەم زانا هەبوون کە ڕای فیقهی سەربەخۆی هەبووبێت، بەڵکو لە هەندێك حوکم و خواپەرستیدا کاریان دەکرد بە فەرموودەی ڕاشکاو و لەسەروشیانەوە شێخ محەممەد ئیسماعیل نەوەی ئیمام وەلیوڵای دیهلەوی و خاوەنی پەیامی (ڕووناك کردنەوەی چاو لە چەسپاندنی بەرز کردنەوەی هەر دوو دەست)، کۆمەڵ لێبوردەیی پیادە دەکرد لەم ڕاجیاییەدا و برای زۆر خۆشەویست بوون لای یەکترو یارمەتی یەکتریان دەدا لەسەر چاکە و لەخواترسان و کەس ڕێگری لەوەی تر نەدەکرد ڕای تایبەتی هەبێت لەم بابەتانەدا.

گومان لەوەدا نییە هەندێك كەس كە كرابوونە كارمەندی ڕاپەڕاندنی ئەركی فەرمان بە چاكە و ڕێگری كردن لە خراپە لەم داب و نەریتە نەفامی و بڵاوانە و لابردنی شتی ناشرین و گێڕانەوەی مافەكان بۆ خاوەنەكانیان و هەوڵدان بۆ بەشوودانی قەیرە كچەكان و ڕادەستكردنی ژنەكان بە مێردەكانیان، ئەوا بەشێك لەم كارمەندانە لێزان نەبوون بەڵكو توندو تیژ بوون لە ئەنجامدانی ئەم حوكمانە و پیادەكردنی دەسەڵاتی شەرعی و پەلە كردن تیایدا لە هەندێك كاتدا، چەند ڕەفتارێكی وا لە هەندێك كارمەندی فەرمان بە چاكە و ڕێگری لە خراپە و پۆلیس و كارمەندی صەدەقە دەركەوتن كە ڕەفتاری خراپ و زیاد هەست كردن بوو بە هێزو توانا، ئەمەش هۆكارێك بوو لە هۆكارەكانی توڕەیی نەوەكانی ئەم وڵاتە كە پێشتر ژیانێكی سەربەخۆ و سیستەمێكی تیرەییان هەبوو بۆ ماوەیەكی زۆر دوورو درێژ شانازیان دەكرد بە خۆیان و ڕەچەڵەكیان و زۆر هەستیارو هەست ناسك بوون لەم بارەوە.

پاڵنەری ڕاستەقینەی بزوتنەوەی سەید و ڕابوونی بانگەوازەكەی و ڕابەری سەرجەم كردارو گوفتارەكانی بریتی بوو لە سور بوون لەسەر بەرزكردنەوەی وشەی خوای مەزن و سەرخستنی ئاینەكەی و دەرخستنی سوننەتی پێغەمبەرەكەی و جێبەجێ كردنی بەرنامەكەی و پیادەكردنی سنوورەكانی، هەروەها موسڵمانان لە ژیانێكی ئیسلامیدا بژین كە نەفام و هەواو هەوەسی دەروون و داب و نەریتی كۆنی دژ بە خواو پێغەمبەرەكەی هیچ ڕۆڵێكیان تێدا نەبێت، لە حوكمی تاغوت بێنە دەرەوە بۆ سایەی

فەرمانڕەوایی خواو لە جەنگەوە بۆ ئاشتی و لە خودپەرستی بۆ خواپەرستی، ئەمە وای لە سەید کرد کۆچ و تێکۆشان بکات و خانەوادە و نیشتمان بەجێبهێڵێت و ڕووبەڕووی مەترسی و ناخۆشییەکان ببێتەوە، سەید دروون و ژیانی خۆی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرد و بەخشی، جا کۆچ و تێکۆشان و حکومەتی ئیسلامی هیچ نرخ و بەهایەکی لەلای ئەو نییە ئەگەر ئەوەی پێویستە جێبەجێ نەبێت، سەید لە نامەیەکی دا کە بۆ سولەیمان شای سەرۆکی (جەترالّ) دەڵێت:

((ئەم هەژارە هیچ کاری نییە بەسەر ماڵ و سەروەت و سامان و دارایی و دەستخستنی شانشین و دەوڵەت، هەر یەکێك لە برا موسڵمانەکانمان هەڵسا بە ڕزگارکردنی وڵاتی موسڵمانان چەپۆك و حوکمی بێ باوەڕان و برەو و ڕەواجیاندا بە حوکم و یاساکانی پەروەردگاری جیهانیان و جێبەجێ کردنی سوننەتی سەروەری پێغەمبەران و خۆی بەستەوە بە یاساکانی شەریعەت لە حکومەت و دادگەری، ئەوا ئامانج و هیوای ئەم بەندە هەژارەی بەجێ هێناوەو پرۆژەکەشی سەریگرتووە)).

ئەم هۆکارانە بەنهێنی مانەوەو کاریان دەکرد لەسەر وروژاندنی تیرەو هۆزە ئەفغانیەکان، کە پێگەیشتبوون لەسەر چەند داب و نەریت و بەرنامە و بیروباوەڕو هزرێك کە پێیان وابوو ئاینێکی پەیرەوکراو و شەریعەتێکە گوێڕایەڵی دەکرێت، ئەم تورەییە سەرۆك هۆزو ئەمیرەکانی وڵاتی هەڵنا تا ئەمە بە پاساو بهێننەوە بۆ خۆڕزگارکردن لەم سیستەم و بەرنامەیە کە

ناكۆكە لەگەڵ بەرنامەی ئەوان و دژی دەسەڵاتیانە، جا دوای گەڕانەوەی سەید و هاوەڵانی لە پیشاوەر كارا بوون لە چالاكییەكانی دانانی دادوەران و فەرمان بە چاكە و ڕێگریكەران لە خراپە و كارمەندانی زەكات و ئامۆژگاریكارو بانگخوازان و دژایەتی كردنی داب و نەریتی نەفامی و داپلۆسینیان، خەڵكی ڕاستگۆیی و سوربوونیان لەوان بەدی كرد و ڕاڤەی ئەم فەرمایشتەی پەروەردگاریان بە كردار بینی: ﴿ ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُواْ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَنَهَوۡاْ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۗ وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلۡأُمُورِ ٤١ ﴾ الحج. واتە: (ئەوانەی كە ئەگەر پایەدارمان كردن لە زەویدا، نوێژو دروشمەكانی بە چاكی ڕادەگرن، زەكاتیش بە تەواوی دەدەن، فەرمان بەچاكە و ڕێگەریش لە خراپە دەكەن، سەرەنجامی هەموو كارێكیش هەر بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە).

كاردانەوەی هەموو ئەو شتانە بریتی بوو لە قەسابخانەیەكی مەزن كە سەرگوزەشتەكەی بە پوختی دەگێڕینەوە بە دڵێكی شكاو و خامەیەكی هەڵنگوتوو.

***

## به چ تاوانێك كوژرا

پەرداخەكە لەلای دەسەڵاتدارانی پیشاوەرو سەرۆك هۆزەكان سەراوژێر بوو، كە دەسەڵاتە ڕەهاكەیان سنووردار كرابوو و ئازادییە زیادەكەیان بەرتەسك كرابووەوەو ئارامیان پچڕا و پێیان وابوو ئەگەر كات زیاتر بەم شێوەیە بڕوات و درێژ ببێتەوە لەسەر پیادەكردنی ئەم بەرنامە شەرعییە و خەڵكیش لەسەری لێڕاهاتن ئەوا هیچ هیوایەك نییە بۆ گەڕانەوەی ژیانی ئازادی سەرەتا، وایلێهات هەستیان بەوە كرد زەوی ژێر پێیان دادەبڕێنرێت لە هەموو لایەكەوەو ماوە بەردەوام تەسك دەكرێتەوەو دواكەوتن لە خۆ ڕزگاركردن لەم بارودۆخە وادەكات بەرنامەكە و پێشەوا هێزیان زیاتر بێت و ئەوانیش زۆرتر لاوازو بێ چارە ببن.

سوڵتان محەممەد خان ئەو ڕۆژو سەردەمە درێژانەی لەبیر نەكرد كە تیایدا سەیدی پێشەوا چاكەی لەگەڵ كرد و موڵكی داگیركراوی ئەوی بۆ گێڕاندەوەو وەك جێگری خۆی كردییە دەسەڵاتداری ئەوێ، هەروەها چارەنووسی براكەی خۆی یار محەممەد خانیشی لە یاد نەكرد كە پێی گەیشت، ئەو برینەی كە بەهۆی مردنی براكەی لە ناخیدا دروست ببوو، جا ئاشتەوایی كردنی سوڵتان محەممەد لەگەڵ سەید ئاگربەستێكی تۆزاوی و ملكەچ بوون بوو بۆ بارودۆخەكە، كە دڵی پێ خۆش نەبوو و دەروونی پێ ئاسوودە نەبوو، هەر بۆیە بە دوای هەل و فرسەتێكدا دەگەڕا تا خۆی ڕزگار

بکات لەم کابووسە کە خەیاڵی بۆ دێنێت و هەراسانی دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا دەیبینی دەستەکانی بەستراونەتەوەو دەسەڵاتی سنوورداره، جا شێخ مەزهەر عەلی عەزیم ئابادی لە پیشاوەر بوو وەك نوێنەری سەیدی پێشەواو دادوەری شەرعی لە هەڵسان بە فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە و یەکلاییکردنەوەی کێشەکان و حوکم کردن بە شەرع، لە ناوچەی (سەمە) _ نیشتمانی تیرە ئەفغانییەکان کە لە کۆنەوە سوڵتان محەممەد و براکەی حەزیان لە فراوانکردنی دەسەڵاتەکەیان هەبوو بە دەستگرتن بەسەر ئەو ناوچەیەدا و چەند جار هەوڵیشیاندا بەڵام شکستیان هێنا _ هێزێك هەبوو گەشەی دەکرد و گەورە دەبوو و لە توانایدابوو پیشاوەر داگیر بکات و تەحەددای حکومەتی پیشاوەری دەکرد، جا لەگەڵ بوونی ئەم هێزە سەروەری و سەرکردایەتی کردنی وڵات لە کیس خۆی و منداڵەکانی دەردەچێت، پێی وابوو خۆی و خێزانەکەی کە حوکمڕانی ئەفغانستان و سنووری باکوریان دەکرد مافێکی بەردەوامیان هەیە بەسەر ئەم ناوچەیەوە، کە ڕێگە بە هیچ یەکێك نادات ململانێی لەگەڵ بکات لەسەری یان بەشدار بێت لەگەڵی لە حوکمڕانیەکەیدا.

لە ناو هەر گوندێکی گەورە و هەر ناوەندێك لە ناوەندەکانی ناوچە تاڤگەدارەکان کە دەکەوتنە نێوان پیشاوەرو مردانەوە دادوەرو فەرمانکەر بەچاکە و ڕێگریکەر لە خراپە و کۆکەرەوەی زەکات و دەیەك هەبوون، کە دەسەڵاتی سەرۆك هۆزەکانیان کەم دەکردەوە، لەوانەش دەستیانخستبایە ناو

کاروباری سەرۆك هۆزەکانەوە، حوکمەکانی شەرعیان بەسەر ئەواندا جێبەجێ دەکرد بەمەش پێی هەراسان دەبوون.

ئەم هەموو ڕەگەزە ڕاجیایە زۆرانە لە نێوان خۆیاندا کۆبوونەوە لەسەر یەك خاڵ، ئەویش سەرزەنشتکردنی خۆیان بوو لەسەر ئەم ژیانە کە لێیڕانەهاتبوون، هەروەها لەسەر ئەو بەرنامەیەی کە هۆگری نەببوون، ئەوانە ئەوەندە هێزی ئیمان و زیرەکی و بیروباوەڕو هۆشمەندییان نەبوو و هەستیان ئەوەندە نەدەکرد بەو شمشێرەی لەسەر مل و گەردنیان بوو کە زاڵ ببێت بەسەر هەستی نەفامی و حەزە کەسییەکان و خۆویستی زیانبەخش بە بەرژەوەندی گشتی.

بەداخەوە نەوەکانی ئەم ناوچەیە نەهاتنەوەو لێڕانەهاتن لەگەڵ براکانیان لە ئاییندا، کە باوکی زۆرێکیان لە ماوەیەکی کەمدا لەم وڵاتەیان دوورکەوتنەوەو ڕۆیشتنە خاکی هیندەوە بۆ دەستخستنی ڕۆزی ڕێزدارانە یان دەرخستنی سوارچاکی و لێهاتوویی سەربازیان، بەردەوامیش بوون لەسەر پاراستنی زۆرێك لە داب و نەریتە ئەفغانی و تایبەتمەندییە تیرەییەکانیان، ئەمەش بەهۆی بوونی جیاوازی زۆر لە نێوان ڕەوشتی ئەوان و ڕەوشتی نەوەکانی وڵاتی هیند، هەروەها بەهۆی پەروەردە ئاینیە نوێیەکەیان، زۆرێکیان ژنیان لەوان هێنا بوو و خزمایەتیان لەگەڵ ئەواندا پێکهێنا، زۆرێك لە نەوەکانی وڵاتی هیند بوونە قوتابی ئەوان لە ئایین و لایەنی ڕۆحیدا، بەڵام بۆشاییەکە لە نێوانیاندا هەر هەبوو، بەرژەوەندییە

کەسییەکان و سوودە داراییەکان هەنگاوێکی جادووگەرو بەرگە نەگرو ئاوازێکی لە گوێچکە و ناخەکاندا هەبوو کە عەقڵی دادەمالی و هەست و ویژدانی دەکوژاندەوە.

بەهەر حاڵ مەنجەڵەکە لە ناو هۆزو تیرەکاندا هەر دەکوڵا و پیلان دادەڕێژرا و تاوتوێ دەکرا لە پیشاوەردا، سەرۆك هۆزەکان دەهاتنە لای سوڵتان محەممەد خان و پرس و ڕاوێژیان پێ دەکرد و ڕێنمایی نهێنیان لێ وەردەگرت و دەگەڕانەوە وڵاتەکانیان، کۆچبەرانیش سەرگەرم و سەرقاڵن بە جێبەجێ کردنی ئەرك و هەڵسان بە کاروبارەکانیان و خۆیەکلاکردنەوە بۆ ئامادەکاری بۆ جەنگ لەگەڵ حکومەتی لاهورو فراوانکردنی سیستەمی شەرعی بۆ ئەو ناوچە هۆزو تیرەییانەی کە نەهاتوونەتە ناو ئەو بەرنامەیە و ملکەچی سیستەمەکە نەبوونە و سەرکوت کردنی ڕاپەڕین و یاخی بوون کە جار بۆ جار و لێرەو لەوێ سەر هەڵدەدات لەو ناوچانەی داگیری دەکەن، ئەو پەروەردە ئاینیەی کە لەسەری پەروەردە کرابوون ڕێگەی بەوان نەدەدا بە گومان بن لە مەبەستی ئەوانەی بەڵنیان داوە بە پێشەواکەیان لەسەر گوێڕایەڵی و ملکەچی و پەیمانیان داوە بە خوا لەسەر سەرخستنی و خۆشویستنی و پەسەندکردنی سیستەمی شەرعی بە حەزو ئارەزوو، نەزانینی زمانی ئەو وڵاتە یارمەتی ئەوەیدا کە کۆچبەران ئاگاداری ئەم پیلانگێڕییە نەبن، ئەم زمانە بەکاردەهات لە گەیاندنی ئەم پەیام و نامە نهێنییانە و داڕشتنی نەخشەی پیلانگێڕی لە ناو سەرۆك و سەرکردەی هۆزەکاندا.

شێخ مەزهەر عەلی عەزیم ئابادی هەستی بە گۆڕانکاریەك كرد لە هەڵسوکەوتی سوڵتان و محەممەد خان و ڕوخساری جیاوازە لەوەی کە پێشتر پێی دەگەیشت، سوڵتان بابەتی کوژرانی باراکە یارمحەممەد خانی وروژاند و ژمارەیەك زانای پیشاوەریش هاتنە ناو ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ شێخ مەزهەر، بەڵام شێخ مەزهەر بە بەڵگەی شەرعی ئەوانی دەم کوت کرد و بە ڕقەوە بێ دەنگ بوون، سوڵتان محەممەد خان ڕق و کینەی لە گەرویدا ماوەتەوە، شێخ مەزهەر نامەی بۆ سەید نووسی و ئەم هەواڵەی پێگەیاند و داواش لە شێخ محەممەد ئیسماعیل دەکات بەڵگەی شەرعی و دەقی فیقهی بۆ بنووسێت لەم بارەوە و ڕای خۆی بڵێت دەربارەی بوونی دووڕووی و کەسانی دووروو لەم ڕۆژگارەدا، هەندێك لە زانایان بانگەشەی ئەوەیان کرد دووڕوویی تەنها لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) هەبوو و لەم سەردەمەدا نییە، دوای سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) دووڕووی بوونی نییە، مرۆڤ یان باوەڕدارێکی دڵسۆزە یان بێ باوەڕێکی ئاشکرایە[1]، هەروەها شێخ مەزهە لەم نامەیەدا ڕاوێژی بە سەید دەکات لە مانەوە لە پیشاوەر یان ڕۆیشتن بۆ لای ئەو، شێخ محەممەد ئیسماعیل پێشنیاری ئەوەی بۆ کرد مۆڵەت لە سوڵتان محەممەد خان وەربگرێت و بگەڕێتەوە بۆ ناوەندی تێکۆشەران.

---

(١) ئەم ڕاجیاییە بەوە یەکلاییکراوە کە دووڕوویی لە سرۆشتی مرۆڤدایە و بەشێکە لە سروشتی مرۆیی و پەیوەست نییە بە سەردەم و ڕۆژگارێکەوە، شێخ وەلیوڵای دیهلەوی بەتێروتەسەلی لە بارەی ئەم بابەتەوە دوواوە لە پەیامە ناودارەکەیدا: (سەرکەوتنی مەزن لە بنچینەکانی تەفسیر)، تاوتوێی ئەوەمان کردووە لە کتێبەکەمان (پیاوانی هزرو بانگەواز لە ئیسلامدا)، بگەڕێوە بۆ ژیاننامەی پێشەوا حەسەنی بەصری.

تێکۆشەران بیستیان کە هەندێك لە خەڵکی وڵات بەنهێنی باسی شتی وا دەکەن، هەندێك لە دڵسۆزان لە خەڵکی پیشاوەر تێکۆشەرانیان ئاگادار کردەوە لەوەی ئەم پیلانگێڕییە ڕاستە و تەنها پڕوپاگەندە نییە، سوڵتان محەممەد خان و سەرۆك هۆزەکان بەڵێنیان داوە کە لە ڕۆژێکی دیاریکراودا ئەم پیلانەیان جێبەجێ بکەن، ئەویش بە کوشتنی دادوەرو کارمەندانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان لە یەك کاتدا، بۆ ئەمەش ئاماژە و زاراوەیەکی تایبەتیان دیاریکردبوو کە ئەگەر ئەم زاراوەیە دەربڕا ئەوا پرۆژەی کوشتارەکە دەست پێبکات و شەپۆلی کوشتن هەڵبکات و کۆچبەران تەفرو تونا بکرێن.

کاتێك ئەم هەواڵە گەیشتە سەید، ئەوا ڕێنماییەکی خێرای دەرکرد بۆ کارمەند و کۆچبەران کە لە ناو هۆزەکاندا بڵاو ببوونەوە بەوەی ناوەندی خۆیان جێبهێڵن و بە زووترین کات پێی بگەن بەر لە هاتنی ڕۆژی دیاریکراو بۆ لەناو بردنیان، کاتێك پیلانگێڕان زانیان نهێنیەکە دزەی کردووە، پیلانەکەیان زووتر جێبەجێ کرد و نامەیان بۆ سەرجەم شوێنەکان نارد کە پرۆژەکە دەم و دەست جێبەجێ بکرێت.

گرکانەکە تەقیەوەو شەپۆلێکی بێ بەزەییانە بۆ کوشتن و ئەتك کردن هەڵیکرد، بە پەلە گۆڕا بۆ قەسابخانەیەکی مەزن کە مێژووی ئیسلامی بۆ ماوەیەکی زۆر بوو شتی وای بەخۆوە نەبینیوە، یەکەم نێچیری ئەم قەسابخانە زانای خواناس بوو، شێخ مەزهەر عەلی ئابادی و ئەرباب فەیزولا خان کە تکای لای سوڵتان محەممەد خان کرد و زۆر تاکەکەی دووبارەو

درێژکردەوە، کەچی ئەڕباب فەیزوڵا خان هۆکاری مانەوەی سوڵتان و دەسەڵاتەکەی بوو لە پیشاوەر، سوڵتان ڕۆژێك داوای ئەڕباب و شێخ مەزهەری کرد و سەری هەر دووکیانی بەیەکەوە پەڕاند.

وایلێهات ئەو کۆچبەرانەی بڵاو ببوونەوە لە ناو تیرەو هۆزەکان و دیاریکرابوون بۆ ئەرکی دادوەری و فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە، هەر چەندە ژمارەیان کەم بوو و ڕۆچووبوون و دەورە درابوون بە خەڵکی وڵات، ئەو کۆچبەرانە بوونە ئامانجی هێرشی دڕندانە و دەگمەن کە لە خوێنی خۆیاندا گەوزێنران، مرۆڤایەتی بۆ ماوەیەکی زۆر بوو شتی وای بەخۆوە نەبینی بوو، خەڵکی وڵات نیشانەیان لەو کۆچبەرانە دەگرت وەك نیشانکەری لێزان کە نیشانە لە نێچیری لاواز دەگرێت، ئەو کۆچبەرانەیان دەدایە بەر شمشێرو ڕم و گوللە لە زۆربەی جێیەکان و وەك گیانلەبەری قوربانی سەریان دەبڕی، هیچ یەکێك نەبوو بەزەیی بەواندا بێتەوەو لەسەریان بەدەنگ بێت، بە ئیسلام هاواریان دەکرد و بەخوا ئەوانیان سوێند دەدا کەچی گوێیان بۆ نەدەگیرا، زۆرێکیان پەنایان بردە بەر مزگەوتەکان و بە تووندی گەمارۆ دران، هەڕەشەیان لێکرا بە سووتاندن و ڕووخاندنی مزگەوت بەسەریاندا، بۆیە ناچاربوون بچنە دەرەوەو بە تووندی جەنگان تا دوایین کەسیان، حاجی بەهادرشاه خان ڕامفوری لە مزگەوتدا لە ڕکائەتی یەکەمی نوێژدا کوژرا.

سۆزو جۆش و خرۆشی مرۆیی لە ناخی زۆرێك لە نەوەکانی وڵاتدا وروژا، لە سەروشیانەوە زانا و سەیدەکان لە نەوەکانی پێغەمبەر (ﷺ) و ئافرەتان،

داوای سۆزو بەزەییان لەو دڵڕەقانە کرد لە ئاست ئەو لاوازانە و ئەوانیان سوێنددا، بە سزای خوا ئەوانیان ترساند، وتیان ئەوانە برای موسڵمانی ئێوەن و کارە چاکەکان کۆدەکەنەوە بە حەج و کۆچ و تێکۆشان لە پێناوی خوادا، زۆرێك لە ئافرەتان خۆیان بە جل و بەرگی برا و باوك و کوڕو مێردەکانیانەوە گرت و پێیان دەوتن: لە خوابترسن و توخنی ئەو موسڵمانانە نەکەون کە هیچ گوناهێکیان نەکردووە کە خوێنیان پێ بەفیڕۆ بچێت و کوشتنیان پێویست بکات، ئەوانیش هیچ بەرگریەك ناکەن و پەنا بۆ هیچ شتێك نابەن.

شتەکە سنووری بەزاند بۆ هیندۆس و ناموسڵمانەکان، کە تکایان کرد بۆ ئەو بێ دەسەڵاتانە و بەو موسڵمانانەیان دەوت کە گەمارۆی کۆچبەرانیان دابوو و سور بوون لەسەر کوشتنیان: ئێمە گرۆهی هیندۆسەکان کوشتنی گیانلەبەرێك بە حەڵاڵ نازانین و ڕێگە بە جگە لەخۆمان نادەین کاری وا بکەن، کەچی ئێوە برای ئاینیتان دەکوژن، بەکەیفی خۆتان ئەو پارەو داراییەی ئێمە ببەن بەس ئەوانە نەکوژن وەك قەرەبووی کوشتنیان و بەڵێنتان پێ دەدەین کە ئەوان دەگەیننە بەنجتارو ڕادەستی پێشەواو ئەمیرەکەیان دەکەین یاخود ڕووباری سیندیان پێ دەبڕین و دەیانگوازینەوە بۆ هیند، ئەو کاتە بۆ کوێ حەزیان لێبێت با بڕۆن، بەڵکو ئەو بکوژانە داواکەی هیندۆسەکانیان ڕەتکردەوەو تکاکەی ئەوانیان پەسەند نەکرد.

هەندێك لە زانایان هەڵوێستێکی باشیان گرت لە پاراستنی ئەو لاوازانە و خۆیان و ماڵ و خێزانیان خستە مەترسییەوەو ئەو کۆچبەرانەیان پەنادا لە ماڵی خۆیاندا و ڕەتیان کردەوە ڕادەستی بکوژان بکەن، ستەمکاران هیچ ڕێگەیەکیان بۆ گەیشتن بەدی نەکرد بەو پەنادراوانە، چەندین ڕووداو دەرکەوتن کە تیایاندا سۆزی مرۆیی و نەرم و نیانی و وەفاداری تیایاندا درەوشایەوە.

هەندێك ڕزگاریان بوو لەم قەسابخانەیە، بەهۆی وره و دانایی و بەسەروبەری و ئامادەیی هۆش و عەقڵیان، لە پێشەوەی ئەوانە شێخ خەیرەددین شێرکۆتی کە توانی بە خۆی و کۆمەڵەکەی لەم گەمارۆیەدا دەربچێت لەگەڵ ماڵ و دارایی موسڵمانان کە پێی بوو، گەیشتە لای سەیدی پێشەوا بە سەلامەتی، ئەویش ستایشی کرد و سوپاسی خوای کرد لەسەر هێشتنەوەی شێخ لە ژیاندا، یادزە تۆپی هاوێشت وەك ڕاگەیاندنی گەیشتنی ئەم دەستەیە بە سەلامەتی و نانەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لە ناخی گەندەڵکاراندا و فەرمانی بە خەڵك کرد بە شەوو ڕۆژ میوانداری ئەم کۆمەڵە گەڕاوە بکرێت و جل و بەرگ و پێڵاوی نوێیان بۆ دابین بکرێت و بایەخیان پێ بدرێت.

لە پەنجتار ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی وڵات و نەوەکانی هۆزی فەتح خان پەنجتاری کۆبوونەوە کە میوانداری کۆچبەرانی کرد و ئەوانی پەنادا و داوای لەوان کرد بێنە پەنجتار، جا ئەم هۆزە بە چەك و ئاڵاوە کۆبوونەوە،

کۆمەڵەکان پۆل پۆل دەهاتن و لەلای فەتح خان دادەبەزین، کاتێك پرسیاریان لێکرا دەربارەی هاتنیان وتیان: هاتووین بۆ ئەوەی سەید سەربخەین و پشتیوانی لێبکەین و تۆڵە بستێنینەوە لە گەندەڵکاران و ستەمکاران، ئەوە دەربخەین کە ئەمە پیلانگێڕییەکی نهێنی بووە، هەروەها فەتح خان دەستی هەبووە لەم ئاشوبەدا و هەواو هەوەسی لەگەڵ خراپەکاراندا بووەو هەر ئەویش داوای لەم گەندەڵانە کردووە تا وڵات پاك بکەنەوە لە کۆچبەران، فەتح خان بەر لەم ڕووداوە لە پەنجتار دەرچووبوو، تا دوای کۆتایی نەهاتنی قەسابخانەکە نەگەڕایەوە، ئەمەش گومانی لە ناخی کۆچبەراندا دروست کرد، بەڵگەکان ئاماژەیاندا بەوەی فەتح خان یەکێك بووە لە پیلانگێڕان، کاتێك فەتح خان زانی کۆچبەران گومانیان لێی هەیە، ئەوا ئاماژەی بە دەستەو کۆمەڵەکان کرد بڵاو ببنەوەو بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان.

ئەوانە لەوانە بوون کە لەم قەسابخانەیەدا شەهید بوون: شێخ مەزهەر عەلی عەزیم ئابادی دادوەری پیشاوەر، حاجی بەهادرشاه خان ڕامفوری، شێخ ڕەمەزان شای سەرۆکی دادوەران، حافیز عەبدولعەلی و حاجی مەحمود خان ڕامفوری لەگەڵ بیست لەو هاوڕێیانی کە لە کاتی نوێژدا کوژران، هەیانبوو لە کاتی دەستنوێژ هەڵگرتن بۆ نوێژ کوژرا، ئەوانەی کوژران پوختەی کۆچبەران و تێکۆشەران بوون کە ورە بەرزو دونیا نەویست و ڕوو لە دواڕۆژو ئەمیندار بوون، شەکەت ببون بە خواپەرستی و لاواز ببوون بەهۆی شەوبێداری، ڕۆژەکەیان بەسەر دەبرد لە سوارچاکی و خزمەتی موسڵمانان و سەرخستنی ئایین و شەوەکەشیان بە نوێژو سوژدە و قورئان خوێندن

زیندوو دەکردەوە: ﴿ تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ ٱلْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا ﴿١٦﴾ ﴾ السجدة. واتە: (_ ئەو ئیماندارە بەختەوەرانە _ نێوانیان خۆش نییە لەگەڵ ڕاکشان لە جێگە و ناو پێخەڤدا _ واتە بە نوێژو خواپەرستی بەشێکی شەو دەبەنەسەر _، هەمیشە نزاو پاڕانەوەیان ڕوو بە پەروەردگاریانە و لە خەشم و قینی دۆزەخیش دەترسن، ئاواتی ڕەزامەندی و بەهەشتیان هەیە). ئا بەم شێوە ئەم کۆمەڵە لەسەر دەستی موسڵمانان مەرگی خۆیان بینی، کە هاتبوون بۆ سەرخستنیان و پاراستنی شەڕەف و ڕزگارکردنی وڵاتیان بەر لە هێرش و هەڵکوتانەسەر دوژمنان.

دەنگی جیهانی نەبینراو هاواریکرد و دەیوت: ﴿ بِأَيِّ ذَنْبٍ قُتِلَتْ ﴿٩﴾ ﴾ التكوير. واتە: (بە چ تاوانێك کوژرا؟).

***

## کۆچ لە کۆچ و تێکۆشان لە تێکۆشاندا

ئەم ڕووداوە کاریگەرییەکی قوڵی هەبوو لەسەر دڵی سەید، سەید ڕێزی دەروون و سینە فراوانی و بەهێزی پێشبینی و ئارامگری لەسەر ناخۆشی و چاکەکردن لەگەڵ دوژمنانی پێدرابوو بە ئەندازەیەك کە عەقڵەکانی سەرسام دەکرد، تەنها کەسانێکی زۆر کەم پێیان دەبەخشرێت لە سەردەم و وڵاتاندا، لەمەشدا شوێن پێی باپیرە و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) هەڵگرتبوو، هەرگیز لەسەر خۆی تورە نەدەبوو، ڕق و کینەی نەبوو لە بەرامبەر هیچ کەسێك چ جای کەسی موسڵمان، لەوانە خۆش بوو کە هەوڵیاندا بە ژەهر بیکوژن یان بە پەنهانی لەناوی ببەن و لەوانی بوری و بەخشندە بوو لەگەڵیان و تێکۆشا لەوەی نەکەونە ناو ناخۆشی یان بەرشاڵاوی تورەیی، کە یەکێك بینیبای گومانی دەبرد کە ئەوەی خراپەی لەگەڵ سەید کردووە کەسێکی چاکە و مافی بەسەریەوە هەیە و شایستەی خەڵات و ستایشە، لەوانەیە ئەوەی چاکەی لەگەڵ سەید کردبووبا بەشی کەمتر بووبا لەوەی خراپەی لەگەڵ کردبوو.

بەڵام ئەم ڕووداوە لە جۆرێکی تر بوو، ئەمە بەریەك کەوتنێکی عەقڵی و کێشەیەکی کۆمەڵایەتیە کە تایبەت نییە بە خودی خۆیەوەو پێویستی بە باوەش فراوانی و سینە کراوەیی و لێبوردەیی نییە بە تەنها، چونکە ئەوەندە سینە فراوانە کە توانای بەرگە گرتنی ئەم ڕووداوەو زۆر ڕووداوی دیکەیە،

بەڵام ئەم ڕووداوە سەر لە نوێ بیرکردنەوەو نمایشکردنی هەمەلایەنی بارودۆخەکە و بەراوردێکی ڕاستەقینە دەخوازێت لە نێوان قازانج و زیان.

نموونەی سەید وەك جوتیارێکە کە خۆشەویستترین و ڕێزدارترین تۆوی لای خۆی لە تۆوە سەلامەت و ڕێزدارەکانی بچێنێت، بەڵکو تۆوی دڵ و شادمانی دەروونەکان بڵاوبکاتەوەو شەونخونی لەسەری بکات و لە پێناوی تێبکۆشێت و بە فرمێسك و خوێنەکەی ئاوی بدات و هەموو هەست و نەستی خۆی پێ سەرقاڵ بکات و بە چاکترین پەین پەینداری بکات، کاتێك ئەم کشتوکاڵە پێگەیشت و قەد و باڵای ڕاوەستا، یەکێك لە دراوسێیان بێت و تێکی بدات و خراپی بکات و ئاگری تێبەربدات، چەندین جاری زۆر ئەمە ڕوویداوە کە هەزار ڕووخێنەر لە بەرامبەر تاکە دروستکەرو بنیاتنەرێکەوە بن، ئایا جوتیارەکە دەگەڕێتەوە بۆ چاندنی هەمان زەوی و چاوەڕێکردنی بەرهەمەکەی کە پێشتر ڕێزی نەگیراوەو سوپاسگوزاری بەخششەکەی نەکراوە یان ڕودەکاتە خاکێکی پاك لەو زەوییە فراوانەی خوای مەزن، بەم پاشماوە تۆوە ڕێزدارەی کە خۆی هەڵیبژاردووە هەوڵ دەدات سەرکەوتن لە هەلێکی تردا مسۆگەر بکات.

باش دەزانێت کە ئەگەر سەگ دووبارە و سێ بارە گەڕایەوە ماڵەوە ئەوا سەگێکە ماڵی دەبێت، خێزانەکە دەزانن کە ئەم سەگە مافی هەیە و پارچەك نانی پێدەدەن، ئەویش هۆگری ئەم ماڵە بووەو لێی جیا نابێتەوەو ناپاکی لێ ناکات، ئایا خۆی و کۆمەڵەکەی کەمترن لەو گیانلەبەرو ژیانلەبەرانەی دێن و

دەچن؟ ئایا هێشتا فوو لە خۆڵەمێش دەکات و لە شیوێکدا هاوار دەکات و تێدەکۆشێت بێ ئەوەی تێکۆشان لە گۆڕێ هەبێت؟.

ئەوەی برینەکەی قوڵتر کردەوەو ئێش و ئازاری دەروونی زیاتر کرد، دەرکەوتنی ئەوە بوو فەتح خانی پەنجتاری کە بانگێشتی ئەوی کرد بوو بۆ دابەزین لەسەر خاکی ئەو و پەیمانی دا خۆی و هۆزەکەی وەك پشتیوانان بێ بۆ کۆچبەرانی سەرەتا، لە پیلانگێڕان بووەو وایلێهات هەموو شتێك گوماندار بوو و متمانەی بە هیچ یەکێك نەدەکرد، پشتی بە وەفا نەبەست، سەید زۆر بە جوانی ئەمەی دەربڕی کاتێك بە فتح خانی وت: ((وایلێهاتووە دڵەکانمان پێویستیان بە تیمار کردن هەیە، وایلێهاتووە گومان دروست ببێت لەو کەسەی بانگەشەی موسڵمانێتی دەکات و شایەتمان و وشەی یەکتاناسی دەردەبڕێت، بەشێوەیەك تووندو تیژی و بەکەم سەیر کردنی ژیانی موسڵمانان و ئەتك کردنی ڕێزوو حورمەتیان لەلایەن ئەم ستەمکارانەوە دەرکەوت کە زۆرێك لە بێ باوەڕان حاشا لەو کارە دەکەن و خۆیان لێ دوور دەگرن)).

سەید ویستی پەلە نەکات لە بڕیاردان و یەکلاکردنەوەی حوکمەکە تا ئەو هۆکارانە دەرنەکەون کە وای لە خەڵکەکە کردووە ئەم کارە ناشرین و بێ ئابڕوانە ئەنجام بدەن، بۆیە بانگهێشتێکی ئاڕاستەی گەورە و زانا و خانەدانەکانی ناوچەکە و هەندێك سەرۆك هۆزو ئەمیری تیۆرەکان کرد، لەمەدا هاریکاری وەرگرت لە فەتح خان و زۆر نامەی پڕ کردەوەو بۆ ئەوانی

ڕەوانەکرد و داوای لێکردن بێنە پەنجتارەوە، هاوەڵانی ڕاسپارد بە زیادە ڕێزگرتنیان و حورمەت لێنانیان لە میوانداریدا، ئەگەر بۆیان دەرکەوت یەکێکیان بەشدار بووە لەم قەسابخانەیەدا ئەوا سەرزەنشتی نەکەن و بە ڕووگرژی بۆی نەڕوانن و فەرمانی پێکردن کە زیادە ڕێزو حورمەتیان بگرن.

ژمارەیەکی زۆریان کۆبوونەوە، کەسی بێ تاوان و تاوانباریش ئەو خوێنەیان تێدابوو، کۆچبەران جیاوازیان لە نێوان ئەواندا نەکرد و بە گەرم و گوڕی و ڕێزو حورمەتەوە ڕوویان لەوان کرد، گفتوگۆیەکە لە نێوان سەید و ئەوان درێژەی کێشا سەبارەت بەو شتەی ئەوانی هانداوە لەسەر ئەنجامدانی ئەم کارە ناشرینە، باسی ئەو هۆکارانەیان کرد کە چەندین جار پێشتر قسەی تێدا کرابوو، ئاماژەش کرا بەو پڕو پاگەندە و دەنگۆیانەی کە لەبارەی کۆمەڵەی تێکۆشەرانەوە بڵاو کرابوونەوەو ئەو خراپ ڕەفتارییەی هەندێك کارمەندان کە مایەی ناڵاندنی نەوەکانی ئەم وڵاتەیە و ژن ڕادەست کردنی مێرد، بە شوودانی قەیرە کچ، هەندێکی تریان دەستیان گرت بە کۆنووسەکەوە.

سەید بە وڵامێکی تەواو و بێ پێچ و پەنا وەڵامی ئەم پاساوانەی دایەوەو زانا بەویژدانەکانی ئەو وڵاتەش قسەیان کرد و بەدەرکەوت کە بیانوو بەڵگەکەیان پوچەڵە و هیچ شتێك نییە کە ڕەوایی بدات بەم کوشتارگە مەزنە، کە تیایدا باشترینی خەڵك و پوختەی کۆچبەرو تێکۆشەران تیایدا شەهید کران.

دواتر سەید بڕیاریدا ئەو ناوچەیە بەجێبهێڵێت کە کۆششەکانی پوچەڵ کردەوەو  بە خراپە پاداشتی چاکە و بە ناپاکی وەڵامی وەفادارییەکەی درایەوەو هەموو هیوایەکی لە ئایندەدا بڕی، پاشان بانگی ئامادەبووانی کرد و ماڵئاوایی لەوان کرد و ڕۆژی داهاتووش ڕۆژی هەینی بوو، لە ڕۆژی هەینی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك ئامادە بوون، قسەکانی دوێنی دووبارە کردەوەو ئامۆژگاری خەڵکەکەی کرد و فرمێسك لە چاوەکان دابارین، هەندێك لە هاوەڵانی سەید قسەیان لەگەڵ کرد سەبارەت بە مانەوە لەم ناوچەیە، ئەویش ئاماژەی بەوەدا کە ناخ و دەروونی نایەوێت لەم ناوچە و وڵاتەدا بمێنێتەوەو ئەم شوێنە ڤێزەونە لەلای ئەو وەك چۆن ڕشانەوەی مرۆڤ ڤێزەونە لای مرۆڤ، باوەڕدار دووجار لە یەك کونەوە ناگەزرێت، هەروەها باسی ئەوەشی کرد کە ئەوانەی لەم کوشتارگەیەد کوژران پوختەی خەڵکە چاکەکەی ئەو وڵاتە بوون، سەرەتا پشتمان بەست بە بانگەوازو پەروەردەی ئاینی و ترساندن و هاندان، دواتر پەنامان بردە بەر سیاسەت و دامەزراندنی حوکمی ئیسلامی و لە کۆتاییدا بەکارهێنانی هێز، هەموو ئەمانە سەرکەوتوو نەبوون، ئەو کێڵگە و خاکە شیاوی چاندنی شتی باش و بەرێز نییە، دڵەکان ڕەق و وشکن دڵسۆزی و چاکەکاری کاریان تێناکات.

چوار ئەمیر لە (هەزارە) و دۆڵی (کاغان) داوایان دووپات دەکردەوە لەسەر بانگهێشت کردنی کۆچبەران بۆ ڕووکردنە وڵاتەکەیان و کردنی بە پێگە و ناوەندی بانگەوازو تێکۆشان، سەید و خاوەن ڕاو بۆچوونەکانی پێیان وابوو ڕوو بکەنە کشمیر و ئەوێ بکەنە ناوەندی هێزو چالاکییەکانیان.

کاتێك ئەم هەواڵە بە دەوروبەردا بڵاو بووەوە، دڵسۆزان لە هەموو لایەکەوە ڕوویان کردە سەید، ویستیان پاشگەزی بکەنەوە لەم کۆچ کردنە، سەید بە نەرم و نیانی پێشوازی لەوان کرد و قسەی نەرمی لەگەڵ ئەوان کرد و نزای بۆ کردن و ئاماژەی بۆ فەتح خان کرد و وتی: ئەگەر هەموو خەڵك پێم ڕابگەیەنێت بەوەی کۆچ بکەم و ئەو پیاوە ئاماژە بکات بە خەڵك بە مانەوە ئەوا بڕیاری مانەوە دەدەین، ئەگەر ئاماژە بکات بەوەی کۆچ بکەم و خەڵکەکە بمێنێتەوە ئەوا ئێمە بڕیاری دەرچوون دەدەین، دواتر سەید گوێچکەی خۆی لە دەمی فەتح خان نزیك کردەوە تا نهێنیەکەی پێ بڵێت و سفرەی دڵی خۆی بۆ بکاتەوەو بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ قسەیان کرد و هیچ یەکێك نەیدەزانی چ شتێك لە گفتوگۆیەکەدا دەوترێت. دواتر سەید ڕوویکردە کۆمەڵەکەی و وتی ئێمە بڕیاری شۆڕش بەسەر ئێوەدا نادەین و کە لێرەش بارگەمان دەگوازینەوە تەنها لەبەر بەرژەوەندییە، ئێمە فەتح خان دەکەینە جێنشینی خۆمان و ئەوەی بە ئێمەتان دەدا بەو دەدەن لە دە یەك و گوێڕایەڵی دەبن لە کاری چاکە، ڕاتان دەسپێرم سەبارەت بەوەی لە هیندەوە دێت بەوەی بە چاکی میوانداریان بکەن و ڕێزیان لێبگرن، کراسەکەی خۆی داکەند و کردیە بەر فەتح خان و مێزەرەکەی لەسەر سەری ئەو دانا و کۆنووسێکی بۆ نووسی سەبارەت بە جێنشینایەتیەکەی.

سوپاسی هاوڕێکانی کرد لەسەر پشتیوانی و وەفاداریەکەیان و دانی نا بە پلەو پایەکەیان و ئەوانی سەرپشك کرد لە نێوان مانەوە یان کۆچ کردن لەگەڵی، هەروەها وتی: ڕێگاکە سەختە و گەشتەکە درێژە، با تەنها کەسێك

ئەو کۆچە هەڵبژێرێت کە دەروونی خۆی لێڕاهێنابێت لەسەر خۆڕاگری و ئارامگری و بەرگە گرتنی سەختییەکان، سەبارەت بەخۆشمان ئەوا خوای گەورە خۆڕاگری و سوربوونی پێبەخشیوین لەسەر تێکۆشان لە پێناویدا تا دەگەیەنە خزمەتی، سەرجەم هاوەڵانی لە کۆچبەرە دڵسۆزەکان ئەوەیان هەڵبژارد کە یاوەری ئەو بکەن و هیچ یەکێکیان نەمایەوە.

***

## له په نجتاره‌وه بۆ پالاكوت

له ڕۆژێك له ڕۆژه‌كانی مانگی ڕه‌جه‌بی ساڵی ١٢٤٦ك سه‌ید بانگی ڕاهێشت به ڕێكه‌وتن، ده‌ستی به ڕێكه‌وتن كرد و له ڕێگه‌دا نه‌وه برینداره‌كه‌ی پێگه‌یشت كه ناوی سه‌ید موسا بوو، ناوبراو له كوتا ڕۆژه‌كانی ته‌مه‌نیدا بوو و به خۆڕاگریه‌كی بێ ئه‌ندازه چاوه‌ڕوانی سه‌یدی ده‌كرد، سه‌ید ڕۆژێك مایه‌وه بۆ ئاسووده كردنی سینه و خه‌یاڵی نه‌وه‌كه‌ی، له ڕۆژی دواتردا هه‌واڵی كۆچی دواییكردنی نه‌وه‌كه‌ی پێگه‌یشت، له ڕێگه‌دا هه‌ندێك له سه‌ركرده‌كانی شۆڕش پێیگه‌یشتن و ویستیان سه‌ید بگه‌ڕێننه‌وه‌و هه‌ندێكیان گریان و زۆر قسه‌ی پان و پۆڕو لووسیان كرد، سه‌ید به چاكه و گه‌رم و گوڕی پێشوازی له‌وان كرد و به‌ڵێنی پێدان به چاكه و داوای لێبوردنی كرد له‌وه‌ی ناتوانێت بگه‌ڕێته‌وه‌و په‌شیمانییه‌كی زۆر فه‌تح خانی داگرت، فه‌تح خان پشتی به هه‌ندێك له هاوه‌ڵانی به‌ست له گێڕانه‌وه‌ی سه‌ید له‌م كۆچكردن و ڕۆیشتنه‌ی و ڕازیكردنی به گه‌ڕانه‌وه، سه‌ید داوای لێبوردنی كرد و هه‌ندێك دیاری به‌و شۆڕشگێڕانه‌ی به‌خشی و به جوانی ماڵئاوایی له‌وان كرد.

له ڕێگه‌دا سه‌ید هه‌ڵده‌ستا به بیرهێنانه‌وه‌ی خواو باس كردنی پله‌و پایه‌ی تێكۆشان و كۆچ كردن و ئه‌وه‌ی خوا بۆ شه‌هیدانی ئاماده كردووه له ڕه‌زامه‌ندی و شوێنی خۆش و بۆندار، به‌مه‌ش دڵ و ده‌روونی كۆچبه‌ران

زیاتر دەگەشایەوەو ئەو ئامۆژگاریانە کاریان لەوان دەکرد وەك چۆن شەپۆلەکانی باران کار دەکەنە سەر کێڵگە و زەوییەکان و دەلەرزن و پێدەگەن و دەگەشێنەوەو بەردەگرن.

ڕێگەی ئەم کۆچ کردنە مەترسی کەمتر نەبوو لەو ڕێگەیەی کە کۆچبەران لە هیندەوە پێیدا هاتن بۆ ئەفغانستان، کێوی سەربەرز و سەخت دەکەوتە سەر ڕێیان، لە هەندێك شوێن سەرما و سۆڵ و برسێتی و ماندوێتی دەوریدان، پێشەوای بانگخواز بە پاداشتی خوا دڵ و دەروونی ئەوانی تێردەکرد و وورەی ئەوانی تۆکمە دەکرد لەسەر تێکۆشان و بەرگە گرتنی سەختییەکان و بەشدار دەبوو لەگەڵیان لە خۆشی و ناخۆشیدا، خۆشی و بەختەوەری و شادومانی لە ڕووخساری دەتکا وەك ئەوەی لە ناو باخچەی خۆشیدا دێت و دەچێت و بە باڵی شادومانی دەفڕێت بەرەو ئامانجەکەی و دڵی خەڵك خۆش دەکات بە قسەکانی و بە ڕەوشت و نەرم و نیانیەکەی دەیانحەسێنێتەوە، بۆ چەند ڕۆژێك لە گوندەکاندا دەمایەوەو ناکۆکانی ئاشت دەکردەوە، بانگەوازی دەکرد بۆ تێکۆشان لە پێناوی خوادا. خوای گەورەش ڕزق و ڕۆزی ئەوانی دەدا بەشێوەیەك کە بە خەیاڵیاندا نەهاتبوو، لە ناکاو میوانداریەکی ڕێزداریان دەکراو و بە حورمەتەوە پەنایان دەدرا و ژیانی ئیسلامی خۆی دەنواند بە یەکسانی و لەخۆبوردن و هاریکاری لەسەر چاکە و پارێزکاری.

لە ڕێگەدا هەواڵی ئەوەی پێگەیشت کە ئەوەندە بەسەر دەرچوونی ئەودا نەڕۆیشتبوو لە پەنجتارەوە کە (هەری سینغ)ی دەسەڵاتداری (هەزارە) بە لەشکرێکی چڕ کە لە بیست و پێنج هەزار پیاو پێکهاتبوو هێرشی کردووەو ڕووباری سیندی بڕیوەو خەڵکی گوند و دێهاتەکانی تاڵان کردووەو کوشتووەو لەشکرەکە زۆرێك لە ئافرەت و ژنانی موسڵمانانیان ڕفاندووە.

سەید ڕوویکردە لوتکەی ئەو چیایانەی دەکەونە سەر ڕێگەی کشمیر، فەرمانی کرد پاسەوانی دابنرێت و ڕێککاری ئەنجام بدرێت، لە ناوچەی (ڕاج دواری) کۆچبەران بەڵێنیان پێدا وەك بەڵێنی هاوەڵانی (صوفە) و پەیمانیاندا کە جگە لە خوای گەورە لە پێویستییەکانیدا داوا لە هیچ یەکێکی تر نەکەن، چیان بۆ خۆیان پێ خۆشە ئەوەشیان بۆ برا موسڵمانەکانیان پێ خۆش بێت.

لەم ناوچەیەدا شڵەژان و ناجێگیری زاڵ بوو بە هۆی هێرشەکانی (سیخ) و جەنگی ناوخۆیی کە ئەمیرە موسڵمانەکان ئەنجامیان دەدا، سیخ بۆ لەناو بردنی هەندێك ئەمیر پشتی بە هەندێکی تر دەبەست، بەمەش زۆرێك لە ئەمیرەکانی لە ناوەندی دەسەڵاتیان لادا و زۆرێکیان دەربەدەر بوون، بۆیە هەموو ئەمیرەکان پشتیان بە سەید بەست.

بۆ دەستگرتن بەسەر کشمیرو کردنی ئەو شوێنە بە ناوەندی کۆچ و تێکۆشان پێویست بوو وشە و ڕیزی ئەو ئەمیرانە یەك بخرێت، جا (پالاکوت) کە دەکەوتە ناوەندی شیوی (کاغان) لە سێ لاوە بە کێو دەورە درابوو، ئەو شوێنە باشترین جێگا بوو بۆ مانەوەو ئەنجامدانی چالاکی سەربازی و وەك

قەڵایەکی تۆکمە وابوو کە سروشتی شوێنەکە یارمەتیدەر بوو لەسەر پارێزراوی ناوچەکە، بۆچوونەکان کۆك بوون لەسەر دەستنیشان کردنی ئەو شوێنە بە ناوەندی کۆچبەران، سەید فەرمانی بە شێخ محەممەد ئیسماعیل کرد ڕوو بکاتە ئەوێ، شێخ خەیرەددین پێشتر بەڕێکەوت بۆ ئەوێ و لەوێ دابەزی و دواتر شێخ ئیسماعیل پێیگەیشت، ڕێگاکە بە سەهۆڵ ڕووپۆش ببوو و وەك ڕایەخێکی ڕێك و پێك بوو، خەڵك لەسەری دەخلیسکان، جەنگاوەرەکان زەخیرەی جەنگیان پێ بوو و دەترسان تیابچن و سەرمای زۆر کاریان تێبکات، شێخ محەممەد ئیسماعیل زۆر بە سەختی گەیشتە پالاکوت و لە چنگی مردن ڕزگاری بوو.

شێخ محەممەد ئیسماعیل و شێخ خەیرەددین هەموو هەل و فرسەتێکیان دەقۆستەوە بۆ کۆکردنەوەی وشەی ئەمیرەکان و هاندانیان لەسەر تێکۆشان و ئامادەکردنی زەخیرە بۆ ئەم مەبەستە، سەید بۆ ماوەیەك لە ڕێگاکەدا مایەوەو بانگەوازی دەکرد بۆ تێکۆشان و غیرەتی ئیسلامی دەوروژاند و ناکۆکەکانی ئاشت دەکردەوەو سیستەمی دەیەك و خانەی دارایی (بیت المال)ی بەرپا دەکرد، خەڵکیش بەڵێنیان پێدەدا لەسەر کارکردن بە شەریعەت و هەوڵدان بۆ تێکۆشان لە پێناوی خوا، شێخ محەممەد ئیسماعیل ڕۆیشتە لای سەید و ماوەیەك لای مایەوەو خەڵکی ئامۆژگاری دەکرد و چرای باوەڕی خەڵکی بە گوڕتر دەکرد.

لێرەوە لە مانگی زولقەعدەی ساڵی ١٢٤٦ك بانگهێشتێكی لەلایەن (حەبیبوڵا خان) سەرۆكی ئەمیرەكانەوە بۆ هات لە شیوەكەوە بۆ ڕۆیشتن بەرەو پاڵاكوت، بە سەیدیشی ڕاگەیاند كە (شێر سینغ)ی كوڕی (مەهارجەی ڕەنجیت سینغ) بە لەشكرەكەیەوە دابەزیوە بە چەند میلێك نزیك لە پاڵاكوت لە نزیكی ڕووباری (كەنهار).

***

## لە پالاكوت

لە ڕۆژی چواری مانگی زولقەعدەی ساڵی ١٢٤٦ز سەید بە لەشكرەكەیەوە لە (سجون)ەوە ڕوویكردە (پاڵاكوت)، شێخ محەممەد ئیسماعیل یاوەری دەكرد، ئەم گەشتە زۆر سەخت بوو بە ناو چیاكاندا، شێخ محەممەد ئیسماعیل ناوە ناوە دادەنیشت و ئامۆژگاری خەڵكەكەی دەكرد و ئەوانی چاڵاك دەكرد، خەڵك لە هەموو شوێنێكەوە بە گەرم و گوڕی پێشوازی لەوان دەكرد، بەشێوەیەك خوا ڕزق و ڕۆزی ئەوانی دەدا كە بە خەیاڵیاندا نەدەهات تا گەیشتنە پاڵاكوت.

گوندی پاڵاكوت دەكەوێتە سەر لێواری شیوی (كاغان)، لە سێ لاوە بە كێوی سەركەش دەورە دراوە، لە خۆرهەڵات و خۆرئاواو باكورەوە، شیوەكە تەنها یەك ڕێگەی هەبوو لە باشورەوە، لەوێ ڕووباری (كەنهار) دەهاتە

ژوورەوە، لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا دوو كێو هەبوون كە وەك دوو دیواری بەرامبەر یەك وابوون كە بۆشایی لە نێوانیاندا هەبێت و پانتاییەكەی لە نیو میل زیاتر نەبوو، لەم بۆشاییەدا گوندی پاڵاكوت لەسەر تەپۆڵكێكی بەرز هەڵكەوتووەو ڕووباری (كەنهار) دەڕوات، هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ گەیشتن بە پاڵاكوت تەنها ئەم دەروازەیەی باشور نەبێت، ئەوەندە دارو درەختی تێدا ڕووا بوو و دارستانی تێدا دروست بوو، ئەو بەردانە ئەو دارستانەیان تەنی بوو كە لەسەر كەنارو لوتكەی چیاكان بەر ببوونەوە، تەنها ئەو كەسانە شارەزای ئەو شوێنە بوون كە لەو جێگایەدا پێگەیشتبوون و شارەزای ڕێگە و بانەكانی بوون.

شێر سینغ لە خۆرهەڵاتی ڕووباری (كەنهار) دابەزی بە چەند میلێك دوور لە پاڵاكوتەوە، هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ هێرش كردنەسەر تێكۆشەران تەنها بەگرتنەبەری ڕێگەی چیایی نەبێت، ئەمەش بەوە دەكرێت كە یەكێك لە نەوەكانی ئەو شوێنە كە شارەزا بێت لە نەخشەكەی ڕێگا پیشانی لەشكرەكە بدات، یاخود لایەنی كەناری خۆرهەڵاتی ڕووباری كەنهار بگرێتەبەرو بەرەو پاڵاكوت بڕوات.

سەیدی پێشەوا چەند پۆلێكی لە لەشكرەكە دیاریكرد و داینایە سەر هەر دوو ڕێگەكە، جا ژمارەیەكی كەمی لەشكر بەس بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەو ڕێگە گرتن لە لەشكرێكی زۆر چڕو پڕ بەهۆی سەختی و ناهەمواری و مەترسیداری ڕێگەكە، ئامادەباشی خۆی كرد و لە هەر شوێنێكی ڕووبارەكەدا

پردێکی داری دروست کرد بۆ ئاسانی هاتوچۆ کردنی لەشکر و ناردنی هاریکاری، سەید نامەی بۆ هاوڕێ و قوتابیەکەی خۆی وەزیری دەوڵەت (تونك) نووسی لە بەرواری دەی مانگی زولقەعدەی ساڵی ١٢٤٦ك، لە دوا نامەیدا کە سەید نووسی باسی هۆکارەکانی کۆچ و گرنگی ستراتیژی پاڵاکوتی کرد، هەروەها ئاماژەی بە لەشکری دوژمندا کە لە بەرامبەریدا دابەزیوەو حەوانەوەی خۆشی دەربڕیوە لە هەمبەر ڕێکخستنەکان و داوای پشتیوانی و سەرخستنیشی لێکردووە.

سیخوڕەکان بە سەیدیان ڕاگەیاند کە لەشکری (شێر سینغ) گەیشتووەتە گوندی (مەتا کوت) بۆ ئەوەی ڕێگەی کۆن بگرێتەبەر کە هیچ کەسێك شارەزای نییە تەنها شارەزایانی خەڵکی وڵات و شوێنەکە نەبن، ناوبراو کەسێکی دەستکەوتووە کە ڕێگەی ئەوەی پیشان بدات، سەید چەند تیمێکی لەشکری نارد بۆ پشتیوانی کردنی ئەو پۆلە لەشکرەی پاسەوانی لەو دەروازەیە دەکرد، بەڵام (سیخ) ئەو ڕێچکەیەیان گرتبووەبەرو دەستیان بەسەر ئەو شوێنەدا گرتبوو کە خاڵی دەستپێکی هێرشەکەیان بوو.

ڕۆژ کۆتایی نەهات تا خەڵك لە ناکاو لەشکرێکیان بینی لەسەر لوتکەی ئەو کێوەی کە ڕووانیبوویە گوندەکە.

خەڵك پێشنیازی ئەوەیان بۆ سەید کرد کە لە پاڵاکوت پاشەکشە بکەن و پەنا ببەنە بەر هەندێك چیا، ئەو کاتە لەشکری هێرشکەر بە دەست بەتاڵی دەگەڕێتەوە، بەڵام سەید ئەم پێشنیازەی ڕەتکردەوەو وتی: لەم گۆڕەپانەدا

لەگەڵ دوژمن دەجەنگێین و یەکێك لە دوو چاکەکەمان لەکیس ناچێت، یان دەگەینە لاهوری پایتەختی سیخ، یان دەچینە بەهەشتەوە، بێگومان دونیا بە هەموو حکومەت و دەوڵەتەکانی ناگاتە ئاستی بەهەشت، ئا لێرەوە ئیمان و باوەڕ بەسەریدا زاڵ بوو و وتی: هیوادارم خۆشەویستترین شتی خۆم پێشکەشی خوا بکەم تا ڕەزامەندی ئەو دەستبخەم، سەبارەت بە قوربانی دان بە ڕۆح و مردن لە پێناوی خوا بێ نرخ ترین شتە لای من و جیاوازی نییە لە نێوان مردن و چیلکە دارێك کە بە شکاوی فڕێی دەدەم.

هیچ هەوڵێك پاشەکەوت ناکەین لە بانگەوازی کردن بۆ تێکۆشان، جێگرەوەو بانگخوازی خۆمان ڕەوانەکردووە بۆ هیند و خوڕاسان و تورکستان و کەمتەرخەمیان نەنواندووە لە گەیاندنی پەیام و بەرپاکردنی بەڵگەدا، بەهەر ڕێگەکدا ڕۆیشتبین و لە هەر ماڵێکدا دابەزی بین ئەوا بانگی خەڵکەکەمان کردووە بۆ زیندوو کردنەوەی ئەم سوننەتە مردووەو بەرپاکردنی ئەم بنچینە مەزنە، بەڕاستی تەنها هەژاری هاووێنەی ئێوە وەڵامی ئێمەی دایەوە، نووسەرانمان بەردەوام بوون لە پەیام نووسین بۆ ئەمیرو پاشاکانی موسڵمانان و باڵوێزو نوێنەرەکانمان ڕۆیشتوون هاوڕێ لەگەڵ پەیام و نامە بۆ ئەو کەسە مەزن و سەرکردانە باوەڕو ئیمانی ئەوان دەدوێنن و جوامێری لە ناخی ئەواندا دەوروژێنن و غیرەتی ئاینیان دەجوڵێنن، کەچی وەڵامیان لەوان بەدەست نەکەوت، ئەم جەنگە یەکلاکەرەوەیە لە نێوان ئێمە و بێ باوەڕاندا، یان خوا سەرکەوتن دەکاتە بەشی ئێمە و پێ دەخەینە سەر خاکی لاهور یاخود شەهیدیمان پێ

دەبەخشێت و دەچینە بەهەشتی نەبڕاوەو ماندوێتی لەوێ ڕوومان تێناکات، خەڵك بەبێ دەنگی وەستا بوون، ئیمان و باوەڕ ئەوانی داگرتبوو و هەوری ئارامی ئەوانی پۆشی بوو و بەهەشت بە خۆشی و نازو نیعمەتەکانی خۆی بۆ ئەوان نواندبوو، دواتر ڕووی کردە ئامادەبووان و وتی: زۆر تۆبە بکەن و داوای لێبوردن بکەن لەم شەوەدا، ئەم هەلە بقۆزنەوە کێ دەزانی بەیانی خوای گەورە شەهیدی پێ نابەخشێت یان تەمەنی درێژ دەکات، دواتر هەڵسا بە ئامادەکاری بۆ جەنگێکی یەکلاکەرەوەو چەندین بەرەی کردەوە بەڕووی دوژمندا و چەندین پۆلی لەشکری دیاریکرد کە لەلایەن گەورە تێکۆشەرانەوە ڕابەرایەتی دەکرا وەك شێخ محەممەد ئیسماعیل و شێخ وەلی محەممەد و ناصر خان و حەبیبوڵا خان لە ئەمیرەکانی وڵات و فەرمانی کرد بە پاراستنی مزگەوتەکان.

سەید لەو مزگەوتەی قسەی تێدا دەکرد هاتەدەرەوە بۆ خێوەتگەکەی و خواردنی بۆ دروستکرا و جل و بەرگ و چەك و تفاقی بۆ ئامادەکرا، هەندێکی کردە دیاری بۆ چەند کەسێکی تایبەتی خۆی، هەندێکی بۆ خۆی هەڵبژارد وەك ئەوەی ئامادەکاری دەکات بۆ ڕۆیشتنە ناو مەجلیسی پاشایەکی مەزن یان ئامادەی بووك گواستنەوە یاخود جەژن دەبێت، ئەو شەوە زۆر شەوێکی تاریك بوو، شەو بە هەوراوی مایەوەو باڵندەکان دەیانقیڕاند.

***

# دیمەنی پالاکوت

بەرەبەیانی ڕۆژی بیست و چواری زولقەعدەی ساڵی ١٢٤٦ هەڵهات، بانگی بەیانی درا، خەڵکی دەست نوێژیان هەڵگرت، چەکیان بەستی و سەید کۆتا پێشنوێژی بۆ خەڵك کرد، دواتر خەڵك بڵاوەیان کرد، سەید دانیشت و سەرگەرمی زیکر بوو، کاتێك خۆر بەتەواوی هەڵهات نوێژی چێشتەنگاوی کرد، پاشان دەستنوێژی هەڵگرت و وتی (لا إله إلا الله) و ڕیشی خۆی شانە کرد، جوانترین پۆشاکی پۆشی کە لەلای بوو و چەکەکەی هەڵگرت.

بەهەشت خۆی بۆ تێکۆشەران نواندن و ڕازاندەوە کە زۆر لەمێژ بوو تێکۆشەران ئارەزوویان دەکرد پێی بگەن و بە ئاوازی بەهەشتیان دەیانژەنی و تێشوویان بۆ ئامادە دەکرد، جا باوەڕی تێکۆشەران بەهێز بوو و پەردەی سەر چاوەکانیان لادرا، شتێکیان بینی کە خەڵکانی تر نەیاندەبینی و بۆنی بەهەشتیان دەکرد لە پاڵ کێوی[1] پاڵاکوت.

یەکێك لەوانەی ئەم دیمەنەی بینیوە وتویەتی: سەید (جەراغ عەلی بەتیالوی) مەنجەڵێکی دانابووە سەر ئاگر، مەنجەڵکە دەکوڵی، خۆیشی چەکدار بوو وەك ئامادەییەك بۆ هەر هێرشێکی لەناکاو، سیخ لە چیاکە هاتبوونە خوارەوە، کەوچکێکی لە دەستدابوو و شلەی ناو مەجلەکەی پێ

---

(١) ئەمە وشەیەکە ماوەتەوە لە سەروەرمان (ئەنەسی کوڕی نەزر)، کە لە جەنگی ئوحددا وتی: (بۆنی بەهەشت دەکەم لە پاڵ کێوی ئوحد).

تێکدەدا و جارێك دەیڕوانیە سیخ و جارێکیش دەیڕوانیە مەنجڵەکەی، کاتێك سەیری ئاسمانی کرد و وتی: توخوا بڕواننە ئەم حۆریە چاوگەشە گۆرانی بێژەی بەهەشت کە جوانترین و چاکترین پۆشاکی لەبەردایە، دواتر کەوچکەکەی فڕێدایە ناو مەنجڵەکە و وتی: من لە چێشت لێنانی تۆ دەخۆم، ئینجا وەك فڕۆکە ڕووی کردە سیخەکان و خەڵك پێیان دەوت: بوەستە ئێمەش لەگەڵت دێین، بەڵام ئەو ئاوڕی نەدایەوەو خۆی بەناو ڕیزەکانی دوژمندا کێشا و شەهید بوو.

سەیدی پێشەوا لە بەرەکەی خۆی بوو لەسەر کەناری مزگەوت، خەڵك بە نۆبەت پاسەوانیان دەگرت، تۆپەکان بە ڕاست و چەپدا دەکەوتنە خوارەوەو هیچ یەکێکیان نەدەی پێکا، لەم کاتە ناهەموارەدا سەرتاش هات، سەید سەرو ڕیشی چاك کرد، ژمارەیەکی زۆر لە لەشکری دوژمن دابەزین و لە تێکۆشەران نزیك دەبوونەوە، سەید ڕێگری لە خەڵك کرد لەوەی دەست بە جەنگ بکەن تا ئەو دێت، دواتر لەسەر لێوارەکانی مزگەوت هەڵسا و ڕۆیشتە ناو مزگەوت و دەرگاکەی داخست و سەرقاڵ بوو بە نزاو پاڕانەوە، دواتر پەنجەرەکەی کردەوەو وتی: کێ بانگی منی کرد؟ وتیان: کەس نەبووە، جارێك یان دوو جاری تر وایکرد و لە جاری سێیەمدا لە مزگەوتدا هاتە دەرەوەو دابەزیە گۆڕەپان وەك کەسێکی ڕاپەڕیو، تۆپەکان وەك تەزرە دەبارین، فەرمانی بە یەکێك لە هاوەڵانی کرد کە بە ئاڵاوە پێشی بکەوێت و سەید دەنگی بەدەم وتنی (الله أکبر)ەوە بەرز کردەوە، هێرشی کردە سەر دوژمن، ئەڕباب بەهڕام خان لە پێشی سەیدەوە دەڕۆیشت وەك قەڵغان و شێخ محەممەد ئیسماعیل

فەرمانی کرد کە تێکۆشەران دەوری سەید بدەن و بە گیانی خۆیان قوربانی بۆ بدەن، کاتێك دوژمن لە سەید نزیك کەوتەوە تێکۆشەران دوژمنیان گوللە باران کرد و زۆرێکیان مردن.

دوایین شتی سەید کە خەڵك بینی ئەوە بوو کە بینیان لەسەر تەپۆڵکەیەك دانیشتووە ڕووەو قیبلە و گوللە دەهاوێژێت و لە دەوریدا تەرمی شەهیدان کەوتوون، سەید ماندوو نابێت و پاڵناداتەوە، پەنجەتوتە (خنصر)ی دەستی ڕاستی برینداره، لەوانەیە گوللەیەك لە شانی چەپی کەوتبێت و خوێن هاتبێتە خوارەوە بۆ ناو پەنجەکانی، بە دەستێك تفەنگ و بە دەستەکەی دیکە شمشێری هەڵگرتبوو، هانی تێکۆشەرانی دەدا لەسەر تێکۆشان و دەیوت: یەك یەك بیانکوژن و کەسیان قوتار نەکەن و کەس پشتگوێ نەخەن.

دوکەڵی بارووت بەرز بووەوە بۆشایی ئاسمانی پڕ کردبوو، هیچ یەکێك ئەوەی تری نەدەناسی، سیخەکان تێکشکان و تاریکی و دڵتەنگی و ترس و خەفەت هەمووانی داگیر کردبوو، تێکۆشەران پەنایان بردە بەر شمشێرو بەدەنگێکی بەرزەوە (الله أكبر)یان دەوت، هێرشیان کردە سەر دوژمن، سیخەکان شکستیان خوارد و بەرەو چیاکە گەڕانەوەو تێکۆشەران گەیشتنە قەدپاڵی چیاکە و پێی جەنگاوەرە دوژمنەکانیان دەگرت و ڕایان دەکێشا و بە شمشێر دەیانکوشتن.

له کاتێکدا ئەوان ئاوابوون سەید لەبەر چاوی ئەوان ون بوو، بینرا شێخ محەممەد ئیسماعیل تفەنگەکەی لە ملی خۆی کردووەو شمشێرەکەی بەرز کردۆتەوەو ڕووخساری خوێنی لێدەچۆڕێت و بە دەستی دەیسڕێتەوەو هیچ یەکێك هەستی پێناکات.

ئەو جار شکست دووچاری تێکۆشەران هات و شێخ محەممەد ئیسماعیل شەهید بوو، بوێری و حەزی تێکۆشەران بۆ شەهید بوون و بەکەم سەیر کردنی ژیان و لەخۆ زیاتر خۆشویستنی پێشەواکەیان دەرکەوت، بەشێوەیەك کە ئەو بیرەوەرییەکانی سەدەکانی سەرەتاکانیان نوێ کردەوە کە چەندین سەدەی بەسەردا تێپەڕ ببوون.

ئەوەی ژیری و عەقڵ پەسەندی دەکات ئەوەیە کە سەیدی پێشەوا شەهیدی پێبەخشراوە وەك ڕێزێك لەلایەن خواوە، بارودۆخی پێشەوا لەلای زۆرێك لە تێکۆشەران ناڕۆشن بوو بەهۆی گەرمی شەڕو بەیەکدادانی هەر دوو لەشکرو زۆری کوژراوان، شوێنەکەی سەید بۆ دوژمن و دۆستەکانی نەدۆزرایەوە، هەندێك گێڕانەوە هەن دەڵێن: ((سەرکردەی سیخ بەدوای جەستەی سەیددا گەڕاوە، تەنها دوای پشکنینێکی سەخت دۆزیویەتیەوە، ئەویش بەهۆی منداڵێکی بچوکی هەندێك تێکۆشەران. سەرکردەکە لاشەی سەیدی کفن کردووە لە خوریەکی بەهادارو فەرمانی بە موسڵمانان کردووە کە نوێژی لەسەر بکەن و بینێژن، گێڕانەوەی تر هەیە دەڵێت: سەری جیا بووەوە لە جەستەکەی، بۆیە هەر یەك لە لاشە و سەرەکەی لە دوو شوێنی

جیاواز نێژراون، لێرەشدا گۆڕێك نییە متمانەی پێبكرێت و پشتی پێببەسترێت لەوەی گۆڕی سەیدی پێشەوایە))[1].

ئا بەم شێوەیە خوای گەورە وەڵامی نزاكەی ئەوی دایەوەو ئاواتەكەی بەجێهێنا، گێڕدراوەتەوە كە سەید زۆر ڕقی لە دروستكردنی گومبەت و تەلار بووە لەسەر گۆڕەكان، زۆر نكۆڵی لەو كارە دەكرد. زۆر بایەخی دەدا بەلابردنی شتی وا، جارێك بە سەید وترا: خەڵك پێی وایە خێرو چاكەت تێدایە و زۆریان خۆشدەوێیت، كەسێك ئاوا چاك بێت ئەوا خەڵك پشتگوێی ناخەن و گومبەت و تەلار لەسەر گۆڕەكەی دروست دەكەن، سەید لە وەڵامدا وتی: من داوام لە خوای گەورە كردووە شوێنی نێژرانی من لە خەڵكەكە بشارێتەوەو نەتوانن شتی لەسەر دروست بكەن و بیكەنە یاد و جەژن[2].

سەبارەت بە شێخ محەممەد ئیسماعیل ئەوا گۆڕەكەی ناسراوە لە (پاڵاكوت)، دەربارەی شەهیدەكانی دیكە ئەوا ژمارەیان لە سێ سەد شەهید زیاترە كە پوختەی كەسە چاكەكانی وڵات بوون وەك چۆن سەید لەبارەیانەوە وای دەوت، هەموویان لە یەك شوێندار بەخاك سپێردران.

كاتێك هەواڵەكە گەیشتە لاهور (ڕەنجیت سینغ) زۆر پێی دڵخۆش بوو، فەرمانی كرد بە تۆپاهوێشتن وەك ڕاگەیاندنی شادومانی و سەركەوتن،

---

(١) ئەو گۆڕەی دەدرێتە پاڵ ئەو لە پاڵاكوت، كە حكومەتی پاكستان بیرەوەریەكی لەسەر دروستكردووە، ناكرێت بدرێتە پاڵ سەید و لە ڕاستیدا گۆڕی كەسێكی ترە.

(٢) نواب وەزیری دەوڵەتی والی (تونك) ئەم وتەیەی لە سەید گێڕاوەتەوە لە كتێبی (ڕاسپاردەكانی وەزیر)دا.

هەروەها فەرمانی کرد بە ڕووناك کردنەوەی شاری (ئەمرتسر) بە چراکان، ئەو شارەی کە لەلای سیخەکان پیرۆزە، خەڵاتی بەو پەیامبەرەدا کە هەواڵەکەی هێنابوو، خەڵاتەکە دوو بازنی زێرو مێزەرێك کە لە قوماشی گران بەها بوو، خەڵاتیشی بەخشی بە کوڕەکەی بە پێدانی زەوی نویچ و فەرمانیشی دەرکرد بۆ دەسەڵاتداری قەڵای (کوبندکهر)ی مەزن کە تفەنگ بتەقێنێت وەك ڕاگەیاندنی شادومانی و سەرکەوتن، باڵوێزی ئینگلیزی کە لە کۆشکی پاشایەتی دابوو پیرۆزبایی لە (مەهارجە) کرد لە جیاتی دادوەری ئینگلیزی[1] لە (شەملەت[2])، ئەمە لە بەرواری (٢٣)ی مانگی مایۆی ساڵی ١٨٣١ز بوو.

ڕووداوی پاڵاکوت لە بیست و چواری مانگی زولقەعدەی ساڵی ١٢٤٦ك (٦/ مایۆ/ ١٨٣١ز) بوو.

***

---

(١) ئەم زانیاریانە وەرگیراون لە بەڵگەنامەی فەڕمی نووسراوی ئینگلیزی کە پێکهاتوون لە نامەکانی (کابتن: سی ئەیم وید) ڕاسپێراوی حکومەتی لاهورو سکرتێری دادوەری گشتی، ئەم بەڵگەنامانە پارێزراون لە مۆزەخانەی لاهور، دانەر بە خودی خۆی خوێندوویەتیەوەو بە مۆڵەتی حکومەتی پاکستان دەقەکانی ئەم بەڵگە نامەیەم وەرگرتووە.

(٢) هاوینە هەواری حکومەتی ئینگلیز بوو لە هیند.

## درێژبوونەوەی مێژووی تێکۆشان و پاڵەوانێتی

ڕەنجیت سینغ زۆر ئەم خۆشیەی نەکرد و تیایدا بەردەوام نەبوو، تەنها هەشت ساڵ دوای ڕووداوی پالاکوت ژیا، لە ساڵی ١٢٥٥ك = ١٨٣٩ز مرد، کوڕەکان جێنشینیایەتیان گرتەدەست، هەیانبوو هەر لە گەنجیەوە مەرگ بەرۆکی گرت، هەشیان بوو بووە نێچیری ڕووداو یان شتێکی لەناکاو، شیر سینغی کوڕی ڕەنجیت سیغ کە ڕزگارکەری پالاکوت بوو لە ساڵی ١٨٤٣ز مرد کە هەر ئەو نیشانەی پێگەیشتوویی و خانەدانی پێوە دیاربوو، ململانێیەکی توند کەوتە ناو ئەندامانی ئەم ماڵە، جەنگی ناوخۆیی هەڵگیرساند تا ئەو کاتەی ئینگلیز بە تەواوی دەستی گرت بەسەر ئەم شانشینەدا لە ساڵی ١٤٩ز و ئەم دەوڵەتە بە تەواوی لەناوچوو و هیچ پاشماوەو شوێنەوارێکی نەما.

سەبارەت بە تێکۆشەران ئەوا بە خەبەر هاتنەوە بەهۆی شکستە سەرسامکەرەکە و شەهید بوونی پێشەواو ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەران لە کاتێکی زۆر نزیکدا، شێخ وەلی محەممەد بەهلەتی _ کە یەکێك بوو لە گەورە هاوەڵانی سەید _یان وەك پێشەوای خۆیان هەڵبژارد، دواتر شێخ نەصرەددین مەنکلوری جێگەی گرتەوە، ئینجا شێخ نەصرەددین دیهلەوی (١٢٥٦ك _ ١٨٤٠ز) بووە جێنشینی.

دواتر پێشەوایەتی کۆمەڵەکە کەوتە دەست زانای خواناس و چاکخوازی مەزن مەولانا ویلایەت عەلی عەزیم ئابادی، کە یەکێك بوو لە گەورە

جێنشینەکانی سەید، ئەمەش لە ساڵی ١٢٦٢ك[1] _ ١٨٤٦ز بوو، هەروەها لە ٢٢ موحەڕەمی ساڵی ١٢٦٩ك (٥ نۆڤەمبەری ١٨٥٢ز) کۆچی دوایی کرد، لە دوای کوژرانی ناوبراو و شەهید بوونی ئەوا لەلایەن براکەیەوە ئاڵای ڕابەرایەتی گیرایە دەست کە ناوی مەولانا عینایەتوڵا عەلی عەزیم ئابادی بوو، لە سەردەمی ناوبراودا ئینگلیز دەستیان گرت بەسەر پەنجاب و سنوورەکانی باکوری خۆرهەڵاتدا، وایلێهات بوونە ململانێکەری ڕاستەقینە بۆ چالاکی و ئامانجی تێکۆشەران، چەسپاوە حکومەتی ئینگلیز کە خاوەنی هەموو ئامرازەکانی فراوانخوازی و سەرکەوتن بوو، زەخیرەدار بوو بە زیندوێتی و ئارەزووی مەترسی ڕاستەقینە بوو لەسەر نیمچە دوورگەی هیندی، بەڵکو لە سەرجەم خۆرهەڵاتی ئیسلامی، سەید و کۆمەڵەکەی ئەم ڕاستییە مێژووییەیان باش دەزانی، سەید هۆشداریشی دابووە پاشا و سەرکردەکانی موسڵمانان لەوبارەوە، لە میانەی نامەیەکی ڕەوانبێژیدا کە ئاڕاستەی ئەوانی کرد لە هیند و ئەفغانستان و پاکستان، لە یەکێك لەو پەیامانەیدا هاتووە کە بۆ ئەمیر کامەرانی کوڕی شا مەحمود دەرانی دەسەڵاتداری (هەرات) نووسی بووی هاتووە: ((ئامانجی بریتییە لە بەرپاکردنی تێکۆشان لە پێناوی خوا لە هیند، کە ئینگلیز دەستیان بەسەردا

---

(١) ئینگلیز ناچاریان کرد بگەڕێتەوە هیند و لە ماڵی خۆی دەرنەچێت، ماوەیەکی بەسەر برد لە شڵەژانێکی گەورەدا وەك ئەوەی ماسییەکە لە ئاو دەرهێنراوە، زۆری نەمابوو ئەو ماوەیە کۆتایی بێت، ئەوا شێخ مەولانا ویلایەت ڕوویکردە ناوەندی تێکۆشەران وەك ئەو باڵندەیەی ئێوارە دەگەڕێتەوە بۆ هێلانەکەی، لە بەرواری ٨ ڕەبیعی کۆتایی ساڵی ١٢٦٧ك _ ١٠ نۆڤەمبەری ساڵی ١٨٥١ز گەیشتە ئەوێ.

گرتووەو خراپە و گەندەڵیان تێدا بڵاو کردۆتەوەو خەڵکی سەربەرزی ئەوێیان سەرشۆڕ کردووە)).

شتێکی سروشتی بوو کە تێکۆشەران ڕوو بکەنە دژایەتی کردنی ئینگلیز، هەڵمەتەکانی ئەم کارە لەسەردەمی مەولانا ویلایەت عەلی عەزیم ئابادی دەرکەوتن، ناوبراو شارەزاترین کەس بوو بە مەبەستەکانی سەید و یەکێك بوو لە دەست و پێوەند و کەسە نزیکەکانی، ئەم هەڵمەتە لە سەردەمی براکەی مەولانا عینایەت عەلی تەواو کامڵ بوو و گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی، بەردەوام بوو تا سەردەمی جێنشینەکانی وەك پێشەوا عەبدوڵا و پێشەوا عەبدولکەریم دوو کوڕەکەی شێخ ویلایەت عەلی عەزیم ئابادی. ئەمە مێژوویێکی پڕە لە پاڵەوانێتی و ڕووداو و مەترسی، کە منداڵ لەبەر مەزنی ئەم ڕووداوانە پیر بوون، جەنگی درێژخایەن و کوشتن و داگیرکاری و تاڵان و دادگایی دوورو درێژو شاربەدەر کردن و ڕاوەدوونان و پشکنینی بەخۆوە بینی، کە دادگاکانی بەدواداچوونی بەبیر دەخستنەوە کە لە ئەوڕوپا هەبوون لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، سزاو ئەشکەنجەی وا پەیڕەو دەکرا کە پێست دێنێتە گرژ بوون، ئەگەر قوربانی و فیداکاری و پاڵەوانێتیەکی هیند هەموو لە دەستێکدا دابنرێ، کە مێژووی بزوتنەوەی ئازادی و ڕزگاری نیشتمانی دەیگێڕێتەوە، قوربانیەکانی خەڵکی صادق بور[1] (خانەوادەی مەولانا ولایەت

(١) خانەوادەیەکی خواناس و تێکۆشەر بوو، لە ڕیزی پێشەوەی پشتیوانانی سەیدی پێشەوا بوو، پوختەی هاوەڵ و گەورە فیداکارانی سەیدی تێدا بوو، ئەم خانەوادەیە هەڵسا بە لە ئەستۆگرتنی بانگەوازو تێکۆشان لە پێناویدا، بەشی هەرە مەزنی لەوبارەوە بەرکەوت، صادق بور، ناوی گەڕەکێکە لە

عەلی عەزیم ئابادی) لە دەستێکدا دابنرێ، ئەوا دەستەکەی دواتر بەشێوەیەکی بەرچاو و ئاشکرا زاڵ دەبوو[1].

بۆ تێکۆشان و ڕێکخستنی کۆمەڵەکە و کۆکردنەوەی دارایی و گەنجی تێکۆشەر و بردنیان بۆ (ستهانە) ناوەندی سەرەکی (لەسەر سنووری هیندی ئینگلیزی) تۆڕێکی ورد هەبوو کە هەموو هیندی ڕێکخست بوو، بۆ ئەم مەبەستە چەندین ناوەندی نهێنی هەبوون لە ویلایەتی (بەهار و بەنغال)، هەروەها زمانێکی ئاماژەیی هەبوو کە نامە گۆڕینەوەیان پێ دەکرد، زۆر کەسی خۆبەخش هەبوون کە بە سەدان هەزار هەژمار دەکران[2]، حکومەتی ئینگلیز نەیتوانی هەڵیان بخەڵەتێنێت بە ماڵ و دارایی و سامان یان بە هەڕەشە دووریان بخاتەوە لە ئامانجەکانیان[3].

ئەم بزوتنەوەیە گیانێکی نوێی کردەبەر گەلی بەنغالی لە بوێری و گەرم و گوڕی ئیسلامی و جوامێری ئاینی و ژیان بەکەمزانی و بێباکی لەهەمبەر

---

گەڕەکەکانی شاری عەزیم ئاباد کە ئێستا بە (بەتنەت) ناسراوە، پایتەختی بەهارە، شێخ ولایەت عەلی، شێخ عینایەت عەلی، شێخ ئەحمەد، شێخ یەحیا عەلی لەوێ بوون، پێشەوایەتی کۆمەڵەی تێکۆشەران بە زنجیرە لەلایەن خەڵکی ئەو شوێنەوە گیرایەدەست.

(١) بە تێرو تەسەلی ئەمە بخوێنەوە لە کتێبی (بزوتنەوەی ئیسلامی سەرەتا لە هیند) دانراوی مامۆستا مەسعود نەدەوی، هەروەها بەشی سێیەم و چوارەمی زنجیرەی مێژووی سەید ئەحمەدی شەهید، دانراوی مێژوونووسی پاکستانی مەزن: غولام ڕەسول مهر.

(٢) سەرۆکی دەزگای پۆلیسی ئینگلیزی لە بەنغال دەڵێت: ((ژمارەی شوێنکەوتووی هەر سەرکردەیەکی ئەم بزوتنەوەیە کەمتر نییە لە هەشتا هەزار شوێنکەوتوو)).

(٣) ئەم زانیارییە تێروتەسەلە سەرسوڕهێنەرانە بخوێنەوە لە کتێبی ( Our Mussalmans Indian) دانراوی نووسەری ناودار: (w.w.Hunter).

مەترسییەکان و خولیای شەهید بوون لە پێناوی خواو دەستگرتن بە ئیسلام و پێشخستنی بەرژەوەندی ئیسلام و موسڵمانان بەسەر هەموو بەرژەوەندییەکدا، خۆڕاگری لەسەر بنچینەکان، ئەمە وای لەو گەلە کرد کە ژیانی گوزەراند بوو دوور لە ژیانی سوارچاکی و گۆڕەپانی جەنگ کە ببێتە گەلێکی تێکۆشەرو ڕاپەڕیو، تا وایلێهات هەندێك سەرکردەی ئینگلیزی دانیان بەوەدانا کە تێکۆشەری بەنغالی لە زیرەکی و بوێریدا نزمتر نەبوونە لە تێکۆشەری ئەفغانی، بەڵکو لە هەندێك جاردا لە تووندو تۆڵیدا بەپێش ئەفغانیەکان دەکەونەوە، لێکۆڵینەوەو پڕۆسەی سیخۆڕی و مەترسییەکان لەسەر ئەم ڕێگە دوورو درێژەدا نەیانتوانی وا لەم بەنغالییە خۆبەخشانە بکەن دوور بکەونەوە لەم کارە سەخت و ورد و دژوارەیان[1].

شەیتان نەیتوانی _ بەهۆی زاڵ بوونی بیروباوەڕی ئیسلامی و بانگەوازی ئاینی بەسەر بەنغالییەکاندا _ دەمارگیری نەفامی یان زمانەوانی و ڕۆشنبیری یاخود ڕەگەزی یان خوێنی بوروژێنێت، ئەو تێکۆشەرانە تەنها شانازیان بە ئیسلام و پێشبڕکێ لە گۆڕەپانی خزمەت و بڵاوکردنەوەی دەکرد، یان شانازیان بە کردەوەی چاك و ڕەوشتی بەرزەوە دەکرد.

حکومەتی ئینگلیز ناچار بوو کە هەندێك دەستەی سەربازی ڕەوانە بکات کە ژمارەیان دەگەیشتە بیست دەستە، کە شەست هەزار سەربازی ڕاهێنراوی لەخۆ دەگرت، (دکتۆر هنتر) دانی ناوە بەوەی سەربازگەکانی پەنجاب هەندێك

---

(١) زانیاری زیاتر لەوبارەوە بخوێنەوە لە کتێبی (موسڵمانانی هیند) دانراوی: ویلیەم هەنتر، کە پێشتر ئاماژەی پێکرا.

جار بەتاڵ دەبوون لە لەشکری ئینگلیز بەهۆی سەرقاڵبوونی بە جەنگ لەگەڵ تێکۆشەران، لە چەند جەنگێکدا لەشکرەکان پاشەکشەیان کرد، تا حکومەتی پەنجاب ناچار بوو لە کۆتایی ساڵی ١٨٦٣ز لەشکرەکانی بکشێنێتەوە، تا ئەو کاتەی توانی زاڵ بێت بەسەر ئەم مەترسییە تەحەدداکارەدا بە سیاسەتە زانراوەکەی کە بریتی بوو لە تێکبەردانی تیرەو هۆزەکان و جیاکردنەوەی تێکۆشەران لە پیشتیوانان و جێنشینەکانیان لە نەوەکانی ئەو وڵاتە لە ساڵی ١٨٦٨ز.

دادگایی کردنی پیلانگێڕان دەستی پێکرا لە هیند و بۆ ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشا، ژمارەیەك لە سەرکردەکانی ئەم بزوتنەوەیە و لەسەروشیانەوە: شێخ یەحیا عەلی عەزیم ئابادی، شێخ ئەحمەدوڵا عەزیم ئابادی، شێخ جەعفەر عەلی تەهانیسری، شێخ عەبدوڕەحیم صادق بوری، بڕیای لە سێدارەدانیان بەسەردا درا، دواتر ئەم حوکمە گۆڕدرا بە دوورخستنەوەی هەتا هەتایی بۆ ناوچەی (بورت بلیر) لە دوورگەکانی (سیلان)، شێخ یەحیا عەلی و شێخ ئەحمەدوڵا لە دوورگەکەدا کۆچی دواییان کرد، شێخ محەممەد جەعفەرو هاوەڵانی گەڕانەوە دوای ئەوەی هەژدە ساڵیان لە دووریدا بەسەر برد لە ساڵی ١٨٨٣ز گەڕانەوە، ئەمە بەسەرهاتێکی

سەرسوڕهێنەرە و محەممەد جەعفەر لە کتێبەکەیدا (دوورگەی ڕەش)[1] یان (مێژووی سەرسوڕهێن)دا گێڕاویەتیەوە.

مێژووی ئەم تێکۆشانە دوورو درێژو پاڵەوانێتییە ناوازە و دەگمەنانە بابەتی کتێبێکی سەربەخۆ و گەشتێکی تایبەتن، ئەمەش بەشێکە لە بەشە سەرسوڕهێنەکانی ئەم مێژووە.

***

---

(1) ناوی لە ئۆردۆدا (کالابانی) یان (مێژووی سەرسوڕهێن)ە، ئەم کتێبە چەندین جار لە چاپ دراوەو بڵاوبۆتەوەو ناوی دەرکردووە.

# له سێدارەدانەوە بۆ دوورخستنەوە

له ڕۆژی دووەمی مانگی مایۆی ساڵی ١٨٦٤ز (١٢٨٠ك)، (ئیدورس)ی دادوەری ئینگلیزی لەسەر کورسی دانیشت، له دادگای (ئەنباله)[1] و له تەنیشتیەوە چوار یاریدەدەرو ڕاوێژکار دانیشتن له خانەدان و کەسایەتییەکانی شار، تا ڕای خۆیان دەربڕن لەبارەی پرسەکە، لەبەردەم ئەوانەدا یازده کەس وەستان، کە ڕووخسارو دەم و چاویان دەهاتەگۆ لەسەر حورمەت و بێ تاوانیان، بەڵام له ڕیزی تاوانبارو گوناهبارە گەورەکان هەژمار کرابوون، دەوترا پیلانێکیان داڕشتووە دژی حکومەتی ئینگلیز له هیند، یارمەتی پشتیوانانی سەیدی پێشەوا ئەحمەدی کوڕی عیرفانی شەهید و کۆششکاری مەزن شێخ محەممەد ئیسماعیلیان داوە لەسەر سنووری ئەفغانستان بە پارە و پیاو، ئەمەشیان بە نهێنی کردووە له ناو وڵاتی هیند بە داناییەکی سەرسوڕهێنەر، زمانێکی هێماییان داناوە بۆ نامەکانیان، هاریکاریان کۆدەکردەوە له خەڵکی ژێر دەستی ئینگلیزو دەیاننارد بۆ ناوەندی شۆڕشگێڕان، حوکمەتی ئینگلیز بەهۆی سیخوڕی سەربازێکی موسڵمان له ناو سەربازەکانی ئینگلیز ئەمەی زانیوەو دەستیشی بەسەر کەل و پەل و کەسەکاندا گرتووە له (بەتنە) و (تەهانیسر) و (لاهور) و ئەوانی دادگایش کردووە، ئەمڕۆش بڕیار لەبارەی ئەوانەوە دەردەکرێت.

---

() شارێکی مەزنە له خۆرهەڵاتی پەنجاب، سەربازگەیەکی ئینگلیزی و ناوەندێکی مەزنی کارگێڕی بوو لەسەردەمی ئینگلیزەکاندا.

دادگاییەکە پڕ بوو لە خەڵك، چونکە ئەم پرسە قسەو باسی کۆڕو مەجلیسەکان بوو، کاتی دەرکردنی بڕیار هات، چاوەکان ئەبڵەق بوون، گوێچکەکان ڕادێران، دڵەکان شڵەژان، دەنگەکانی لاوازو کپ بوون، لەو کاتەدا دادوەر بە دەنگێکی توڕەوە قسەی کرد و دوا لەگەڵ گەنجێکی جوان و بەهێز، وا بەدەردەکەوت کە ئەو گەنجە لە ناو نازو نیعەت گەورە بووەو لە ڕەچەڵەکێکی ڕێزدارە:

((ئەی جەعفەر تۆ کەسێکی ژیرو مەزنی، چاك شارەزای یاسای دەوڵەتی، یەکێکی لە کۆڵەگەکانی شارەکەت، بەڵام عەقڵ و زانستەکەت خەرج کرد لە پیلانگێڕی و شۆڕش کردن دژی حکومەت، یەکێك بووی لە هۆکارەکانی گوێزرانەوەی دارایی و پیاوەکان لە هیندەوە بۆ ناوەندی شۆڕشگێڕان، تۆش تەنها زیاتر یاخی و سەرکەش بوویت، نەچەسپاوە کە دڵسۆزی دەوڵەتیت، ئا ئەوە بڕیاری لە سێدارەدان و دەست بەسەرداگرتنی خانوو و موڵکەکەت بەسەردا دەدەم، جەستەکەشت لە دوای لە سێدارەدان ڕادەستی خێزانەکەت ناکرێتەوە، بەڵکو لە گۆڕستانی بەدبەختەکان دەنێژرێت بەوپەڕی سووك و ڕیسواییەوە، زۆر دڵخۆش و ئاسوودە دەبم کاتێك دەتبینم هەڵواسراویت)).

گەنجەکە بە ڕێزو شکۆمەندییەوە گوێی گرتبوو، گۆڕان و شڵەژان داینەگرت، کاتێك دادوەر لە قسەی خۆی تەواو بوو، محەممەد جەعفەر وتی: ((گیان و ڕۆحەکان بەدەست خوان. هەر خوا مرێنەرو ژیێنەرە، تۆش ئەی دادوەر ژیان و مردنت بەدەست نییە، ناشزانی کێمان زووتر دەمرێت)).

فوالله ما أدري وإني لأوجل     على أينا تغدو المنية أول

واتە: بەخوا هەر چەندە لە سەرمەرگدام بەڵام نازانم مردن پێشتر یەخەی کامەمان دەگرێت.

دادوەرەکە توڕە بوو، شێتی دایگرت، بەڵام دوایین تیری خۆی هاوێشت، هیچ تیرێکی تری پێ نەماوە.

محەممەد جەعفەر زۆر دڵخۆش بوو بەم بڕیارەی بەسەریدا سەپێنرا و شادومانی بە ڕووخساریەوە دیار بوو، وەك ئەوەی بەهەشت و حۆری چاوگەش و کۆشك و تەلار خۆیان بۆ نواندووە.

خەڵك سەرسام بوون بەوەی بینیان، ئەفسەرێکی ئینگلیزی کە ناوی (بارسن) بوو لە محەممەد جەعفەر نزیك بووەوەو پێی وت: من هەرگیز نەم بینیوە وەك ئەمڕۆ دڵخۆش بیت لە کاتێکدا بڕیاری لە سێدارەدانت بەسەردا دراوە، محەممەد جەعفەر وتی: (بۆچی دڵخۆش نەبم، لە کاتێکدا خوای گەورە شەهیدی لە پێناوی خۆیدا بەمن بەخشیوە، تۆی هەژار نازانی ئەمە چەندە شرینە).

دادوەر بڕیاری لە سێدارەدانی بەسەر دوو کەسی تردا، یەکێکیان شێخێك بوو سیمای پیاوچاك و نیشانی خواناسانی پێوەدیار بوو، هەواڵەکەی بە خۆشی و شادومانی و بەدەم سوپاسگوزاری خواوە وەرگرت، ئەویش مەولانا یەحیا عەلی صادق بوری پێشەوای کۆمەڵەکە بوو، ئەوەی تریش گەنجێك بوو

وا دەردەکەوت کە یەکێك بوو لە گەورە دەوڵەمەند و بازرگانەکان، بە بنەچە خەڵکی پەنجاب بوو، ئەویش حاجی محەممەد شەفیع بوو، بڕیاری دوورخستنەوەی هەتا هەتایی بەسەر حەوت کەسی تردا درا.

خەڵکی گوێگر بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە گوێبیستی بڕیارەکە بوون، فرمێسکەکان ڕژان و چاوەکان هاتنە گریان، خەڵك بە پیاو و ئافرەتەوە لەسەر هەر دوو کەناری ئەو شەقامەی دەچووە بەندیخانە وەستان و دەیانڕوانیە ئەو ستەملێکراوانە و بەزەییان پێدا دەهاتەوە.

بەندکراوەکان گەیشتنە بەندیخانە و جل و بەرگەکانیان داکەنرا و جلی تاوانبارانیان کرایەبەر، هەر یەکێك لەم سێ کەسە لە ژوورێکی تەسك و بێ هەواو ڕووناکی بەندکران، لە گەرماییەکی زۆردا بەو شێوەیە مانەوە، ناخۆشترین شەو بوو کە تیایدا مابنەوە، هەر زوو بروسکەیەك هات مۆڵەتی بەوان دەدا کە لە گۆڕەپانەکەدا بمێننەوە.

لە ڕۆژەکەدا گەڕێنرانەوە بۆ ژوورە تەسکەکەیان، هیچ کەسێك نەیدەتوانی بۆ ماوەی هەفتەیەك لەم ژوورە بەرتەسکەدا بژیت، دەرگای ئەم ژوورانە کرانەوەو لەلای هەر دەرگایەك سەربازێك وەك پاسەوان دانرا، زۆربەی ئەو سەربازانە لە نا موسڵمانەکان بوون، مەولانا یەحیا عەلی هەلەکەی دەقۆستەوەو شوێن پێی یوسفی ڕاستگۆ (سڵاوی خوای لێبێت) هەڵدەگرت، لەگەڵ پاسەوانەکە دەدوا و دەیوت: (ئایا چەند خوایەکی هەمەجۆرو جیاوازو _ بپەرستن _ چاکترە، یاخود خوایەکی تاك و تەنها و

زاڵ بەسەر هەموو شتێکدا)، پاسەوانەکە دەستی دەکرد بە گریان، ئەگەر لە شوێنی خۆی گواسترابایەوە ئەوا زۆر دەگریا.

ئا بەم شێوەیە شێخ بیروباوەڕی یەکتاناسی لە ناخ و دەروونی زۆرێك لە پاسەوانەکانی بەندیخانەدا چاند، تۆوی باوەڕی بەناو کێلگەی دڵی ئەواندا بڵاو کردەوەو زۆرێکیان موسڵمان بوون، خەڵکێکی زۆر تۆبەیان کرد، شێخ هیچ هەلێکی بەفیڕۆ نەدەدا، ئەگەر شتێکی هاتبایە پێش ئەوا فەرمانی بەچاکە و ڕێگری لە خراپە دەکرد.

هەندێك لە پاسەوانەکانی بەندیخانە دەستیان کرد بە ئامادەکردنی ستوون و پەت بۆ لە سێدارەدان لەبەردەم چاوو گوێی خەڵك، ئەو بەندکراوانە هەموو ئەو شتانە دەبینن بە دڵئارامی و بێ ترس و خەم و خەفەت.

سەبارەت بە مەولانا یەحیا عەلی ئەوا زۆر دڵخۆشە و خولیای بەهەشتە، چاوەڕێی خۆشی و نازو نیعمەتەکانیەتی، بە خولیا و حەزەوە هۆنراوەی دەهۆنیەوە، ئەو دێڕە هۆنراوانەی لە خۆدا بەرجەستە دەکرد کە سەروەرمان خوبەیب (ڕەزای خوای لێبێت) لە کاتی لە سێدارەدانی دەیوت:

ولست أبالي حين أقتل مسلما     على أي جنب كان في الله مصرعي

وذلك في ذات الإله وإن يشأ     يبارك على أوصال شلو ممـــــزع

واتە: گوێ نادەم بەوەی لەسەر چ تەنیشتێك دەکوژرێم لە پێناوی خوا، کاتێك بە موسڵمانی دەمرم، ئەمەش لە پێناوی خوا، ئەگەر بیەوێت فەرو بەرەکەت بەسەر ئەندامە لەت لەت کراوەکاندا ببارێنێت.

بەهەمان شێوە هاوەڵەکانی ڕوویان گەش و مزگێنی بەخش بوو، دەروونیان ئارام و ئاسوودە و دڵیان ڕازی و شادومان بوو، لەخواترس بوون لە نوێژو چالاك بوون لە خواپەرستی و یادی خواو خوێندنەوەی ئایەتەکان، خولیای بەهەشت خەیاڵی ئەوانی بۆندار کردبوو بەدەم وتنی هۆنراوەوە.

دادوەرە ئینگلیزەکە _ کە بڕیاری لە سێدارەدانی بەسەر ئەم سێ کەسەدا سەپاند _ مرد، هەر لە دوای بڕیارەکە، ئەفسەرە ئینگلزەکەش کە ناوی (بارسن) بوو شێت بوو، ئەفسەری ناوبراو محەممەد جەعفەری دەستگیر کردبوو، ڕۆژێکیان لە هەشتی بەیانی ئەشکەنجەی محەممەد جەعفەریدا تا هەشتی ئێوارە، بە خراپترین شێوەو سەرشێتانە ئەفسەرەکە مرد، ئەوە هاتەجێ کە جەعفەر هۆشداری لەبارەوە دا، ((هەندێك کەسی وا هەیە پرچ ئاڵۆزو تۆزاویە، ئەگەر خوا سوێند بدات ئەوا بۆی جێبەجێ دەکات))[1].

زۆر کەسی ئینگلیزو فەرەنسی دەرۆیشتنە ناو بەندیخانەکان بۆ لای ئەو بەندکراوانە و توانجیان لە سەرەنجامی دوژمنان دەدا، زۆر سەریان سوڕدەما لە خۆشحاڵی و چالاکی و کارامەیی ئەو بەندکراوانە، پرسیاریان لێ دەکردن کە بۆچی خەفەت ناخۆن لە کاتێکدا لەسەر لێواری مەرگن و نزیکن لە

---

[1]) فەرموودەیەکی ڕاست و دروستە.

هەڵواسران و لەسێدارە دران؟ بەندکراوەکان وەڵامی ئەوانیان دەدایەوە: بەوەی لەبەر شەهید بوون خەم و پەژارە ناخۆن کە هیچ بەختەوەری و خۆشییەك لە سەروویيەوە نییە.

ئەو کەسانە دەگەڕانەوە لای حوکمڕانانی ئینگلیزو باسی ئەو دیمەنانەیان بۆ دەکردن کە بینیبوویان، بەمەش ڕق ئەستورتر دەبوون، بەڵام چی دەکەن؟ ئەگەر ئازادیان بکەن، ئەوا کەسانێکیان ئازاد کردووە کە دژی دەوڵەت ڕاپەڕیون، دەگەڕێنەوە سەر کاری پێشوویان و دەست دەکەنەوە بە ڕاپەڕین، ئەگەر لە سێدارەشیان بدەن و بیانکوژن ئەوا دەیانگەیەنن بە ئاواتەکانیان و بەختەوەریان پێ دەبەخشن.

ئەمە زۆر لەسەر دڵی ئینگلیز ناخۆش بوو و دەروونیان پێ ئاسوودە نەبوو.

بۆیە بیریان لە کێشەکە کردەوە، هەر بیریان کردەوەو ڕامان، بەمەش ڕێگەیەکی مام ناوەندیان دۆزیەوە لە نێوان کوشتن و ئازاد کردن، بێگومان ئینگلیزەکان گەلێکی یاسایی ژیرن.

ڕۆژێك لە ڕۆژان دادوەری شار هاتە بەندیخانەکە و بڕیاری دادگای پێداچوونەوەی بەسەر ئەو سێ کەسەدا خوێندەوە، کە بڕیاری لە سێدارەدانیان بەسەردا درابوو.

((ئێوەی شۆڕشگێڕەکان پێتان خۆشە لە سێدارە بدرێن، ئەمەش بە شەهید بوون دادەنێن لە پێناوی خوا، نامانەوێت بتانگەیەنین بە هیواو خولیاکەتان، بەختەوەری بەسەرتان ببەخشینەوە، بۆیە بڕیاری لە سێدارەدان هەڵدەوەشێنینەوەو بڕیاری دوورخستنەوەی هەمیشەیتان بەسەردا دەسەپێنین و ڕەوانەدەکرێن بۆ دوورگەکانی "سەیلان")).

لێرەوە پرچ و ڕدێنیان تاشرا، مەولانا یەحیا عەلی مووەکانی هەڵدەگرت و دەیدواند و دەیوت:

((لە پێناوی خوا ئەمەت بەسەردا هاتووە))

کەسێکی ئینگلیزی بەو پەت و ستوونەوە هەڵواسرا کە بۆ لە سێدارەدانی ئەو موسڵمانانە ئامادە کرابوو.

فەرمان بە بەندکراوان کرا کاری قوڕس بکەن، فەرمان بە مەولانا یەحیال عەلی کرا ئاو هەڵبهێنجێت لە بیر، ئەو دۆڵچەیەی ئاوی پێ هەڵدەهێنجرا زۆر گران و مەزن بوو کە تەنها گەنجە بەهێزەکان بە زەحمەت ئەو کارەیان دەکرد، مامۆستای شێخ بە هۆی خواپەرستی و شەوبێداری و بەندیخانەی دوورو درێژەوە شەکەت و لاواز ببوو، ئەو ڕۆژە ئاسمان بێ گەرد و زۆر گەرم بوو، بەهۆی ماندوێتی خوێن لە میزەڕۆکەی هاتە خوارەوە، بەڵام بەردەوام بوو لە کارەکەی بە خۆڕاگری بێ ناڵاندن و پاڕانەوە لە هیچ یەکێك، دواتر گواسترایەوە بۆ کارێکی ئاسان کە بە دەستپاکیەوە پێ هەڵدەستا و ئامۆژگاری بەندکراوەکانی تریشی دەکرد دەستپاك بن و پێی

دەوتن: مادەم خواردن و جل و بەرگتان لێرە بۆدابین دەکرێت ئەوا بۆچی کارەکەتان بە دەستپاکی و دڵسۆزی بەجێ ناگەیەنن.

شێخ لە بەندیخانەدا بەردەوام بوو لەسەر فەرمان بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە، بانگەوازیشی دەکرد بۆ لای خوا، ئامۆژگاری و ڕێنوێنی خەڵکی دەکرد تا زۆرێك لە تاوانباران تۆبەیان کرد و گەڕانەوە لای خوا.

شێخ لە (ئەنبالە) گوازرایەوە بۆ (لاهور)، یەك ساڵی تەواو لە بەندیخانەی ئەوێ بەسەر برد، تاوانبارو دزو چەتەی ڕێگە و لاساری تێدابوو، شێخ تاوان و گوناهو سەرپێچی لەبەرچاوی ئەوان ناشرین دەکرد، ئایین و لەخواترسان و داوێن پاکی لەبەر دیدی ئەوان دەڕازاندەوە، هانیشی دەدان لەسەر تۆبە و خۆپاك کردنەوە، داوای لەوان دەکرد بۆ یەکتاناسی و بەرپاکردنی نوێژەکان و ڕۆژووگرتن و هۆشداری دەدا لە ئاست سزاو ڕق و کینەی خوا، بەمەش زۆرێك لە دزو ڕێگرەکان تۆبەیان کرد و چاك بوون، ئاینیان بە دڵسۆزی بۆ خوا کرد و دەستیان بە نوێژ کردن کرد.

یەکێك لەو بەندکراوانە کەسێك بوو کە خەڵکی (بلوجستان) بوو، زۆر توندو تیژو بە زەبرو زەنگ بوو، چەندین جار هەڵیکوتابووە سەر خزمەتکاری بەندیخانەکە و بە کۆت و زنجیرەکانی لەوانی داوە، ئەم پیاوە هەڵنەدەستا بە ئەرك و فرمانەکانی، زۆر بەتووندی سزا دراوە، کەچی هەر نەرم و نیان نەببوو، پاسەوانەکانی بەندیخانە لێی بێ ئومێد ببون، جارێکیان وا ڕێکەوت شوێنی مانەوەی ئەو پیاوە کەوتە نزیك شێخ، وتەکانی شێخ کاری

له دڵی ئەو پیاوە کرد، بەمەش ئەو پیاوە باش بوو و وایلێهات کارەکانی دەکرد و کۆت و زنجیرەکانی کرانەوە، دەستی بە بەرپاکردنی هەر پێنج نوێژەکانی کرد و لە ترسی خوا دەگریا، ئەوەی ئەو پیاوەی بینیبا ئەوا گەواهی دەدا کە یەکێکە لە خۆشەویست و وەلییەکانی خوا.

شێخ و هاوەڵانی بەردەوام لە بەندیخانەیەکەوە بۆ بەندیخانەیەکی تر دەگوازرانەوە تا لە هەشتی مانگی دێسەمبەری ساڵی ١٨٦٥ز گەیشتنە (بورت بلیر) لە دوورگەکانی (ئیندمان)، شێخ لەوێ کۆچی دوایی کرد، دوای ئەوەی دوو ساڵی تێدا بردەسەر لە خواپەرستی و دینداری و بانگ کردنی خەڵك بۆ لای خوا، ئەم ڕووداوە لە ساڵی ١٢٨٤ك (٢٠ی فەبرایەری ١٨٦٨) بوو.

سەبارەت بە شێخ محەممەد جەعفەر، ئەوا بڕیاری لێبوردنی بۆ دەرکرا، لە بەرواری بیست و دووی یەنایەری ساڵی ١٨٨٣ز دوای هەژدە ساڵ مانەوە لە بەندیخانە ئازاد کرا.

***

## شەهیدانی پالاکوت دەدوێن[1]

دووبارە دەگەڕێینەوە بۆ قسەکردن لەسەر پاڵاکوت دەڵێین:

لە جەنگی پاڵاکوت کەسانێکی پاك و پوخت شەهید بوون، کە چرای دونیا و فەڕو بەرەکەتی بوون و شانازی ئیسلام و ڕێزوو حورمەتی موسڵمانان و پاڵفتەی جوامێری و بوێری و ڕاستگۆیی و دەستپاکی و داوێنپاکی و لەخواترسان بوون، دەستگربوون بە سوننەت و شوێنکەوتنی شەڕع و پاراستنی جوامێری ئایین و پاڵەوانێتی ئیسلامی کە گوشراوی چەندین گوڵ و گوڵزاری فرەجۆر بوون لەم وڵاتە فراوان و جوانە، لە توانایاندا بوو مێژوویێکی نوێ بۆ موسڵمانان دروست بکەن و دەرگای سەردەمێکی بەختەوەرو گەشەسەندوویان بۆ واڵا بکەن، لەوانە بوو هەموو دونیا بوندارو بۆنخۆش بووبا بە تیشك و تریفەکانی ئەگەر بۆ مایەوەیەك مابانەوە، بەڵام بەداخەوە ئەم بۆنە خۆشە ڕژێنرایە سەر زەوی و لە ناو گڵی پاڵاکوت پێشێکرا و بەفیڕۆدرا لە ڕۆژی بیست و چواری زولقەعدەی ساڵی ١٢٤٦ك، وایلێهات بەرپاکردنی دەوڵەتی شەڕعی و حوکمی ئیسلامی لەسەر

---

(١) بەشێکە لە بەشەکانی کتێبی (ژیاننامەی سەید ئەحمەدی شەهید، ب ٢) لەلایەن دانەرەوە نووسراوە، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەربی بەهۆی ئەو داواکاریەی لەلایەن کوڕە برای دانەر مامۆستا محەممەد حەسەنی سەرنووسەری گۆڤاری (ڕابوونی ئیسلامی) ئاڕاستەی دانەر کراوە. بۆ ئەوەی ببێتە کۆتایی کتێبەکە.

ڕێبازی پێغەمبەرو جێنشینایەتی ڕێنوێنی کراو بووە خەونێکی زۆر دوور یان چەشنێك لە ئەندێشە و خەیاڵ.

بێگومان خاکی پاڵاکوت تێر بوو بە خوێنی پاك و بێگەرد کە پیس نەببوو بە دونیا و پاشماوەکانی، بەڵکو سەربەرز بوو و خۆی ڕازاندەوە بە شەهیدەکان بەشێوەیەك کە دیمەنی وامان لە سەدەکانی دواییدا بەدی نەکردووە، لە دڵسۆزی و خوایی بوون و ورە و جوامێری و پاڵەوانێتی و نەبەردی و بوێری و زیرەکی و سۆزی تێکۆشان و خولیای شەهید بوون، ئەوەی ئەمڕۆ پێ بنێتە سەر ئەو ناوچە شاخاویە مەترسیدارە و لەبەر مەبەست و پێداویستییەکی ئەم دۆڵ و شیوانە ببڕێت، ئەوا ناتوانێت ئەندێشەی ئەوە بکات کە ئەم دۆڵە چەند گەنجینە و خەزێنەی بەهادارو گرانبەهای لە ناخ و باوەشی خۆیدا هەڵگرتووە لە خۆشەویستان و شەهیدان، هەروەها ئەم شیوە چی لە دوو توێی خۆیدا حەشارداوە لە سەرمایەی گرانبەها لە بەرزکردنەوەی وشەی خواو خۆشەویستی پاك لە پێناوی خوا.

بەڵێنیان بەخوادا لەسەر ئەوەی تێدەکۆشن تا دوایین هەناسە و دواساتەکانی ژیانیان، بۆ بەرز ڕاگرتنی وشە و دەرخستنی ئایین و بەرزکردنەوەی ئاڵاکەی و جێبەجێ کردنی شەریعەت و بڵاوکردنەوەی ڕێنوێنی و ڕووناکییەکەی هەر چەندە هاوبەشدانەران پێیان ناخۆش بێت، بەڕاستی ڕاستگۆ بوون لەگەڵ ئەو بەڵێنەی بەخوایان دابوو، بەردەوام بە حەزو خولیا و گەرم و گوڕییەوە تێدەکۆشان، هیچ شتێك ورەی ئەوانی خاو

نەدەكردەوە تا دوا هەناسەكانیان و قوربانی دانیان بە خوێنە پاك و بێ گەردەكەیان، ئای لەو ڕووداوە، لەوانەیە شەوی بیست و پێنجی زولقەعدە یەكەم شەو بووبێ كە تیایدا خەوتبن بە ئارامی و هێمنی و ڕزگاریان بووبێ لە قورسایی سەرو گێلاك و كۆتی جەستەكانیان، ئای لەم ئازاد بوونە!

ئەوان دوای ئەوەی نیشانەی شەهید بوونیان لەسەر سینە نەخشێنرا ئەوا گەڕانەوە لای پەروەردگاری ڕێزداریان، ئەو خوایەی كە گرنگی نادات بە هاتنەجێی ئومێد و ئامانجەكان و دەرەنجامی هەوڵ و كۆششەكان، سەركۆنە نابەشێتەوە لەسەر تێكشكان و شكست، لێپێچینەوە ناكات لەسەر شكست هێنان لە دروست كردنی دەوڵەت و بەرپاكردنی حوكمڕانی و دانانی سیستەم و ڕزگاركردنی وڵاتان، خوای مەزن تەنها سەیری دوو شت دەكات:

ڕاستگۆیی و دڵسۆزی، بەكارهێنانی ئامرازەكان و خەرج كردنی هەوڵ و كۆششەكان.

بەڕاستی دەركەوت كە شەهیدانی پاڵاكوت هەموو هەوڵ و كۆششیان دا بە بەخشینی گیان و دارایی و بەكارهێنانی ئامرازو لێهاتوویيو تواناكانیان بە دڵسۆزی و ڕاستگۆیی، تا سەربەرزی دین و دونیایان دەست خست، ڕەزامەندی خواو خەڵكیان بەدەستهێنا.

ئەو خوێنانەی لە خاك و گڵی پاڵاكوتدا ڕۆیشتنە خوارەوە لەبەر چاوی هەمووان ئەوا هیچ شوێنەوارێكی نەماوە، ئەو خوێنەی كە هیچ دەوڵەتێكی نەهێنایە بوون و هیچ ئوممەتێكی دروست نەكرد، هەروەها هیچ خەونێكی

نەهێنایەدی، لەگەڵ ئەوەشدا پێگەی بەرزترو نرخ و بەهای زیاترە لە تەرازووی دادی خوایی لە دەوڵەتێکی مەزنی زلهێز و ئیمپڕاتۆریەتی گەورە، بەڕاستی ئەم تێکۆشەرە هەژارە نامۆیانەی گیانی خۆیان کردە قوربانی لە پێناوی شتێك جگە لە نیشتمان و وڵاتی خۆیان بێ هاریکاری و پشتیوانی ئەوا لای خوا ڕێزدارو بە حورمەتترن لە پاشا لوتبەرزەکان کە جڵەوی حوکمڕانی ئیمپڕاتۆریەتیان بەدەستەوە بووەو حوکمەتیان دروست کردووەو ئەوانەی کە خوای گەورە لەبارەیانەوە وتویەتی: ﴿وَإِذَا رَأَيْتَهُمْ تُعْجِبُكَ أَجْسَامُهُمْ ۖ وَإِن يَقُولُوا تَسْمَعْ لِقَوْلِهِمْ ۖ كَأَنَّهُمْ خُشُبٌ مُّسَنَّدَةٌ﴾ المنافقون. واتە: (کاتێك دەیانبینیت سیما و لەش و لاریان سەرسامت دەکات، کاتێکیش دێنە قسە _ ئەوەندە دەم بازو قسەزانن _ گوێ دەگریت بۆ قسەیان، دەڵێی داری وشکی بەدیواردا هەڵپەسێرراون).

گومان لەوەدا نییە کە خوێنی شەهیدانی پاڵاکوت هیچ گۆڕانکارییەکیان نەهێنایە کایە لە نەخشەی سیاسی و جوگرافی جیهاندا، ئەم هێڵە ناسکەی خوێن کە ڕژایە گۆشەیەکی بچوکی زەوی ئەوا هیچ شوێنێکی دەست نەکەوت لە ئەتڵەسی سروشتی و مێژووی سیاسیدا، بەڵام کێ دەزانێ پێگە و پلەوپایەی ئەم خوێنانە چییە و چەندە لە تۆماری قەزاو قەدەردا، ڕێزو حورمەتی چەندە لای خوای زاڵ و بە توانا؟ دەبێ چەند لەکە و نیشانەی سەرشۆڕی سڕیبێتەوەو هۆکارێکیش بووبێت لە بەرپا بوونی هەندێك بڕیارو سڕینەوەی هەندێکی تر لای خوا: ﴿يَمْحُوا اللَّهُ مَا يَشَاءُ وَيُثْبِتُ ۖ وَعِندَهُ أُمُّ

ٱلۡكِتَٰبِ ﴿٣٩﴾ الرعد. واته: (خوا ویستی نەمانی لەسەر هەر چییەك بێت، لە ناوی دەبات و دەیکوژێنێتەوە یان دەیهێڵێتەوەو پایەداری دەکات، سەرچاوەی تۆمارکراوی هەموو ڕووداوەکان لای ئەو زاتەیە). نامۆ نییە کە ئەم خوێنە بووبێتە لە ناوچوونی دەوڵەتێکی بەهێزو زاڵ و مایەی بەخشینی سەرکەوتن و گەشە بە گەلێکی هەژار، بەهۆی ئەم خوێنە ئەستێرەیەك هەڵاتبێت و یەکێکی تری پێ ئاوا بووبێت، شتێکی دوور نییە کە شتە ئەستەمەکانی ئاڵوگۆڕ کردبێت، خەملاندن و پێوانەکان درۆیان کردبێت، زانستی هەموو ئەو شتانە لای خوایە، لە توانای مرۆڤدا نییە شوێنەواری ئەم خوێنانە بخاتەڕوو تەنها بە عەقڵ و ژیری.

هەر یەکێك لە شەهیدانی پاڵاکوت دەدوێت و دەڵێت: ﴿قَالَ يَٰلَيۡتَ قَوۡمِي يَعۡلَمُونَ ﴿٢٦﴾ بِمَا غَفَرَ لِي رَبِّي وَجَعَلَنِي مِنَ ٱلۡمُكۡرَمِينَ ﴿٢٧﴾﴾ يس. واته: (خۆزگە گەلەکەم بیانزانیایە سەرەنجامی ئیمان چۆنە و کەوتوومەتە ناو چ نازو نیعمەتێکەوە. بەهۆی ئەوەوە پەروەردگارم لێم خۆشبووەو خستمیە ڕیزی ڕێزلێگیراوانەوە). بە زمانی حاڵیان دەڵێن: ئێمە تێکۆشاین بۆ ئەوەی موسڵمانان هەلێکی باش و کەش و هەوایەکی چاك بەدی بکەن بۆ بەرپاکردنی دروشمەکانی خواو تیایدا ژیانی ئیسلامی بە ڕاستترین شێوە نمایش بکەن، بتوانن شەرعی خوا بکەنە دادوەرو یاسا و بڕیارەکانی پیادە بکەن بەسەر بەندە و وڵاتدا، نموونەیەکی بەرزو زیندوو پێشکەش بکەن بۆ کۆمەڵگەی ئیسلامی، بەمەش پشتگیرو پشتیوان بۆ ئیسلام پەیدا بکەن،

بەلگە بەرپا بکەن لەسەر شایستەیی و نەمری ئیسلام، کۆمەلگەیەکی ئیسلامی ئازاد بێت کە شەیتان ڕابەرایەتی نەکات و هیچ دەسەلاتدارێك خۆی بەسەریدا نەسەپێنێت، داب و نەریتی نەفامی بڕیاری تێدا نەدەن: ﴿وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِ ۝٣٩﴾ الأنفال. واتە: (ئایین و بەرنامە هەمووی بۆ خوا بێت)، کۆمەلگەیەك دەرگاکانی بخاتە سەر پشت بۆ گوێڕایەڵی و خواپەرستی و دەروازەکانی دابخات بەڕووی لاساری و خراپەکاری، وەك بەجێبەجێ کردنی ئەم ئایەتە: ﴿ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُواْ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَنَهَوۡاْ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ ۝٤١﴾ الحج. واتە: (ئەوانەی کە ئەگەر پایەدارمان کردن لە زەویدا نوێژو دروشمەکانی بە چاکی ڕادەگرن، زەکاتیش بە تەواوی دەدەن، فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە دەکەن).

خوای گەورە شەهید بوونی بۆ ئێمە داناوە لە پێناوی ڕەزامەندی خۆیدا لە بەرامبەر دەستەبەرکردنی ئەم هیوایە بایەخدارە و سەرکەوتن لە دونیادا، ئێمەش بە بڕیاری خوا ڕازین، بە حوکمەکەی ئاسوودەین، بە بەخششەکەی دڵخۆشین، ئەگەر خوای گەورە وای بۆ ئێوە بڕیاردا کە هەلێکتان بۆ بڕەخسێنێتەوە بۆ گێڕانەوەی ژیانی ئیسلامی و بەرپاکردنی کۆمەڵگەی موسڵمان، لە نێوان ئێوەو بەرپاکردنی شەرعی خوا هیچ دەوڵەتێك یان زاڵبووێکی بیانی نەبۆتە ڕێگرو پەرچ لە نێوانتاندا، سەرباری ئەمە هەر پاشەکشەتان کردن لە گۆڕەپان و ئەو ئەرکەتان بەجێ نەهێنا و پشتتان

هەڵکرد، ئەو مەرج و سیفەت و خەسڵەتانەتان فرێدا کە کۆچبەران و لاوازەکان پێی جیابببوونەوە لە سەردەمی ڕابوون و پایەداربوونیان، ئەوا ئەم کارەتان بە ناشرین دانانی جوان و ناسوپاسگوزاری و کوفرە بەرامبەر بە نیعمەت و شکاندنی پەیمانێکە لەوانەیە بەڵێن شکاندنی لەو شێوەیە لە مێژوودا کەم بێت.

ئەو خوێنانەمان کە بە سەخاوەت و دەستکراوەییەوە لە گۆڕەپان و مەیدانەکانی قوربانی دان و فیداکاریدا بەختمان کرد، لە دیمەنی پاڵاکوت لە دوایین وێستگەدا ڕشتمان ئەوا واژوو و بەڵگەنامەن لەسەر تێکۆشان و شەهید بوونمان، ئەو شوێنە هەمووی گۆڕستانی شەهیدانە، ئێوە ساتێك بە هەوڵێکی سادە و ساتێکی تر بە جوڵاندنی خامە ڕووبەری فراوان و سەوزو جوانتان دەست خستووە لە زەوی، بەڵکو هەندێك جار دەوڵەتی بەدەسەڵاتتان پێدراوە لەلایەکەوە: ﴿ ثُمَّ جَعَلۡنَٰكُمۡ خَلَٰٓئِفَ فِي ٱلۡأَرۡضِ مِنۢ بَعۡدِهِمۡ لِنَنظُرَ كَيۡفَ تَعۡمَلُونَ ١٤ ﴾ يونس. واتە: (پاشان ئێوەمان کردە جێنشین لە زەویدا لە دوای لە ناوبردنی ئەوان، تا ببینین ئێوە چی دەکەن و چۆن دەکەن). ئەگەر ئەم فرسەتە کە هەڵکەوتووە نەقۆزنەوەو ئەم ئازادیە و ئەم گوێزرانەوەیە بکەنە ئەسپێکی ڕاهێنراو بۆ بەدەستهێنانی حەزەکانتان و ئامرازێك بۆ جێبەجێ کردنی هەواو هەوەسەکانتان، حوکم و شەریعەتی ئیسلامتان بەرپا نەکرد لەسەر خۆتان و هۆزو گەلەکەتان، وایلێهات حکومەت و دەوڵەتەکەتان جیاوازی نەبوو لەگەڵ دەوڵەتە بیانی و عەلمانییەکان لە شارستانی و

مەدەنیەت و یاسا و ڕێسا داناندا، دەسەڵاتدارەکانتان جیاواز نەبوون لەگەڵ ئەو حوکمڕانانە لە ڕەوشت و هەڵسوکەوتدا، هەروەها لە بواری ڕۆشنبیری و پەروەردەدا، ئەوا هیچ پاساوێکتان پێ نامێنێت لە بەردەم گەلانی جیهان کە لە ململانێیەکی بەردەوام دابوون لەگەڵیان بە ناوی ئیسلام، هەروەها هیچ بیانویەکتان لە هەمبانەدا نابێت لە خزمەت پەروەردگاری جیهان لە ڕۆژی دواییدا، کە لەسەر ورد و درشت لێپێچینەوەتان لەگەڵ دەکرێت.

خوای گەورە هەلێکی بۆ ئێوە فەراهەم کردووە کە ئێمە نەمانبووە، هەلێکی زێڕین کە سەردەم زۆر بەدەگمەن شتی وا دەبەخشێت، فرسەتێك شەو و ڕۆژ بەسەر یەکدا بازیان داوە بۆ پێگەیشتنی، مێژووی ئیسلامی بۆ ئەم هەلە هەزاران لاپەڕەی هەڵداوەتەوە، ژمارەیەکی بێ ئەندازە لە کەسە پاك و دەروونە بێگەرد و ورە بەرزو جوامێرەکان لە دوو توێی ئەم ئومێدە هەنگویناویە و خەونە خۆشەکانیدا ژیان، بەڵام دونیایان جێهێشت بەر لەوەی بگەنە ئامانجەکەیان و بەرهەمی خۆیان ببینن، جا ئەگەر ئەم فرسەتە بەهادارەتان بەفیڕۆدا، فرسەتی وێناکردنی ژیانی قەشەنگی ئیسلامی بە جوانترین شێوەو واتاکانی و ڕوونترین شێوازەکانی، ئەوا ئەمە کارەساتێکی مەترسیدار دەبێت لە مێژوودا و مەرگەساتێکی بە ئێش و ئازار دەبێت کە پشت شکێن دەبێت و هیواو ئاوات لە دڵ و دەروونەکاندا ڕیشەکێش دەکات.

ئەو شەهیدانەی کە بە شێوەیەکی ئارام دەخەون لە گۆشەیەکی بچوکی ئەم گوندە شاخاویە دوورە لە (پاڵاکوت) ئەمڕۆ بۆ گەلانی ئیسلامی دەدوێن

كە ئازادیان بەدەستهێناوە، سەربەخۆییان پێبەخشراوەو جڵەوی ڕێبەری خۆیان بەدەست خۆیانە و دەڵێن:

﴿ فَهَلۡ عَسَيۡتُمۡ إِن تَوَلَّيۡتُمۡ أَن تُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَتُقَطِّعُوٓاْ أَرۡحَامَكُمۡ ٢٢ ﴾ محمد.

واتە: (ئایا ئێوە بەتەمان ئەگەر لە غەزا پشت هەڵبکەن یان دەسەڵاتتان کەوتە دەست، تۆوی ئاژاوەو گەندەڵی و خراپە بچێنن لە زەوی و هەرچی پەیوەندی خزمایەتی هەیە بپچڕێنن و لەناوی ببەن).

***

# سەرنجێکی گشتگیر سەبارەت بە ژیانی

# سەید ئەحمەد عیرفانی شەهید

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

# سەید ئەحمەد عیرفانی شەهید لە دایکبوونیەوە تا شەهید بوون

١٢٠١ك _ ١٢٤٦ك

١٧٨٦ز _ ١٨٣١ز

**(ئامادەکردن و پوختەکردنی: سەید موحەممەدی دووەمی حەسەنی، سەرنووسەری گۆڤاری "ڕیزوان" کە لە "لیکەهنو _ هیند"ەوە دەردەچێت. گواستنەوەو بەعەرەبی کردنی: وازیح ڕەشید حەسەنی نەدەوی).**

- **هیند لە سەدەی سێزدەمدا:**

لە سەدەی سێزدەمی کۆچیدا (کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەم و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەمی زایینی) هیند گەیشت بووە سەر کەنارو لێواری داڕووخانی سیاسی و ئاینی و ڕەوشتی، گۆچانەکەی مەغۆڵ پەرت ببوو، هیند یان هەمووی ملکەچی کۆمپانیای خۆرهەڵاتی هیندی بوو یاخود ژێردەستی هاوپەیمانەکانی بوو، سەبارەت بە پارچە دوورەدەستەکانی هیند ئەوا لە ژێر دەستی دەرەبەگ و میرو نوێنەرەکان دابوون، کە بە خۆشی یان ناخۆشی ملکەچی ئینگلیز بوون، ناوچەکانی خۆیان دەدایە دەست ئینگلیز، دوا پاشای مەغۆل:

پاشا عالم (كه سەيد ئەحمەدی شەهيد له سەردەمی ئەودا له دايك بوو) تەنها بەناو پاشا بوو، هيچ توانا و هێزێكی نەبوو، دەستی نەدەڕۆيشت، جا سەرجەم ئەو شوێنانەی دەكەوتنه نێوان باشور تا دهلی كه حكومەتی (حەيدەر ئاباد)ی تێدابوو لەژێر به بەزەيی مەرهەتييەكاندا بوو، سيخەكانيش حوكمڕانی ئەو شوێنانەيان دەكرد كه دەكەوتنه نێوان (پەنجاب) تا (ئەفغانستان) و بەشی باكورو ناوەندی هيند بێ مەترسی نەبوو له هەمبەر داگيركاری هيند، دهلی و دەوروبەری جار دوای جار دووچاری هێرش و پەلامارەكانی سيخ و مەرهەتييەكان دەبوونەوە، ڕێزو مەزنی سياسی موسڵمانان له دڵ و دەروونەكان دەرچووبوو، سەركردەيەكيان نەبوو كه ڕيزی يەكبخات و هێزيان كۆ بكاتەوە، بۆيه شڵەژان و ئاشوب باڵيان كێشا، ناخۆشی و چەرمەسەريەكان يەك له دوای يەك بەسەرياندا دەهاتن كه زياتر ئەوانيان دەچەوساندەوەو لاوازتر دەكرد.

بارودۆخی داڕوخانی لايەنی ڕەوشتی موسڵمانان له وڵاتدا بووه هۆی بڵاوبوونەوەی ژيانی پڕ له خراپەكاری و ڕووت و قوتی، داب و نەريتی زۆر ناشرين هاتنه ناو شارستانيەت و ڕۆشنبيريەكەيانەوە، خۆيان بەم نەريتانه هەڵدەكێشا و فيزيان پێ لێدەدا و خواردنەوەی مەيی ببووه شتێكی ئاسايی، موسڵمانان به قێزەونيان دانەدەنا، شوێنەكانی ڕابواردن و شايی و سەما بەگشتی وڵاتی تەنی بوو، خەڵك به دەوڵەمەند و هەژارەوە خۆيان ڕەنگ كرد بەم بۆيه، وايان لێهاتبوو

ببوونە نێچیری گەندەڵی ڕەوشتی، دەکرێ ئەندازەی ڕۆچوونی خەڵك لە گۆمی داڕووخانی ڕەوشتی و لادانی هزری و خاوبوونەوەی نەتەوەیی بپێوریت و هەڵبسەنگێنریت بەوەی ژمارەیەك لە ئافرەتی موسڵمان لە دوکانی بازرگان و دەسەڵاتدارە ئەوڕوپاییەکان بوون بەر لەوەی پێی ئینگلیز بە تەواوی لەسەر خاکی هیند بچەسپێت و هاوبەشدانان و شتە داهێنراوەکان وڵات دابگرن، ئەو ئافرەتانە بەرنامەیەکی تایبەتیان بۆ خۆیان دانا بۆ پیرۆزگرتنی گۆڕو مردووەکان، شێخ و پیاوانی ئاینی لە دڵی ئەو ئافرەتانەدا وەك قەشە و زاناکانی جولەکە و نەصرانیەکانیان لێهات، ئەوەندە ئەوانەیان بە پیرۆز دادەنا بە هاوشێوەی ئەوەی چۆن هاوبەشدانەرە عەرەبەکان خواکانیان بە پیرۆز دەگرت، داب و نەریت و ڕێوڕەسمی هیندۆس و شیعەکان خزایە ناو ژیانی پەیڕەوانی سوننە، وەك بەشێکی جیا نەبووەوەی لێهات، کارکردن بە قورئان و سوننەت خەریك بوو بە تەواوی پووچ ببێتەوە، زۆر کەم بایەخیان پێدرا، خەڵکی مارەکردنی بێوەژن و بەشدار پێکردنی کچەکانیان لە میراتدا بە ناپەسەند دەزانی، لە زۆرێك لە شوێنەکاندا سڵاوکردنیان بەپێی ڕێبازی سوننەت فەرامۆش کرد، هەروەك چۆن هەندێك لە زانایان فەرزی حەجیان پەکخست، کە یەکێکە لە گرنگترین بنچینەکانی ئیسلام، بە پاساوی مەترسیداری گەشت و شڵەژانی سیستەم، وایلێهات قورئان بۆ

ئەوان ببووە مەتەڵێك کە لێتێگەیشتنی تەنها تایبەت کرابوو بە زانایان.

بەڵام سەرباری باووبوونی ئەم بارودۆخە، ناکرێت بوترێت: تاریکایی تەواو هیندی داپۆشیبوو، داماڵرابوو لە چاڵاکی سیاسی و گەرم و گوڕی ئیمانی، لە سەدەی سێزدەم بە تەواوی داماڵرابوو؛ شوێنەوارەکانی ژیان و تیشکەکانی ڕووناکی پەردەی ئەو داڕووخانەی بڕی بوو کە دەوری هیندی دابوو، سەرەتای سەدەی سێزدەم یەکێك بوو لە گرنگترین سەردەمەکانی مێژووی ئیسلامی لە هیند، بەلەبەرچاو گرتنی کەسایەتییە دیارەکان، ئەوا ئەم سەدەیە هەمان ئەو خزمەتگوزاریانەی هەبوو لە کەسایەتییەکان کە لە سەدەکانی پێشوودا هەبوون، ئەم سەدەیە کۆمەڵێك کەسایەتی هێنایە دونیا کە پایەبەرز بوون لە زانست و ئایین و ژیری و شارەزایی فراوان لەبارەی قوڕئان و سوننەت و زیرەکی و لێوەشاوەیی و توانای سروشتی چەسپاو لە ناخدا و کارامەیی زانستی و وانە وتنەوەو خوێندن و دانان و نووسین و مەلەکردن لە زەریای زانست و شیعرو وێژە و خواناسی و پاکسازی دەروون و زانستەکانی تر کە تیایدا تاقانە بوون، سەرباری هەژاری ئەم سەردەمە لە پیاو و کەسی ژیر ئەوا بەتاڵ نەبوو لەو کەسانەی ئاینخواز بوون و ڕێزو حورمەتیان دەزانی، لە زۆر شوێندا تۆڕی قوتابخانە و پەیمانگەی زانستی ئاینی و ناوەندی پەروەردەی ڕۆحی هەبوو، زانایان لە شارە جیاوازەکانی وڵاتدا

هەڵدەستان بە بڵاوکردنەوەی زانست و ئایین و دانان و نووسین، زۆر خۆیان تێدا ماندوو و شەکەت دەکرد و پشتیان لە هەموو کارەکانی تر دەکرد، قوتابخانەکانی ئاوەدان بوون بە زانستەکانی ئایین و ناوەندەکانی پەروەردەی ڕۆحی و گۆشەکان پڕ بوون لە دڵی تێنوو بۆ پەروەردەی ڕۆحی، هەر یەکێك لە گەورە پیاوانی وانە وتنەوەو ڕێگای بەرەو خواچوون بە تەنها قوتابخانەیەکی ئاوەدانی پێکدەهێنا و گۆشەیەکی سەربەخۆی دروست دەکرد، جاری وابوو ناوەندی زانستی و ڕۆحی لە یەك شوێندا کۆدەبوونەوە.

گومان لەوەدا نییە کە ئەم ناوەندە مەزن و سەروەتە زانستی و ئاینیە کە بە هەوڵ و کۆششەکانی پێشینان دروست بوون، داکشانیان بەسەردا دەهات بەتێپەڕ بوونی ڕۆژو ساتەکان، چونکە پێویستی بە خوێن و هێزی نوێ هەبوو، دەرگای خوێن و هەناسەپێدان داخراو بوو، سەرباری بوونی گونجاوی دیارو توانای زۆر مەزن، بەڵام هیچ ڕێگەیەکی بەدی نەکرد بۆ بڵاوکردنەوەی تیشکەکانی و ڕووناکیەکەی، خەسڵەتە بەرزەکانی وەك: بوێری و نەبەردی و ورە بەرزی و جوامێری و هەستی ئاینی و سەربەرزی بەکاردەهێنران بۆ دەستەبەرکردنی مەبەست و ئامانجی زۆر بێ نرخ، چونکە ژیانەکە بێ ئامانجێکی باڵا بوو، ئاڕاستەیەکی سەلامەت نەبوو بۆ ئاڕاستەکردنی هیمەت و تواناکان، حەزو خولیا و ئارەزووەکان بەرەو ئاڕاستەیەکی هەڵە ڕێنوێنی کرابوون، ئەو ئاڕاستەیەی کە بنیادنەر

نەبوو.. ڕەوڕەوەی ژیان لە ڕێڕەوی ڕاست و دروست لایدابوو، هیچ داوەبەنێك نەبوو بۆ بەستنی گەوهەرو مرواری و مەرجانەکان، وایلێهات ژیان بەتاڵ بوو لە جوڵەی بەسوود و کەڵکدار.

لە وێنەی ئەم بارودۆخەدا ژیان پێویستی بە کەس یان کۆمەڵێك هەبوو کە ڕەوڕەوەی ژیان بخاتە سەر ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی و سەروەت و سامانی ئاینی بقۆزێتەوەو لێهاتووییە زانستییەکان بەکاربهێنێت بەشێوەیەکی ڕاست و سوودبەخش و بەرهەمدار، گیانی گۆشەکان و زانستی قوتابخانەکان بژینێتەوەو ڕووناکیەکەی بەسەر هەموو شوێنەکانی وڵاتدا بڵاو بکاتەوە، جا ئەوەی بچێتە باوەشی ئەم گۆشانە و هاووێنەی ئەم قوتابخانە گەڕۆکانە ئەوا دەبێتە ئەسپسواری زانا و خواناسی تێکۆشەر، سەرلەنوێ گلێپەی ئیمان دادەگیرسێنێتەوە، گەرمایی دەگەڕێنێتەوە بۆ دڵە ساردو سوڕەکان، گیانی ڕاپەڕین بەبەر جەستەی مردوودا دەکات و سوربوون لەسەر دەستخستنی زانستی ئایین دێنێتەوە ژیان، هەستی ئایین پەروەری لە نزمترین پلە دێنێتەوە سەر سەکۆی لوتکە، لێهاتووی سروشتی و توانای موسڵمانان بەرەو ئاڕاستەی سەلامەت ڕێنمایی دەکات بە بیرتیژی و دووربینی و کەسایەتیە بەهێزەکەی، بە سووك سەیری هیچ شتێك ناکات ئەگەرچی شتەکە بێ نرخیش بێت، هەر تۆوێك لە زەخیرە و توێشووی ئوممەت بەگەڕدەخات و هەر خشتێکی بەکاردێنێت بۆ بنیاتنانی کۆشکەکەی سەرلەنوێ، هەر یەکێك ئەم سیفەتانەی هەبێت

ئەوا لە فەرهەنگی ئیسلامیدا بە پێشەوا دادەنرێت، لە نێوان پیاوانی سەدەی سێزدەم و زانا ناودارەکان و گەورە سەرکردەکان سەید ئەحمەدی رائی بریلوی ئەم پێگەیەی گرت، ئەم کتێبە پێکهاتووە لە پوختەیەك لە بارو خەسڵەت و ورە بەرزی و تێکۆشان و کاریگەری و بەهێزی پەروەردەکەی، هەروەها ژیانەکەشی لەخۆ دەگرێت کە ئارامی و جێگیری بەخۆیەوە نەبینیوە.

- **خانەوادەکەی:**

شێخی ئیسلام قوتبەددین محەممەد مەدەنی کوڕی ڕەشیدەددین کە باپیری دوازدەمی موحەممەدی (ذو النفس الزكية)ی کوڕی عەبدوڵای مەحزی کوڕی حەسەنی (موسەننا)ی کوڕی حەسەنی کوڕی ئەبو تالیب (ڕەزای خوای لێبێت) بوو، شێخی ناوبراو زانا و خواناس بوو، خاوەن و ورە و هیممەت بوو، لەگەڵ زانست و لەخواترسانەکەی خوای گەورە خەسڵەتی بوێری و گەرم و گوڕی تێکۆشانی پێبەخشیبوو، بە ڕێگەی (غەزنەین)دا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەران هاتنە هیند، دوای زاڵ بوونی بەسەر چەندین شوێندا ناوچەی (کەرە)ی لە ویلایەتی (ئیلاە ئاباد) ڕزگار کرد و لەوێ نیشتەجێ بوو، لەوێش کۆچی دوایی کرد و گۆڕەکەی هەر لەوێیە، خوای گەورە لەگەڵ سەیدایەتی و میرنیشینایەتی زانست و پلەوپایە و دونیانەویستی و لەخواترسانی بەخشییە منداڵەکانی سەید

قوتبەددین، یەکێك لە زانا پایەبەرزو پەروەردەکارە مەزنەکان لە سەردەمی ئیمپڕاتۆر (عالم کیر) کە شوێنکەوتوو و قوتابی زۆری هەن لەسەر دەستی سەید قوتبەددین پێگەیشت، سەید ئادەم بنوری کە یەکێك بوو لە گەورە جێنشینەکانی شێخ ئەحمەد سەرهەندی کە ناسراوبوو بە (نوێکەرەوەی هەزارەی دووەم) مۆڵەتی پێدا، سەید قوتبەددین زۆر لەخواترس و شوێنکەوتووی سوننەت و دونیا نەویست و خواناس بوو، لە ساڵی ١٩٠٦ك = ١٦٨٤ز کۆچی دوایی کرد، لەو گۆشەیەدا نێژرا کە لە رائی بریلی بنیاتی نابوو.

- **لەدایکبوونی:**

سەید ئەحمەدی کوڕی سەید عیرفانی کوڕی سەید محەممەد نور لە پێنجی مانگی صەفەری ١٢٠١ك _ ١٧٨٦ز لە دایك بوو، چوار ساڵی تەمەنی تێپەڕ نەکردبوو خرایە بەر خوێندن، بەڵام سەرباری هەوڵ و کۆششەکەی ئەوا حەزی لە خوێندن نەبوو، هیچ پێشەنگیەکی لە خوێندندا تۆمار نەکرد، هەر لە تەمەنی منداڵیەوە ئاڵودەی یاری و ئەسپ سواری و وەرزش بوو، کاتێك هێزو وزەی هاتەبەرو پێگەیشت خزمەتی خەڵکی کردە ئامانجی خۆی، خولیای ئەو کارە بوو، کاری وای دەکرد کە گەورە خواناسان دەستەوەسان بوون لە ئاست ئەنجامدانی، هیچ فرسەتێکی لەکیس نەدەدا لە خزمەتکردنی بێوەژنەکان، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر خۆی ماندوو دەکرد

له خواپەرستی، چەندین کاتژمێری بەڕێدەکرد له وردبوونەوەو یادی خوا و سوپاس و ستایش کردنی له بەیانیان و ئێواران، دواتر دەستی دەکرد به مەشقی وەرزشی فرەجۆر بۆ پەروەردەی جەستەیی، زۆر چاك مەلەوانی دەکرد، کاتێکی زۆری له ناو ئاودا بەسەر دەبرد.

- **گەشت کردنی بۆ لیکەهنو لەپێناو دەستخستنی ڕزق و ڕۆزی:**

باوکی سەید که ناوی محەممەد عیرفان بوو کۆچی دوایی کرد، له کاتێکدا سەید تەمەنی دوازده ساڵ بوو، بارودۆخەکه وایخواست که بەرپرسیارێتیەکانی ماڵی خۆی بگرێتەئەستۆ، بیر له دەستخستنی تێشوو و ڕۆزی بکاتەوە، لەگەڵ حەوت کەس له خزمەکانی له تەمەنی شازدهساڵیدا ڕۆیشتنه لیکەهنو له پێناو ڕۆزیدا، لیکەهنو نزیکەی ٧٢ کیلۆ مەتر له رائی بریلیەوە دووره، هیچ بەرنامه و ئامرازێکی گواستنەوە نەبوو، یەك وڵاغی سواریان لابوو، هەر یەکێك به نۆبەت سواری دەبوو، ئەگەر نۆبەتی شێخ ئەحمەد هاتبا ئەوا دەیدایه یەکێك له خزمانی و سور دەبوو لەسەر سواربوونی، بەخۆشی بەپێ دەڕۆیشت، هەموو ماوەکەی بڕی وەك خزمەتکار شتومەکی ئەوانی هەڵگرتبوو، گەیشته لیکەهنو، ئەو کاته لیکهەنو لەژێر حوکمڕانی (نواب سەعادەت عەلی خان)دا بوو که جێنشینی (نواب شجاعی دەوڵەت) بوو، نواب سەعادەت خاوەن هیمەتێکی بەرزو توانایەکی بەهێزی کارگێڕی بوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا خەڵك

دەیننالاٌند بەدەست بێکاریی و نەهامەتییەکی گشتییەوە جگەلە هەندێك دەرەبەگ و بازرگان نەبن کە حاڵیان خۆش بوو.

هاوڕێکان پەرت بوون بەدوای قووتی ژیان، زۆر شەکەت بوون لە کارەکانیاندا، گوزەران سەخت بوو و هەلەکانی کار فەراهەم نەببوون، دوای ماندووبوون و هەوڵێکی زۆرەوە کاسبیان دەستنەدەکەوت و سەرقاڵ بوونیان لە تەواوی ڕۆژدا تەنها بۆ زگ تێر کردن و ڕاوەدوونانی برسێتی بوو، سەبارەت بە سەید ئەحمەد، ئەوا میوانی یەکێك لە دەوڵەمەندەکان بوو، کە ڕێزی زۆریان بۆ خانەوادەی سەید هەبوو، بە چاوی ڕێزو حورمەت و شکۆوە بۆی دەڕوانی، هەر کاتێك سەید خواردنی هاتبا ئەوا دەیدایە هاوڕێکانی و خۆی تەنها پاشماوە زبرەکەی دەخوارد و بەس.

- **لە خزمەت شێخ عەبدولعەزیزدا:**

سەید چوار مانگی بەم بارودۆخە بەڕێکرد، ڕۆژێکیان والی لیکەهنو ڕوویکردە ناوچەی شاخاوی بۆ ڕاو، ئەوەی سەید ئەحمەدی میوان کردبوو ئەویش لەگەڵ والی چوو، کابرا سەید ئەحمەد و هاوڕێکانیشی لەگەڵ خۆی برد بۆ یاوەریکردنی والی لەم ڕاوەدا، سەید لەم گەشتەیدا وەك خزمەتکارو حەسێنەرەوەی ئەوان گەشتی کرد، ببووە مایەی لابردنی سەختی و ناخۆشییەکانیان، لەم گەشتەدا زۆر ناخۆشی و سەختیان بینی،

بەدرێژی ڕێگەکە سەید هانی هاوڕێکانی دەدا بۆ گەشت کردن بۆ دیهلی و سوود وەرگرتن لە شێخ عەبدولعەزیز، دواتر بە تەنها ڕووی کردە دیهلی.

هەموو ماوەکەی بە پێ بڕی، خزمەتی گەشتیارەکانی دەکرد، خۆیشی تێنو و برسی بوو، تا پێیەکانی ئاوسان بەهۆی ڕۆیشتنی زۆر لەسەر پێ، دوای چەند ڕۆژێك گەیشتە دیهلی و ئامادەی مەجلیسی شێخ عەبدولعەزیز بوو، شێخ عەبدولعەزیز دیهلەوی بە پەیوەندی ڕۆحانی و ڕایەڵی زانستی پەیوەست بوو بە شێخ و باوو باپرانی سەید ئەحمەدەوە، شێخ زۆر دڵخۆشی خۆی دەربڕی دوای ئەوەی سەیدی ناسی و تۆقەی لەگەڵ کرد و باوەشی پێداکرد، لە ماڵی عەبدولقادری براکەی داینا.

- **کامڵ کردنی دەروونی و مۆڵەت و جێنشینایەتی:**

مانەوەی سەید ئەحمەد لەلای شێخ عەبدولعەزیز و شێخ عەبدولقادر هەلێکی گرانبەها بوو بۆ دەستخستنی بەرزبوونەوەی ڕۆحی و دەروونی، جا لەمیانەی ئەم مانەوەیەیدا بەرز بووەوە بۆ پلەو پێگەی زۆر بەرز، کە گەورە شێخەکان پێی ناگەن تەنها لە دوای کۆششێکی زۆرو مەشقێکی بێ ئەندازە و ڕاهێنانی بەردەوام و درێژ نەبێت، دوای ماوەیەك مۆڵەتی شێخ عەبدولعەزیزی دیهلەوی

بەدەستهێنا، گەڕایەوە نیشتمانەکەی (ڕائی بریلی) و دوو ساڵ لەوێ مایەوە، ئینجا ژنی هێنا.

- **لە ناو لەشکر ئەمیرخاندا:**

سەید ئەحمەد هەر لە سەرەتای پێگەیشتنیەوە خوای گەورە بۆ کارێکی مەزن ئامادەی کردبوو، گڵ و خاکی جەستەی شێلرابوو بە خۆشەویستی ئەم شتە مەزنە، ئەویش بریتی بوو لە تێکۆشان لە پێناوی خواو بەرز کردنەوەی شان و شکۆی موسڵمانان، سڕینەوەی تەپ و تۆزی سەرشۆڕی و ڕیسوایی لەسەر ڕووخساری ئیسلام، ناخی سەید خولیای لایەن و بوارێك بوو کە ئەم حەزەی پڕ بکاتەوەو ڕازی بکات، توانا سەربازییەکانی تێدا گەشە پێبدات، تا بەو ڕۆڵەی خۆی هەڵبستێت کە پێی سپێرراوە.

هەڵسا بە ئەنجامدانی گەشتێکی تر بۆ دیهلی لە ساڵی ١٢٢٦ك _ ١٨١١ز، ماوەیەك لای شێخ عەبدولعەزیز مایەوە، دواتر بە ڕێنمایی شێخەکەی ڕۆیشتە ناو لەشکری نەواب ئەمیر خان (کە لە ڕاجبوتانە و ماڵو دەجەنگا، سەید هاوڕێیەتی ناوبراوی هەڵبژارد بۆ پەروەردەی سەربازی و کۆششی کردەیی و بەرگە گرتنی هێرش و پەلاماری ئینگلیزی، نواب ئەمیرخان سەرکردەیەکی بە ڕەچەڵەك ئەفغانی بوو، خاوەن هیمەتێکی بەرز بوو، لە خەڵکی (سەنبەهل) بوو، زۆرێك لە ئارەزووگەرا و

جوامێرو سوارچاك و هاوڕێیه به جۆش و وەفادارەكان له دەوری ناوبراو كۆببوونەوە، خاوەن كەسایەتی بوو چ وەك سەركردە چ وەك سوارچاك، وایلێهات ببووە مایەی ترس و ئومێد له ناوچەی ئەو ئەمیرانەی له ململانێیەكی بەردەوام و جەنگی و شەڕدا بوون لەگەڵ ئینگلیز، تا به تێپەڕ بوونی ڕۆژەكان وایلێهات بووە كۆسپ و تەحەددایەك لەبەردەم ئینگلیز كه بەكەم سەیری نەدەكرا.

سەید ئەحمەد بۆ ماوەی شەش ساڵ له ناو لەشكری نواب ئەمیرخاندا مایەوەو بەردەوام بوو لەسەر كارو ئەركە چاكسازیی و پەروەردەییە ڕۆحییەكانی و خواپەرستی و تێكۆشان لەگەڵ دەروون و دوژمن، بەهۆی بانگەوازو هەوڵەكانی لەشكر بووە بوارێكی فراوان بۆ كاری بانگەوازو ڕێنوێنی، باری جەنگاوەرەكان باش بوو، تا ئەندازەیەكی زۆر ژیانیان چاك بوو، تەنانەت كودەتا و گۆڕانكاری له ژیانی خودی ئەمیرخانیشدا ڕوویدا.

- گەڕانەوە بۆ دیهلی و ئەنجامدانی گەشت و گەڕانێكی بانگخوازی:

سەید شەش ساڵی لەم سەربازگەیەدا بەسەر برد، كاتێك ئەمیرخان لەبەر هەندێك بارودۆخ ناچاربوو لەگەڵ ئینگلیز ئاشتەوایی بكات، لەوانە ناپاكی چەند هاوڕێیەكی نزیكی، سەید ئەحمەد به توندی بەرەنگاری بووەوە، بەڵام میرخان سەرباری ناڕەزایی سەید ئەم گرێبەستەی لەگەڵ ئینگلیز ئەنجامدا، دەسەڵاتی

تونکی پەسەند کرد، سەید ئەحمەد لێی بێهیوا بوو و گەڕایەوە دیهلی.

ئەم جارەیان لەگەڵ گەیشتنی بۆ دیهلی خەڵك بەشێوەیەکی زۆر گەورە و بەرچاو و نا ئاسایی لە دەوری کۆبوونەوە، لە نێوان ئەم ماوەیەدا دوو گەورە زانا لە خانەوادەی شێخ وەلیوڵای دیهلەوی بەڵێنیان پێدا، ئەوانیش: شێخ عەبدولحەی و شێخ محەممەد ئیسماعیل بوون، بەڵێنی ئەو دووانە کاریگەرییەکی زۆر قوڵی هەبوو لەسەر ناخی دانیشتوانی دیهلی بەگشتی، بەمەش زانا و شێخەکان ڕوویان کردە سەید، ژمارەیەکی بێ وێنە ڕوویان کردە بازنەکەی ئەو، ڕێزی سەید و ڕووتێکردنی خەڵك بۆ لای ئەو ڕۆژ دوای ڕۆژ زیادی دەکرد، دەستی کرد بە چەند گەڕان و گەشتێکی بانگخوازی، یەکەم جار بەڕێوبەرایەتی (موزەفەر نەکر) و (سەهارنفور)ی هەڵبژارد کە پڕ بوو لە دانیشتووان و شوێنی مێژوویی، سەرەدانی ناوەندی خانەدانەکانی موسڵمانانی کرد، (کندە منکتیس)شی بەسەر کردەوە، هەروەها ڕۆیشتە ناوچەکانی نێوان هەر دوو ڕووبارەکە: (جمنا و کنکا و رام بور و بریلی و شاە جان بور، کە ناوەندی سوارچاکی و ژیانی ئیسلامی بوون، سەردانی چەند شوێنێکی تریشی کرد، جا لەم ناوچانەدا هەزاران خانەوادە و کەس بەڵێنیان پێدا، تۆبەیان کرد لە هاوبەشدانان و بیدعە، گەورە زانا و شێخەکان بەڵێنیان پێدا، لە سەهارنفور شێخ عەبدوڕەحیم پەیمانی پێدا کە شێخێکی درەوشاوەو

خاوەن پێگەیەکی گەورە و ناوەندێکی مەزن بوو، هەزاران کەسی پەروەردە کرد لە شوێنکەوتوو و قوتابیەکان، ئەم گەشتە ڕەحمەتێکی فراوان و ڕێژنەیەکی گشتی بوو، پەین و فەڕو بەرەکەتی بەجێدەهێشت هەر کاتێك بە هەر شیو و دۆڵێکدا ڕۆیشتبا، ئەوەی ئامادەی سەردانەکەی بووە کۆکە لەسەر ئەوەی کە چەند کاتژمێرێك کە سەید لە شوێنێکدا بەسەری بردووە بووەتە مایەی کەش و هەواو ئاوەدانی مزگەوتەکان و زیندووکردنەوەی سوننەت و سەوزکردنەوەی ژیان و ئیمان، دووبارە قوڵایی شوێنکەوتنی سوننەتی گەڕاندۆتەوەو هەست و سۆزی ئیسلامی ژیاندۆتەوە، وایکردووە خەڵك بێزیان ببێتەوەو دوور بکەونەوە لە هاوبەشدانان و بیدعە، هەروەها سەید لەو ماوە کەمەدا زاڵ بووە بەسەر پاشماوەکانی ڕافیزایەتی و شیعە، شێخ محەممەد ئیسماعیل و شێخ عەبدولحەیی لە تێکڕای ئەم گەشتانەدا بەشدار بوون، وتارو ئامۆژگارییەکانیان کاریگەری قوڵیان هەبوو لەسەر دڵ و دەروونەکان، بەمەش کودەتایەکی دروست کرد و ڕێڕەوی ژیانی گۆڕی.

- **لە نیشتمان:**

لە دوای ئەم گەشتانە گەڕایەوە نیشتمانەکەی (رائی بریلی)، ئەو ڕۆژانە وشکەساڵی و نەبوونی بوو، هەژاری و نەداری باڵی کێشا بوو، برسێتی و ناڵاندن بەدەستیەوە بارگەی لە هەموو

شوێنێك دانابوو، دەروونی سەید ڕەتی دەکردەوە خۆی بخوات و دراوسێکەی برسی بێت، بۆیە بەخۆی ڕۆژانە تێرکردنی سەد کەسی لە ئەستۆ گرتبوو، بەڵام بەمە کاریگەری لەسەر دروست نەبوو، کەشی پشت بەخوابەستن و متمانە و ئارامی زاڵ بوو بەسەریدا، لەو کاتەدا گەورە زانایانی هیند و صۆفی و دونیانەویستەکان دەهاتنە لای و هەر یەکەی لە تاقگە پاراو و سازگارەکەی دەینۆشی و لە ڕووناکیەکەی وەریدەگرت، سەرباری پلەبەرزی هەر یەکەیان لە زانست و هونەرو پسپۆریەکەیاندا، سەید لەگەڵ خەڵك بەشدار دەبوو لە خەفەت و خۆشییەکانیاندا، لە کاروبارەکانیاندا بەشدار دەبوو لەگەڵیان، خزمەتی دەست و پێ سپی و خاوەن پێداویستیەکانی دەکرد، بەم پێیە ئەم گوندە بچوکە کەنارگیرە بووە قوتابخانەیەکی ئاینی و ناوەندێك بۆ پەروەردەی ڕۆحی و شانۆیەك بۆ تێکۆشان لە یەك کاتدا، ئەو سەردەم سەردەمی حەزوخولیا و شرینایەتی و دەروون لەرزین و چالاکی ڕۆحی و مەشق و وەرزش بوو، لە میانەی ئەم مانەوە بچوکە لە نیشتمانەکەیدا سەید هەڵسا بە گەشت و گەڕان بە ناو ویلایەتەکانی باکوری خۆرئاوا وەك: (ئیلاه ئاباد، بنارس، کانفور، سلتانبور). خەڵکی دەچوونە خزمەتی و پێی شاد دەبوون بە تاك و کۆ و دەچوونە ناو بازنەکەی و بەڵێنیان پێدەدا.

- **گەشتی بانگەوازو چاکسازی لە لیکەهنو:**

ئەفغانیەکان کۆمەڵگە و نیشنگەیەکیان هەبوو لە سەربازگەی لیکەهنو، زۆر سەید و شێخەکانی ئەویان خۆشدەویست، ژمارەیەکی زۆریان بەڵێنیان دابووە شێخەکانی خانەوادەی سەید، بەتایبەت نواب فەقیر محەممەد خان سەرکردەی هێزە چەکدارەکان لە میرنشینی (ئودە)، لەسەر داوای ئەوان شاندێك پێکهێنرا لە ١٧٠ کەس بۆ گەشت کردن بۆ لیکەهنو بەمەبەستی چاکسازی و بانگەوازی بۆ کاری خێر، لەم گەشتەدا شێخ محەممەد ئیسماعیل و شێخ عەبدولحەی یاوەری ئەو شاندەیان کرد، ئەو سەردەم سەردەمی حوکمڕانی نواب غازیەددین حەیدەر بوو، موعتەمەدی دەوڵەت (ئاغا میر) وەزیری نواب بوو، لەسەردەمی حوکمڕانی ناوبراودا بێ سەروبەری و شلەژان و خۆشویستنی سەروەت و سامان و خراپی سیستەم و ڕژێم و ستەمی گشتی و ڕابواردن و زێدەڕۆیی و سەما و گاڵتەی بێ نرخ و کەمتەرخەمی زاڵ ببوو، بەڵام سەرباری ئەو بارودۆخە نالەبارە ئەوا خەڵکەکە هەر ئارەزووی وەرگرتنی خێرو چاکسازی و ڕێنوێنیان هەبوو، ڕێزیان لە ئایین دەگرت و بە پیرۆز و بەرز بۆیان دەڕوانی بەهۆی زۆری زانا و شێخەکان و ناوەندە ئاوەدانەکانیان لە لیکەهنو، جا لە پێناو بژێوی و خۆشگوزەرانی و ڕێزی زانست بژاردەیەك لە خانەدان و خێزانەکان ڕۆیشتبوونە لیکەهنو و ناوچەکانی دەورووبەری، جا لە ناو شەپۆلەکانی ئەم زەریا مەزنەی مرۆڤایەتی

سەدان گەوهەرو مرواری هەبوون وەك ئەوەی چاوەڕوانی ئەوەبن كە كێ نرخ و پێگە و ڕێزیان دەزانێت.

سەید و هاوڕێكانی لەسەر كەناری ڕووباری (چومتی) نیشتەجێ ببوون، لەسەر پۆلكەی شا پیر موحەممەد، هێشتا بە تەواوی هەواڵی گەیشتنی سەید بڵاو نەببووەوە، ئەوا خەڵك لە هەموو لایەكەوە ڕوویان تێكرد و قەڕەباڵغی دروست بوو، بەجێیان نەدەهێشت تا ئێوارە، وتارە بەردەوام و كاریگەرەكانی شێخ محەممەد ئیسماعیل و شێخ عەبدولحەی جوڵەیەكی بەهێزی لە شارەكەدا دروست كرد، بەمەش بارودۆخی ژیانی هەزاران كەس گۆڕا، خەڵك لە مەجلیسەكەدا هەڵدەستان بۆ خزمەتی سەید بۆ تۆبە و گەڕانەوە بۆ لای خواو خۆ بەری كردن لە تاوانەكانیان، پۆل پۆل خەڵك دەهاتنە ناو ئاینی خواوە، لیكەهنو و دانیشتوانەكەی سوودمەند بوون بەهاتنی سەید و شاندە بەرەكەتدارەكەی، ئەمە لە ماوەیەكی زۆر كەم بوو كە بووە مایەی بڵاوبوونەوەی خێرێكی زۆرو سوود و كەڵكێكی بێ پایان، هیچ بازنەیەكی لە بازنەكانی بەتاڵ نەدەبوو لەو زانا و شێخانەی دەهاتن بەڵێنی پێبدەن و بەدیداری شاد ببن، جا شێخ محەممەد ئیسماعیل و شێخ عەبدولحەی هەموو ڕۆژێكی هەینی وتاریان دەدا، ژمارەیەك خانەوادە و تیرە بەڵێنیان دایە سەید و تۆبەیان لە هاوبەشدانان و بیدعە كرد و چەندین خوان و سفرەی بۆ ئامادەكرا، لەم خوانانەدا كۆمەڵێك كەڕاماتی سەید دەركەوتن كە

پەیڕەوانی سوننە و تەنانەت شیعە و ناموسڵمانەکان و پیاوانی دەسەڵاتیشی سەرسام کرد و کاریگەری کردە سەریان، بەمەش بازاری هاوبەشدانان و بیدعە نەما و ئەوانەی ڕۆچووبوون لە تاوان و گوناه تۆبەیان کرد و گەڕانەوە لای خوا.

بەڵام ئەم ڕووکردنە سەید و بەپیرەوە چوونە گشتییە و بەتایبەت تۆبەکردنی  بۆیە بەرگەی ئەمەیان نەگرت، سەرەتا بە ناڕاستەوخۆ نا ڕەحەتی خۆیان دەربڕی، بەڵام سەید و زانا هاوڕێکانی بایەخیان پێ نەدا، دەستیان هەڵنەگرت لە بانگەوازی کردن بۆ ئاینی ڕاست لەترسی لۆمەی لۆمەکاران، بەردەوام بوون لە هەوڵ و کۆششەکانیان بە خۆڕاگری و ورە بەرزی.

سەید دوای مانگێك گەڕایەوە نیشتمان، دوای گەڕانەوەکەی هەستی بە گرنگی تێکۆشان کرد زیاتر لەوەی پێشتر هەستی پێ دەکرد، زیاتر سور بوو کاتێك زانی موسڵمانان لە پەنجاب دەناڵێنن بەدەست چەوساندنەوەو ستەمەوە، ئەم هەواڵانە ئەویان دوودڵ کرد، جوامێری و هیمەتی لە ناخیدا وروژاند، جا هەر گەنجێکی جەستە سەلامەت و لاشە بەهێزی بینیبا ئەوا دەیوت: ئەوە دەست دەدات بۆ کارەکەم، زۆر جار چەکی هەڵدەگرت، بۆ ئەوەی ئەوانی تر گرنگی تێکۆشان بزانن، مەشقی سەربازی ئەنجام دەدا، تیرهاوێژی و ئەسپ

سواری دەکرد بەشێوەیەکی ڕێکخراو، کاتی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە دیاری دەکرد.

- **حەج:**

حەج کردن بۆ ماڵی خوا (کەعبەی پیرۆز) وەك یەکێك لە دروشمەکانی تری ئیسلام، وایلێهاتبوو بەتەواوی پشتگوێ بخرێت لەو سەردەمدا، جا موسڵمانان ئەنجامدانی ئەم فەرزەیان فەرامۆش کردبوو، جا یان بەهۆی ئەو پاساوە فیقهی و بیانوەکانی تر کە زانایان دەیانهێنایەوە یاخود بەهۆی کەمتەرخەمیەوە بوو لە ئەنجامدانی ئەم فەرزە مەزنە کە بنچینەیەکە لەو پێنج بنچینانەی کە ئیسلامی لەسەر بنیاتنراوە، هەندێك لە زانایان فەتوایاندا بە لاچوونی ئەم فەرزە لەسەر شانی موسڵمانانی هیند، سەید ئەحمەدی شەهید ڕووبەڕووی بووەوەو فەرزو پێویست بوونی حەجی ڕاگەیاند و بانگەوازی کرد بۆ هەڵسان بە ئەنجامدانی ئەم ئەرکە، جا تەنها ئەوەی بەبەس نەزانی کە بانگەواز بۆ ئەمە بکات، بەڵکو بەپێویستی زانی هەنگاوی کردەیی بگیرێتەبەر بۆ زیندوو کردنەوەی ئەم فەرزە، سور بوو لەسەر ئەوەی حەج ئەنجام بدات بە یاوەری کۆمەڵێکی مەزن لە زانایان و خانەدانان، نامە و پەیامی نارد بۆ شوێنی جیا جیا، لەم پەیامانەیدا هانی ئەنجامدانی حەجی دەدا و جەختی لەسەر گرنگیەکەی دەکردەوە، مەبەستی سەید سەبارەت بە حەج

کردن و ڕاگەیاندنی ئەم مەبەستە و نامەکانی لەوبارەوە شۆڕشێکی لە ناو خەڵکدا بەرپا کرد، خەڵك لە هەموو شوێنێکەوە ڕژانە خزمەتی بۆ ئەوەی لەم گەشتە بەختەوەرەدا یاوەری بکەن، لە سەرەتای شەوال، لە ٢ یۆلیۆی ١٢٣٦ك = ١٨٢١ز بە یاوەری ٤٠٠ کەس لە نیشتمان دەرچوون کە سوربوون لەسەر حەج.

لە ناوچەی (ڕاوی بریلی)ەوە ڕوویکردە (دلمئو) و لەوێش سواری کەشتی چارۆکەدار بوو تا ڕۆیشتە (کلکتا)، شێخ محەممەد ئیسماعیل و شێخ عەبددولحەی و چەند زانایەکی تریش لەگەڵ کاروانەکەدا بوون، وتاریان دەدا بۆ لەناوبردنی هاوبەشدانان و بیدعە، بەمەش پەردەی تاریکی لەسەر دڵەکان لاچوو، بیروباوەڕو کردەوەکان چاك بوون، هەزاران خەڵك بە پیاوو ئافرەتەوە لە ناو (ئیلاھ ئاباد) و لەسەر ڕێگە بەڵێنیان پێدا، هەندێك کەس ڕێژەی بەڵێن پێدەرەکانیان خەملاند بەوەی هیچ یەکێك نەما لەو شارانە کە بەڵێنی بە سەید نەدابێت لەم گەشتەیدا، لە ناوچەی میرزابوور نزیکەی هەموو خەڵکی شارەکە بەڵێنیان پێدا، هەزاران کەس لە (بنارس) بەڵنیان پێدا و زانا و شێخەکان هاتنە ناو بازنەکەیەوە، زەبرێکی کوشندە درا لە بیدعە و ئەو کردارانەی هاوبەش بۆ خوا بڕیار دەدەن، دواتر گەیشتە ناوچەی (بنتە) و بۆ ماوەی دوو هەفتە لەوێ مایەوە، لەم ماوەیەدا هەڵسا بە کرداری فێرکردنی ئاینی و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ئیسلامی و بڵاوکردنەوەی ڕاسپاردەکانی

ئیسلام و زیندووکردنەوەی سوننەت و سەرکوتکردنی بیدعە و هاوبەشدانان بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە، لە ماوەی مانەوەی لە (عەزیم ئاباد)دا ژمارەیەك لە تبتیەکانی ڕەوانەکرد بۆ ناوچەی (تیبت) بۆ هەڵسان بە کاری بانگەوازو چاکسازی، هەوڵ و کۆششەکانیان بۆ چین درێژبووەوە، لە دوای گەیشتنی بە عەیزم ئاباد گەیشتە کلکتا، سێ مانگ لەوێ مایەوە، مانەوەی لە کلکتا کاریگەرییەکی کارای هەبوو، چونکە شاری ناوبراو یەکێك بوو لە گەورە شارەکانی هیند پایتەختی حوکمڕانی ئینگلیز بوو، شۆڕشێکی لە هزرو گۆڕانێکی لە ژیان و گەڕانەوە بۆ ئایینی بەرپا کرد، کەسایەتی و خانەدان و هۆزو تیرە و خێزانەکان و سەرۆکی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان لە ناو خێزان و پێڕەکانیاندا ڕایانگەیاند کە هەر کەسێك بەڵێن بە سەید نەدات و دەست نەگرێت بە ئایین و مەرج و سنوورەکانی نەپارێزێت، ئەوا پەیوەندی برایەتی و ڕایەڵی خێزانی لەگەڵی دەپچڕێنرێت، هەزاران خەڵك ڕیزیان بەست و تۆبەیان کرد، دوکانەکانی مەیی و ڕابواردن و بەڕەڵایی و خانەی سۆزانەکان هەژار کەوتن، نەوەکانی سوڵتان (تیبو)ش سوودمەند بوون، ئەوانەی کە لە نێوان باوو باپیرانی ئەوان و باوو باپیرو شێخەکانی سەید ئەحمەد ڕایەڵ و پەیوەندی سوود بینین و پەروەردەی ئاینی هەبوو. دوای سێ مانگ لە کلکتا دەرچوو، ئەو کات حەوت سەد و پەنجا و پێنج کەسی لەگەڵ دابوو کە سوربوون لەسەر

حەج کردن، کۆمەڵێکی زۆر لە موسڵمانان و مەسیحی و هیندۆسەکان کۆبوونەوە بۆ پێشوازی کردن لە سەید و هاوەڵەکانی، ئەوەندە قەرەباڵغیان کرد تا شوێنێك نەما بۆ ڕویشتن. بەم شێوەیە لە کەنارو شوێنەکانی دابەزین دەوەستان و وتارو ئامۆژگاریان دەدا، دواجار گەیشتنە شاری جەددە لە بەرواری ٢٣ مانگی شەعبان، ڕۆژی چوار شەممە، ساڵی ١٢٣٧ك، بەرامبەر ١٦ مایۆی ١٨٢٢ز، لە ٢٨ شەعبانی ڕۆیشتنە ناو کەعبەی پیرۆزەوە.

پێشوازی لێکردنی بەردەوام بوو لە میانەی گەشتە پیرۆزەکەیدا، بەمەش پێشەوای حەرەم و موفتی مەککە و زاناکانی تر بەڵێنیان پێدا و هاتنە ناو بەیعەتی ئەوەوە، هەروەك گەورە زانا و خانەدان و ئەو کەسایەتیانەش سوودمەند بوون لێی بەوبۆنەیەوە، مانگی ڕەمەزانی لە شاری مەککەی پیرۆز بەسەربرد، لە ڕۆژانی حەج و لە عەقەبەی یەکەمدا پەیمانی بەهاوەڵانیدا لەسەر تێکۆشان، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) لەم شوێنەدا بەڵێنی دا بە کۆمەڵەی یەکەمی پشتیوانان، ئەم بەڵێنەی پێغەمبەریش (ﷺ) سەرەتای کۆچ کردن بوو.

لە مەککەی پیرۆزەوە ڕوویکردە شاری مەدینەی ڕێزدار، لەوێ بۆ ماوەیەك مایەوە، ئەوێ ناوەند و سەرچاوەی زانا و کەسایەتی و شێخەکان و خەڵکی سادە و تایبەت بوو، دواتر گەڕایەوە مەککەی

پیرۆز، له ساڵی دواتریشدا مانگی ڕەمەزانی له شاری مەككەی پیرۆز بەسەربرد، حەجی دووەمیشی بەرپاكرد، له سەرەتای ڕەمەزانی ساڵی ١٢٣٩ك _ ١٨٢٤ز گەڕایەوە نیشتمانەكەی (ڕائی بریلی).

- **له نیشتمان:**

ساڵێك و ده مانگ له (رائی بریلی) مایەوە، له یەكی مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١٢٣٩ك بەرامبەر ٣٠ ئەپریلی ١٨٢٤ز تا ٧ جەمادی كۆتایی ١٢٤١ك (١٧ یەنایەری ١٨٢٦ز)، ئەمە دوایین ماوەی مانەوەی بوو له نیشتمانی خۆی، گرنگترین ئەو شتانەی كه پێی سەرقاڵ بوو لەم ماوەیەی له نیشتمانەكەیدا مایەوە ئەمانە بوون: هاندان لەسەر تێكۆشان، بانگەوازی بۆ تێكۆشان، پەروەردەكردنی هاوڕێكانی لەڕووی ئیمانی و كردەییەوە، ئەم ماوەیە كۆتایی هات و تیایدا هەستی ئاینی و كارلێكی ئیمانی و گەشە و چالاك بوونی باوەڕی تێدا زاڵ بوو، له لایەكەوە ژیاندنەوەی كار و تێكۆشان و پەروەردەكردنی دەروون، هەروەها بەسەربردنی ژیانێكی سادەی سەربازی و فێركردنی خۆبەكەمزانی و خاكی بوون لەلایەكی ترەوە، گوندی سەید (فەرمانگەی شا عەلەموڵا) له تەواوی ئەو ماوەیەدا بووە ناوەندێك بۆ پرۆسەی پەروەردەی كرداری و ڕۆحی.

- **پێویستی كۆچ كردن:**

سەید ئەحمەد بە بیرتیژی و تێڕوانینە ڕۆشنەکەی و دیدە ئاینیە تۆکمەکەی ئەوا بە چاوکی سەری خۆی ئەوەی دەبینی کە ئیسلام دووچاری دەبۆوە لە وشکی و نامۆیی و دەستەوەسانی زانایانی ئایین و زانایان و سەغڵەت بوونیان لە بەئەنجامدانی فەرزەکانیان، دەیبینی هێزی دژە ئیسلام زاڵە، چەوساوەیی موسڵمانان دەرکەوتووە، لە ناوچەی پەنجاب زۆر دەناڵێنن، ڕاوەدوویان دەنرێت، دەچەوسێنرێنەوە لەلایەن سیخەوە، جا ژیانێکی سەرشۆڕو ڕیسوایانە بەسەردەبەن.

تێکڕای ئوممەت دووچاری بێ متمانەیی و هەستکردن بە بێ بەشی و سەرشۆڕی ببوو، بە پاساوی بێ نرخ و سادە و ساختە خانوو و موڵك و ماڵی موسڵمانان داگیر دەکرا، ژوورەکانی مزگەوتی شاهی لە لاهور کە تایبەتمەندن بە هونەری بیناسازی و خاوەن پێگەیەکی مێژووییە کرابوونە هۆڵی ئاژەڵان، لە زۆر شوێندا بانگدان قەدەغە کرابوو، چەند دروشمێکی ئیسلام یاساغ کرابوون، لەم ژیانە سەرشۆڕییەی موسڵماناندا دوودڵی و شلەژانیشیان لە ناخدا وروژا بوو، جا ئەم سەرشۆڕیەی موسڵمانان چۆن پێشبینی و وێنا دەکرا، زاڵبوونی هێزی دژە ئیسلام کە ڕقی لە ئیسلام و موسڵمانانە چۆن خۆی نمایش دەکرد، هەروەها چۆن بۆسەی دادەنا لەم ناوچە فراوانەدا، کە هەردەم ناوەندێك بوو بۆ نەوەکانی موسڵمانان، ئەوانەی شایستەی خزمەتی سەربازی بوون.

ئەم چەشنە حوکمڕانیە مەترسییەکی بەردەوام بوو لەسەر ناوەندی هیند لە دیلهی و سەرجەم بەشەکانی باکوری خۆرئاوای هیندی و شوێنی هەستیار و ئەفغانستان، سەید ئەحمەد و هاوڕێکانی بە بیرە تیژەکەیان و سیماناسییە زۆرەکەیان هەستیان بەم مەترسییە شاراوەیە کرد، بەرایی دا بە پەنجاب بۆ تێدا ئەنجامدانی کارو چالاکی تێکۆشان.

دەسەڵاتی ئینگلیز لەسەر هیند و جەنگی ناوخۆیی نێوان موسڵمانان و دیمەنەکانی داڕووخانی موسڵمانان سەیدی دوو دڵ کرد و بووە هۆی وروژانی غیرەت و جوامێری و هەستی ئاینیەکەی، پەیی بەوەبرد کە بەرزکردنەوەی وشەی خواو پاراستنی دەوڵەتەکانی ئیسلام و پاراستنیان پێویستە لەسەر هەر موسڵمانێك کە هەست بکات بە بەرپرسیارێتی تێکۆشان، سەید پێی وابوو کە تێکۆشان لە گرنترین بەشەکانیەتی، هەنگاوێکی تەواوکارییە بۆی، پێشی وابوو کۆچکردن پێشەکی تێکۆشانە چونکە لەو بارودۆخەدا بێ کۆچ کردن تێکۆشان فەراهەم نەبوو، ئایەتە ڕاشکاوەکانی قورئان و فەرموودە ڕۆشنەکان لەسەر پێویستی هاویشتنی هەنگاوی یەکەم سەیدیان وروژاند، خولیای دەستخستنی ڕەزامەندی و خۆشەویستی خوا ڕابەر بوو، ئەو ڕاستی و هەستانەی لە قوڵایی دڵ و دەروون و دوو توێی هزرو

فكريدا دەهاتن و دەچوون وایان لەو كرد سور بێت لەسەر تێكۆشان و دەرچوون لە پێناوی خوادا.

سەید ئامانجی سەرەكی بە گشتی ئازاد كردنی هیند بوو، وەك چۆن لەو نامە زۆرانەیدا دەردەكەوێت كە بۆ كاربەدەست و سەرۆك هەرێمەكانی هیند و ئەمیرو دەسەڵاتدارانی دیكەی دەرەوەی هیندی ناردووە، بەڵام پەنجاب پێویستی بە گرنگی پێدانی سەرەكی و فریاكەوتنی بەپەلە بوو بەلەبەرچاوگرتنی پایەداری حكومەتی ڕەنجیت سینغ لەوێدا بە كرداری، بەمەش موسڵمانان دووچاری ستەم و چەوساندنەوە ببوون، پاشان بەرژەوەندی سەربازی و هۆشیاری سیاسی وایدەخواست كە بزوتنەوەكە دەست پێ بكرێت لە ناوچەكانی خۆرئاوای هیند، بەوپێیەی ناوەندی هۆزە بەهێزەكانی ئەفغانستان و كەسە بە جۆش و خرۆشەكان بوو، سەید پێشتر ڕایەڵی بەڵێنی لەگەڵ ئەوان بەستبوو، ڕێنمایی ئەوانی كردبوو، زۆرێكیان بەشدار بوون لە لەشكرەكەیدا، جەختیان لەسەر ئەوە كردەوە بۆ سەید كە ئەم هۆزانە سەریدەخەن و یارمەتیدەری دەبن لە دەستخستنی ئەم مەبەستە، دواتر ئەم ناوچەیە پەیوەست بوو بە پشتێنی حوكمی ئیسلامی كە درێژ ببووەوە بۆ توركیا، سەید خۆی و كۆمەڵەكەی هەر لەسەرەتاوە ئامادە دەكرد بۆ ئەم ئامانجە شكۆدارە.

- **کۆچ کردن:**

**سەید ئەحمەد ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (٧)ی جەمادی کۆتایی ساڵی ١٤٢١ك _ ١٧ یەنایەری ١٨٢٦ز ماڵئاوایی لە نیشتمانەکەی (رائی بریلی) کرد، بۆ گەیشتن بە سنوورەکانی باکوری خۆرئاوای هیند هەڵسا بە بڕینی هەرێمەکانی (مالوه و بلوخستان و ئەفغانستان) و بیابانی هەرێمی سغورو شیو و دۆڵەکانی و ڕێڕەوە بەرتەسك و دارستان و ڕووبارو گۆماوە بۆگەنەکانیان بڕی، لە کاتێکدا بڕینیان سەخت بوو، ئەمە لە خودی خۆیدا جۆرێك بوو لە تێکۆشان، لە هەندێك شوێندا ڕووبەڕووی کەم ئاوی و مەترسیداری ڕێگە و سەختی ڕێڕەو و کەمی خۆراك و مەترسیی دزو چەتە و سەختی برسێتی و تێنوێتی و نامۆیی وڵات و گەلەکان و زمانی نوێ و جیاوازی سروشتی کەسییەکان بوونەوە لە پاڵ گومان و دوودڵی و لێکۆڵینەوەو سیخوڕی، کۆمەڵکەی سەید لە بنەڕەتدا پێکدەهات لەو کەسانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ دیهلی و ئۆدە و ناوچەی دوو ڕووبارەکە، ئەوانە کەسانی خانەدان و کەسایەتی و زانا و شێخ و بژاردەی خێزانی خانەدان و خۆشگوزەرانەکان بوون، هەروەها کەسانی تریشیان لەگەڵدابوو کە ناخۆشییەکانی دونیا و لاوازی تەندروستی ئەوانی شەکەت کردبوو، بەڵام هەستی تێکۆشان و زاڵ**

بوونی ئەم خولیایە ئەوانی چاڵاك و كارامە دەكرد، ژمارەیان دەگەیشتە ٦٠٠ كەس.

سەرەتا سەید گەشتی بەناو دیلمئۆ و دواتر فەتح بور و باندە و جالون و مالو و جوالیاردا كرد، دواتر ڕوویكردە تونك، لە هەر شوێنێكدا سەید وەستابا بە گەرمی پێشوازی لێدەكرا، شەڕەفمەند دەبوون بە بەڵێن پێدان و ڕێنوێنی لێوەرگرتنی، دواتر لەلایەن ئەمیری جوالیارەوە داوای مانەوەی لێكرا و دیاریەكی پێشكەش كرا، دواتر سەید ئەحمەد ڕوویكردە تونك، والی ئەوێ كە ناوی ئەمیرخان بوو (سەید شەش ساڵی لە ناو لەشكرەكەی ئەودا بەسەر بردبوو) پێشوازی لێكرا، بۆ ماوەیەكی دووریش ئەمیری ناوبراو لەگەڵ سەید ڕۆیشت لە كاتی بەڕێكردنی، لە تونكەوە ڕۆیشتە ئەمجیرو بالی، لە ڕێگەیدا بیابانی مارواری سەختی بڕی و گەیشتە ناوچەی حەیدەر ئاباد لە سیند، هەزاران كەس لە پیاوان و ئافرەتان لە ڕێگەدا بەڵێنیان پێدا، ژمارەیەكی زۆر لە خەڵك یاوەریان كرد، ئەو كات سیند ناوچەیەك بوو خاوەن سەروەری بوو لە دەسەڵاتدا و یەك خانەوادە حوكمڕانی ئەوێی دەكرد، هەزاران جەنگاوەرو پاڵەوان و خاوەن ئەزموون لە جەنگدا لەوێ نیشتەجێ ببوون، لەگەڵ ئەم ژمارە جەنگاوەرانەدا شێخەكانیش لەوێ بوون كە شوێنكەوتووانیان لە هەموو شوێنێكدا نیشتەجێ ببوون، هەموو ئەوانە لە سیند پێشوازیان لە سەید ئەحمەد كرد،

بەڵێنی هەموو هاریکاری و پشتیوانیەکیان پێدا، والی حەیدەر ئاباد کە ناوی میر محەممەد بوو لەگەڵ خانەدان و شێخەکانی تر بەوپەڕی ڕێزەوە پێشوازیان لێکردن، لە پێگەیەکی زۆر بە حورمەت و ڕێزەوە ئەوانی دانا.

بۆ ماوەی یەك هەفتە لە حەیدەر ئاباد مایەوە، دواتر ڕۆیشتە بیرکۆت و دوو هەفتەش لەوێ مایەوە، پاشان ڕوویکردە شکاربور و چاوپێکەوتنی ئەنجامدا لەگەڵ زانا و خواناسانی سیند.

لە شیکاربورەوە ڕوویکردە (جەهتربهاك و دەهادر)، بە چەندین شوێندا تێپەڕی، هەندێك ڕۆژی لەوێ بەسەر برد، تا خەڵك بانگ بکات بۆ تێکۆشان و دەرچوون لە پێناوی خوا، لە هەر یەك لەم شوێنانەدا ژمارەیەکی زۆر لە زانا و شێخ و پیاوانی دەسەڵات سوودمەند دەبوون بە گەیشتنە خزمەت سەید، سەید ڕێڕەوە تەسکەکەی پۆڵانی هەڵبژارد بۆ ئەم کاروانە، ئەمە تونێلێکی بەرتەنگ بوو لە چیاکەدا، خوای گەورە بە توانای خۆی کردبوویەوە بۆ ئەوانەی ورە بەرزو ڕزگارکەرو گەشتیارن و خۆیان دەخەنە مەترسییەوە بە ڕۆیشتن بەناو ئەم زنجیرە چیایەدا، کە هیند و ئەفغانستان لە یەك جیا دەکاتەوە، بە تێپەڕبوون بەم تونێلەدا گەیشتە (کوئتە)، ئەمیری ئەو ناوچەیە

خۆشەویستی و ڕێزو حورمەتی بۆ سەید نواند، زانایان بەڵێنیان پێدا.

- **لە ئەفغانستان:**

لە ناوچەی کوئتەوە هات و گەیشتە ناو قەندەهار، براکانی بارك زئی کە بە (دارنیەکان) ناسراون حوکمڕانی ئەفغانستانیان دەکرد، بەردل خان دەسەڵاتداری قەندەهار و میر محەممەد خان حوکمڕانی غەزنین و دوست محەممەد خان و سوڵتان محەممەد خان حوکمڕانی کابوڵ و یار محەممەد خانیش دەسەڵاتداری پیشاوەر بوو، ململانێیەکی توند لە نێوان ئەم برایانەدا هەبوو، ناکۆك بوون لەسەر دەسەڵات و موڵك، ڕق و کینە و دووبەرەکی کۆن لە نێوانیاندا هەر مابوو، جەنگیان لەگەڵ یەکتری دەکرد، شەڕی ناوخۆییان بەرپا دەکرد، یەکێك لە ئامانجەکانی سەید ئەحمەد کۆکردنەوەی ئەو برا ناکۆکانە بوو لەسەر یەك شەقام و یەکخستنی جەستە و دڵ و ڕیزیان لەسەر وشەی ئیسلام و تێکۆشان لەگەڵ دوژمنانی ئیسلام.

کاتێك سەید گەیشتە قەندەهار، حوکمڕانی قەندەهار چووە پێشوازی ناوبراو، لەگەڵیدا هەزاران کەس لە زانا و خانەدان و کەسایەتییەکانی شار بە پیادە ڕۆیشتن بۆ پێشوازی لێکردنی، شەقامەکان قەڵەباڵغ بوون بەهۆی زۆر پێشوازیکەران، بەم هۆیە

ڕۆیشتن وەستێنرا، چوار ڕۆژ لە قەندەهار مایەوە، هەر کەسێك ئاواتی بوو لە پاڵیدا تێبکۆشێت و سور بوو لەسەر دەرچوون لەگەڵی و لە پێناو ئامانجەکەیدا، لە قەندەهارەوە ڕوویکردە غەزنین لە کاتێکدا چوار سەد کەسی لە زانا و کەسایەتی و قوتابیانی قوتابخانە و شێخەکانی گۆشە (و تەکیە و خانەقا[1])ی لەگەڵدا بوو، هەموویان خولیای تێکۆشان و شەهیدی لە پێناوی خوا بوون، سەید دوو سەد و حەفتا کەسی لێ هەڵبژاردن و لەگەڵ خۆی بردنی، لە ڕێگەیدا نامەی نارد بۆ میر محەممەد خان حوکمڕانی (غەزنین) و سوڵتان محەممەد خان دەسەڵاتداری کابوڵ و هەواڵی هاتنی خۆی بەوان ڕاگەیاند و ئامانج و مەبەستی خۆی بۆ ئەوان ڕوونکردەوەو جەزی خۆشی پیشاندا لەوەی هاریکاری بکەن لە پێناو بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە مەزنە، کاتێك گەیشتە غەزنین کەسایەتی و زانایان و خاوەن پلەوپایەکان پێشوازیان لێکرد، بە پیادە و بە سواری نزیکەی دوو میل لە شار هاتبوونە دەرەوەو ژمارەیان ئەوەندە بوو کە هەژمار نەدەکران، سەید خێوەتگەی خۆی لە پاڵ گڵکۆی سوڵتان مەحمود غەزنەوی دانا، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك لەو شوێنەدا بەڵێنیان پێدا.

دوو ڕۆژ لە غەزنین مایەوە، دواتر ڕۆیشتە شاری کابوڵ و خەڵك و گەورە زانا و کەسایەتی و هەزاران کەس ڕۆیشتنە دەرەوە

---

[1]) وەرگێڕ.

بۆ پێشوازی لێکردنی، ژمارەی خەڵکەکە ئەوەندە زۆر بوو بەهۆیەوە تەپ و پۆزێکی زۆر دروست بوو و ڕێگاکەی تاریك و نارۆشن کرد، سوڵتان محەممەد خان لەگەڵ سێ براکەی و پەنجا پاسەوان چاوەڕێی هاتنی ئەویان دەکرد، لەکاتی گەیشتنی پێشوازی لێکرد و بەگەرمی بەخێری هێنا و ڕێزی بۆ نواند، مانگێك و نیو لە کابوڵ مایەوە، لەو ماوەیەدا ڕۆژانە بانگەواوی دەکرد و چاکسازی لە نێوان خەڵکدا بەرپا دەکرد، فەرمانی بەچاکە و ڕێگری لە خراپە کرد، ئامادەکاری کرد بۆ تێکۆشان، خەڵکی تایبەت و سادە سوودمەند بوون لە یاوەری کردنی، بەهۆی کاریگەری هاوڕێکانی و بارودۆخیان و خولیای تێکۆشانیان و دەستپێشخەریان بۆ کاری خێرو حەز لە شەهید بوون ڕۆیشتنە ناو کۆمەڵەی تێکۆشەران.

سەید بەهەموو ئەوەی لە توانایدا بوو هەوڵ و تەقەڵایدا بۆ چاك کردنی پەیوەندی نێوان براکانی بارك زئی، بۆ ئەم مەبەستەش مانەوەی خۆی درێژ کردەوە، بەڵام هەوڵ و کۆششە پیرۆزەکانی بەتەواوی سەرنەکەوت، بۆیە ناچار بوو بڕواتە پیشاوەر، موسڵمانانیش لە ڕێگەدا زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێدەکرد، سێ ڕۆژ لە پیشاوەر مایەوە، دواتر چەند ڕۆژێك لە (هەشت نکر) چەند ڕۆژێك مایەوە، موسڵمانانی ئامادەکرد بۆ تێکۆشان، پاشان ڕوویکردە (نوشەهرە) و دەستی کرد بە ئەرکە

خۆشەویست و خواپەرستییە مەزنەکەی کە تێکۆشانە لە پێناوی خوا، کە پێکهێنەری ڕێنمایی و کرۆکی بانگەوازو پوختەی هەوڵەکانی بوو لەوەتەی چەند ساڵێکەوە، هەر لە پێناو ئەمەشدا ئەم ماوەیەی بڕیبوو، بەرگەی ئەم هەموو ناخۆشیانەی گرت.

- **جەنگی ئاکورە:**

لە (نوشەهرە)وە پەیامی نارد بۆ حکومەتی لاهور، تیایدا بانگی ئەوانی کرد بۆ موسڵمان بوون، ئەگەرنا دانی سەرانە، هەروەها داوای گوێڕایەڵی کرد، هەڕەشەی کرد بە جەنگ هەڵگیرساندن ئەگەر ئەو دوو داواکاریانە ڕەت بکرێنەوە، لە کۆتایی نامەکەیدا نووسی: ((ئێوە مەییتان خۆش ناوێت وەك ئەوەی ئێمە شەهید بوونمان خۆشدەوێت))، کاتێك نامەکەی سەید ئەحمەد گەیشتە حوکمەتی لاهور، حکومەت لەشکرێکی مەزنی لە جەنگاوەرەکانی سیخ ڕەوانەکرد بۆ بەرەنگار بوونەوەی، کاتێك سەید ئەحمەد بەمەی زانی، دەستی کرد بە ئامادەکارییەکانی جەنگ، هەستی تێکۆشان بەناخی تێکۆشەراندا جوڵا و نەش و نمای کرد و جوڵە و زیندوێتی هێنایە کایە، وەك ئەوەی ئەو ڕۆژەی خەونی پێوە دەبینن هاتووە، خولیا و حەزی شەهید بوون ئەوانی دەفڕاند و دەهەژاند، کۆمەڵەکەی سەید ئەحمەد لە حەوت سەد سەرباز پێکدەهات، لەکاتێکدا لەشکری دوژمن لە حەوت

هەزار سەربازی چەکدار پێکدەهات، دەستەی کەمینە ڕووبەڕووی هێزێکی دە ئەوەندەی خۆی بووەوە لە ڕۆژی چوار شەممەی بەرواری ٢٠ جەمادی یەکەمی ١٢٤٢ك (٢٠ دێسەمبەری ١٨٢٦ك) لە نیوەی شەودا، تێکۆشەران بە بوێری و نەبەردیەکی زۆرەوە جەنگان، دوژمن دەستی کرد بە کشانەوە لە مەیدانەکە بە شکستەوە، نیوەی شەو تێنەپەڕی کە دوژمن شکستی خوارد، گۆڕەپانی جەنگ چۆڵ بوو، موسڵمان هێزو وزەیان زیاتر بوو، گیانی مەعنەویان بەرز بووەوە، سەرۆکەکانی هۆزو تیرە جیاوازەکان و زانا و خانەدانەکان لە دەوری سەید کۆبوونەوە بۆ بەڵێندان، متمانەیان بە سەید زیاتر بوو، ئەویش ئاشتەوایی کرد لە نێوان سەرۆك و شێخەکان، هەروەها سەرکردەی قەڵای (هەند) سەردار خادی خانیش بەڵێنی پێدا، لەسەر داوای ناوبراو سەید و هاوەڵانی سێ مانگ لە قەڵاکەیدا مانەوە.

- **هێرشی (حەزرۆ)، بەڵێن و پێشەوایەتی:**

دوای ئەو سەرکەوتنەی بەدەستهێنرا لە جەنگی (ئاکورە)، ئەفغانیەکان داوایان لە سەید کرد بەشەو هەڵکوتێتە سەر (حەزرۆ) کە بازارێکی مەزنی ژێر حوکمڕانی سیخ بوو، سەید مۆڵەتی دا بە ئەنجامدانی ئەم هێرشە، ، بەڵام بەخۆی بەشداری تێدا نەکرد، لەم هێرشەدا کە بەشەو ئەنجامیاندا ئەوا جەنگاوەرە

ناوخۆیی و ئەفغانییەکان دەستدرێژیان کرد و یاساکانیان شکاند و پابەند نەبوون بە بڕیارو ڕاسپاردەکانی سەید ئەحمەد، هەموو ئەو کارانەیان ئەنجامدا کە پێیان خۆش بوو، بۆیە زانایانی ناو لەشکر بڕیارێکیان دا بە یەکدەنگی کە گرنگترین شت و پەسەندترینیان هەڵبژاردنی پێشەواو ئەمیرە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی تێکۆشان لە سایەی سێبەری بڕیارو ڕاسپاردە و ڕێنماییەکانی.

لە ناوچەی (هەند) بەڵێنی جێنشینایەتی و پێشەوایەتی بە یەکدەنگی بە سەید ئەحمەد درا، لە بەرواری ١٢ جەمادی کۆتایی ١٢٤٢ك (١٣ یەنایەری ١٨٢٧ز)، خادی خان و ئەشرەف خان و فەتح خان و بەهرام خان و سەرجەم لەشکرو سەرۆکەکان بەڵێنیان پێدا، سەرباری زۆرێك لەو زانایانەی هیند کە لەگەڵ سەید بوون، سەیدیان وەك پێشەوای خۆیان قبوڵ کرد، سەید ئەحمەد پەیامی نارد بۆ سەرجەم کاربەدەستانی وڵات و زانایان و شێخ و سەرۆکەکان، تیایدا بانگهێشتی ئەوانی کرد بۆ بەڵێندان، زانیاریشی لەوبارەوە بۆ ئەوان دەخستەڕوو، کاتێك سەردار یار محەممەد خان و سوڵتان محەممەد خان کە کاربەدەستی پیشاوەر بوون، ئەمەیان بیست و زانیان جەماوەرێکی باشی هەیە، خواناسە، بە کۆمەڵێکی مەزنەوە هاتنە لای و بەڵێنیان پێدا، دوای هەڵبژاردنی ناوبراو بە ئەمیر ئەوا هەڵسا بە

پیادەکردنی سیستەم و بەرنامەی شەرعی ئیسلامی لەسەرجەم ناوچەکان، تێکڕای یاساکانی ئیسلامی جێبەجێ کرد، وایلێهات دادگاکان سەرجەم پرس و مەسەلەکانیان یەکلایی دەکردەوە لە ژێر ڕۆشنایی سوننەتدا، بەرهەمی ئەو لێپێچینەوەیە ئەوەبوو کە وڵات بەتاڵ بوو لە کەسی نوێژنەکەر.

- **جەنگی (شیدو) و ژەهراوی کردن:**

ناوچەکە لە دوای پێشەوایەتی سەید ئەحمەد بووە وڵاتێکی یەکگرتوو، جا کاتێك سەروەری هەرێمی و خودمختاری و دەرەبەگایەتی و هێزی سەرۆك هۆزە جیاوازەکان بە کۆتایی هات بەهۆی یەکگرتوویی وڵات، ترس و ڕق و کینە و ئیرەیی خزایە ناو دڵیان، ئەگەرچی لە ڕووکەشدا وا دەریان دەخست کە ملکەچی دەسەڵاتی سەیدن، بەڵێنیان بەو ڕەوتە نوێیەدا بە بوێرانە لەسەر ملکەچی و گوڕایەڵی، بەڵام مەبەستی خراپیان لە دڵی خۆیاندا شاردبووەوە، فێڵ و تەڵەکەیان دەچنی، بەمەش دەستیان کرد بە پیلانگێڕی بە دەست تێکەڵ کردن لەگەڵ کۆشکی لاهور.

ئەم سەرۆك و سەرکردانە، کە زمانیان لەگەڵ سەید ئەحمەد و دڵیان لەگەڵ کۆشکی لاهوردابوو، دوای چەندین پێکدادان و لێکدان لەگەڵ سیخدا پێشنیاریان کرد کە جەنگێکی یەکلاکەرەوە ئەنجام بدرێت دژی سیخ، بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی سیخ

بەتەواوی، بە پێشنیاری ئەم سەرکردانە گۆڕەپانی شیدۆ دەستنیشان کرا، ئامادەکارییەکانی جەنگ دەستپێکران، شەوێك ئەم سەرکردە دووڕووانە ژەهریان خستە ناو خواردنی سەید، ئەو کات لەشکری موسڵمانان لە خەڵکی سادە و جەنگاوەران پێکهاتبوون، هەموو سەرکردەکان لەگەڵ پۆل و تاقمی خۆیاندا بوون، تای تەرازووی جەنگەکە بەلای بەرژەوەندی موسڵماناندا دەکەوت، لەو کاتەدا سەرکردەکانی پیشاوەر لایەنگری سیخیان کرد، سوڵتان یار محەممەد خان لەگەڵ هاوڕێکانی لە گۆڕەپانی جەنگدا هەڵهاتن، جا لە دوای ئەم جەنگە سەید ئەحمەد تەنها ڕووبەڕووی سیخ نەدەبووەوە، بەڵکو دژی سەرۆکەکانی پیشاوەرو یاخی بووانیش وەستا، پاشان لەشکرێکی چەکداری کامڵی دووڕووان دژی سەید ئەحمەد وەستا.

- **لە پەنجتار:**

لەم بارودۆخە نوێیەدا، کە لە دوای ئەم گەشەسەندنەدا هاتەپێش، سەید ئەحمەد لەسەر داوای فەتح خان والی (پەنجتار)، لە (هەند)ەوە ڕۆیشتە (پەنجتار) و ئەویٚ وەك بارەگای خۆی دانا، (پەنجتار) دەکەوێتە نزیك (سوات) و ناوەڕاستی چیاکاندا، پەنجتار تا ماوەیەکی زۆر وەك بارەگای تێکۆشەران مایەوەو ڕێزدار بوو بەوەی ببێتە سەربازگەی ئیسلامی، ناوەندی چاکسازی

و پەروەردەی ئاینی، ئەم تەپۆڵکە بچوکە سەربازگەیەکی ئاوەدان بوو بۆ تێکۆشەران، هەر لایەك لەم شوێنە پڕ بوو لە تێکۆشەرو خواپەرستان، دەهەژا بە یادی خواو خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز و تێکۆشان لەگەڵ دەرو دەروون، برایەتی و خۆشەویستی و خزمەت و لەخۆبوردن.

مانەوەی سەید لە پەنجتارو ئاوەدان کردنەوەی ئەوێ بووە هۆی وروژانی ئیرەیی و ڕق و کینەی والی (هەند) دژی سەید ئەحمەد، بۆیە پیلانی گێڕا بۆ زیان گەیاندن پێی، لەلایەکی ترەوە، ئەو شکستە لەناکاوەی کە سەید ئەحمەد لە شیدۆ خواردی هیچ خاوبوونەوەیەکی بەسەر هیمەت و ورەی سەیددا نەهێنا، نەبووە هۆی وازهێنانی لە بانگەوازو تێکۆشانەکەی، جا سەید هەڵسا بە ئەنجامدانی سەردان و گەشت بۆ ناوچەکانی (بەنیرو سوات و پاشان هەزار) ئەمەش زۆر سەرکەوتوو بوو لە بواری بانگەوازو سوودگەیاندنی ئاینی و ڕێنوێنی و تێکۆشان و بانگەوازی کردن بۆی، لە ناوچەی پەنجتارەوە ڕوویکردە (خەهر) کە ناوەندی (سوات) بوو، یەك ساڵی تەواو لەوێ مایەوە. لەم شوێنەدا شێخ عەبدولحەوی کوژرا کە شێخی ئیسلام بوو لە ناو لەشکری سەیددا، سەید ئەحمەد ئەوپەڕی ڕێزی لێدەنا.

- **بەرەنگاربوونەوەی سەرکردە فەڕەنسییەکەی ڕەنجیت سینغ:**

فینتورەی سەرکردەی فەڕەنسی کەلە ناو لەشکری ڕەنجیت سیغ بوو هێرشی هێنا بۆ سەر تێکۆشەران بە هێزێك کە پێکهاتبوو لە زیاتر لە دە هەزار جەنگاوەر، خادی خانی والی (هەند)یش لەم هێرشەدا هاریکاری سەرکردەی ناوبراوی کرد، بەڵام ژەنەڕاڵ فینتورە شکستی خوارد، پاشەکشەی کرد کاتێك بینی تێکۆشەران چەندە خولیای شەهید بوونن، بەجۆش و خرۆشن، گەڕایەوە بۆ لاهور، دوای چەند مانگێك بە لەشکرێکی ترەوە گەڕایەوەو ڕوویکردە (سەمە)ە و خادی خان پێشوازی لێکرد و بەنهێنی یارمەتیدا، کاتێك سەید ئەحمەد زانی فینتورە هاتووە، ئەوا بە هاوەڵانی ڕاگەیاند، ئینجا نامەی نارد، دەستی کرد بە دروستکردنی دیوارێکی بەرگری، تێکۆشەران بەڵێنی مردنیان پێدا، فینتورە بینی تێکۆشەران بڵاوبوونەتەوە لەسەر تەپۆڵکەکان و تونێلی شاخەکان، بۆیە لەترسان گەڕایەوە، خوای گەورە ترسی خستە دڵی، بەهێزی و نەبەردی تێکۆشەران لە دەوروبەرو گوندەکاندا بڵاو بووەوە، خەڵکی ڕوویان کردە سەید، بەڵێنیان پێدەدا، سەیدیش هەڵسا بە گەڕان بەناو شارو گوندەکاندا، پیادەی بەرنامەی شەرعی کرد، بەڵام خادی خان ڕق و کینەکەی هەر مابوو، دەستی هەر تێکەڵ بوو لەگەڵ دوژمنان، سەرباری ئەوەی سەید هەموو جۆرەکانی لێکتێگەیشتن و ڕاڤە و قەناعەت پێکردنی لەگەڵ بەکارهێنا، هیچ شتێك لە بەردەم سەیددا نەما

جگەلە هێرش کردنە سەر قەڵای (هەند) و کوشتنی خادی خان لەم هەڵمەتەدا.

- **جەنگی (زیدە) و کوژرانی یار محەممەد خان:**

ئەمیر خان برای گەورەی خادی خان لایەنگیری سەرداری یار محەممەد خانی کرد، کە پیلانیگێڕابوو لە جەنگی شیدۆ و خواردنی سەیدی ژەهراوی کردبوو، سەید ئەحمەد چەند گفتوگۆیەکی لەگەڵ کرد تا ڕێگری بکات لە جیا بوونەوەی و نانەوەی پشێوی و گەندەڵی و ئاشوب، بەڵام ئەو ئامۆژگاری سەیدی قبوڵ نەکرد و جەنگێکی بەرپا کرد لە ناوچەی (زیدە) لە دژی تێکۆشەران، تێکۆشەران بە ورە و خۆڕاگرییەوە بەرەنگاری ئەم تەحەددایە بوونەوە، لەشکری دەڕانیەکانیان بڕیەوەو دەستیان گرت بەسەر تۆپەکانیاندا، بەمەش هەموو سەربازەکان پەنایان بردە بەر هەڵاتن، یار محەممەد خان کوژرا، دەڕانیەکان هێرشیان کردە سەر قەڵای (هەند) کە تێکۆشەران داگیریان کردبوو، لە کاتێکدا ژمارەی تێکۆشەران لە شەست کەس زیاتر نەبوون، بەڵام بە خۆڕاگری و وزە و هێزەوە بەرەنگاری ئەم هێرشە بوونەوەو تێکیان شکاند.

لەو ماوەیەدا هەواڵی ئەوە بڵاو بووەوە کە تێکۆشەران دەیانەوێت هێرش بکەنە سەر پیشاوەر، کە لە ژێر دەسەڵاتی

دەڕانیەکاندا بوو، بەمەش دەڕانیەکان وازیان لە (هەند) هێنا و ڕوویان کردە پیشاوەر، لە هەمان کاتدا تێکۆشەران ناوچەی (عەشرە) و (ئەمپیان) داگیر کرد.

سەید ئەحمەد نیازی وابوو ڕوو بکاتە کشمیر، بەمەبەستی داگیر کردنی (بهولرە)، بۆیە کۆمەڵێك لە تێکۆشەرانی نارد بە سەرکردایەتی خوشکەزاکەی سەید ئەحمەد عەلی، سیخ لە ناکاودا هێرشیان کردە سەر ئەم کۆمەڵەیە و ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە تێکۆشەران شەهید بوون، سەید ئەحمەد عەلیش لەم جەنگدا شەهید بوو.

- **جەنگی مایار:**

سەید لە (ئەمپ) مایەوەو سیستەمی دادوەری و چاکسازی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی دەستپێکرد، سوڵتان محەممەد خان سور بوو لەسەر ئەوەی جەنگێکی یەکلاکەرەوە ئەنجام بدات، بۆیە لەشکری مەزنی دەڕانیەکانی برد و بە ناوچەی (جەمکنی)یدا ڕۆیشت و گەیشتە (حارسیدە). سەید ئەحمەد لەگەڵ هاوڕێکانی ڕووبەڕووی بوونەوە، خێوەتگەکەی لە (تۆڕۆ) هەڵدا و هەوڵیدا ڕێگری بکات لەوەی شێخەکانی پیشاوەر بکەونە ململانێ و جەنگی ناوخۆیی، بەڵام نەیانتوانی زاڵ بن بەسەر ئەم هەست و سۆزەدا، ڕێزی ئەم هەوڵە جوانانەیان نەگرت، سوڵتان محەممەد خان و کوڕە براکانی سوێندیان

خوارد لەو دەرگایە بچنە دەرەوە کە قورئانی لەسەر دانراوە، لەشکرەکە بەتەواوی بە دەرگاکەدا ڕۆیشتە دەرەوە، جەنگێکی گەرم هەڵگیرسا لە نێوان تۆڕۆ و هوتی لە گۆڕەپانی (کایار)، شێخ محەممەد ئیسماعیل و شێخ وەلی محەممەد عەلی دەستیان گرت بەسەر تۆپەکاندا، دەڕانیەکان تێکشکان، پاشەکشەیان کرد و تێکۆشەران سەرکەوتن، تێکۆشەران لەم جەنگەدا چەندین داستانیان تۆمارکرد لە پاڵەوانێتی و خۆڕاگری و بوێری و بەهێزی باوەڕ و گوێڕایەڵی و ملکەچی و حەز کردن بە ڕۆژی دوایی، هەندێك دیمەن لە پشتیوانی خوایی بەدی کران کە یادەوەرییەکانی سەدەی یەکەمی کۆچی دەهێنایەوە بەرچاو.

- **ڕزگارکردنی پیشاوەرو بەدەستەوەدانی:**

دوای سەرکەوتن لە جەنگی مایار، سەید ڕوویکردە پیشاوەر، کە دووەم گرنگترین شار بوو لە باکوری خۆرئاوا لە دوای لاهورو کابوڵ، پیشاوەر پایتەختی هەرێمی (سغوڕ) بوو، هەر لە کۆنەوە ناوەندی هەرێمی ناوبراو بوو، بارودۆخەکان وایان دەخواست کە تێکۆشەران حوکمڕانی ئەو شوێنانە بگرنەدەست و ڕاستەوخۆ بەڕێوەی ببەن، کاتێك سوڵتان محەممەد خان بینی کە تێکۆشەران بە نیازن دەستبگرن بەسەر پیشاوەردا، ئەوا لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی و هاوەڵەکانی ڕۆیشتە دەرەوەی پیشاوەر، لەوێوە نامە گۆڕینەوەی کرد

لەگەڵ سەید، کاتێك سەید ڕۆیشتنە ناو پیشاوەر، ئەوا خەڵکی ئەو شوێنە پێشوازیان لێکرد و خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی سەبارەت بە هاتنیان و ئاویان لە ڕێگە دەبەخشیەوە، چرا و مۆمەکانیان هەڵکرد وەك دەربڕینی شادومانی بە هاتنی سەید ئەحمەد، لەشکر ئەوەی دەرخست کە شوێن پێهەڵگری لەشکرەکانی ئیسلامە لە سەدەی یەکەمدا، پەروەردە و فێرکردنی ئیسلامی و دیمەنی خۆپارێزی و دونیا نەویستی و دەستپاکی لە لەشکردا دەرکەوتن، سوڵتان محەممەد خان دەستی ئاشتەوایی درێژ کرد، بەڵێنی گوێڕایەڵی دا و بەشێوەیەکی شەرعی سوێندی خوارد کە ئەگەر پیشاوەری ڕادەست بکرێتەوە ئەوا بەرنامە و سیستەمی شەرعی جێبەجێ دەکات، ئەو وڵاتە دەگۆڕێت بۆ حکومەتێکی ئیسلامی، سەید ئەحمەد هیچ ڕێگرێکی لەبەردەم نەبوو لە قبوڵ کردنی ئەم پێشنیارە، چونکە خۆی حەزی لە حوکم یان هێزدا نەبوو، بەڵکو سور بوو لەسەر پایەدارکردنی سیستەمی ئیسلامی و جێبەجێ کردنی حوکمی شەرعی، ئەمەش تاکە ئامانجی کۆچکردنی بوو لە نیشتمانەکەی و هاتنی بوو بۆ ئەو شوێنە دوورە، بۆ ئەمەش خۆی پێ لە هیچ کەسێك لە پێشتر نەبوو، سەید هەل و فرسەتێکی تری بۆ سوڵتان محەممەد خان فەراهەم کرد، بەوەی پیشاوەری بۆ گەڕاندەوە، خۆیشی لە پیشاوەرەوە گەڕایەوە پەنجتار.

- **کوشتنی کارمەند و دادوەرەکان:**

پایەداری سیستەمی شەڕعی و دانانی کارمەند و کۆکەرەوەکانی زەکات و جێبەجێکردنی حوکم و یاسا شەڕعییەکان کۆسپێك بوو لەبەردەم سەرۆك هۆزەکان، بەتایبەت سوڵتان محەممەد خان و زانا نیاز خراپەکان، چونکە هیچ هەلێکیان نەما بۆ بەکارهێنانی خەڵك لە بەرژەوەندی خۆیان و جێبەجێ کردنی سوودە دونیایی و مەبەستەکانیان، بۆیە کۆك بوون لەسەر لابردنی ئەم کۆسپە لەسەر ڕێگەی خۆیان، خۆ ڕزگارکردن لەم کۆت و بەندە.

ماوەیەکی زۆر تێنەپەڕی لەسەر ڕادەستکردنەوەی پیشاوەر، ئەوا سوڵتان محەممەد خان هەڵسا بەکاری پیلانگێڕان بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵك، شێواندنی ناوبانگی تێکۆشەران لەلایەن خەڵکی تایبەت و گشتی، بۆ ئەم مەبەستەش ڕاگەیەندراوێکیان ئامادەکرد کە زانا نیاز ناپاکەکان واژوویان لەسەر کرد لەسەر ئەوەی سەید و تێکۆشەران تاقمێکی گومڕان و خاوەن بیروباوەڕو هزری گەندەڵ و خراپن، دواتر پیلانیان دانا بۆ کوشتنی کارمەند و دادوەرەکان و ئەوانەی فەرمان بەچاکە و ڕێگری لە خراپە دەکەن و پیاوانی حوکمەتی شەڕعی کە سەید داینابوون لە تێکڕای شوێنەکانی (پیشاوەرو سەمە) بە یەك جار تەنها پەنجتار نەبێت، ئەم پیلانە جێبەجێ کرا بە کوشتنیان لە ناکاو و بێ بەزەیی و دڕندانە، یەکێکیان لە ناو نوێژدا و ئەوی تریان لە کاتی پەنابردن بۆ مزگەوت کوژرا، هەشیان بوو بەشەڕ کوژرا، لەم بارەشەوە شەفاعەت و تکای هیچ زانا و سەیدێك پەسەند نەکرا،

تەنانەت تکای ئافرەت و ناموسڵمانەکانیش قبوڵ نەکرا کە داوای میهرەبانیان دەکرد، ئەوانە کوژران وەك چۆن کاوڕ سەردەبڕدرێت.

ئەو کارەسات و مەرگەساتە مرۆییە بێ وێنە بوو، لە دەستدانی کەسانێکی بژاردە، کە بەرهەمی دەیان ساڵی پەروەردە و فێرکردن و رۆشنبیر کردن و پوختەی مرۆڤە پاکەکان و هیواکان پێیان ڕاوەستابوون، گەوهەرو مرواری هیند بوون، تەنانەت کرۆك و کاکڵەکەی بوون کە لە یەك چاوترووکان تیاچوون.

- **دووەم کۆچکردن:**

دڵی سەید تێکشکا بەهۆی ئەو قەسابخانەی کە هاوڕێ و کارمەندە هەرە چاکەکانی تێدا هاتنە سەربڕین، وشك و ڕەقی و بەناشرین دانانی شتی قەشەنگ و ستەم و دڕندەیی ئەم خەڵکە تێنەگەیشتووە ئەویان دوو دڵ کرد، بۆیە بڕیاریدا لەم شوێنە کۆچ بکات، بۆ پرس و ڕاوێژ کردن بە هەڤاڵەکانی زانا و سەرکردەکانی لە پەنجتار کۆکردەوە، لێکۆڵینەوەیەکی لە مەرگەساتەکەدا کرد، سەید باسی ئامانجی هاتن و کۆششەکانی خۆی بۆ ئەوان کرد، کاتێك بۆی دەرکەوت هاوڕێکانی دەستیان نەبووە لەم تاوانەدا، بەڵکو خەڵکی خۆجێی ئەو شوێنانە ئەو کارەیان ئەنجامداوە کە خۆشەویستیان پاك و نیازیان جێگای پشت پێبەستن نییە، بۆیە سور بوو لەسەر ڕۆیشتن، کاتێك هەواڵی ڕۆیشتنی بڵاوبووەوە، زانا و سەرکردەکانی ئەو شوێنانە

و کۆمەڵێك لە دڵسۆزان و سەرۆکەکانی شوێنکەوتوو بە چاکە لە پەنجتار شڵەژان و زۆر خەمبار بوون، خەڵك ڕوویان کردە سەید و داوایان لێکرد چاو بخشێنێتەوە بە بڕیارەکەیدا و کۆچ نەکات، بەڵام سەید داواکەی ئەوانی پەسەند نەکرد، چونکە دەیزانی فەتح خان و هەندێك لە پیاوانی هۆزەکەی دەستیان هەبووە لە پیلانەکەی سوڵتان محەممەد خاندا، هەروەها سەید بەخۆیشی هیچ داوای نەکردووە لەم شوێنەدا بمێنێتەوە، فەتح خان بە نهێنی پشتگیری ئەم بڕیارەی کردووە، بەڵام سەید تۆڵەی لێنەستاندۆتەوە، بەڵکو لێخۆشبووە لە میانەی دانان بە شتی جوان و منەت بارکردن، تەنانەت دیاریشی پێدا، پەشیمان نەبووە لە نیازی کۆچ کردنەکەی، پەنجتاری ڕادەستی فەتح خان کرد، لە (راج دواری) مایەوە، لە ناوچەی (سەمە) کەسانێك هاتنە لای و داوایان لێکرد بمێنێتەوە، بەڵام: باوەڕدار دوو جار لە یەك کون ناگەزرێت.

- **بەرەو کشمیر:**

ئێستا ناوچەی کشمیری هەڵبژار بۆ بەردەوامی دان بە کارو بزوتنەوە بانگخوازی و تێکۆشەرییەکانی، لەگەڵ ئەو سەرمایە مرۆییەی لەگەڵیدا مابوون ڕوویکردە کشمیر، ئەوانەی کە دڵسۆزو هاوڕێ و پشتیوانی بوون و سوربوون لەسەر یاوەری کردنی سەید لە ساتی تەنگانەدا، کە قبوڵیان نەکردووە لە هیچ حاڵەتێکدا فەرامۆشی

بکەن، ڕوویکردە کشمیر، کە دۆڵێکی فراوان و ئارام بوو، خاوەنی سروشتێکی قەڵای پارێزەری بەهێز بوو، کە دەتوانرێت بقۆزرێتەوە لەلایەن سەرکردایەتیەکی هۆشیار، کە بەرچاوی ڕۆشن بێت سەبارەت بە مەبەستەکانی، هەروەها لەوێوە دەتوانێت کاریگەری لەسەر هیند دروست بکات لەلایەك، لەلایەکی ترەوە دەتوانێت پەیوەندی و ڕایەڵ دروست بکات لەگەڵ دەوڵەتە ئیسلامییەکانی ئاسیا لە ڕووی سەربازیەوە، کە پێشتر ئەمە بووەتە مایەی دروستبوونی حکومەتی ئیسلامی بەهێز.

- **لە پاڵاکوت:**

پایەکانی میرنشینی سەرۆکەکانی (بەکهلی) و دۆڵی (کاغان) و پیاوانی تری ناوچەکە دەهەژان، جا یان بەهۆی هێرشەکانی سیخ بوو یاخود بەهۆی ململانێی ناوخۆیی و شڵەژانی ناوەکی، هەموویان پەنایان دەبردە لای سەید ئەحمەد، میرنشینەکەیان دەکەوتە سەر ڕێگەی کشمیر، ئەو شوێنەی کە سەید دەیویست بیکاتە ناوەندێك بۆ خۆی، ئەمەش ئامانج و ڕووگەی دووەمی کۆچ کردنی بوو، پاڵاکوت شیاوترین شوێن بوو بۆ خزمەتکردن بەم مەبەستانە لە یارمەتیدانی ئەوەی داوای هاریکاری دەکات و پاراستنیان و پاڵپشتی سەربازی و پێشقەچوون بەرەو کشمیر و خۆ بۆ ئامادەکردنی، پاڵاکوت دەکەوتە لای باشوری دۆڵی کاغان، چیایەکی بەستەڵەك ئەم ناوەی داپۆشی

بوو، جا هیچ ڕێگەیەك نەبوو تەنها تونێلی ڕووباری (کەنهار) نەبێت، دۆڵی ناوبراو دەکەوتە نێوان دوو دیواری بەستەڵەکی هاوتەریب، پانیەکەی دەگەیشتە نزیکەی نیو میل، لەو شوێنە ڕووباری (کەنهار) گوزەری دەکرد، لە خۆرهەڵاتی پاڵاکوت تەپۆڵکەی بەرزی (کالوخان) و لە خۆرئاوایدا گردی (مەناکوت) هەیە.

ئەم دووەم گەشتەی کۆچ کردن زۆر ناخۆش و سەخت بوو، پڕ بوو لە مەترسی، لوتکەی چیاکان و دۆڵەکان داپۆشرابوون بە بەستەڵەك لە هەموو لایەکەوە، ڕێگاکان ناخۆش و ئاڵۆز بوون، هەورازو نشێوی زۆری تێدا بوو، هیچ ڕێگەیەك نەبوو بۆ ناردنی بارو تێشوو، ئەم سەفەرە تەنها ئاماژە بوو لەسەر خۆخستنە ناو مەترسییەکی سەخت کە بەڵگە بوو لەسەر بەرزی هیمەت و بەهێزی خۆڕاگری و چەسپاویەکەی سەید و کۆڵنەدانی لەگەڵ هاوەڵانی و بەهێزی ئیمان و ئارامگری و لەسەرخۆ بوونی، کە بەرگەی هەموو شتێك دەگرێت لە پێناو بەدەستهێنانی ئامانجیان، سەید ئەحمەد گەیشتە ناوچەی (سجون) بە بڕینی چەندین شوێنی سەخت و دواتر لە ناوچەی ناوبراو ڕۆیشتە دەرەوە لە بەرواری ٦ زولقەعدەی ١٢٤٦ك (١٧ ئەپریلی ١٨٣١ز) چووە ناو پاڵاکوتەوە.

- **جەنگی کۆتایی و شەهید بوون:**

کاتێك میر (شێر سینغ)ی کوڕی (ڕەنجیت سینغ) بە هاتنی تێکۆشەرانی زانی، پێشتریش لەلایەن باوکیەوە ڕاسپێررا بوو جەنگێکی کۆتایی لەگەڵ تێکۆشەران ئەنجام بدات، ناوبراو سەرکردایەتی لەشکرێکی مەزنی سیخی کرد، بەرەو پاڵاکوت بەڕێکەوت، بە دووری سێ میل لە پاڵاکوت سەربازەکانی نیشتەجێ کرد لەسەر کەناری خۆرهەڵاتی ڕووباری (کەنهار)، ئەم لەشکرە پلە بە پلە لە پاڵاکوت نزیك دەبووەوە.

کاتێك ڕوون بووەوە کە سیخ هێرشی پاڵاکوت دەکات، لە ناوچەی (مەنا کوت) دابەزیوە، ڕێو شوێنی کاریگەرو یەکلاکەرەوە گیرانەبەر بۆ چوونە ناو جەنگی چارەنووسساز، شوێنی ناوچەکە و بارودۆخی گۆڕەپان و مەیدانی جەنگی سروشی دەگونجا لەگەڵ تێکۆشەران.

شوێنی پاڵاکوت بێزارکەر بوو بۆ شێر سینغ، خەریك بوو بە دەست بەتاڵی بگەڕێتەوە، بەڵام خەڵکی شوێنەکە ڕێگەی بەستەڵەکیان پیشاندا کە دەچێتە پاڵاکوت، بەمەش لەشکری شێر سینغ گەیشتە (مەنا کوت) لە ٢٤ زولقەعدەی ١٢٤٦ك (٦ مایۆی ١٨٣١ز)، وەك هەور لە هەموو لایەکەوە دەوریدا، شێر سینغ بە هاتنە خوارەوە لە (مەنا کوت) هێرشی کردە سەر تێکۆشەران، سەیدیش پێشڕەوی دەکرد و هاوەڵانی بەشوێنیەوە بوون، سیخ بە ڕێژنە گوللەی بەسەر ئەواندا دەباراند، سەید ئەحمەد وتی: (الله

أكبر)، بەرەو ڕووی دوژمنان چووە پێش، وەك شێر هێرشی دەکرد، بەردێکی مەزن لە کێڵگەکەدا هەبوو کە درێژیەکەی دەگەیشتە ٢٠ یان ٣٠ پێ، ئەم بەردەی کردە سەددێك لە نێوان خۆی و دوژمنانی، شوێنی هەڵکوتانە سەریان، لەوێوە دوژمنانی گوللەباران دەکرد، ژمارەیەکی بێ ئەندازە لەوانی کوشت، ئەمەش شڵەژان و تۆقینی لە ناو ڕیزەکانی دوژمندا دروست کرد، ناچار بوون پاشەکشە بکەن، پەنایان بردە بەر چیاکان، تێکۆشەران ڕاوەدووی ئەوانیان نا تا قەد پاڵی چیاکە و پێی ئەوانیان دەگرت و ڕایان دەکێشا و بە شمشێرەکانیان دەیانکوشتن.

لە ناو ئەم هەراو هۆریا و پێکدانەدا سەید ون بوو، تێکۆشەران دڵنیا بوون کە ئەو بە شەهیدی گەڕاوەتەوە لای خوای مەزن، دەستیان کرد بە گەڕان بەدوای تەرمەکەیدا، هەر لەم دەمەدا شێخ محەممەد ئیسماعیل گوللەیەکی بەر سەری کەوت و شەهید بوو، دوژمنان زانیان تێکۆشەران هۆشی خۆیان لە دەستداوە بەهۆی شەهید بوونی سەرکردەکانیان، بۆیە هێرشێکی نوێیان کردە سەر تێکۆشەران، تفەنگەکانیان ئاڕاستەی ئەوان کرد و بە بەردەوامی تێکۆشەرانیان گوللەباران کرد، بەمەش زۆرێك لە تێکۆشەران بە شەهیدی کەوتنە سەر زەوی، تای تەرازووی جەنگەکە بەلای بەرژەوەندی ئەواندا کەوت، خوای گەورە شەهید بوونی نۆشیە گەورە زانا و شێخ و تێکۆشەران، بەڕاستی ڕاستگۆ بوون لەگەڵ ئەو بەڵێنەی

بەخوایان دابوو، شەهیدیش بوون، گیانیان بەخت کرد لە پێناوی خوا، جوانترین وێنە و نموونەی پاڵەوانێتی و فیداکاریان تۆمار کرد، هەر گۆڕانیان بەسەردا نەهات، زیاتر لە سێ سەد تێکۆشەر لەسەر ئەم خاکە شەهید بوون.

لەسەر ئەم پارچە زەویەی پاڵاکوت، گەشتی ئەم کاروانە مەزن و پیرۆزە کۆتایی  هات، کە سەید ئەحمەد دەستی بەو گەشتە کرد لە بەرەبەیانی ٢ جەمادی کۆتایی ١٢٤١ك (١٧ یەنایەری ١٨٢٦ز) لەگەڵ هاوڕێکانی لە جەنگاوەرە تێکۆشەرەکان لە نیشتمانەکەی (ڕائی بریلی)، کاروانەکە گەیشتە کۆتایی لە بەرواری ٢٤ زولقەعدەی ١٢٤٦ك (٦ مایۆی ١٨٣١ز)، بۆ گەیشتن پێی هەڵسا بە قوربانیدان بە جەماوەری بوونەکەی و ڕووتێکردنی خەڵك و گەڕانەوە بۆ لای و خۆشویستنی، لە پێناوی ئەم ئامانجانە بیابان و شیو و دۆڵ و ڕووبارو چیا و دارستانەکانی بڕی، وشك و ڕەقی و دزێوی و ساردو سوڕی دەڕانیەکانی چەشت، ڕووبەڕووی ستەم و دەستدرێژی و ناپاکی و یاخی بوون بووەوە لەو جەنگەی لە پاڵاکوت هەڵگیرسا، کە تیایدا سەید و شێخ محەممەد ئیسماعیل لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە خواناس و لەخواترسەکان تیایدا شەهید بوون، ئەوانەی کە دڵەکانیان پڕ بوو لە خۆشەویستی خوا و ئیمان و دەروونیان شەیدای شەهید بوون بوو، ئەو شتەی کە وای لەوان کردبوو گیان و سامانیان بە شتێکی بێ کەڵك بێتە بەرچاو و سەرو پێستیان قورس بێت لەسەر شانیان.

## ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەكی وەرگێڕ | ٦ |
| ناساندنی دانەر بەپێنووسی قوتابیەكەی: | |
| ڕێزدار عەبدولماجدی غوڕی | ٨ |
| پێشەكی دانەر | ٢٢ |
| سەید پێشەوا ئەحمەدی كوڕی عیرفانی بریلوی | ٣٢ |
| بەناوی منەوە ناوی بنێن | ٤٢ |
| تۆبەی دڵسۆزانە | ٤٧ |
| لە خۆشگوزەرانیەوە بۆ دەستكورتی | ٥٥ |
| كۆمەڵگەیەكی ئیسلامی گەڕۆك | ٥٨ |
| گیانی خۆبەخشی و خزمەت | ٦٤ |
| یەكسانی ئیسلامی | ٦٦ |

ئەوەی تۆبەی لە گوناھ کردووە وەك ئەوەیە گوناھی نەبێت ٧٠

بێگومان شنەی باوەڕو تۆبە هەڵیکرد ٧٤

لە فەرزەوە بۆ سوننەت ٧٩

ناتوانین باج بدەین ٨٢

لە پێناو تێکۆشان ٨٥

دیاریەکی ناوازە ٩١

ماڵئاوا ئەی نیشتمانی خۆشەویست ٩٤

بانگی یەکتاناسی لە کۆشکی ئەمیرێکی بتپەرستەوە ١٠١

تێکۆشان بەر لە تێکۆشان ١٠٥

لە پایتەختی وڵاتی ئەفغانستانەوە ١٠٩

هۆشداری پێدان و پاساوبڕین ١١٣

بۆچی ناوەکەمت سڕیەوە ١١٩

دەستی توانستی خوا لەگەڵ کۆمەڵە ١٢١

هەلێك کە موسڵمانان بەفیڕۆیاندا ١٢٨

ژیان لە سەربازگەی ئیسلامیدا ١٣٨

ئەگەر کەسێك لێخۆشبوونی هەبێت ئەوا پاداشتی لای خوایە ١٤٨

یەکێك لە دەستەکانم بەبێ ویستی خۆی لێیدام ١٥٢

دەستپاکی لەگەڵ دوژمن ١٥٥

سیستەمی دادوەری و فەرمان بەچاکە و ڕێگری لە خراپە لە کۆمەڵگەی موسڵماندا ١٦٤

ناوەندێکی ئاوەدان و قوتابخانەیەکی سەربازی ١٦٥

چالاکی تێکۆشەران ١٦٨

نوێکردنەوەی سیستەمی شەرعی ١٧٣

لە بەرەنگاربوونەوەی سەرکردەی فەرەنسی ١٧٦

فێڵ و پیلانگێڕی تەنها بەسەر خاوەنەکانیدا دەشکێتەوە ١٨٣

مەردانێك هەن لە باوەڕداران ١٩٠

پێم وایە سیمرخەکە گەورەترە لەوەی ڕاوبکرێت ١٩٢

جەنگێك لەسەر تێکۆشەران سەپێنراو تیایدا سەرکەوتن ٢٠٢

تێکۆشانی دڵسۆزانە و شەهید بوون ٢١٠

تێکۆشەرەکە چۆن پێشوازی لە مەرگ کرد ٢١٢

پێکران لە پێناوی خوا ٢١٤

تێڕوانینی ئیمانی و عەقڵی باوەڕدار ٢١٨

ڕزگارکردنی پیشاوەر ٢٢١

بەخشینی پاشا و لێبوردنی دەوڵەت ٢٣٥

لە نێوان بەرنامەی خوایی و داب و نەریتی خەڵکدا ٢٤٤

بە چ تاوانێك کوژرا ٢٥٧

کۆچ لە کۆچ و تێکۆشان لە تێکۆشاندا ٢٦٨

لە پەنجتارەوە بۆ پالاکوت ٢٧٥

لە پالاکوت ٢٧٨

دیمەنی پالاکوت ٢٧٤

درێژبوونەوەی مێژووی تێکۆشان و پاڵەوانێتی ٢٩٠

لە سێدارەدانەوە بۆ دوورخستنەوە ٢٩٧

شەهیدانی پالاکوت دەدوێن ٣٠٧

سەرنجێکی گشتگیر سەبارەت بە ژیانی سەید ئەحمەد

عیرفانی شەهید ٣١٦

ناوەڕۆک ٣٧٠

## کاتێک شنەی ئیمان هەڵدەکات


trizone ARCHITECTURE COVER.DESIGN

**نوسینگەی تەفسیر**
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر هوتێلی شیرین پالاس

/TafseerOffice
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com

التفسير

7000 دینار